
دوانزە هەفتەیە
بکوژانی سەردەشت نادیارن

# ڕۆژنامە ٧

لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە (٥٩٢) سێشەممە ٢٧/ ٧/ ٢٠١٠
www.sbeiy.com
نرخ ٧٥٠ دینار


ڕێبین هەردی:



**٧/٢٥ مێژووی نوێی هەرێمی کوردستانە**

6

**وەڵامی ڕۆژنامە بۆ قسەکانی وتەبێژەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان**

3

# کەس نازانێت داهاتی نەوتی کوردستان لە کوێیە

ڕۆژنامە

پەرلەمانتاران و چاودێران ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە کەس نازانێت داهاتی نەوتی کوردستان چەندەو بە ئەرکی پەرلەمانی دەزانن بەدواداچوون بۆ ئەو پارانە بکرێت کە چەند ساڵە لەداهاتی بەقاچاخبردنی نـەوت لەلایەن دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەوە براون.

ناسک تۆفیق، ئەندامی لیژنەی سامانە سروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان جەختی لەوە کردەوە: کە ئەوان ئاگاداری ئەو پارانە نین و بە ئەرکی لیژنەی دارایی و سەرچاوە سروشتییەکان و نەزاهە لەلایەکو سەرۆکایەتی پەرلەمانیشی زانی بەدواداچوونی وردیان لەم بارەیەوە هەبێت.

لەلایەکی تـرەوە، ئەڤین عومەر پـەرلـەمـانـتـاری سـەر بـە لیستی کوردستانیی و جێگری سەرۆکی لیژنەی سامانە سروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان بە سایتی سبەی وت: «ئـەو نەوتەی پێش سەرەتای ئەمساڵ براوەتە دەرەوە هیچ داهاتێکی دیارنییە تا حسابی لە حکومەت بۆ بکرێتەوە».

هەروەها ناسک تۆفیق وتی: ئەرکی سەرەکی هەموو پەرلەمانتاران و سەرۆکایەتیشە بەدواداچوونی جدیی بۆ ئـەو داهاتانە بکەن، چونکە لە یاسای بودجەی ئەمساڵدا بە مادەیەکی قانوونی پەسەندکراوە کە دەبێت داهاتی رابردووش ئاشکرابکرێت.

بۆ ل٢



فۆتۆ: ئەحمەد باڵەکی

**حکومەت لوتف و مەرحەمەتی زیاد بۆ هەندێک کۆمپانیا دەنوێنێت!**

11

# نەوشیروان مستەفا: بە هەموو تواناکانمانەوە بەرگریی لە میدیای ئازاد دەکەین

ڕۆژنامە

نەوشیروان مستەفا، دەڵێت: «ئەو بەرنامە سیاسییەی کە هەمانە بەتەنیا بە موعارەزەیی جێبەجێ نابێت، ئێمە لە پاشەڕۆژیشدا کار بۆ ئەوە دەکەین، کە فیعلەن دەسەڵات بگرینە دەستو لەڕێگەی دەسەڵاتەوە ئەو بەرنامە سیاسییەی کە هەمانە جێبەجێی بکەین».

نەوشیروان مستەفا، لەپاش ساڵێک تێپەڕبوون بەسەر هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستانداو دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان وەک هێزێکی سەرەکیی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەوان؛ ئسلوبی ململانێی سیاسییان لە کوردستانی عێراقدا لەبنەڕەتەوە گۆڕی «بەدرێژایی (٥٠) ساڵی رابردوو، هەرچەند لە جوڵانەوەی کورددا ناکۆکیی و ململانێ دروست بووبێت، لایەک پەنای بردووەتە بەر چەک بۆ ئەوەی بەزەبری چەک سەر بەلایەکی دیکە دابنەوێنێت، یاخود ناکۆکییەکانیان بە زەبری چەک بەلادا بخەن، ئێمە بۆ یەکەمینجار لەمێژووی نوێی کوردستانی عێراقدا، ئسلوبی ململانێی سیاسیمان گۆڕی لە ململانێی چەکدارییەوە بۆ ململانێی سیاسیی و پێموایە: ئەوە سەروەرییەکی گەورەیە کە بۆ گۆڕان تۆمار دەکرێت».

نەوشیروان مستەفا، لەبارەی یەکێک لە ئامانجەکانی بزووتنەوەکەی کە پشتیوانیکردنی میدیای ئازادە، وتی: «یەکێک لە کۆڵەکەکانی ژیانی دیموکراسی لە وڵاتانی دنیا، میدیای ئـازادە، رەخساندنی هەلە بۆ کارکردنی میدیای ئازاد، لەبەرئەوە لە کوردستانیشدا بەهەموو تواناکانمانەوە داکۆکیی و بەرگریی لە میدیای ئازاد دەکەین».

بۆ ل٤و٥

# د.ڕۆژ: گەر بە قاچاخبردنی نەوتی هەرێم ڕاست بێت، قبووڵی ناکەین

ئەلەند مەحوی

د.ڕۆژ نـوری شـاوەیـس، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق جەخت لەسەر ئـەوە دەکـاتـەوە، کە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق سـەرگـەرمـی لێکۆڵینەوەیە لە زانیارییەکانی بە قاچاخ بردنە دەرەوەی نەوتی هەرێم و دەڵێت: «گەر ئەو زانیارییانە ڕاستبن، ڕەتی دەکەینەوە».

لـە چاوپێکەوتنێکیدا کـە لە ژمـارەی دوێـنـێـی ڕۆژنـامـەی شەرقولئەوسەت بڵاوکراوەتەوە د.ڕۆژ نوری شاوەیس، جێگری سـەرۆک وەزیـرانـی عـێـراق ئاشکرایکرد، کە چەند زانیارییەک سەبارەت بە قاچاغبردنە دەرەوەی نـەوتـی هـەرێـم گەیشتووەتە ئەنجومەنی وەزیـرانـی عێراق، کە لەلایەن هەندێک ڕۆژنامەی بـیـانـیـیـەوە بـڵاوکـراوەتـەوەو ئەنجومەنی ناوبراویش سەرگەرمی تاوتوێکردنیەتی و پەیوەندیشمان بە حکومەتی هەرێمەوە کردووەو هەرێمیش وەفـدێـک ڕەوانـەی ئەنجومەنی وەزیرانی بەغدا دەکات بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتەو وتیشی: «گەر ئەو زانیارییانە ڕاست بێت، ئەو هەنگاوە ڕەتدەکەینەوە، بەڵام پێویستیشە بەر لە هەموو شتێک وردبینیی بکەین بۆ زانینی هۆکارەکان».

# سەرۆکی لیستی سەوز: بەهاری داهاتوو هەڵبژاردنی پارێزگاکان دەکرێت

ڕۆژنامە

سەرۆکی لیستی سەوز (١٠٩) لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ڕایگەیاند، کە بەهاری داهاتوو هەڵبژاردنی سێ پارێزگاکەی هەرێم ئەنجامدەدرێت.

د. شێرکۆ عـەبـدوڵـڵا، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «سەرکردایەتی یەکێتی لیستی (١٠٩)ی ئاگادارکردەوە، کە لە بەهاری ساڵی داهاتوودا ئەو هەڵبژاردنە دەکرێت»، ئەوەشی خستەڕوو: کە ئەگەری ئەوە هەیە لەو ماوەیەشدا بە یاسای ئەنجومەنی پـارێـزگـاکـانـدا بچنەوە».

د.زانا ڕەئوف، پەرلەمانتاری گۆڕان و ئەندامی لیژنەی یاسایی، نیگەرانی خۆی لە بڕیارێکی لەو شێوەیە دەربڕی و وتی: «ئەگەر بمانەوێت حورمەت و چالاکیی بۆ پەرلەمان بگەڕێنینەوە پێویستە ڕێز لەو یاسایانە بگیرێت، کە لە پەرلەمان دەردەکرێت، دواخستنی هـەڵـبـژاردنـی ئەنجومەنی پارێزگاکان و ڕێکەوتنی یەکێتی و پارتـی لـەسـەر ئـەو تـەوەرە، هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەر دیموکراسی و بێحورمەتکردنی پـەرلـەمـانـە بـەرامـبـەر ئـەو یاسایانەی دەریدەکات».

بۆ ل١٠

# نزیکەی ٨٠٪ی پارێزەرانی سلێمانی، دەنگیان نەداوە

# «ئەوەی لە هەڵبژاردنی پارێزەران ڕوویدا، هەر لە مۆزەمبیق هەیە»

دڵێر عەبدولخالق - کۆسار جەلال

یەکێتی و پارتی بە پەیڕەوکردنی لیستی داخـراوی زۆریـنـەی بـراوە، لیستە (١١) کەسییەکەی خۆیان دەکەنە نەقیب و ئەنجومەنی باڵای سەندیکای پارێزەران، لە بەرامبەریشدا ژمارەیەکی بەرچاو لە پارێزەران بایکۆتی هەڵبژاردنەکان دەکەن، بەشێوەیەک تەنیا لە سلێمانی لە کۆی (٧٩٩) پارێزەر، (١٧٤) کەس دەنگیان داوە.

دوای بەستی کـۆنـگـرەی سەندیکای پـارێـزەران، کـە لـە ڕۆژانـی (١٤و ١٥و ٢٠١٠/٧/١٦) لە هەولێر بەڕێوەچوو، ڕۆژی (٧/٢٥) هەڵبژاردن لە پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی و کەرکوکو دهۆک بۆ دیاریکردنی نەقیب و ئەنجومەنی باڵای سەندیکاکە ئەنجامدرا، بە سوودبینین لە شێوازی لیستی داخراو و پەیڕەوکردنی زۆرینەی سـادە، لیستەکەی پارتی و یەکێتی هەڵبژێردرانەوە، دروستبوونی لیستەکەش بەپێی ڕێکەوتنی نێوان ئەو دوو حیزبە بووە، کە نەقیبی سەندیکاکە بۆ یەکێتی بوو، کە تێیدا پارێزەر (وریا سەعدی) وەک نەقیب و (١٠) ئەندامەکەی تریش لەنێوان پارتی و یەکێتی و ئەندامێکی یەکگرتووی ئیسلامیدا دابەشکران.

بۆل٢



**ڕێکەوتننامەکانی هەرێم بۆ ناردنەوەی پەنابەران ئاشکرا دەکرێن**

22

# وتەبێژی پارتی، جگە لە هێرشکردنە سەر ڕۆژنامە دان بە وتەکانی سەرۆکی هەرێمو بڕیاری ئەنجومەنی وەزیراندا نانێت

ڕۆژنامە


XEBAT
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
سەرۆکی کوردستان لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران کۆبۆوە
سەرۆکی کوردستان: بەهیچ شێوەیەک نابێ پاشماوەی بەرهەمە پاڵێوراوەکانی نەوت بە شێوەیەکی نایاسایی
لە هەرێمی کوردستان دەربچن و پێویستە بە توندترین شێوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا بکرێ

ڕۆژی (٢٠١٠/٧/٢٢) کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان، لێدوانێکیان بە ناوی (وتەبێژێکەوە) بڵاوکردەوە.

لەگەڵ ئەوەی لێدوانەکە باس لە هەواڵێکی ڕۆژنامەکەمان دەکاتو بە بێبنەما ناوزەدی دەکاتو ڕۆژنامەی خەباتیش، لەژێر ناونیشانی «جاری یەکەم نییە، ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) بوختانمان بۆ هەڵدەبەستێت، کە پیلانێکی سیاسییانەی مەرامدارەو ڕاستەوخۆ لە دژی پارتیمان ئاڕاستەکراوە»، لە لاپەڕە (١)دا بڵاوکردەوە.

ڕۆژنامەی ڕۆژنامە بۆ وەڵامدانەوەی وتەبێژە بەڕێزەکەی پارتی کە داوای بەڵگەمان لێدەکات، لەسەر بڕی ئەو (٢٥٠)ملیۆن دۆلارەی کە دەستکەوتی بەقاچاخبردنی نەوتە، ئەم چەند خاڵە دەخاتەڕوو:

١- پاش ئاشکرابوونی پرۆسەی ئاودیوکردنو قاچاخچێتیی نەوتو بەرهەمەنەوتییەکان لە ڕۆژنامە جیهانییەکانو دەنگدانەوەی لە میدیا عەرەبیو ناوخۆییەکاندا، ئۆپۆزسیۆنو میدیای ئازادو تەنانەت هەندێک میدیاش کە لەسەر ئەملاو ئەولا حسابن، وەک پیشەی ڕۆژنامەوانییو میدیایی کەوتنە دوای ئەو هەواڵەو چەندین ڕیپۆرتاژو ڕاپۆرتو وتاریان بەوێنەوە بڵاوکردەوە، تەنانەت ڕۆژنامەکانی سەر بە هەردوو حیزبی دەسەڵاتیش، لەو مەسەلەیە دوانو لەبەر بێبەرنامەیی بەرپرسانی حیزبییو حکومیی بێئاگاییان لە یەکترو نەبوونی شەفافیەت لەکارەکانیانداو بەتایبەت لە پرۆسەی بەقاچاخبردنی بەرهەمە نەوتییەکان، لێدوانی دژبەیەکو ناکۆکیان ڕاگەیاند، ئەمەش مەسەلەکەی لەسەر ئاستی هەرێمو عێراقو جیهان ئاڵۆزتر کرد، ئێمەو هاوڵاتییانی کوردستان ئەو پرسیارە دەکەین، ئایا ئەو نەوتەی کە دەڕوات، قاچاخو نایاساییە، یان پێچەوانەکەیەتی؟ ئەگەر قاچاخ نییەو کارێکی یاساییە، بۆچی سەرۆکی هەرێم لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بەنیگەرانییەوە دەڵێت: «بەهیچ شێوەیەک، نابێت پاشماوەی بەرهەمە پاڵێوراوەکانی نەوت بە شێوەیەکی نایاسایی لە هەرێمی کوردستان دەربچنو پێویستە بە توندترین شێوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا بکرێت».

ئێمە نازانین، باوەڕ بە قسەی سەرۆکی هەرێم بکەین، یان بە قسەی وتەبێژەکەی پارتی.

بڕوانە ڕۆژنامەی خەبات، ڕۆژی پێنجشەممە ژمارە(٣٥٢٤)، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

٢- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، لە ژمارە (٥٢٣٥)دا لاپەڕە پێنجی تەرخانکردبوو بۆ ئەو بڕیارانەی کە لە کۆبوونەوەی (٢٠١٠/٧/١٩)ی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمو بە ئامادەبوونی ئازاد بەرواری، جێگری سەرۆکی حکومەت، پەسەندکران. لەو بڕیارانەی کە تایبەت بە مەسەلەی بەقاچاخبردنی نەوتە، بڕیاری ژمارە(٨١٢٩) کە لە (٢٠١٠/٧/١٩) بڕیارەکە دەرچووەو لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە کە لە شەش خاڵ پێکدێتو خاڵی شەشەمی باس لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە دەکات لە ڕۆژی دەرچوونییەوەو هەر پێنج خاڵەکەی تر باس لە هەڵوێستی حکومەتی هەرێم دەکەن، کە لەخاڵی یەکەمدا دەڵێت: بەهیچ شێوەیەک نەوتی خاو بە تانکەر دەرنەچێت لە خاڵەسنوورییەکانی هەرێمەوەو تەنها دەبێت لە ڕێی بۆری گواستنەوەی (کەرکوک-جەیهان)ەوە بێت.

لە خاڵی سێیەمیشدا باس لە پێکهێنانی لیژنەی هاوبەشی هەردوو وەزارەتی داراییو سامانە سروشتییەکان دەکات بەمەبەستی ڕێگرتن لە بازرگانیی نامەشروعی بەرهەمەنەوتییەکان. بڕوانە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ.

ئایا مەسەلەیەک کە سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی حکومەت، بڕیاریان لەسەر دابێتو ڕاشکاوانە لە میدیا حیزبییەکانی خۆیانەوە دانیان پێدا نابێت، دەکرێت وتەبێژی پارتی، داوای بەڵگە لە ئێمە بکاتو بە بوختانو پیلانو مەرامی سیاسیی لە دژی پارتی وەسفی بکاتو ڕۆژنامەکەمانی پێ تاوانبار بکات؟

٣- وتەبێژەکەی پارتی، نیگەرانە لە باسی (٢٥٠)ملیۆن دۆلارەکە کە بە وێنەو قسەی شۆفێرەکانو شارەزایانی ئابووریو پەرلەمانتاران، ئەو بڕە پارەیە مەزەندە کراوە، بەڵام ئەگەر وتەبێژەکەی پارتی، ئەو ژمارەیەی پێ زۆرە یاخود پێی هەڵەیە، دەکرێت ئەو ژمارەیەمان بۆ ڕاستبکاتەوەو پێمان بڵێت: مانگانە، ئەو بڕە پارەیە چەندە؟ چونکە ناکرێت ئەو هەموو تانکەرە بە بەتاڵیی بێنو بچنو بێبەرامبەر هەوا ئاودیو بکەن.

ئاشکرای دەکەین، هەرکات بەرپرسانی هەرێم ئامادە بوون بە بەڵگەوە ڕاستییەکان ئاشکرا بکەن، ئەوا ئێمە پێش هەموو میدیاکانی تر ژمارە ڕاستەکەیان بۆ بڵاوبکەینەوە لەگەڵ بەڵگەکانیاندا.

٤- وتەبێژی پارتی لە لێدوانەکەیدا، تەنیا بەرگریی لە خۆی دەکاتو بەرگریی لە هاوپەیمانەکەی ناکات کە شەریکو هاوبەشیەتی لە دەسەڵاتو لە حکومەتی هەرێمو لە نوێنەرایەتی لە بەغداو هاوپەیمانێتیی ستراتیژیی دوو قۆڵییان لەنێواندا هەیە. کەچی وتەبێژەکەی م.س یەکێتی بەپێچەوانەوە وەک شەریکێکی ڕاستەقینە بەرگریی لە خۆیو لە پارتیش دەکات.

مانشێتو ڕاپۆرتەکەی ڕۆژنامە، باس لە پارتیو یەکێتی دەکات، بەڵام لێدوانەکەی پارتی، باس لەوە دەکات کە ئەمە تەنیا لە دژی پارتییەو مەرامی سیاسییو پیلانی دژ بە پارتی لە پشتە، پرسیارەکەی ئێمەش زۆر ڕاشکاوانە ئەمەیە: ئایا تەنیا یەکێتی لە پشت ئاودیو و بەقاچاخبردنی ئەو شتەیە کە کەس نازانێت ناوی چییەو بەرپرسانی پارتی بێبەشکراون لێیو بەشدارنین لەم تاوانەدا کە دژ بە هەموو هاوڵاتییانی کوردستانو عێراقو خودی برگە دەستوورییەکان ئەنجامدەدرێت؟

لەگەڵ ئەو وێنەو بەڵگانەی کە بە باشمان زانی لەم ژمارەیەدا بڵاویانبکەینەوە، دەمانەوێت وتەبێژی بەڕێزی پارتی، پێمان بڵێت: ئایا دەکرێتو ڕەوایە بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە هەرێمی کوردستان، بەرهەمە نەوتییەکان بەقاچاخو بە بەرچاوی هاوڵاتییانو بەرپرسانو ئەندامانی هەموو حیزبەکانەوە ئاودیوبکرێت، بەڵام سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی حکومەتو سەرۆکی هەموو حیزبەکان بێئاگابن لێیو تا ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بڵاوی نەکاتەوە، کەس ئاگای لەو داهاتە زەبەلاحە نەبێت کە ئیدارەی ئەمریکای نیگەرانکردووە لەوەی کە گەمارۆی سەر ئێران دەشکێنێتو مایەپوچی دەکات؟

ئایا دەکرێت، وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگادار نەبێت، پارەی ئەو نەوتە بۆ کوێ دەچێتو دەچێتە گیرفانی کێوە؟ ئەوەتا وەزیری دارایی ڕاشکاوانە دەڵێت: تاکە دینارێکی داهاتی نەوت نەخراوەتە ناو بودجەی هەرێمی کوردستانەوە؟

دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتەکەی نیویۆرک تایمز، ئینجا سەرۆکی پەرلەمان ڕایگەیاند: پارەی نەوت حسابێکی تایبەتی لە وەزارەتی دارایی بۆ کراوەتەوە. کە ئەوەش دیسان مایەی قسە لەسەرکردنەو ئینجا پرسیاری گەورەتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، چونکە وەزارەتی دارایی بانک نییە تا حسابی تێدا بکرێتەوە، وا گریمان سەرۆکی پەرلەمان بە هەڵە لە جیاتی بانک ناوی وەزارەتی دارایی هێنابێت، مەبەستی ئەوە بووبێت بە ئاگاداری وەزارەت حسابی تایبەت بۆ پارەی نەوت کراوەتەوە، بەڵام خۆ دەبێت وەزیر ئاگادار بێت لە کام بانکو بەناوی کێ ئەو حسابە کراوەتەوەو بۆ هەتا ئێستا کەس باسی ئەو حیسابەی نەکردووەو ئەو چەند ساڵە ئەو پارەیە بۆ کوێ چووەو چەندە؟

تازەترین لێدوانی بایز تاڵەبانی وەزیری دارایی بۆ ڕۆژنامەی (چاودێر)ی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (٧/٢٦) جەخت لەوە دەکاتەوە، کە وەزارەتی دارایی هیچ حیسابێکی پارەی نەوتی لا نییە!

ئەمە جگە لەوەی کە وەزیری کارەبا ئاشتی هەورامی بەدرۆ دەخاتەوەو دەڵێت: وەزارەتی کارەبا هیچ سووتەمەنییەک بە خۆرایی لە پاڵاوگە نەوتییەکان وەرناگرێت بۆ دابینکردنی کارەبا بۆ هاوڵاتییان.

ئەگەر ئێمە بەهەڵەدا چووبین، ئەوا بەدڵنیاییەوە ڕۆژنامەیەکی وەک نیویۆرک تایمزو ڕۆیتەرزو ئاژانسو میدیاکانی جیهان کرێگرتەی ئۆپۆزسیۆن نین، ئەوان بۆ خۆیان هاتوونەتە کوردستانو شۆفێرو بەرپرسو هاوڵاتییانی کوردستانیان بینیوەو بەچاوی کامێرا هەواڵەکەیان گواستووەتەوە.

ئەگەر وتەبێژی پارتی گلەییەکی هەبێت، دەبێت لەخودی ئەو سیستەمە بێت کە هەموو شتێک ناشەفافانە بەدەستی ئەنقەست بزر دەکرێتو کە ئاشکراش دەبێت نازانن چۆن پینەی بکەنو کێی پێ تاوانبار بکەن!

ناکرێت سەرۆکەکانمان بێئاگابن لەوەی کە چی لە کوردستان دەگوزەرێتو ئەمەی کە دەکرێت لە پشتی ئەوانەوە بێت، چونکە ئەمەش بۆ خۆی پرسیارێکی دیکەیەو وەڵامەکەی بە هەر دیوێکدا بێت، کەمەرشکێنە.

لێرەدا بەئەرکی پەرلەمانو داواکاری گشتیی دەزانین کە ئەم مەسەلەیە وەک مەسەلەی (١٨) ملیۆن دۆلارەکەی وەزارەتی کارەبای لێ نەیەت کە پاش کەشفبوونی بەناچاریی ڕایانگەیاند: ئەو پارەیە گەڕێندرایەوە بۆ حکومەتی هەرێم، بەڵام چۆن گەڕایەوەو بە چ ڕێگایەکو لەژێر چ ناو و چ حیسابێکو کامانەن ئەو ڕێگا یاساییانەی کە گیرانەبەر بۆ لێپێچینەوەو سزادانی ئەنجامدەرانی ئەو کارە، هەموو ئەم پرسیارانە چیتر نابێت بێ وەڵامو بە نهێنی بمێننەوە.

لەکۆتاییدا دەڵێین کاری ئێمەو میدیای ئازاد بەدڵنیاییەوە بەدڵی وتەبێژی پارتیو یەکێتی نابێت، بەڵام بەدڵنیاییەکی زیاترەوە دەڵێین کە لە بەرژەوەندیی سەروەریی یاساو مافی گشتییو دیموکراسیو نەوەکانی داهاتووی هەمووان دەبێت بە پارتیو یەکێتیشەوە.


بەڵگەی بەردەوامبوونی هەناردەی (نەفتە) پاش بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیران




مەرزی حاجی هۆمەران

فۆتۆ: ئەحمەد باڵەکی

نەوشیروان مستەفا: ئێمە توانیمان مەنزومەی قیەمی ئەخلاقی سیاسیی لە کوردستاندا بگۆڕین 4

# چەندین ملیار دۆلاری داهاتی فرۆشتنی نەوت دیار نییە

**چاوان عەلی**

پەرلەمانتاران و شارەزایانی سیاسیی پێیانوایە: کە بەقاچاخبردنی نەوت راستییەکە کە «نکوڵیی لێکردنی کارەساتە»و بە ئەرکی پەرلەمانیشی دەزانن بەدواداچوون بۆ ئەو پارانە بکرێت.

بەپێی ئەو زانیارییانەی بڵاوبوونەتەوە چەند ساڵێکە نەوت لە هەرێمەوە رەوانەی ئێران و تورکیا دەکرێت، هەروەک لە ژمارەی پێشووی (رۆژنامە)دا هاتووە، وەک خەملاندن مانگانە یەکێتیو پارتی زیاتر لە (٢٥٠) ملیۆن دۆلاریان دەستکەوتووە، واتە ساڵانە (٣ملیارو ١٢٠ ملیۆن) دۆلارو بە گریمانەی ئەم لێکدانەوە ماتماتیکییە بێت، لەماوەی (٨) ساڵی رابردووەوە (٢٤ملیارو ٩٦٠ ملیۆن) دۆلار داهاتی ئەو دوو حیزبە بووە لە بەقاچاخبردنی نەوتی هەرێم.

بیلال سلێمان، ئەندامی پەرلەمانی کوردستانیش جەخت لەوە دەکاتەوە، کە بەقاچاخبردنی نەوتی هەرێم راستییەکەو رۆژانە خەڵک لە شاشەکانی تەلەفزیۆنەوە تانکەرەکان دەبینن، هەربۆیە نکوڵیکردنی بەرپرسانی هەرێم لەم واقیعەو دیارنەبوونی پارەو داهاتەکەی، کارەساتە.

د.کامەران مەنتک، مامۆستای زانکۆو چاودێری سیاسیی، وتی: «ئێمە دەزانین کە ئەوان زیاتر لە (١٨) ساڵە سامانی میللەت بە هەدەر دەبەن و داهاتی کوردستانیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکردووەو بەشێوەیەکی وا بەکاریانهێناوە، کە بەشێکی زۆر کەم بۆ خەڵک بووەو زۆربەی هەرە زۆری لە خزمەتی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان بووە».

هاوکات پرسیار لەسەر ئەوە دەکرێت، کە تاچەند پەرلەمان ئاگاداری ئەو پارانەیە، کە لە داهاتی گرێبەستە نەوتییەکان و بەقاچاخبردنی نەوت دەست لایەنە دەسەڵاتدارەکان کەوتووە.

ناسک تۆفیق، ئەندامی لیژنەی سامانە سروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان جەختی لەوە کردەوە: کە ئەوان ئاگاداری ئەو پارانە نین و بە ئەرکی لیژنەی دارایی و سەرچاوە سروشتییەکان و نەزاهە لەلایەکو سەرۆکایەتی پەرلەمانیشی زانی بەدواداچوونی وردیان لەم بارەیەوە هەبێت، ئاماژەی بەوەکرد کە سەرۆکایەتی پەرلەمان پێویستە هاوکاربێت لە روونکردنەوەی ئەم ملیارەها دۆلارە، نەک رێگریی بۆ پەرلەمانتاران دروستبکات.

د.کامەران مەنتک، پێیوایە، هێشتا دامەزراوەی حکومەت لەکوردستان بە رۆڵی خۆی هەڵنەستاوەو نەیتوانیوە بەر بە هەدەردانی سامانی گشتی بگرێت، وتی: «لە کوردستان شتێک نییە بەناوی حکومەت، کەسێک هەیە بەناوی سەرۆک وەزیران، کە بوونی هەیەو دەسەڵاتی نییە».


ناسک تۆفیق


د. کامەران مەنتک


بیلال سلێمان

بە وتەی پەرلەمانتاران لە مانگی ئەیلولی رابردوودا وەزیری سامانە سروشتییەکان بەڵێنی داوە، کە حسابی بانکیی بۆ ئەو داهاتانەی نەوتو گرێبەستەکان بکرێتەوە، بەڵام نەکراوەو وەک بیلال سلێمان، روونیکردەوە، دواتر لە مانگی شوباتو جارێکی دیکەش لە مانگی ئایاردا وەزیری سامانە سروشتییەکان بەڵێنی کردنەوەی ئەو حسابە بانکییەی داوە، بەڵام نە لە بودجەو نە لە حساباتی خیتامی (٢٠٠٩) باس لەو داهاتانە نەکراوە، هەربۆیە پێناچێت کردنەوەی ئەو حسابە بانکییە بوونی هەبێت.

ناسک تۆفیق جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ئەرکی سەرەکیی لیژنەی پیشەسازیی و وزەو سەرچاوە سروشتییەکان و هەموو پەرلەمانتاران و سەرۆکایەتیشە بەدواداچوونی جدیی بۆ ئەو داهاتانە بکەن و رۆژی پەسەندکردنی بودجەی (٢٠١٠)و دواتریش لێکۆڵینەوە لە داهاتی ساڵانی رابردوو بکەن، کە بۆچی و بۆ کێ سەرفکراون، چونکە لە پڕۆژەیاسای بودجە بە مادەیەکی قانوونیی پەسەندکرا، کە دەبێت داهاتی رابردووش ئاشکرابکرێت.

# بەبێ هەڵبژاردن، یەک لەسەر سێی ئەندامانی کۆنگرەی مامۆستایان دیاریکراون

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

یەکێتیو پارتی، بەبێ هەڵبژاردن، (١٣٠)مامۆستا بە ئەندامی کۆنگرەی یەکێتیی مامۆستایان دەستنیشاندەکەن و لایەنەکانی تریش نارازین بەو بڕیارە.

بڕیارە رۆژی (٢٠١٠/٩/٣٠)، دوانزەیەمین کۆنگرەی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بەڕێوەبچێتو پڕۆسەی هەڵبژاردن بە لیست ئەنجامدەدرێتو شێوازی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرە، بازنەیی دەبێت، بەشێوەیەک کە بۆ هەر (٣٠٠) مامۆستا نوێنەرێک دادەنرێت.

لە هەرێمی کوردستاندا (١١٤)هەزار مامۆستا هەن و بەوپێیەش، کۆنگرەکە (٣٨٠)ئەندامی دەبێت.

هەڵسوڕاوێکی بزووتنەوەی گۆڕان لەنێو یەکێتی مامۆستایاندا، بە رۆژنامەی راگەیاند: لە کۆی (٤٠٠) ئەندامی کۆنگرە، یەکێتیو پارتی (١٣٠)کەسیان لە ئەندامانی سکرتاریەتو ئەنجومەنی تەنفیزیو ئەندامانی لقەکان بەبێ هەڵبژاردن، بە ئەندامی کۆنگرە داناوەو زۆربەیان یەکێتیو پارتین، کە ئەوەش مەترسیی لای لایەنەکان دروستکردووە، ئێمەش وەکو گۆڕان، تائێستا بڕیاری کۆتاییمان نەداوە بۆئەوەی بەشداریی کۆنگرە بکەین، یان نا.

م. محەمەد حەسەن، جێگری سەرۆکی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، ئەوەی ئاشکراکرد، کە لیژنەیەکی باڵایان پێکهێناوە لە هەموو لایەنەکان و لیژنەکە ئامادەکاریی بۆ کۆنگرە کردووە، هەروەها داوا لە لایەنەکان کراوە کە دەیانەوێت بەشداریی هەڵبژاردن بکەن، دەبێت لیستێک پڕبکەنەوەو تا (٧/٣١) بیگێڕنەوە بۆ لیژنەکە.

سەبارەت بەو ژمارەیەی کە بەبێ هەڵبژاردن دەبرێنە کۆنگرەوە، وتی: «بەپێی یاسا، ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەتو ئەنجومەنی تەنفیزیو کارگێڕیی لقەکان، دەبنە ئەندامی کۆنگرەو ئەوەش هەموو لایەنەکان دەگرێتەوە».

# مافی زیندانیانی سیاسیی ناپارێزرێت

**کۆسار جلال- هەولێر**

نەجمەدین حەمە سەعید، وتەبێژی کۆمکاری زیندانە سیاسییەکانی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات: تائێستا لە هەرێمی کوردستان بە یاسا مافو ژیانی زیندانییانی سیاسیی رێکنەخراوە.

نەجمەدین حەمە سەعید بۆ رۆژنامە ئاماژەی بەوەکرد: تائێستا لە هەرێمی کوردستان بە یاسا مافو ژیانی زیندانییانی سیاسیی رێکنەخراوە، ئەمە لەکاتێکدا بەپێی مادەی (١٢٨)ی دەستووری عێراق، داواکراوە مافی زیندانیانی سیاسیی لە سەرانسەری عێراقدا پارێزراو بێت.

وتەبێژی کۆمکار ئەوەشی راگەیاند: کەوا لەدوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەڵێندرابوو کە مووچە بۆ (٩٩٨) زیندانی سیاسیی ببڕدرێتەوە. ئەگەرچی فەرمان دەرچووە بە برینەوەی ئەو مووچەیە، بەڵام تائێستا جێبەجێنەکراوە، هەروەها بەپێی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦)ی پەرلەمانی عێراق، هەموو زیندانێکی سیاسیی مانگانە (٥٠٠) هەزار دینار وەردەگرێت، بەهەمانشێوە ئەم یاسایەش تائێستا لە کوردستان کاری پێنەکراوە.

# بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرماوە مەترسی چەند نەخۆشییەک لەئارادایە

**شارا عەبدولڕحمان**

وەزارەتی تەندروستی پێشبینی دەکات بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرماوە لە چەند رۆژی داهاتوودا ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی نەخۆشییەوە لە نەخۆشخانەکان دەهێڵرێنەوە، زیادبکات.

د.خالس قادر، وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم، بە رۆژنامەی راگەیاند: «هەرچەندە ئامارێکمان لەبەردەستدا نییە تا رێژەی بەرزبوونەوەی داخلکردنی نەخۆش بەهۆی گەرماوە لە نەخۆشخانەکان رابگەیەنین، بەڵام پێشبینی دەکەین لە چەند رۆژی داهاتوودا ئەو ژمارەیە بەرەو بەرزبوونەوە بچێت، چونکە ژمارەیەکی زۆری نەخۆشییەکان لە وەرزی گەرمادا زیاد دەکەن».

وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ئەوەی روونکردەوە: ئەو نەخۆشییانەی کە بەهۆی گەرماوە ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتییان رەوانەی نەخۆشخانە دەکەن و ناچاری مانەوەیان دەکات، بریتین لە نەخۆشییە توندە کورتخایەنەکانی وەک (سکچوون، هەوکردنی کۆئەندامی هەناسە، بەرزبوونەوەی تا بەهۆی گرانەتا یان حمای ماڵتا، هەوکردنی جگەر)، هاوکات نەخۆشییە درێژخایەنەکانیش وەک (فشاری خوێن، نەخۆشییەکانی دڵ، نەخۆشییەکانی هەناسە، وەک رەبۆ یان پەککەوتنی کۆئەندامی هەناسە، جەڵدەی دەماری، کەمخوێنیی، نەخۆشییە شێرپەنجەییەکان)، کە سەرجەمی ئەو کەسانەی دووچاری ئەم نەخۆشیانە بوون زیاتر لەم وەرزی گەرمایەدا پێویستیان بە مانەوە دەبێت لە نەخۆشخانە.


**ئاگاداری**
هاوڵاتی (سعدی عباس محمود) لەدایکبووی (١٩٨٣) لە بەرواری (٢٠١٠/٦/١٨) لە ماڵ دەرچووەو تائێستا نەگەڕاوەتەوە هەرکەس زانیاری لەبارەوە هەیە پەیوەندی بکات بە ژمارە مۆبایلی (٠٧٧٠١٥٠١٥٦٠).

## پاشماوەی... ئەوەی لەهەڵبژاردنی پارێزەران روویدا...

ئەم تاکتیکەی یەکێتیو پارتی لە کۆنگرەو دواتریش شێوازی هەڵبژاردنەکە نارەزایی پارێزەرانی لە هەر چوار پارێزگاکە لێکەوتەوەو ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامی سەندیکاکە بایکۆتی هەڵبژاردنەکانیان کرد.

پارێزەر زرار عەبدولقادر، لە هەولێر بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە دەرەوەی دەسەڵاتی سەندیکا، بڕیارەکانی کۆنگرە دەستکاریی کران و ئەو هەڵبژاردنەی کە بڕیاربوو لە (٧/٢٥) ئەنجامبدرێت، لە کۆنگرەکەدا بڕیاردرا بەشێوەی لیستی داخراو بێت، بەڵام دواتر گۆڕاوە بۆ سیستمی لیستی زۆرینەی براوە، ئەمەش کاریگەریی خراپی کردە سەر پرسی دیموکراسی لە هەڵبژاردنەکاندا».

لای خۆشیەوە، پارێزەر زانا رۆستایی، ئاماژەی بەوەکرد لایەنگرانی کۆمەڵی ئیسلامیی بایکۆتی هەڵبژاردنەکەیان کرد، چونکە بەشداریکردن، ماندووبوون بوو بۆ هەڵبژاردنی لیستی پارتیو یەکێتیو ئەنجامەکان پێشوەخت دیاربوون.

رۆستایی،وتیشی:«سیستمی هەڵبژاردنەکە بەشێوەی داخراوی سادە چاوەڕواننەکراو بوو لە پیشەی پارێزەران و قبووڵکردنیشی لەلایەن ئەوانەوە، بۆیە زۆربەی پارێزەرە سەربەخۆکان و بەشێک لەوانەی لایەنگری پارتیو یەکێتیش بوون دژی ئەو شێوەیە بوون، یەکێک لەو ئەندامانە پێیوتم: ئەمشێوە هەڵبژاردنە هەر لە مۆزەمبیق هەیە».

بەپێی زانیارییەکان، لە هەڵبژاردنی پارێزەرانی هەولێرو سلێمانیو کەرکوکو دهۆک ژمارەیەکی بەرچاو لە پارێزەران بەشدارییان نەکردووە، لەو ناوەندەشدا لە سلێمانی لە کۆی (٧٩٩) پارێزەر، کە مافی دەنگدانیان هەبووە، (١٧٤) کەس دەنگیان داوە کە دەگاتە ٢١٪ی پارێزەران و لەناو ئەو ژمارەیەشدا (١٣) کەس دەنگی بە لیستی تەوافوقی ئەو دوو حیزبە نەداوە، بەڵکو دەنگەکانیان بۆ سێ لیستە کەسییەکەی تر بووە.

پارێزەر ئاکار محەمەد عەبدوڵڵا، لە سلێمانی بە رۆژنامەی وت: «ئێمە هەر لە سەرەتاوە (١٥٠) ئەندامی ژووری پارێزەرانی سلێمانی بایکۆتی هەڵبژاردنەکەمان کرد، لەبەر سێ هۆکار، یەکەم: راپۆرتی دارایی و کارگێڕیی پێشکەشکراوە بێئەوەی حسابی خیتامیی لەگەڵ بێتو لە کۆنگرە تێپەڕێندراوە، بەشێوەیەک نزیکەی (٨٦٠) ملیۆن دینار کە داهاتی سەندیکا بووە، نازانرێت ئەو پارە چۆن سەفکراوە، دووەم: مەسەلە کارگێڕییەکان کە لەماوەی رابردوودا خراپترین ئەدای هەبووە، سێیەم: پارتیو یەکێتی بۆئەوەی دووبارە هەژموون بەسەر سەندیکادا بکەنەوەو لەناو لیستی داخراودا شێوازی زۆرینەی براوەیان پەیڕەو کرد، بەمەش ئازادییەکانی پارێزەرانیان بەقوربانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان کرد».

لەبارەی پەیڕەوکردنی ئەو شێوازەی هەڵبژاردن نەقیبی پێشووی سەندیکای پارێزەران،کە پارتییە،ئاماژە بەوەدەکات:ئەمە رێکەوتنی حیزبەو نایشارێتەوە کاریگەریی تەواوی لەسەر بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان هەبووە.

کاکە رەش نەقشبەندی، نەقیبی پێشووی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان، بە رۆژنامەی وت: «من لەگەڵ لیستی کراوەدام، بەڵام ئەمە رێکەوتنی حیزبەکانە، کە دەبێت هەڵبژاردنەکە بەشێوەی لیستی داخراوی زۆرینەی براوە بێت، کە بێگومان کاریگەریی خراپی لەسەر سەندیکاکان دەبێت و هەوڵێکیشە بۆ لاوازکردن و بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان».



## ...یی لەکوردستاندا بگۆڕین

# ...ە سەرۆکی حیزبێک پێخۆشترە

لەحیزبێکی لیبراڵی، ڕەنگە پەراوێزی ئازادیی لە حیزبێکی لیبراڵیدا زیاتر بێت، ماوەی ئیشکردنت زیاتر بێت.

**– کۆمپانیای وشەتان دامەزراند بۆ ڕەخنە، بە فەلسەفەکەی خۆشتان ڕەخنە بەزمانی گوڵ، بەڵام ئێستا تا ڕادەیەک دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەکو ئۆرگانی بزووتنەوەی گۆڕان دەردەکەون، سیاسەتی ئاڕاستەکردن، یاخود سیاسەتی ڕاگەیاندنی ئێوە چۆنە؟**

* ئێمە لەسەر مەسەلەی ئەوەی کە ئایا کۆمپانیای وشە هەمووی تەسلیم بە بزووتنەوەی گۆڕان بکەین، یان وەکو دەزگایەکی جیاوازو سەربەخۆ بمێنێتەوە، تا ئێستا لەناو خۆماندا لەگفتوگۆداین‌و ساغمان نەکردووەتەوە، من زۆر بەلامەوە گرنگە کە لە کوردستاندا دەزگای ڕاگەیاندنی ئازاد هەبێت، زۆر زۆر بەلامەوە گرنگە کە ئێمە چاو لە میللەتانی پێشکەوتووی دنیا بکەین، میللەتانی پێشکەوتووی دنیا، حیزبەکانیان دامودەزگای ئیعلامی تایبەت بەخۆیانیان نییە، ڕەنگە هەندێک دەزگای ئیعلامی هەبێت، بەشکڵێک لە شکڵەکان پشتیوانیی لەسیاسەت، یان لەبیروبۆچوونی حیزبێک بکات، بەڵام بەم شکڵەی ئێستا لەکوردستاندا هەیە، ڕەنگە تەنیا وڵات کە وابێت، سوریا بێت، ئەگینا لەهەموو وڵاتانی دنیا، تورکیا بەنموونە بهێنینەوە، یان تەنانەت ئێران بەنموونە بهێنینەوە، کە دوو وڵاتی دراوسێی ئێمەن، یان کوەیت بەنموونە بهێنینەوە، ئەحزاب لەوێ بەم دەزگای ڕاگەیاندنە نییە کە هەیە، لەکوردستانی عێراقدا وەختێک هەموو حیزبە دەسەڵاتدارەکان دامودەزگای حکومەتیان بە کاملیی بەدەستەوەیە، میزانییەی حکومەتیان بە کاملیی بەدەستەوەیە، هێزە چەکدارەکانی وڵاتەکەیان بە کاملیی بەدەستەوەیە، تۆ چۆن دەتوانیت ململانێی فیکری سیاسیی لەگەڵ ئەم لایەنانەدا بکەیت، ئەگەر تۆش وەکو چۆن ئەوان دەزگایەکی ڕاگەیاندنیان هەیە، تۆش دەزگایەکی ڕاگەیاندنت نەبێت بیروبۆچوونەکانی تۆ ڕۆشن بکاتەوە، من تەمەننا ئەکەم، ڕۆژێک وای لێبێت کە هەموو دەزگا ئیعلامییە حیزبییەکان لەکوردستاندا بین بەدەزگای ئیعلامیی ئازادو سەربەخۆ، حیزبەکان هەموو وەکو یەک وابن، ئەوساکە پێموایە ئێمەش پێویستیمان بەوە نابێت دەزگای ڕاگەیاندنی تایبەت بەخۆمانمان هەبێت.

**– ئەم قسەیەت، بۆنی ئەوەی لێدێت کە زیاتر بەلای ئەوەدا یەکلایی ببنەوە، کە دەزگا ڕاگەیاندنەکەتان بخەنە سەر بزووتنەوەی گۆڕان، بەتایبەت دەمەوێت ئەوەت بیربخەمەوە کە لەناو یەکێتیدا پرۆژەیەکت پێشکەشکرد، پرۆژەیەکی چاکسازیی، کە تیایدا لەیەکێک لەبڕگەکانیدا هاتووە کە دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندن، بدرێتە دەست کۆمپانیا، ئێستا کۆمپانیای وشە خۆی کۆمپانیایە، خستنەسەر بزووتنەوەی گۆڕان جۆرێک لەجیاوازی دروستناکات لەو بۆچوونە؟**

* وەکو باسمکرد، تا ئێستا ئەوەمان بەلایەکدا نەخستووە، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا هەتا ئەو زەمانەی هەموو حیزبەکان لەکوردستاندا دامودەزگای ئیعلامیی خۆیانیان هەبێت، بزووتنەوەی گۆڕانیش مەفروزە دەزگای ڕاگەیاندنی خۆی هەبێت، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە (KNNو سبەی‌و ڕۆژنامەی ڕۆژنامەو دەنگی گۆڕان) هەمووی بکرێت بە هی گۆڕان، لەهەموو حاڵەتێکدا ئێمە وەکو هێزێک کە باوەڕمان بە ئازادیی هەیە، باوەڕمان بەوە هەیە کە جوڵانەوەیەکی لیبراڵییە، پەراوێزی ئازادیی لەناو ئەو دامودەزگایانەی بزووتنەوەی گۆڕاندا زۆر زۆر زیاتر دەبێت لەپەراوێزی ئازادیی لەناو ئەو حیزبانەی دیکە، کە ئێستا هەن، من ئومێدم وایە بتوانین پارێزگاریی ئەوە بکەین کە هەمیشە دامودەزگایەکی سەربەخۆو ئازادمان هەبێت بۆ کاروباری ڕاگەیاندن، بەهەموو شێوەیەک هەوڵدەدەین کە ئەو غەڵەتانەی لایەنە سیاسییەکانی دیکە لەبواری ڕاگەیاندنی حیزبدا کردوویانە، دووبارەیان نەکەینەوە.

**_ئەم پەراوێزی ئازادییە دەگاتە ئەوەی کە بتوانن ڕەخنە لەخۆشتان بگرن؟**

* بێگومان لەدوای هەڵبژاردنی مانگی (٧)ی ساڵی پارەوە، خۆم کە کۆبوونەوەم کرد لەگەڵ هەموو ئەوانەی لە بواری ڕاگەیاندنەکەدا ئیشیان دەکرد لە کۆمپانیای وشە، نازانم جەنابت لەوێ بوویت، بەهەموویانم وت، بەهیچ جۆرێک ڕەحم بە برادەرەکانی خۆشمان نەکەن، چۆن ڕەخنە دەگرن، ئەگەر هەرچی کەموکووڕییەکیان کرد، ڕەخنەیان لێبگرن.

**– لە ڕووبەڕووبوونەوەی پێشوودا، باستان لەوە کرد کە یەکێک لەئامانجەکانتان وەکو بزووتنەوەی گۆڕان، پشتیوانیکردنی میدیای ئازادە، چۆن؟**

* بەڵێ، ئێمە پێمانوایە یەکێک لە کۆڵەکەکانی ژیانی دیموکراسیی لە وڵاتانی دنیا، میدیای ئازادە، ڕەخساندنی هەلە بۆ کارکردنی میدیای ئازاد، لەبەرئەوە لە کوردستانیشدا بەهەموو تواناماننەوە داکۆکی‌و بەرگریی لەمیدیای ئازاد دەکەین، داکۆکی لێدەکەین لە ڕووی سیاسیی‌و مادیی‌و قانوونیی‌و مەعنەوییەوە، پێمانوایە یەکێک لە کۆڵەکەکانی ژیانی دیموکراسی لە کوردستانیشدا دەبێت میدیای ئازاد بێت، بۆیە بەهەموو تواناماننەوە لەهەرچی بوارێکدا پێویست بێت، پشتیوانیی لەمیدیای ئازاد دەکەین.

**– بۆچوونێک هەیە کە لەوەتەی میدیای ئازاد دروستبووە، دەسەڵاتی سیاسیی تا ڕادەیەکی زۆر پێی سەرخۆش نەبووە، لەناو هۆڵی پەرلەماندا، لەشوێنی جیاجیادا، باس لەوە کراوە کە ئەمانەی نوێنەرایەتی میدیای ئازاد دەکەن، سیخوڕن، دەستی بێگانەن، تابوری پێنجن، ئێستاش ڕەنگە تازەترین قسە ئەوە بێت، کە ڕەنگە سەر بەئێوەن وەکو بزووتنەوەی گۆڕان؟ ئەم دۆخە بۆ؟**

* یەکێک لەو شتانەی لە کوردستاندا بەداخەوە لەماوەی (١٨)ساڵی ڕابردوودا چەسپیوە، ئەوەیە کە لە کوردستاندا فێر نەبوون موعارەزە قبوڵ بکەن، بەڵکو یان ئاشتییەکی لەرزۆک هەبووە لەبەینی لایەنە سیاسییەکانداو ڕێککەوتوون لەسەر دابەشکردنی دەستکەوتو ئەوانە، یاخود شەڕیان کردووە، یەعنی دەستاودەستکردنی هێمنانەی دەسەڵات لەکوردستاندا هێشتا نەبووە بە نەریتێک، هەرچی چووە دەسەڵاتەوە، بەهەموو نرخێک دەیەوێت ئەو دەسەڵاتە بپارێزێت‌و پێیانوایە میدیای ئازاد کە ڕەخنەیان لێدەگرێت دەبێت بەهۆی ئەوەی کە ئەوانە نەتوانن تا سەر لەسەر دەسەڵاتدا بەو شێوەیەی کە ئێستا بەڕێوەی دەبەن بمێننەوە، ئەوانە عەیب‌و عارەکانیان دەردەخەن، میللەت هۆشیار دەکەنەوە، کەموکووڕییەکانیان پیشان دەدەن، ئەوانیش نایانەوێت لە دەسەڵات دابەزنە خوارەوە، نایانەوێت دەسەڵات دەستاودەست بکات، لەدەستێکەوە بۆ دەستێک، لەحیزبێکەوە بۆ حیزبێک، لە گروپێکەوە بۆ گروپێک، بەهەموو نرخێک پارێزگاریی خۆیان لەمانەوە لەدەسەڵاتدا دەکەن، یەکێک لەوانە ئەو بوختانانەیە کە بۆ ڕۆژنامەوانی ئازادی دەکەن.

**– هەڵوێستی ئێوە وەکو بزووتنەوەی گۆڕان سەبارەت بەو هێرشە توندەی دەکرێتە سەر میدیای ئازاد، چییە؟**

* بەلامەوە شتێکی ئاساییە کە دەسەڵات بەرگریی لەخۆی بکات، بەلامەوە شتێکی ئاساییە کە موقابیلی ئەو ڕەخنانەی کە لێی دەگیرێت ئەوانیش ڕوونکردنەوە بدەن، بەڵام بەلامەوە ئاسایی نییە هەڕەشە بکەن، بەلامەوە ئاسایی نییە دەسەڵات بەکاربهێنن بۆ چاوسوورکردنەوە، بۆ ترساندن، بۆ گڤکردن لەمیدیای ئازاد.

**– یەکێک لە لەمپەرەکانی بەردەم میدیای ئازاد کە بەردەوام باسی لێوەدەکرێت، کێشەی داراییە، هەندێکجار جیاواز لەوەی کە حکومەت پرۆژەی نییە بۆ هاوکاریکردنی ئەم میدیایە، تەنانەت زۆرجار سەرچاوەکانی داهاتیان لە شێوازی ڕیکلام‌و ئەوانەش سنووردار دەکات، ئێوە وەکو ئۆپۆزسیۆن، پرۆژەتان چییە بۆ ئەم دۆخە کە وەکو هەڕەشە وایە لەبەردەم میدیا ئازادەکەدا، ئامانجتان پشتیوانیکردنیانە؟**

* ساڵو نیویک لەمەوپێش، داوام لە کۆمەڵێک خەڵکی قانوونی کرد کە پرۆژەیەکمان بۆ بنووسن بۆ ئەوەی بینێرین بۆ پەرلەمان، ئەو زەمانە ئێمە فراکسیۆن‌و شتی وامان نەبوو. لەگەڵ چەند ڕۆژنامەنووسێکدا کە لەبواری ڕۆژنامەوانی ئازاددا کاردەکەن، موناقەشەم کردو لەگەڵ ئەو برادەرانە لەسەر ئەوەی کە ئایا ئێمە ئەو پرۆژەیە تەقدیم بکەین یان نا، پێشموایە کە ئەگەر پرۆژەکەمان تەقدیم کردبووایە، ئیحتیمالی زۆر هەبوو کە لەوانەبوو قبوڵی بکەن، ئەو دۆستە بەڕێزانە باوەڕیان وابوو کە پێشکەشکردنی ئەو پرۆژەیە لەو کاتەدا، کارێکی نادروستە، لەبەر ئەم هۆکارەی خوارەوە، وتیان ئەگەر پرۆژەکەمان تەقدیم کرد، پارەیان بڕییەوە بۆ یارمەتیدانی ڕۆژنامەوانیی ئازاد، پێماندەڵێن، ئەوانیش بۆیە ڕەخنەیان نەگرت بۆ ئەوەی پارە وەربگرن‌و فیعلەن پارەیان وەرگرت‌و کریمانن، وتیان، ئەگەر ڕەفزیشی بکەنەوە، ئێمە لەسەر ڕەخنەگرتن بەردەوام بین، پێماندەڵێن، وەڵڵا ئەمانە بۆیە ڕەخنە دەگرن، داوای پارەیان کردو نەمان داونەتێ، لەبەرئەوە وتیان با ئەوە بهێڵینەوە، ئەگینا لە وڵاتانی بچووکی وەکو کوردستاندا، کە ژمارەی دانیشتوان کەمە، کە بازاڕی ڕیکلام کەمە، کە بازاڕی فرۆشی ڕۆژنامە کەمە، کە خوێندەواری ڕۆژنامە کەمە، بەتەبیعەتی حاڵ دەوڵەت مەسئولە لەوەی کە بەجۆرێک لەجۆرەکان کۆمەکی دارایی

گرتووەو موعارەزەمان پیشانداوەو لەئایندەیەکی نزیکدا کە لەبەغداش فراکسیۆنەکەمان کەوتەگەڕ، لەوێش دەوری خۆمان دەبینین.

**– یەکێک لە بۆچوونە هەرە دیارەکانی ئێوە سەبارەت بە میدیای حیزب لەماوەی ڕابردوودا، ئەوە بووە کە (٣)وەزیفەو ئەرکی خراپی هەبووە، یاخود سلبیی هەبووە، کە بریتیبوون لە: تاریکاندن‌و گەوجاندن‌و دێواندن، ئێستا جۆرێک لە میدیا دروستبووە، یاخود ئەوەی کە باسدەکرێت پێیدەوترێت میدیای سێبەر، بە ڕای تۆ، وەزیفەی ئەم جۆرە میدیایە چییە؟**

* هەر عەینەن ئەو شتانەیە کە وەختی خۆی باسمانکردوون.

**– یەعنی ئەو (٣) وەزیفەیەیە؟**

* هەر دیسانەوە تاریکاندنە، ونکردنی ڕاستییەکانە، گەوجاندنی خەڵکەو دێواندنی بەعزێک سەرکردەو ئەوانەیە، عەینی وەزیفە دەبینن، بەڵام ئەمانە لە سێبەرو لە تاریکیدا.

**– ئێوە تۆمەتبار دەکرێن بەوەی کە زمانی ڕاگەیاندنی ئێوە، زمانێکی زۆر توندو هێرشکەرە، زمانێکە ڕەحم ناکات، بە مانایەک لە ماناکان، لەبەرامبەریشدا زۆرترین هێرش‌و پەلامار بۆ سەر ئێوەیە، هەندێکجار بۆ سەر شەخسی ئێوەیە، ئەم هاوکێشەیە لای تۆ چۆنە، یەعنی جۆرێک لە تۆمەتبارکردن هەیە لە هەردوو بەرەکەوە؟**

* وەکو باسمکردووە، ڕەخنەمان گرتووە لە ئەدائی سیاسیی، ڕەخنەمان گرتووە لە سیاسەتی فلان حیزب، ڕەخنەمان گرتووە لە سیاسەتی حکومەت، ڕەخنەمان گرتووە لە ئەدائی سیاسیی ئەنجومەنی وەزیران، ڕەخنەمان گرتووە لە ئەدائی سیاسیی

لێدەگرن، یان ڕەخنە لە جوڵانەوەکە دەگرن، من بە نەزەری ئیعتبار وەریدەگرم، ئینجا ئەو ڕەخنەیە دڵسۆزانە بێت، یان دوژمنانە بێت، ڕەخنەکە ڕاست بێت، یان درۆ بێت، بە نەزەری ئیعتبار وەریدەگرین، ئەگەر ڕەخنەکە ڕاست بوو، هەوڵدەدەین چارەسەری بکەین، ئەوەی ئیلاقەشی بە جنێوەوە هەیە، ئیهمالی دەکەین، ناڵێم گەردنیان ئازاد بێت.

**– ئێستا، ئەگەر لە دۆخێکی وادا بین‌و ئەوەی کە دەوترێت زۆرجار فەوزایەکی ئیعلامیی هەیە، وەزیفەی کێیە ئەو فەوزا ئیعلامییە سنووردار بکات؟**

* وەزیفەی یاسای ڕۆژنامەگەرییە، ئەرکی دادگاکانە.

**– ڕات چییە سەبارەت بەم یاسایە، یاسای ڕۆژنامەگەریی؟**

* ئەگەر ئەم قانوونەی کە لە کوردستاندا دەرچووە، بەراورد بکرێت لەگەڵ قانوونەکانی پێشوو، لەگەڵ قانوونی عقوباتی عێراقی، لەگەڵ ئەو قانوونانەی کە لەعێراقدا هەبوون، لەوان باشترە، بەڵام من ئومێدم وایە، باشتریش بێت.

**– دەوترێت، یەکێتی‌و پارتی کار بۆ هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە دەکەن، چونکە پێیانوایە: جۆرێک لە ئازادیی زیاتر، یاخود ئەوەی کە خراپ بەکارهێنانی ئازادیی، ئەو گوزارشتەی کە خۆیان دایانهێناوە، لەم یاسایەدایە؟**

* هیوادارم، بیر لەشتی وا نەکەنەوە.

**– ئەم پرسیارە، ڕەنگە تا ڕادەیەک شەخسی بێت، لە واژۆکردنی مۆڵەتی حیزبەکەتاندا و لە تەنیشت ناوەکەی خۆتدا نووسیوتە، نەوشیروان مستەفا ئەمین، ڕۆژنامەوان، تۆ خۆت بە ڕۆژنامەوان دەزانیت، یان سیاسیی؟**

**سیاسییەکانی کورد بەدرێژایی تەمەنی خۆیان کاریان کردووە لەپێناوی دابینکردنی ئازادییدا، باوەڕم وایە کە بەچاکی لە ئازادیی تێگەیشتوون، بەڵام وەختێک تۆ دەگەیتە دەسەڵات، پاراستنی دەسەڵات دەکەوێتە سەروو پاراستنی ئازادییەوە**

دەزگاکانی ڕاگەیاندن بکات، لە وڵاتێکی زۆر گەورەی وەکو بەریتانیا، کە تا ئێستا وەکو (BBC) لەلایەن جۆرێک لەباجەوە بودجەی پێدەدرێت، کە هەموو کەسێک کە تەلەفزیۆنی هەبێت دەبێت باج بدات، باجی تەلەفزیۆن بدات، باجەکە دەچێت بۆ (BBC)، لەهەمانکاتدا ئەگەر ئەو پارەیە بەشی نەکرد لەپارەی یانسیب بەشێکی بۆ تەواو دەکەن، ئەگەر ئەوەش تەواوی نەکرد، لە پەرلەمانی بەریتانیا بە قانوون پارەی پێدەدەن، واتە چی تیایە ئەگەر ڕۆژنامەوانی ئازاد لەکوردستانیشدا بە جۆرێک لەجۆرەکان حکومەت کۆمەکێکی داراییان بکات، وەکو باسمکرد، ئێمە وڵاتێکی بچکۆلەمان هەیە، بازاڕێکی بچوکمان هەیە، ڕیکلام بەئەندازەی پێویست نییە، بەڵام تەبعەن ئەوە نەبێت بە سەبەبی ئەوەی کە ڕۆژنامەی پێ بکڕن‌و خەڵکەکانی پێ بکڕن‌و ڕۆژنامەوانی ئازادی پێ بێدەنگ بکەن‌و پێ کپ بکەنەوە.

**– دەوترێت، ئێوە زیاتر ئۆپۆزسیۆنێکی ئیعلامین، تا ئۆپۆزسیۆن بن لەناو هۆڵی پەرلەماندا، بە گوزارشتێکی دیکەش، نەهجی سیاسیی خۆتان لەپشت ڕۆژنامەکانەوەو لەپشت میدیاوە زیاتر شاردووەتەوە تا چالاکییەکی سیاسیی لەسەر ناو هۆڵی پەرلەمان؟**

* پێموایە، ئەوە حوکمێکی نادروستە، چونکە چۆن لە ئیعلامدا موعارەزەمان پیشانداوە لەناو هۆڵی پەرلەمانیشدا فراکسیۆنی گۆڕان شانبەشانی دوو فراکسیۆنی دیکە لەگەڵێک مەسەلەی گرنگدا دەوری موعارەزەیان بینیوە، پرۆژەی بەدیلیان پێشکەشکردووە، ڕەخنەی مەعقولیان گرتووەو قسەیان کردووە، ئێمە هەم لە هۆڵی پەرلەماندا، هەم لە ئیعلامدا، لەسەر بەعزێک مەسەلە ئیعتیرازمان

پەرلەمان، ڕەخنەمان گرتووە لەو مەسەلانە، بەڵام بەهیچ جۆرێک داخلی ناوزڕاندن‌و شکاندنی شەخس‌و ئەوانە نەبووین، چونکە ئێمە کێشەمان لەگەڵ شەخسدا نییە، ئێمە پێمانوایە: لە سیستمێکی باشدا ئینسانی خراپ جێگەی نابێتەوە، خراپەکە، یان دەبێت باش بێت، یان دەخرێتە زیندانەوە، لە سیستمێکی ناباشدا، ئینسانی باشیش یان مەجبور دەبێت لەگەڵیدا بڕوات، یان دەریدەپەڕێننە دەرەوە، لەبەرئەوە ئێمە کێشەمان لەگەڵ سیستمی بەڕێوەبردندایە، ئەگەر سیستمێکی بەڕێوەبردن هەبێت، خەڵکی خراپ جێگەی تیا نابێتەوە، یان دەخرێتە زیندانەوە، یان دەخرێتە دەرەوەی سیستمەکە، لە سیستمێکی باشدا خەڵکە خراپەکانیش جێگەیان نابێتەوە، یەعنی بەمانایەکی دیکە، ئێمە موشکیلەمان لەگەڵ ئەدائی سیستمی بەڕێوەبردندا هەیە، نەک لەگەڵ ئەشخاسدا.

**– زۆرترین ئەو هێرشانە، یاخود ئەو قسانەی دەنووسرێن لە میدیای بەرامبەرەوە بەرامبەر بە بزووتنەوەی گۆڕان، زۆرترینیان بەرامبەر خودی نەوشیروان مستەفان، ڕات چییە، یاخود هیچ کاردانەوەیەکت هەیە بەرامبەر بەم نووسینانە؟**

* ئەوەندەی پەیوەندیی بەخۆمەوە هەیە، گەردنیان ئازاد بێت، هیوادارم خوا هیدایەتیان بدات، ئەوانەی ئینسانی گومڕان بێنەوە سەر ڕێگەی ڕاست، یان ئەوانەی لەپشتی ئەوانەوەن، بێنەوە سەر ڕێگەی ڕاست.

**– ئەوانەی کە لەسەرت دەنووسن، دەیانخوێنیتەوە؟**

* ئەوەندەی فریا بکەوم، بەڵێ، دەیخوێنمەوە، ئەوانە پۆلێنیشیان دەکەم لە عەقڵی خۆمدا، هەموو ئەوانەی کە ڕەخنەم

* ئەزانی من (٣) جار پەساپۆرتم لە عێراق وەرگرتووە، یەکەمجار ساڵی (١٩٧٠) وەرمگرتووەو لەسەر پیشەکەم نووسراوە (صحفی)، جاری دووەم ساڵی (١٩٨٤) دەرمهێناوە، کە مفاوەزاتمان دەستپێکرد، لەسەر ئەوەش هەر نووسراوە (صحفی)، لەدوای ڕووخانی سەدامیش، کە جارێکی دیکە پەساپۆرتێکم دەرهێناوە، لەسەری نووسراوە (صحفی)، بۆ زانیاریت، لەکۆتایی شەستەکانەوە، ئەندامی کارابووم لە سەندیکای ڕۆژنامەوانانی عێراقدا، ئەو زەمانەی کە هەموو چەند سەد ڕۆژنامەنووسێک لە عێراقدا هەبوون، ئێستاش هەر ئەندامم لە یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی بەریتانیا، یەعنی بە پیشە ڕۆژنامەنووسم.

**– کەواتە سەرۆکایەتیی حیزبێک، یاخود بزووتنەوەیەکی سیاسیی پەسند دەکەیت یان سەرنووسەریی ڕۆژنامەیەک؟**

* بەداخەوە، نەمتوانیوە ڕێبازی ژیانی خۆم، یان ڕێبازی سەرەکیی ژیانم هەڵبژێرم، ئەگەر بەدەست خۆم بوایە، حەزم دەکرد ببوومایە بە مامۆستای زانکۆ، بەڵام بووم بە سیاسیی، ئێستاش ئەگەر بەدەست خۆم بێت، ڕەنگە سەرنووسەریی ڕۆژنامەیەکم پێ باشتربێت لەوەی کە سەرۆکایەتیی حیزبێک بکەم.

**– دواپرسیارم ئەوەیە کە ساڵێک تێدەپەڕێت بەسەر بزووتنەوەیەکی سیاسیی تازەدا، کە بە هەموو پێوەرێک جۆرێک لە ڕەچەشکاندنی تێدابووەو وەکو باسدەکرێت، ئەرکێکی سیاسیی قورسی لەسەرە، هەر لانیکەم لەبەرئەوەی کە ئۆپۆزسیۆنی دروستکردووە، بە کورتی پرسیارەکە ئەوەیە، ماندوو نەبوون؟**

* بیسمیللا، تازە دەستمان پێکردووە.

# نەوشیروان مستەفا: ئێمە توانیمان مەنزومەی قیەمی ئەخلاقی سیاسـ

# سەرنووسەری ڕۆژنامەیەکم لـ



سازدانی: هۆشیار عەبدوڵا

**نەوشیروان مستەفا لە ساڵیادی هەڵبژاردنە مێژوویییەکەی (٢٠٠٩/٧/٢٥)ی پەرلەمانی کوردستان، کە لیستی گۆڕان (٢٥) کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا، جەخت لەوە دەکاتەوە کە بزووتنەوەی گۆڕان سەرکەوتنی بەدەستهێناوە**

**لەم دیدارەدا کە بەرنامەی ڕووبەڕووی کەناڵی KNN لەگەڵیدا ڕێکیخستووە، نەوشیروان مستەفا، سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان باس لەوە دەکات کە لەماوەی (١٨) ساڵی ڕابردوودا، خەڵک پێیوابوو، ئەوەی ببێت بە حیزبیی بۆ مشەخۆریی‌و ئیمتیازاتە، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان هەوڵیداوە مەنزومەی قیەمی ئەخلاقی سیاسیی لەکوردستانی عێراقدا بگۆڕێت.**

**- ساڵێک تێدەپەڕێت بەسەر (٧/٢٥)دا، ئەو ڕۆژەی بۆ گۆڕان بووەتە ڕۆژێکی مێژوویی‌و زۆر باسی دەکرێت، بزووتنەوەی گۆڕان، یاخود گۆڕان چی کردووە؟**

* ئێمە لەسەر ئاستی سیاسیی تەماشای کارەکە دەکەین، ئێمە چەند ئیشێکی گەورەمان کردووە، گرنگترین شت ئەوەیە، کە ئێمە شێوازی ململانێی سیاسییمان لە کوردستانی عێراقدا لەبنەڕەتەوە گۆڕی، بەدرێژایی (٥٠)ساڵی ڕابردوو، هەرچەند لە جوڵانەوەی کورددا ناکۆکی دروستبووبێت، مونافەسە دروستبووبێت، ململانێ دروستبووبێت، لایەک پەنای بردووەتە بەر چەک بۆ ئەوەی بەزەبری چەک سەر بەلایەکی دیکە دابنەوێنێت، یاخود ناکۆکییەکانیان بە زەبری چەک بەلادا بخەن، ئێمە بۆ یەکەمینجار لەمێژووی نوێی کوردستانی عێراقدا، ئسلوبی ململانێی سیاسییمان گۆڕی لەململانێی چەکدارەوە بۆ ململانێی سیاسیی‌و پێموایە، ئەوە سەروەرییەکی گەورەیە کە بۆ گۆڕان تۆمار دەکرێت، ئێمە ناکۆک بووین لەگەڵ حیزبە دەسەڵاتدارەکاندا، بەڵام پەنامان نەبردە بەر چەک، پەنامان نەبردە بەر توندوتیژیی، پەنامان نەبردە بەر شەڕ، پەنامان نەبردە بەر بێگانە، بەڵکو پەنامان بردە بەر میللەتەکەمان‌و سندوقی دەنگدان، پەنامان بردە بەر هەڵبژاردن‌و پێشموایە ئێمە سەرکەوتووبووین، ئێستا توانیومانە هێزێکی سیاسیی ڕێکخراو، چەند فراکسیۆنێکی سیاسیی لەهەولێرو لەبەغدا، لەسەر جادە هێزێکی سیاسیی بۆ ململانێی سیاسیی ئامادە بکەین، شانبەشانی ئەمە، گۆڕینێکی دیکەمان بەدیهێناوە، ئەویش ئەوەیە کە لەماوەی (١٨)ساڵی ڕابردوودا، خەڵک پێیوابوو، ئەوەی ببێت بە حیزبیی بۆ مشەخۆرییە، بۆ ئیمتیازاتە، بۆ ئەوەیە کە تەعین بێت، بۆ ئەوەیە کە وەزیفەیەکی باشتر وەربگرێت، ئێمە هەوڵمانداوە مەنزومەی قیەمی ئەخلاقی سیاسیی لەکوردستانی عێراقدا بگۆڕین، بەوەی کە کاری سیاسیی‌و بەشداریکردن لەکاری سیاسیی تەنیا بۆ مشەخۆریی نییە، بەڵکو بۆ خۆشەویستیی نیشتمانە، بۆ خۆشەویستیی گەلە، بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەیە، بۆ ئەوەیە کە لەژیانی ڕۆژانەدا لەکاروباری حکومەتیدا، خزمەتکردن بەخەڵک، چاککردنی پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک، دەستپاکیی، داوێنپاکیی، دڵسۆزیی لەئیشوکاردا، دڵسۆزیی بۆ گەل، دڵسۆزیی بۆ نیشتمان، ئەمە لەو قییەمە سیاسییە بەرزانەن کە گۆڕان جارێکی دیکە هێناونیەتەوە بۆ سەر ساحەی کارکردنی سیاسیی، ئەوانەی کە دێن لەگەڵ ئێمەدا ئیش دەکەن، نەک هەر هیچ ئیمتیازێکیان دەستنەکەوتووە، بەڵکو بەهۆی ئەوەوە کە ئەو گۆڕانە بنەڕەتییەمان کردووە لە ململانێی سیاسییدا، ئەو گۆڕانە بنەڕەتییەمان کردووە لە ئەخلاقی سیاسییدا، هەزاران کەس لەئێمە تووشی قوربانیدان بوون، تووشی سزا بوون، تووشی نارەحەتی بوون، تووشی نانبڕین بوون، تووشی هەژاریی بوون، تووشی بێکاریی بوون، لەنرخی ئەوەدا، ئەوەمان داوەو پێشموایە ئەوە سەرکەوتنی گەورەیە، بێگومان لەپاڵ ئەم دوو سەرکەوتنەدا کە بەدەستمانهێناون، لەپاڵ ئەم دوو گۆڕانەدا کە کردوومانە، گۆڕانی دیکەشمان کردووە، ئەویش ئەوەیە کە تا حەدێکی زۆر دەتوانین بڵێین، ئێستا قیادەی سیاسیی کورد، هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان، لەکاروبارەکانیاندا بەجۆرێک لە جۆرەکان شەفافییەتێکیان پەیداکردووە، لە گفتوگۆکانی ئەم دواییەی وەفدی کوردی لەبەغدا دەتوانن نموونەکە بهێننەوە.

**- درێژەدەدەن بەم سیاسەتە، بەتایبەت کە لەدوای (٧/٢٥)ەوە، بۆ نموونە ئێوە دەتانتوانی بەشداریی بکەن لەحکومەت، بەڵام نەتانکرد، تا کەی‌و تاچەند درێژە دەدەن بەم نەهجە بۆ ئەوەی کە ئەم مەنزومە ئەخلاقییەی کە باسی دەکەیت لەکوردستاندا بیکەن بەنەریت، یاخود کلتوورێکی سیاسیی؟**

* ئەوە بەستراوە بەهەڵسەنگاندنی هەلومەرجی سیاسیی کوردستانەوە، ئێمە کار بۆ ئەوە ناکەین کە بەتەنیا هەر ڕەخنە بگرین‌و هەر بڵێین فلان شت خراپە، بێگومان ئێمە هەر کارێکی باش کە حکومەت بیکات، پشتیوانیی لێدەکەین‌و دەنگی بۆ دەدەین‌و ئیسپاتیشمان کردووە لەپەرلەمانی کوردستان، ئەو شتانەی کە ئێمە بەلامانەوە ڕاست‌و باش بوون، پێمانوابووە قازانجی میللەتەکەمانی تێدایە، بەبێ ئیعتیراز ئێمەش موافەقتمان لەسەر کردووەو دەنگمان بۆ داوە، ئێمە ئیش بۆ ئەوە دەکەین لەپاشەڕۆژدا بێگومان دەسەڵاتی سیاسیی بگرینەدەست، یەعنی ئەو بەرنامە سیاسییەی کە ئێمە هەمانە، بەتەنیا بە موعارەزەیی جێبەجێ نابێت، ڕەنگە لە ڕێگەی ئەوەی کە ئێمە موعارەزە دەکەین، ڕەنگە بتوانین بەرامبەرەکەمان ناچار بکەین هەندێکجار وەکو چۆن لە دۆمینەدا بەرامبەرەکەت مەجبور دەبێت لەجیاتی ئەوەی کە پولەکە لەدەستیدا بتۆپێت، مەجبورە بێتە خوارەوە، هەندێک جاری وا هەیە کە دەسەڵات ئیجبار دەکەیت هەندێک شت بکات بەقازانجی خەڵک، کە لەئەنجامی زەختی تۆدایە، ڕەنگە ئێمە نەتوانین هەموو شتەکان بەدەستی خۆمان بکەین، بەڵام لاکەی دیکە ئیجبار دەکەین کە ئەو بیکات بەقازانجی میللەتەکەمان، لەو کاتەدا ئێمە پشتیوانیی دەکەین، ئێمە لەپاشەڕۆژیشدا کار بۆ ئەوە دەکەین کە فیعلەن دەسەڵات بگرینەدەست‌و لە ڕێگەی دەسەڵاتەوە ئەو بەرنامە سیاسییەی کەهەمانە جێبەجێی بکەین.

**- سەبارەت بەوە کە بەرامبەر ناچار دەکەن کۆمەڵێک ئیش بکات، دواجار دەرژێتەوە جۆگەلەی ئێوەوە، ئەوەی کە لەسەردەمی هەڵبژاردنەکانیشدا وەکو نوکتەیەکی سیاسیی باسدەکرا، کە هەتا شەقامێک قیرتاو دەکرا، دەیانوت ئەمە دەستخۆشییە بۆ گۆڕان، یان ئەوەی کە دەوترێت، تەنانەت دیاریکردنی بودجەی ئەحزاب‌و بڕینی بەشێکی ئەم بودجەیە، دیسانەوە هەر لەژێر فشاری ئۆپۆزسیۆن‌و بەدیاریکراویش بزووتنەوەی گۆڕاندا بووە، ئەمانە بەدەستکەوتی خۆتان دەزانن؟**

*بەڵێ، هەرچی شتێکی باش لەم وڵاتەدا بکرێت، بە دەستکەوتی خۆمانی دەزانین، یان هیچ نەبێت دەستێکی ئێمەی تێدایە.

**- بابێینە سەر تەوەری دووەم، کە ئازادیی ڕادەربڕین‌و ئازادیی ڕۆژنامەگەرییە، ئازادیی، لە ستراتیژی سیاسیی ئێوەدا چییە؟**

*ئازادیی، لە ستراتیژی سیاسیی ئێمەداو چەمکی ئازادیی بەگوێرەی زەمان، بەگوێرەی زەمین، بەگوێرەی جیاوازیی ئایدیۆلۆژیی، جیاوازە لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی دیکە، حیزبێکی شمولی، یاخود ئایدیۆلۆژیەتێکی شمولی، ئایدیۆلۆژیەتی لیبراڵی مەفهومی جیاوازیان هەیە، بێجگە لەوەش ئازادیی لەلای چینییەکان، لەلای نیپاڵییەکان، لەلای ئینگلیزییەکان، لەلای ئەمریکاییەکان، لەلای سویدییەکان، هەریەکە بەجۆرێک لە ئازادیی تێدەگات، بەڵام بێگومان ئێمە ئازادیمان بەلاوە گرنگە، کە بریتییە لە ئازادیی سیاسیی، ئازادیی کۆمەڵایەتی، ئازادیی ڕۆشنبیریی، دابینکردنی ئەمجۆرە ئازادییانە لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا بەلای ئێمەوە زۆر زۆر گرنگن، ئێمە پێمانوایە، ئازادیی تاک، یان ئازادیی کۆمەڵ کاتێک تەواودەبێت، کە دەگاتە سنووری دەستپێکردنی ئازادیی تاکێکی دیکە، یان کۆمەڵێکی دیکەو پێمانوایە تەنیا سنوور بۆ ئازادیی ئەوەیە، کە دەستدرێژیی نەکرێتە سەر ئازادیی خەڵکی دیکە، مەفهومی ئازادیی لای ئێمە ئەوەیە.

> **ئێمە کار بۆ ئەوە ناکەین کە بەتەنیا هەر ڕەخنە بگرین‌و هەر بڵێین فلان شت خراپە، بێگومان ئێمە هەر کارێکی باش کە حکومەت بیکات، پشتیوانیی لێدەکەین‌و دەنگی بۆ دەدەین‌و ئیسپاتیشمان کردووە لەپەرلەمانی کوردستان**

**- ئێستا لە کوردستانداو لە دۆخە سیاسییەکەشدا، باس لە سنووردانان بۆ ئازادیی دەکرێت بە بیانووی خراپ بەکارهێنانی ئازادییەوە، بۆچوونتان لەم بارەیەوە؟**

* ئەوە بۆچوونێکی ورد نییە، چونکە لە کوردستاندا یاسای ڕۆژنامەگەریی دەرچووە، خراپ بەکارهێنانی ڕۆژنامە، ئەو قانوونە دەتوانێت ڕێگەی لێ بگرێت، ئەگەر بە ڕێکوپێکی جێبەجێبکرێت، بەڵام بەداخەوە ئەو قانوونە کە نزیکەی دوو ساڵە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە، بەڵام تا ئێستا لە دادگاکانی کوردستاندا جێبەجێنەکراوەو پێموایە، ئەگەر ئەو قانوونە جێبەجێبکرێت، ڕەنگە تا ئەندازەیەکی زۆر بتوانێت ڕێگە لەوە بگرێت کە ئازادیی ڕۆژنامەوانی خراپ بەکار نەهێنرێت.

**- بۆچوونێک هەیە کە سیاسییەکانی کورد وەک پێویست لە ئازادیی تێنەگەیشتوون، کێشەی تێگەیشتن لە ئازادییان هەیە؟**

*پێموایە، ئەوە ڕاست نییە، سیاسییەکانی کورد بەدرێژایی تەمەنی خۆیان کاریان کردووە لەپێناوی دابینکردنی ئازادییدا، باوەڕم وایە کە بەچاکی لە ئازادیی تێگەیشتوون، بەڵام وەختێک تۆ دەگەیتە دەسەڵات، پاراستنی دەسەڵات دەکەوێتە سەرروو پاراستنی ئازادییەوە.

**- ڕادەربڕین یاخود ئازادیی ڕا لە ستراتیژی بزووتنەوەی گۆڕاندا چۆنە؟**

* ئازادیی ڕادەربڕین لەلای ئێمە چ لەئاستی تاک‌و چ لەئاستی کۆمەڵ، ئازادیی ڕادەبڕین بریتییە لەوەی کە ڕۆژنامەی ئازاد هەبێت، تەلەفزیۆنی ئازاد هەبێت، ڕادیۆی ئازاد هەبێت، سینەمای ئازاد هەبێت، بێجگە لەوە خەڵک ئازادیی خۆپیشاندان‌و مانگرتن‌و ڕێپێوان‌و کۆکردنەوەی ئیمزای هەبێت، هەروەها دەیبەستینەوە بەوەی کە دەبێت دادگا سەربەخۆ بێت، ئازادیی هەبێت، زانکۆکان سەربەخۆ بن‌و ئازادییان هەبێت، مزگەوتەکان سەربەخۆ بن‌و ئازادییان هەبێت، بازاڕ سەربەخۆ بێت‌و ئازادیی هەبێت، ئەمە هەمووی بەیەکەوە گرێدراوە لەگەڵ یەکتریدا.

**- جیاوازیی هەیە لەنێوان ڕاگەیاندن، یاخود ئازادیی ڕاگەیاندن لە دۆخی شۆڕشدا، لە دۆخی حوکمڕانیدا؟**

*بەڵێ، بێگومان لە زەمانی شۆڕشدا، من باسی شۆڕشی کوردستانی عێراق دەکەم، نامەوێت مەسەلەکە بگشتێنم، تەعمیمی بکەم بۆ هەمووی، لەسەردەمێکدا کە تۆ لەشۆڕشدایت‌و خەباتی چەکداریی دەکەیت، خەباتی نهێنیی دەکەیت، خەباتی ڕێکخراوەیی دەکەیت، لەبەرامبەری تۆدا هێزێکی دڕندە بەهەموو چەکێک‌و شەبەکەیەکی جاسوسی فراوانی‌و ڕاگەیاندن‌و ئیعلام‌و ئەمانەی هەیە، لەو حاڵەتەدا ڕەنگە پاراستنی ئاسایشی شۆڕشەکە، یان پاراستنی ئاسایی جوڵانەوە چەکدارییەکە، پاراستنی ئاسایشی ڕێکخراوە سیاسییەکە، ئەولەویەتی هەیە لەچاو مەسەلەی ئازادییدا، یەعنی پاراستنی ئاسایشی شۆڕشەکە تاحەددێکی زۆر سنوور دادەنێت بۆ ئازادیی ڕادەربڕین‌و ئازادیی بچووک دەکاتەوە، لەکاتێکدا هەموو شۆڕشەکە لەپێناوی بەدیهێنانی ئازادییدا ئیش دەکات، وەختێک کە تۆ دەسەڵاتت گرتە دەست، مەفروزە ئازادیی لە وڵاتەکەدا جێبەجێ بکەیت، مەفروزە ئەو بەڵێنانەی کە کاتی خۆی بەخەڵکت داون جێبەجێیان بکەیت، تۆ لە فەترەیەکدا کە فەترەی شۆڕش بووە، داوات لەخەڵک کردووە قوربانیی بدەن، قوربانییان تەنیا بەژیانی خۆیان نەداوە، بەڵکو قوربانییان بەوە داوە کە تەنازولیان لە بەشێک لە ئازادییەکانی خۆیان کردووە لەپێناو ئەوەی کە ئازادییەکی گەورەتر بهێننەدی، کە ئەویش ئازادیی وڵاتەکەیانە، وڵاتێکی ئازاد، بەتاکی ئازادو بەکۆمەڵی ئازادەوە دەبێت.

**- کاروانی سیاسیی ئێوە لەگەڵ کاروانی ڕۆژنامەگەریتان، تا ڕادەیەک بەیەکەوە دەستپێدەکات، بەتایبەت لەسەردەمی ڕۆژنامەی ڕزگارییدا، بۆچوونێک هەیە کە ئازادیی ڕاگەیاندن، یاخود ئازادیی بیروڕا لەسیاسەتدا سنووردارترە، تاکو ڕۆژنامەگەریی، وایە؟**

* بەڵێ، ئەوە ڕاستە، چونکە ئەوانەی دەچنە ناو ڕێکخراوێکی سیاسییەوە بە ئارەزووی خۆیان، دەبێت پابەندبن بەبەرنامە سیاسییەکەوە، هەرچەندە ئەوە لەحیزبێکەوە بۆ حیزبێکی دیکەو لە ڕێکخراوێکەوە بۆ ڕێکخراوێکی دیکە دەگۆڕێت، پابەندبوون بەبەرنامەی سیاسیی حیزبێکەوە، بەشێک لەو ئازادییەت لێ دەستێنێتەوە، بێگومان ئەمە لە حیزبێکی شمولیدا، لە حیزبێکی تۆتالیتاردا پابەندییەکە زۆر بەهێزترە، پەراوێزی ئازادیی زۆر کەمترە وەک

# ئیرادەی خەڵک نەخشەی سیاسیی گۆڕی

**راپۆرتی: رۆژنامە ***

هاوڵاتییانی سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان بە گرنگییەوە ئاوڕ لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ساڵێک لەمەوبەری پەرلەمانی کوردستان دەدەنەوەو پێیانوایە: «گۆڕان لە نەخشەی سیاسییو دروستبوونی هێزی نوێ» بە قازانجی خەڵکو بەخۆداچوونەوەی دەسەڵاتی حیزبە باڵادەستەکان شکاوەتەوە.

محەمەد حەسەن، (٢٩) ساڵ، هاوڵاتییەکی دانیشتووی پارێزگای دهۆکە، چرکەساتەکانی هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥ بە رۆژو مانگو ساڵ، جیاواز وەسفدەکاتو پرۆسەکەش وەک جەژنی جەماوەریی دەبینێتو دەڵێت: «هێزەکان کێبڕکێی توند لەنێوانیاندا هەبوو، ئەمە وایکرد جەماوەر بە گەرموگوڕییەوە بەشداریی لە هەڵبژاردنەکەدا بکەنو دەرکەوتنی گۆڕانیش ئیختیاری ئەوەی رەخساند خەڵک هێزێکی دیکە لە دەرەوەی ئەو دوو حیزبە تاقی بکاتەوە».

محەمەد حەسەن، کە کارمەندی حکومییە، پێیوایە: لەدوای راپەڕینەوە ئەگەر هەڵبژاردنی راستەقینە هەبووبێت، ئەو هەڵبژاردنە بووە، چونکە وەک ئەو وتی: «ئەنجامەکەی پەرلەمانێکی فرەلیستو جیاوازی بەرهەمهێناوە، کەمبوونەوەی دەنگی حیزبە دەسەڵاتدارەکانیش ئەو گۆڕانەبوو روویدا».

دوای (١٨) ساڵ لە ئەزموونی سیاسییو ئیداریی هەرێمی کوردستان، بۆ یەکەمجارو لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ دوو حیزبە دێرینەکە (یەکێتیو پارتی) لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێم رکابەری راستەقینەیان بۆ دروستدەبێت، «گۆڕان» لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی جەماوەرییدا کە لە هەناویدا نارەزایەتیو بێدادیی خەڵکی بەرامبەر دەسەڵات هەڵگرتووە، دەردەکەوێتو (٢٥) کورسی پەرلەمان لە کورسییە زۆرو زەوەندەکانی یەکێتیو پارتی دادەبڕێت.

کارنامەی سیاسیی لیستی گۆڕان بۆ ئەو هەڵبژاردنە ئاماژە بەوە دەکات، هەژدە ساڵە هاوڵاتییانی ئەم نیشتمانە خەون بە دامودەزگای یاساییو دیموکراتیی راستەقینەوە دەبینن، بەشوێن دەرفەتی شارستانیدا دەگەڕێن بۆ گوزارشتکردن لە خەمو نارەزاییو ئاهیان بەرامبەر ناهەقیی، بێدادیی، قەیرانی خزمەتگوزاریی، پاوانکاریی، تێکەڵکردنو خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانو پێشێلکردنی ئازادییو مافە مەدەنیو شارستانییەکان.

پلانکاری ئەو هێزە نوێیە بە وردیی قسە لە نارەزایەتییەکانی گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردی کردووەو ساتەوەختی پەیدابوونی خۆشی دەبەستێتەوە «بە ساتەوەختی بەرجەستەبوونو یەکگرتنی ئەو ئیرادە پەرتانەو کۆکردنەوەیان لە جووڵەیەکی شارستانیو سیاسییو نیشتمانیی گەورەدا، لەپێناو گۆڕانی راستەقینە لە زهنیەتی دەسەڵاتو میکانیزمی فەرمانڕەوایی کوردستان».

نەجمەدین سەعید قادر، (٤٠) ساڵ، هاوڵاتییەکی شاری هەولێرە، ئەو باس لەوە دەکات هاوڵاتییان بە ئاشکرا گۆڕانکارییەکانی دوای هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەمموز دەبینینو هەستی پێدەکەن، ئەو هەڵبژاردنە ئەو ئومێدەی بۆ خەڵک گەڕاندەوە، کە دەکرێت کۆمەڵگە لە سیستمێکی مشەخۆرو گەندەڵەوە بۆ شێوەیەکی تەندروست کە بە قازانجی خەڵک بێت بونیادبنرێتەوە.

نەجمەدین سەعید، وتی: «بزووتنەوەی گۆڕان دەورێکی گرنگی هەبووە لە دروستبوونی ئەم دۆخەدا، دۆخێک کە بەهۆی چاودێریی ئۆپۆزسیۆنەوە دەبینین ئێستا دەسەڵات وەک پێشوو رەفتار ناکات، ئێستا خەڵک هیوای بە ئۆپۆزسیۆنو گۆڕانە، کە لەسەر نەهجی ئەو بەرنامە سیاسییەی پێشووی خۆیان بڕۆن کە لە هەڵبژاردنی (٧/٢٥) بۆ خەڵک ئاشکرایان کرد، چونکە ئەگەر وا نەکەن، سەرناکەون».

سلێمانی پارێزگای سەرکەوتنی بزووتنەوەی گۆڕانو هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی دیکەی پەرلەمانی کوردستانە، لەم پارێزگایەدا تەنیا لیستی گۆڕان توانی (٣٠٥١١) دەنگ لە لیستی کوردستانیی (یەکێتیو پارتی) زیاتر بەدەستبهێنێت، هاوکات ئەوەی کەمپەینی هەڵبژاردنی دانیشتووانی ئەم پارێزگایەی لەگەڵ دوو پارێزگاکەی دیکە جیادەکردەوە: پڕجۆشترین جەماوەری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان، کە زۆرینەیان لە دەوری هێزە نوێیەکە کۆبوونەوە، لەسەر شەقامەکانی ئەم شارە ئاپۆرەیان دەبەست.

جەلال ئیبراهیم، (٥١) ساڵ، یەکێکە لە پێشمەرگە دێرینەکانو دوکاندارە لە شەقامی سالم، لەبارەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ رۆژنامە وتی: «(٧/٢٥) رۆژی سەرکەوتنی خواستی خەڵک بوو، رۆژێک بوو خەڵک توانی بە ئیرادەی خۆی خزمەت بە خۆیو دەسەڵاتی سیاسییو ئەزموونی هەرێم بکات».

بە بڕوای ئەو هاوڵاتییەی دانیشتووی سلێمانی، تا ئەو هەڵبژاردنە خەڵک هەستی بە هەڵبژاردن نەکردبوو، چونکە پێشتر دوو حیزب هەبوو حیزبەکانی دیکەشیان لە لیستێکدا کۆدەکردەوەو خەڵکیش دەنگی پێدەدان، لەئەنجامیشدا پەرلەمانو حکومەتو هەموو شتەکانی دیکەیان لەنێوان خۆیان دابەشدەکردو عەیبو عارەکانی خۆشیان پەردەپۆش دەکردو لەو ناوەندەشدا خەڵک زیانمەند دەبوو.

جەلال ئیبراهیم، وتیشی: «ئەو هەڵبژاردنە پەرلەمانی گۆڕی، هەرچەندە ئێستا دەسەڵات هەموو شتێک دەکات بۆئەوەی کاریگەریی گۆڕانو هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی دیکە دەرنەکەوێت، بەڵام ئەم هێزانە کارگەریی گەورەیان هەبووەو وەک دەبینین ئێستا پەرلەمانتارانی دەسەڵاتیش لە پێشبڕکێدانو دەگەڕێنەوە بۆلای خەڵک، ئێستا دەسەڵات لەترسی ئۆپۆزسیۆن بە حەزەرەوە ئیش دەکات، ئێستا خەڵک چاوی کراوەتەوە، ئێستا خەریکە کەموکورتییەکانی دەسەڵات ئاشکرا دەبن».

*** کۆسار جەلال لە هەولێر، دلێر لە سلێمانی، ئارام شێخ وەسانی لە دهۆک، بەشدارییان لەم راپۆرتەدا کردووە**



# ئۆپۆزسیۆن رۆحی کردەوە بە بەر پەرلەماندا

**دلێر عەبدولخالق**
**هەنگاو هاشم**

لە (٢٥ی تەمموزی ٢٠٠٩) نزیکەی دوو ملیۆن دەنگدەری هەرێمی کوردستان، پەرلەمانێکی جیاوازیان بۆ هەرێم دروستکرد، پەرلەمانێک کە بەبڕوای ئەندامانی خولەکانی پێشوو، بەهۆی ئۆپۆزسیۆنەوە چالاکترەو چاودێرێکی سیاسیش پێیوایە: «ئەوەی لە ئۆپۆزسیۆنیان چاوەڕێکردووە، نەهاتووەتەدی».

هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، کە ساڵێک لەمەوبەر بەڕێوەچوو و (٢٤) لیستو قەوارەی سیاسیی بەشدارییان کرد، بۆ یەکەمجار هێزێکی نوێ وەک رکابەری سەرەکیی لیستی یەکێتیو پارتی دەردەکەوێت، ئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنەش دیسانەوە کورسییەکانی یەکێتیو پارتی بە (٢٩ بە ٣٠) لە کورتی دایەوەو لە بەرامبەریشدا لییستی گۆڕان بە (٢٥) کورسی، یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیی بە (٩) کورسی بەرەیەکی بەهێزی ئۆپۆزسیۆنیان لە پەرلەمان دامەزراند.

بەشێک لە پەرلەمانتارانی خولەکانی پێشوو، بەگرنگییەوە لە کارەکانی خولی سێیەم دەڕوانن و پێیانوایە: کاریگەرییە باشەکانی ئۆپۆزسیۆن بەسەر ئەدای ئەم خولەوە بەئاشکرا دیارە.

شێخ لەتیف ماویلی، ئەندامی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان، دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان بە هەنگاوێکی بوێرانە دەزانێتو ئەنجامی دروستبوونی ئەو هێزەش بە پۆزەتیڤ لەسەر ئەزموونی هەرێم دەخوێنێتەوە.

ماویلی، بە رۆژنامەی وت: «خولی سێیەمی پەرلەمان بەهۆی بوونی ئۆپۆزسیۆنەوە، لە سەرووشیانەوە فراکسیۆنی گۆڕان، جیاوازیی زۆری هەیە لەگەڵ خولەکانی پێشتر، لەم خولەدا ئۆپۆزسیۆن (٣٥) کورسی هەیەو هێزێکی کارایە، کە دەتوانێت لێپێچینەوە بکاتو کۆمەڵێ پڕۆژەی گرنگ پەیوەست بە بەرژەوەندیی خەڵک پێشکەش بکات، هەرچەندە دەنگی دەسەڵات زیاترەو زۆرینەش لە پەرلەمان قبووڵە، بەڵام کاریگەریی ئۆپۆزسیۆن بۆ هۆشیاریی جەماوەرو دروستکردنی فشار لەسەر دەسەڵات دیارە».

ئەندامەکەی خولی یەکەم نەریتی بەمێزکێشانو گەرموگوڕیی گفتوگۆکان لەسەر بودجەو دەربڕینی بۆچوونی جیاواز لە پەرلەماندا، وەک نیشانەی بەرەو دیموکراتی بوونی پەرلەمان دەزانێت، لەبارەی پێویستی هەرێمیش بۆ هێزی ئۆپۆزسیۆن دەڵێت: «زۆرکەس دەڵێن: ئۆپۆزسیۆنیش بێتە سەر حکوم گەندەڵ دەبێت، من دەڵێم: ئەگەر ئۆپۆزیۆنیش هاتە سەر حوکم، پێویستی بە ئۆپۆزسیۆن هەیە، تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتێکی شەفافیش بێت، واتە لە هەموو قۆناغێکدا پێویستمان بە ئۆپۆزسیۆنە».

لای خۆشیەوە، نیعمەت عەبدوڵڵا، سەرۆکی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان باس لەوەدەکات: دوای ٢٠٠٩/٧/٢٥ پرۆسەی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان بەرەو ئایندەیەکی گەشتر هەنگاو دەنێت، ئایندەیەک کە پڕۆژەو بەرنامەو رای جیاواز زیاتر دەبێت، بەو هۆیەشەوە خزمەتکردنی خەڵک باشتر دەبێت.

سەرۆکی یەکێتیی پەرلەمانتاران هەڵوەستە لەسەر گرنگی بوونی ئۆپۆزسیۆن دەکاتو دەڵێت: «بوونی ئۆپۆزسیۆن لە هەر وڵاتێکدا وەرچەرخانێکی مێژوویی لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی دروستدەکات، ئەمەش رەنگدانەوەیەکی کاریگەری دەبێت لەسەر راستەڕێکردنی دیموکراتییەتی ژیانی پەرلەمانی، ئێمە هەموومان قەرزاری ئۆپۆزسیۆنێکین هەوڵبدات بەرنامەکانی سەربکەوێت، نەک ڤیتۆ بەکاربهێنێتو بە یەکجاریی ماڵی خۆی بکات».

بە بڕوای رێبین رەسوڵ، کە ماوەی چەند ساڵێک چاودێریی کارەکانی پەرلەمانی کردووە، جیاوازیی خولی سێیەم لەگەڵ خولەکانی تر تەنیا لەوەدا دەبینێتەوە بە رەسمیی لیستی ئۆپۆزسیۆن هەیەو ئەو لیستانەش دەیانەوێت رۆڵی ئۆپۆزسیۆن ببینن.

لەبارەی هەڵسەنگاندنی کارەکانی ئەم خولەی پەرلەمان، رێبین رەسوڵ وتی: «هەرچەندە ساڵێک کەمە بۆ هەڵسەنگاندن، بەڵام پێموایە: ئەم خولە سستترو لاوازترە لە خولی پێشوو، چونکە لەماوەی ساڵێک تەنیا چوار یاسای دەرکردووە، تائێستا زیاتر لە هەوڵی کات بەسەربردندا بوونو وەک کاری راستەقینە، راستە ساڵی یەکەم فێربوونو ئەزموونە، بەڵام دەبوو بەبوونی ئۆپۆزسیۆن کارەکانیان چالاکتربووایە، ئێمە چاوەڕێبووین سێ لیستە ئۆپۆزسیۆنەکە پەرلەمان ئەکتیڤتر بکەن، نەک خەریکی ریکلامی سیاسیی بن».

لە بەرامبەر ئەو رەخنانەی ئاراستەی ئۆپۆزسیۆن دەکرێت، ئۆپۆزسیۆنیش پێیانوایە: یەکێتیو پارتی بەهۆی کەمبوونەوەی دەنگو رەنگیان لە پەرلەمان لە هەوڵی کەمکردنەوەی بایەخی کاری پەرلەمانو سستکردنی رۆڵی دەسەڵاتی یاسادانانن، هەر لەو رێگەیەشەوە دەیانەوێت رۆڵی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان کەمبکەنەوە.

رێبین رەسوڵ، ئەوە بە مافی ئاسایی هێزەکان دەزانێت کاتێک دەسەڵاتیان کەمدەبێتەوە بە تەکنیکی جیاجیا لە هەوڵی ئەوەدان کاریگەریی ئۆپۆزسیۆن کەمبکەنەوە، بەڵام ئەوەی سروشتی نییە ئەوەیە کە نابێت ئۆپۆزسیۆن تەسلیمی ئەو واقیعە بێت، وتیشی: «کوردستانی تەکنیکێکی گرتووەتە بەر توانیویەتی لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن لەخۆی بگرێتو لە چالاکییەکانیان کەمبکاتەوە».

نیعمەت عەبدوڵڵا، رایگەیاند: «بۆئەوەی ئۆپۆزسیۆن پرۆژەکانی بە خەڵک بگەیەنێت، پێویستە لەگەڵ لایەنەکانی ترو فراکسیۆنەکانی تری ناو پەرلەمان لایەنگیریی بۆ پەیدا بکات، جوانترین کار ئەوەیە چەند تێیدا سەرکەوتوو دەبێت، نەک چەند شکست دەهێنێت، نابێت ئۆپۆزسیۆن ببێت بە میراتی شکستخواردووەکان، بەڵکو تا دەکرێت کەناڵەکان بەکاربهێنێت بۆ دەربازبوون لە قەیرانو لەکیسنەدانی دەرفەت بۆ نزیکبوونەوەی زیاتر لە خەڵکو فشارخستنە سەر دەسەڵاتو حکومەت بۆ چاکسازیکردنو نەهێشتنی گەندەڵییو کەموکورتییەکان».

# وەرچەرخانو شکست



**ئاکۆ حەمەکەریم***

پاش ساڵێک لە هەڵبژاردن، پێویستە هەڵسەنگاندنێک بۆ کارەکانی پەرلەمانی کوردستان بکەینو بپرسین، ئاخۆ پەرلەمانی نوێ، پەرلەمانێکی کاراو ئەکتیڤە، یان هاوشێوەی خولەکانی پێشوو سستو لاوازە؟ ئایا ئەدای پەرلەمانتاران لەئاستی پێشبینیو هیواو خواستەکانی خەڵکی کوردستاندا بووەو توانیوییانە بەڵێنەکانیان جێبەجێ بکەنو بەئەرکەکانیان هەستن؟ هەموومان چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد کە هەڵبژاردنی (٧/٢٥/ ٢٠٠٩)ی پەرلەمانی کوردستان، وەرچەرخانێکی گەورەو ریشەیی لە ژیانی سیاسییو ئابووریی کوردستان دروستبکاتو ببێتە سەرەتایەک بۆ سیستمێکی دیموکراسی راستەقینە.

راستە هەڵبژاردن وەرچەرخانێکی نوێو مێژوویی بوو، گۆڕانێکی نوێی هێنایەئاراوەو هاوکێشە سیاسییەکانی لەکوردستاندا گۆڕیو بۆ یەکەمجار لەمێژووی کورددا، ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسیی راستەقینە دروستبوو، کە وایکرد راوبۆچوونی جیاوازو دژبەیەک لەناو پەرلەماندا سەرهەڵبداو گفتوگۆی جدیی لەسەر بابەتەکان بکرێتو گروتینێکی زۆر بدات بەپەرلەمانو مودیلێکی نوێ لەکاری سیاسیی لەکوردستاندا بهێنێتە ئاراوە، بەڵام ئەم وەرچەرخانە لە ئاستی پێشبینیو خواستەکاندا نەبوو و نەیتوانی گۆڕانێکی رادیکاڵی لە ژیانی حیزبییو سیاسیی کورددا بەرهەمبهێنێتو هەرێمی کوردستان بەدامەزراوەییو سیستماتیکی بکات، بەڵکو وەرچەرخانو بەردەوامییەکی رێژەیی هەبوو، جۆرێک لەشکستی بەدوایخۆیدا هێنا، بەتایبەتیش لەبەرامبەر ئەو هەموو خۆزگەو هیوایەی کە هەڵیگرتبوو.

پەرلەمانی نوێ، هاوشێوەی خولەکانی پێشوو، نەیتوانی خۆی لەهەژموونی حیزبو مەکتەب سیاسییەکان رزگار بکاتو بە رۆحێتی نوێنەرایەتیی هاوڵاتییان کاربکات، یاخود نەیتوانی خۆی وەک مەرجەعی شەرعیی هاوڵاتییانی کوردستان بسەپێنێت، بەشێوەیەک هەموو بڕیارو یاساکان لەپەرلەمانەوە دەرچن، نەک لە مەکتەب سیاسییەکانەوە بۆ پەرلەمان شۆڕبکرێنەوەو ئەوانیش بیانکەن بەیاساو شەرعییەتیان پێبدەن. پەرلەمانی نوێ، سەرکەوتوو نەبوو لە زاڵکردنی بەرژەوەندیی گشتی بەسەر بەرژەوەندیی حیزبی، یان زۆرینەی پەرلەمانتاران نەیانتوانی ئینتیما حیزبییەکانیان کاڵبکەنەوەو بەعەقڵێتی بەرژەوەندیی هاوڵاتییان کاربکەن.

پەرلەمان، نەیتوانی لە یەکێک لەگرنگترین ئەرکەکانیدا سەرکەوتووبێت کە بریتییە لە چاودێریکردنی حکومەتو لێپێچینەوەو بەدواداچوونو بانگهێشتکردنی بەرپرسانو لێکۆڵینەوە لەگەڵیان، بۆ نموونە، نەمانبینی پەرلەمان بەفیعلی بانگهێشتی بەرپرسێکی حکومی بکاتو لێپێچینەوەی لەگەڵ بکات، یاخود متمانەیان لێبسێنێتەوە، بەپێچەوانە هەندێک لەبەرپرسان خۆیان بەگەورەتر دادەنێن لە پەرلەمانو لەکاتی ئامادەبوونیشیان لەهۆڵی پەرلەمان، بەشێوازی وتاردانو وانەوتنەوە قسەیان دەکرد، نەک وەک ئەوەی بانگهێشتی پەرلەمان کرابن، هەروەک چۆن رێگە بە پرسیارو لێکۆڵینەوەی بەشێک لە پەرلەمانتاران نەدەدرا، ئەمەش بۆخۆی لە میسداقییەتی پەرلەمان کەمدەکاتەوە.

هەروەها پەرلەمان سەرکەتوو نەبوو لە دانانی بەشێک لە یاساکان، بگرە هەندێک لە یاساو پڕۆژەو رەشنووسەکان بەناکامڵیو کەموکورتییەوە بڕیاریان لێدرا، وەک پەسەندکردنی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەک چۆن لەئەنجامی ململانێی حیزبییەوە چەندین پرۆژەیاسای گرنگ رەتکرانەوە کە لە بەرژەوەندیی گشتیی هاوڵاتییانی کوردستان بوو، وەک پرۆژەیاسای داواکاری گشتیی کە لەلایەن لیستی گۆڕانەوە پێشکەش کرا، پاشان رەتکرایەوە کە گرنگیی زۆری هەبوو بۆ سەروەریی یاسا لە کوردستان.

لەگەڵ ئەوەی ئۆپۆزسیۆن ئەدایەکی کاراو ئیجابیی هەبوو لە پەرلەمان، بەڵام بەبێ کەموکورتیو ناتەواویی نەبوو، یەکێک لەگرنگترین تێبینییەکان ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆن رێکخراونەبوونو گوتارێکی هاوبەشیان نەبوو، بەمانایەکی تر یەکڕیزو بەرچاوروون نەبوونو نەیانتوانی کۆدەنگیی لەسەر بابەتە گرنگەکان دروست بکەن، هەروەها لەهەندێک لەدانیشتنەکاندا سستییان پێوە بەدی دەکرا، بێجگە لەوەی کە دەبوایە ئەدایەکی گەرموگوڕترو کاراتریان هەبووایەو دەستپێشخەرییان بکردایە لەپێشکەشکردنی چەندین پرۆژەیاسادا، هۆکاری ئەمەش بەتەنیا ناگەڕێتەوە بۆ ئۆپۆزسیۆن، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ دیکتاتۆری زۆرینە، کە زۆرجار زۆرینە رێگرو ئاستەنگ بوون لەبەردەم ئۆپۆزسیۆن، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئۆپۆزسیۆن بێدەنگو دەستەوەستان بێت، بەڵکو کاری زیاتری پێدەکراو دەیتوانی زیاتر ئەکتیڤو چالاک بێت.

*** مامۆستای زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سلێمانی**

ئەنجامی هەڵبژاردن حیزبەکانی ناچارکرد بیر لە گۆڕانکاریی بکەنەوە 8



## ڕێبین هەردی، نووسەرو ڕووناکبیر:

# (٧/٢٥)، مێژووی نوێی هەرێمی کوردستانە



سازدانی: دلێر عەبدولخالق

**لە دیدارێکی ڕۆژنـامـەدا، ڕێبین هەردی، نووسەرو ڕووناکبیر، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠٠٩/٧/٢٥)دا بە دەستپێکردنی مێژووی نوێی هەرێمی کوردستان دەزانێتو پێیوایە: ئەو ڕۆژە، ئەو ساتەوەختە دەبێت کە خەڵکی ئێمە ئاشنا دەبێت بەوەی کە دەتوانێتو دەکرێت لە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانو لە پرۆسەیەکی زۆر مەدەنییانەو ئاشتییانەدا هێزی تازە دروستبکاتو هێزی دیکەش لاواز.**

**لە بەشێکی دیدارەکەدا، ڕێبین هەردی دەڵێت: «ئێستا هێزە سەرەکییەکان هەر دوو حیزبە دێرینەکەی کوردستان نین، بەڵکو سێ چوار هێزی تری سەرەکیش هەنو بەمەش نەخشەی دابەشبوونی دەسەڵات گۆڕانی بەسەردا هاتووەو ئەم گۆڕانەش کۆتایی بە پاوانکردنی بڕیارو حوکمڕانیو کۆتایی بە ژووری داخـراوو تاریک لە بڕیارو ڕووداوەکاندا دەهێنێت».**

**ڕۆژنـامـە: (٢٠٠٩/٧/٢٥) دەبێتە چ ڕێککەوتێک لە ژیانی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا، ئایا دەکرێت وەک ڕۆژێکی جیاواز لە ڕۆژەکانی تری دوای ڕاپەڕین لێی بڕوانرێت، یاخود بڵێین، بریتی دەبێت لە دەستپێکردنی مێژوویەکی نوێ؟**

* بێگومان، ڕۆژێکی جیاوازەو هەر لەبەرئەمەش مێژوویەکی تازە دەستپێدەکات. بەبێ جیاوازبوونی ئەم ڕۆژە، بەبێ دابڕانی لە لێکچوونی دوێنێکان، هیچ مێژووییەکی نوێ دروست نابێت. نوێ، ئەوکاتە لەدایکدەبێت کە لەوانی دی ناچێت. (٧/٢٥)، ڕۆژێکی جیاوازی ژیانی سیاسیی کوردستانە، ڕۆژێکە هێزی تازەو دەنگی تازەی تێدا دەردەکەوێت، بۆ یەکەمجار نەوەیەکی تازە لە مرۆڤەکانی ئێمە دەتوانن بە کۆبوونەوەو سووربوونەوە، هێزێکی سیاسیی تازە بخەنە ناو گەمەی سیاسییەوەو دەتوانن بەبێ ئەوەی پەنا بۆ توندوتیژیی بەرن، نەخشەی دابەشبوونی سیاسەتو دەسەڵات بگۆڕن.

بۆ یەکەمجارە کە دەتوانن نا بەهێزە سیاسییە هەبووەکانی کوردستان بڵێنو بە بەڵێ وتن بەهێزێکی تر، زیاتر نەخشەی دەسـەڵات لە کورستاندا دابەشبکەنو لە پاوانو کۆنترۆڵی هێزە سیاسییە باوەکان ڕزگـاری بکـەن. (٧/٢٥)، دەرخستنی توانای مرۆڤی ئێمەیە بۆ گـۆڕان، ئەو ساتەوەختەیە کە خەڵکی ئێمە ئاشنا دەبێت بەوەی دەتوانێتو دەکرێت تەنیا لە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوەو لە پرۆسەیەکی زۆر مەدەنییانەو ئاشتییانەدا، هێزی تازە دروستبکاتو هێزی تریش لاواز، ئەو ڕۆژەیە کە خەڵک لە نرخی دەنگدانی خۆی تێگەیشتو زانی کە دەتوانێت ئەم مافەی خۆی چەند بەشێوەیەکی کاریگەر بخاتە گەڕ. ئەوەی لە (٧/٢٥) ڕوویدا، دەرکەوتنی خەڵکە لەسەر شانۆی سیاسیی وڵات پاش ماوەیەکی زۆر لە بێدەنگیو خەمساردییو لێرەوە ئەم ڕۆژە مێژوویەکی تازەیە، چوونکە بۆ یەکەمجارە خەڵکی بەبێ ئەوەی پەنا بۆ توندوتیژییو دوژمنایەتی بـەرن، لە ڕێی سندوقەکانی دەنگدانەوە کاریگەریی لەسەر نەخشەی سیاسیو دابەشکردنی دەسەڵات دادەنێن.

**ڕۆژنامە: دوای دەرکەوتنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، زۆرجار باسی قۆناغی پێش (٧/٢٥) و قۆناغی دوای (٧/٢٥) دەکرا، تا چەند ئەم جیاکارییە ڕاستە؟**

* ئەم جیاکارییە ڕاستە، مێژووی دوای (٧/٢٥)، مێژووی پێش (٧/٢٥) نییە. مەسەلەکە هەر تەنها لەدایکبوونی هێزێکی سیاسیی تازە نییە، دروستبوونی حیزبێکی نوێ نییە وەک هەر حیزبێکی تر (کوردستان بـەردەوام شایەتی دروستبوونی حیزبی سیاسیی تازە بەناوی تـازەوە بـووە)، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە، وەک لە پرسیاری پێشوودا وتم، دەنگە ناڕازییەکانی کوردستان هەموو لەسەر ئەوە کۆبوونەوە، کە ئەمجارە سندوقەکانی دەنگدان بەجدیی وەربگرنو هەوڵبدەن لەم ڕێگەیەوە گۆڕان بکەنو کردیشیان. گۆڕان، بەو مانایەی توانرا گۆڕانکاریی لە ڕیزبەندیو

**«دامەزرێنەری بزووتنەوەی گۆڕان لە نەوەی کۆنەو زۆربەی هاوڕێکانیشی لە هەمان ئەو نەوەیەن، بەڵام ئەوەی دروستیانکرد شتێکی تازە بوو، کە زۆربەی گەنجان لەدەوری کۆبوونەوە»**

دەسەڵاتداریێتی گەمەکەرانی بواری سیاسیدا بکات. ئەوەی لای من گرنگە، ئەم دەرکەوتنەی ئـیـرادەی خەڵکە کـە دەتـوانـێـت ئەگەر بیەوێت، دەوری گرنگ لە دەستنیشانکردنی چارەنووسی وڵاتدا ببینێت.

**ڕۆژنامە: بەبڕوای ئێوە ئەو هەڵبژاردنە توانیی گۆڕان لە پێکهاتەو جەستەی سیاسیی هەرێمدا بکات، ئەگەر گۆڕیویەتی، بەقازانجی ئەزموونەکە، یاخود دروستکردنی گرفت لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێمدا شکاوەتەوە؟**

* بێگومان گۆڕانێکی بەرچاو بەسەر پێکهاتەی سیاسیی کوردستاندا هاتووەو گەمەکەرێکی تازە هاتووەتە ناو گەمەکەوە، کە نزیکەی نیو ملیۆن دەنگی خەڵکی لەگەڵە، (٢٥)کورسیی پەرلەمانی هەیە، هەنوکە هێزە سەرەکییەکانی کوردستان، هەر دوو حیزبە دێرینەکەی کوردستان نین (وەک هەمیشەو پێشتر دەمانوت)، بەڵکو دەتوانین ئێستا باس لە ئامادەبوونی سێ هێز یان چوار هێزی سەرەکی بکەین. نەخشەی دابەشبوونی دەسەڵات گۆڕانی بەسەردا هاتووەو ئەم گۆڕانەش کۆتایی بەپاوانکردنی بڕیارو حوکمڕانیی دەهێنێت، کۆتایی بە ژووری داخـراوو تاریک لە بڕیارو ڕووداوەکاندا دەهێنێت. بێگومان ئەم دۆخە لەهەموو ڕوویەکەوە بەقازانجی ئەزموونەکە شکـاوەتـەوەو ئـەمـڕۆ بۆ یەکەمجار لە پەرلەمانی کوردستاندا هێزێکی ئۆپۆزسیۆن هەیە، کە بە خواستی خۆی بەشداریی لە حکومەتدا نەکردووەو بڕیاری چاودێریکردنو ڕەخنەکردنی ئەم حکومەتەی داوە، بۆ یەکەمجارە ڕەخنەو گازندەی خەڵکی ئێمە لە مەجلیسو پەناو پەساراوە، دەچێتە ناو پەرلەمانەوەو بەدەنگی بەرزو ئاشکرا قسە دەکات، ئەم دۆخە سەرەڕای ڕوودانی هەندێک گرژیی بچووکو گەورە، کاریگەریی لەسەر حکومەتو ڕەفتاری هەر دوو هێزی هاوپەیمان کردووە.

ئەمڕۆ هێزەکان، بە ئاشکرا گوێیان لەدەنگی یەکە، سەردەمی ڕەخنەو ڕقی ژێرەوەو دۆستایەتیو هاوڕێیەتی کۆتایی پێهاتو سیاسەتی ئاشکراو ڕای ئاشکرا دەرکەوتووە. ئەمڕۆ موجامەلەی سیاسیی بێناوەڕۆک، جێگەی خۆی داوە بە جۆرێک پەیوەندیی سیاسیی، کە لەسەر بنەمای ڕاشکاوییو ڕەخنەکردنی ئاشکرا ڕاوەستاوە. دۆخێکی سیاسی دروستبووە کە هێزەکان دەتوانن بە ئاشکرا ڕەخنە لە یەک بگرنو لەهەمانکاتیشدا یەکدی بە دوژمن تەماشا نەکەن، بگرە لەکاتێکدا چەندین تەنگژەی گـەورە، یان بچووک لەناو ئەم هێزانەدا لەناوخۆی کوردستاندا ڕوویـدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانییان لەکاتی چوون بۆ بەغدا ئەجێندای هاوبەش داڕێژنو پێکەوە لەسەر چەندین شتی ستراتیژیی ڕێکبکەون. مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم، ئەم دۆخە تازەیەی پەیوەندیی سیاسیی لە کوردستاندا، شتێکی تازەیەو لەهەمانکاتیشدا یەکجار پێوستەو ئەوەی ڕوو دەدات ململانێیەکی شەفافی سیاسییە بەبێ ئەوەی لانیکەمی پەیوەندیی لەنێوان هێزەکاندا بپچڕێت، ئەمەش بەهەموو مانایەک، دەورێکی ئیجابی بۆ ئەزموونی هەرێمی کوردستان هەیە.

**ڕۆژنامە: پەیدابوونی گـۆڕانو دواتر فراوانبوونی بـەرەی ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ ئیسلامییەکان، چ کاریگەرییەکی لەسەر ئیحتیکارو پاوانخوازیی دەسەڵاتی پارتیو یەکێتی دروستکرد، ئایا هەژموونی ئەو دوو حیزبەی بەسەر کەرتەکانی کۆمەڵگەوە کەمکردووەتەوە؟**

* پاوانکردنی دەسەڵات کەمبووەتەوە، بەڵام کۆتایی پێ نەهاتووەو تا ئێستاش ئەو دوو هێزە زۆرینەی پەرلەمان پێکدەهێننو دەتوانن هەر یاسایەک بیانەوێت تێپەڕێننو هەر یاسایەکیش بەدڵیان نەبێت لەکاری بخەن. ئـەوەی گـۆڕاوە، ئەوەیە کە چیتر ئـەم پـاوانـکـردنـە بەبێ ڕەخـنـەکـردنو ناڕازیبوونێکی ئاشکرا، کە لەناو پەرلەمانەوە دەستپێدەکاتو بۆ ناو دەزگاکانی ڕاگەیاندن درێژ دەبێتەوە، ناڕوات بەڕێوە. کەمجار هەیە بڕیارو هەنگاوێکی دوو هێزە سەرەکییەکە ڕووبەڕووی ڕەخنەی ئاشکراو ناڕازیبوونی ئاشکرا نەبێتەوە، ئەم دۆخە تازەیە وایکردووە کە وردە وردە دوو هێزەکەش ناچاربن بە وریاییەوە مامەڵە بکەنو هەوڵبدەن لە بڕیارو کارەکانیاندا کەمترین کەمتەرخەمی، یان هەڵە ئەنجامبدەنو ئەوەی گۆڕاوە، بوونی فشارێکی سیاسیی ئاشکراو ڕاشکاوە، کە کاریگەریی لەسەر ڕەفتاری دوو هێزەکەش هەیە.

**ڕۆژنامە: زۆرجار دەوتـرا، پەیدابوونی هێزی نوێ کە خۆی لە بزووتنەوەی گۆڕاندا دەبینییەوە دەرهێنانی نەوەی نوێیە لەدەستی باوانیان، واتە بزووتنەوەیەکی گەنجانە بووەو ویستوویەتی بە نوێ ئەو واقیعە بگۆڕێت کە پیرەکان دروستیانکردووە؟**

* تەماشاکە، ئەم ڕیزبەندییەم زۆر پێ ڕاست نییە، گەنجێتیی بە تەمەن نییە، بەڵکو بەو بیربۆچوونو ئایدیانەیە کە کەسێک، یـان هێزێک هەڵگریەتی. بزووتنەوەی گـۆڕان، هەڵگری ئایدیایەکی تازەیە، بەو دروشـمو بـۆچـوونـانـەوە کـە زوربـەی گەنجان بە دروشـمو بۆچوونی خۆیانی دەزانن. ئەوەی ئەم بزووتنەوەیە گەنجە، لە بیروڕاکانیدا دەردەکەوێت، نەک لە تەمەنی بایەلۆجی مرۆڤەکاندا. ئەوەمان لەیاد نەچێت، دامەزرێنەری بزووتنەوەی گۆڕان لە نەوەی کۆنەو زۆربەی هاوڕێکانیشی لە هەمان ئەو نەوەیەن، بەڵام ئەوەی دروستیانکرد شتێکی تازە بوو، کە زۆربـەی گەنجان لەدەوری کۆبوونەوەو بەپێچەوانەشەوە، چەندین کەسی بە تەمەن گەنجمان هەن، کە لە پیرەکان پیرتر بیردەکەنەوە، کەم هێزی کوردستان هەیە گەنجان ڕۆڵی گەورە، یان بچووکی تیا نەبینن، بەڵام بەرگریی لە ئایدیاو خەیاڵێکی پیرانە دەکەن. هەر بزووتنەوەیەک بە ئایدیاو بیروڕاکانیدا گەنجێتیو پیرێتی دەردەکەوێت، نەک بە تەمەنی کەسایەتییەکان، بزووتنەوەی گۆڕان پیرەکان دایانمەزراند، بەڵام ڕۆحێکی گەنجانەو تازە لە بیروڕاکانیاندا هەیە، کە وایکردووە بڕێکی زۆری گەنجان لەدەوری کۆببنەوە.

**ڕۆژنـامـە: ئێستا وەک چۆن دەسـەڵات هەیە، ئۆپۆزسیۆنیش هەیە، ئەمەش یەکێکە لەسیماکانی ژیانی دیموکراسی، ئایا دەکرێت بڵێین، دیموکراسییەتی ئێستا جیاوازە لەو دیموکراسییەتەی پێشتر لەهەرێم بانگەشەی بۆ دەکـراو حیزبە دەسەڵاتدارەکان بەبێ بەرهەڵستکار ئیدارەی هەرێمیان دەکرد؟**

* گرنگترین شت بۆ هەر سیستمێکی دیموکراسی، بوونی فرەیی هێزی سیاسییە، کە چوونییەک هەرەشەی دۆڕان لەیەک بکەنو بەدروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕانیش وەک هێزێکی ململانێکەری بەهێز لە هەڵبژاردندا، بۆ یەکەمجار لەدوای هەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمانی کوردستانەوە لەبەردەم هەڵبژاردنێکی ڕاستەقینەدا بووین، جۆرێک هەڵبژاردن کە کەس تا ڕاگەیاندنی دەرئەنجامەکان نەیدەتوانی بەدروستی پێشبینی ئەنجامەکانی بکات، پاش ئەوەش کە ئەنجامەکان ڕاگەیەنران، بزووتنەوەی گۆڕان بە بڕیاردان لـەوەی ببێتە ئۆپۆزسیۆنو بەشداریی لەحکومەتدا نەکات، نەریتێکی سیاسیی تازەی بۆ کوردستان هێنا، نەریتی نەترسان لە ئۆپۆزسیۆنبوونو بە پێچەوانەوە بەگوروتینەوە کارکردن بۆی. ئەم هەنگاوە کۆتایی بە دوو مەترسیی ناڕاست دەهێنێت کە لەپشت ڕێککەوتنی ستراتیژییو یەکلیستی دوو هێزەکەی تری کوردستانەوەیە.

یەکەم: بوونی هێزێک لە ئۆپۆزسیۆندا بەمانای لەناوچوونو لاوازبوونی نییە، بگرە ڕەنگە بەپێچەوانەوە لەداهاتوودا بەهێزتری بکاتو شانسی بـردنـەوەی هەڵبژاردنی داهاتووی گەورەتر بێت.

دووەم: دەکرێت بە ئاشکرا ڕەخنە لەیەک بگرینو موجامەلەی ناڕاستو بێمانا نەکەین، بەبێ ئەوەی تا ئاستی بە دوژمنکردنی یەکتر بڕۆین، یان شەڕ لە نێوانماندا هەڵگیرسێت.

**ڕۆژنامە: ئەگەر قسە لەسەر ئیرادەی جەماوەر بکەین، پێش ئەو ڕێککەوتە، تا ڕادەیـەکـی دیـار ئەنجامو سیناریۆی هەڵبژاردنەکان ئاشکرابوونو پارتیو یەکێتی بەلوتبەرزییەوە لەمتمانەی جەماوەر دڵنیابوون، بەڵام دوای پەیدابوونی گۆڕان، دەوتـرا بەها بۆ دەنـگو ئیرادەی خەڵک گـەڕاوەتـەوەو دەسەڵاتیش لەلوتبەرزی بەرامبەر جەماوەر هاتە خوارەوە؟**

* هەموو هەڵبژاردنێک تاقیکردنەوەی حیزبێکی سیاسییە بۆ خۆیو بەرنامەکانی. حیزبە سیاسییەکان لە هەڵبژاردنەوە تێدەگەن کە تا چەند لە خەڵک نزیک، یان دوورنو بەپێی ئەوەش دەبێت، یان سیاسەتەکانیان بەهێزتر بکەن، یان بگۆڕن. هەڵبژاردن پەیامەو ئەرکی هێزە سیاسییەکانیشە کە ئەو پەیامە بەجدیی وەرگرنو بەپێی ئەوە بەرنامەڕێژیی خۆیان بگۆڕن. ئەوە ڕاستە هەردوو هێزەکە چاوەڕێی ئەو دەنگە زۆرەیان بۆ بزووتنەوەی گۆڕان نەدەکرد، ئەوان ماوەیەکی زۆربوو ڕادەی ئەو ناڕازیبوونەیان نەدەبینی کە بـەردەوام لە گەورەبووندا بوو، ژمارەی بەیانی ناڕازیبوونو مانگرتنو خۆپیشاندان کە بۆ هەر چاودێرێکی بێلایەن دیارو ئاشکرا بوو، ئەوەی دەردەخست کە ناڕازیبوون لەگەورەبووندایە، هیچ یەک لەم شتانە، لەلایەن دوو هێزەکەوە بەجدیی وەرنەگیرا، تا لە هەڵبژاردندا ئەو دەنگە زۆرانەیان بۆ بزووتنەوەی گۆڕان بینی.

**ڕۆژنامە: ئەم دۆخە سیاسییەی ئێستا لەهەرێمدا هەیە، چ تەفسیرێک هەڵدەگرێتو چۆن خۆی نیشانی دونیای دەرەوەو سیاسەتی نێودەوڵەتی دەدات؟**

* ئەزموونێکە کە ئەمجارە بەڕاستی خـەریـکـە لـە سیستمی دیـمـوکـراسـی نزیکدەبێتەوە. خەریکە بە ڕەخنەکردنو ناڕازیبوون ڕادێت، بەو وریاییەوە کە هێشتا کەسانێکی تاریک هەن لەناو زیاد لە هێزێکی سیاسییدا، ئەم بارودۆخەیان بۆ هەرس ناکرێتو بەهەموو شێوەیەک لە هەوڵو کۆششدان بۆ لەناوبردنی. ئەوەی ئێستا ڕوودەدات لەمسکردنی دیموکراسییەکی ڕاستەقینەیە، کە هێزی جیاوازو نەیاری سیاسی تێدایە، بـەڵام شـەڕو کوشتارو بەدوژمنکردنی یەکتری تێدا نییە.



## (١٤٠)، لەکوێی ئەجێندای دانوستانی کورددایە؟

# «ئیئتیلافی فراکسیۆنەکان لەسەر ئەوە کۆکن ئەگەر لە ساڵێکدا ماددەی ١٤٠ جێبەجێ نەکرێت لە حکومەت دەکشێنەوە»

راپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا

جێبەجێکردنی مادەی(١٤٠)و یەکلاییکردنەوەی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان لە ماوەیەکی دیاریکراودا، یەکێکە لە مەرجە سەرەکییەکانی کورد لەگەڵ لایەنە عێراقییەکاندا، بێئەوەی تا ئێستا کورد گفتوگۆی جدیی لەوبارەیەوە لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان کردبێت.

ڕۆژی(٥/٤)، فراکسیۆنە کوردستانییە براوەکانی هەڵبژاردنی (٣/٧)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، یەکەم دانیشتنیان لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان سازکردو دوای چەند دانیشتنێک «پەیڕەوی ناوخۆی ئیئتیلافی فراکسیۆنەکان»یان دارشتو بەرنامەی کارکردنیان لە بەغدا دانا.

محەمەد حەکیم، ئەندامی وەفدی دانوستکاری کوردی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بەپێی بەرنامەی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، یەکێک لە مەرجەکانی گفتوگۆکانمان لەگەڵ لایەنە عێراقییەکاندا، جێبەجێکردنی مادەی(١٤٠)ە لە ماوەیەکی دیاریکراودا، ئەو ماوەیەش لە ساڵێک زیاتر نەبێت، پێویستیشە پێداگریی لەسەر ئەو خاڵە بکەین‌و دەبێت زەماناتی جێبەجێکردنی مادەکە بە نوێنەرانی کورد بدرێت.

ئەوەشی وت: «هەموو لایەنەکان لەسەر ئەوە کۆکین کە ئەگەر لەو ماوە دیاریکراوەدا، مادەی(١٤٠) جێبەجێ نەکرێت، لە حکومەتی عێراقدا بکشێینەوە».

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، یەکێک لە ئەرکەکان، بەدواداچوونی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ەو هەروەک لە پەیڕەوەکەدا ئاماژە بەوەکراوە: «ئیئتیلاف، یەکهەڵوێست دەبێت بەرامبەر پرسە چارەنووسسازەکان، بەتایبەتی مادەی (١٤٠)».

شۆڕش حاجی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی گۆڕان، باس لەوەدەکات: یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی بەرنامەی کاری ئێمە لە دانوستاندن لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت، جێبەجێکردنی مادەی(١٤٠)و گەڕاندنەوەی کەرکوک‌و ناوچەدابڕاوەکانە لە ماوەیەکی دیاریکراودا.

لەم قۆناغەدا، پشکی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەشێوەیەکی بەرچاو کەمیکردووە، بەجۆرێک کە پێشتر لە کۆی (٢٧٥)کورسی، کورد (٥٨)کورسی هەبوو، بەڵام لە پەرلەمانی نوێدا لە کۆی (٣٢٥) کورسی، تەنیا (٥٩)کورسی هەیە، بە رای چاودێرانی سیاسیی، کەمبوونەوەی ڕێژەی کورسییەکانی کورد، مەترسیی لەسەر پێگەی کورد لەو ئەنجومەنەو هاوکێشە سیاسییەکانی دیکەی عێراق دەبێت‌و پێدەچێت لە پێکهێنانی حکومەتی نوێدا سەنگی کورد کەمببێتەوە.

بە بڕوای موعتەسەم نەجمەدین، چاودێری سیاسیی لە کەرکوک، پێگەی کورد لاوازبووەو بەتایبەتی لە ئێستادا ئەگەری ڕێککەوتنی لیستی عێراقییەو دەوڵەتی یاسا لە ئارادایە، کە ئەویش مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر کوردو پەراوێزخستنی لە هاوکێشە سیاسییەکانی عێراقدا.

هەروەک د.ساڵح عومەر عیسا، پسپۆڕی سیاسیی‌و مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین، ئەوە دەخاتەڕوو: «کورد لە لیستی دووەمەوە بووەتە چوارەم لیست، لەبەرامبەردا لیستەکانی دیکە، بەتایبەت سوننەکان بە قورساییەوە هاتوونەتە مەیدانی سیاسییەوە، لە ئێستاوە هەر یاسایەک بچێتە پەرلەمانی عێراق، دەتوانرێت بەبێ دەنگی کوردەکان، بە ئاسانی تێپەڕێنرێت، هەروەها دەستەی سەرۆکایەتی کۆمار نامێنێت‌و سەرۆک کۆماریش ئەگەر بدرێتەوە بە کورد، مافی ڤیتۆی نامێنێت کە پێشتر هەندێک یاسای لە بەرژەوەندیی کورد ڕەتدەکردەوە».

هەرچەند لە کابینەکانی عەلاوی‌و جەعفەریدا بەڵێنی جێبەجێکردنی مادەی(١٤٠) بە کورد درا، بەڵام تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، ئەوەش مەترسیی کوردەکان زیاتردەکات لە چارەسەرنەکردنی ئەو کێشەیە، سەرەڕای وەرگرتنی زەمانات، بۆیە بە پێویست دەزانرێت نوێنەرانی کورد هەڕەشەی شکستپێهێنانی پرۆسەی سیاسیی عێراق بکەن.

هەرچەندە موعتەسەم نەجمەدین پێیوایە: زەمان بۆ جێبەجێکردنی مادەی(١٤٠) نییە، بەڵام لەم قۆناغەدا کورد جگە لەو هەنگاوە، بەدیلی تری نییەو دەبێت زۆرترین زەمانات بۆ ئەو مەسەلەیە وەربگرێت، «بۆئەوەی حکومەتی عێراق، ناچاربکرێت داواکارییەکانی کورد جێبەجێبکات، پێویستە نوێنەرانی کورد هەڕەشەی شکستهێنان بە پرۆسەی سیاسیی عێراق‌و بە کوردستانیکردنی کەرکوک‌و ناوچەدابڕاوەکان بکەن لە کاتی پابەندنەبوونی حکومەتی عێراق بە جێبەجێکردنی مادەی(١٤٠)ەوە».

هاوکات، شۆڕش حاجی دەڵێت: «ئەگەر ئەو بەرنامەیەی ئێمە جێبەجێ نەکرێت، ئەو کاتە هەڵوێستی سیاسیمان دەبێت بەرامبەر بەو لایەنەی کە حکومەتی پێکهێناوە، یەکێکیش لە هەڵوێستە سیاسییەکانمان، بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانێتییەکانمان‌و کشانەوەمان لە حکومەتی عێراق».

# ماستەرپلانی کەرکوک، بووەتە قوربانیی ململانێی نەتەوەیی

کەرکوک: ئارام جەمال

ناکۆکی سیاسیی‌و نەتەوەیی، ڕێگرن لەبەردەم جێبەجێکردنی ماستەرپلانی کەرکوکدا کە حکومەتی ئەمریکا لە ڕێی کۆمپانیایەکی بەریتانییەوە ئەنجامیداوەو ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیش، ئامادەکارانی ماستەرپلانەکە بە گەندەڵ وەسفدەکات‌و پێیوایە: ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بەرچاوڕوون نەبووە لە ماستەرپلانەکەدا.

لەساڵی(٢٠٠٧)داو لەسەر بودجەی تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە (تا ئێستا ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیش نازانێت بڕەکەی چەندە)، بڕیاردرا، ماستەرپلانی کەرکوک ئامادە بکرێت‌و ئەرکی ئامادەکردنی ماستەرپلانەکە درا بەکۆمپانیای (پێل فریچ مەن)ی بەریتانی، دوای بڕینی چەند قۆناغێک، ماستەرپلانەکە ئامادەکراو خرایە بەردەستی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بەڵام نەچووە بواری جێبەجێکردنەوەو تا ئێستاش کاری پێ نەکراوە.

ڕێبوار تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بۆ مەبەستی ماستەرپلانەکەو لەسەر بانگهێشتی کۆمپانیاکە، وەفدێکی ئەنجومەن سەردانی بەریتانیایان کرد، دوای زیاتر لەساڵێک ماستەرپلانەکە ئامادەکرا، بەڵام تا ئێستا نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە».

لەبارەی هۆکاری جێبەجێ نەکردنی ماستەرپلانی کەرکوکەوە، تاڵەبانی، وتی: «ماستەرپلانەکە ناڕۆشنەو تەنیا هێڵەگشتییەکانی نەخشەی بنەڕەتیی کەرکوکی دیاریکردووەو نەچووەتە وردەکارییەکانەوە کە بە کۆمپانیاکەشمان وت، بۆ وردەکاریی تێدا نییە، پێیانوتین، بودجەی پرۆژەکە تەنیا بەشی ئەوەندەی کردووە».

دوای ئامادەکردنی ماستەرپلانی کەرکوک، لە سەرەتای ساڵی رابردوودا خرایە بەردەستی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، تا دەنگی لەسەر بدرێت بۆ جێبەجێکردن، بەڵام زۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی بەدەست نەهێنا.

لەوبارەیەوە، نەجات حوسێنی ئەندامی کوتلەی تورکمان لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئێمە وەک کوتلەی تورکمان، دژی ئەوە بووین کە ماستەرپلانەکە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، سەرەڕای ئەوەی کە نەخشەیەکی ناڕۆشن بوو، لەگەڵ ئەوەشدا پێمانوابوو، لەدوای پرۆسەی ئازادییەوە بەهۆی تەجاوزاتی زۆرو گۆڕانکاریی دیمۆگرافیای شارەکەوە، ناکرێت ئەو زیادەڕۆییانە بخرێنە ماستەرپلانەوە کە شەرعیەتدانە بەمانەوەیان، جگەلەوەش پێمانوابوو، حکومەتی بەعسیش لەسەردەمی دەسەڵاتیدا گۆڕانکاری گەورەی لەدیمۆگرافیای شارەکەدا کردبوو، بەجێبەجێکردن‌و دروستکردنی دەیان گەڕەک بۆ عەرەبەهاوردەکان».

ئەندامێکی لیستی برایەتی کەرکوک، ئاماژە بە گەندەڵیی‌و کەموکوڕیی ماستەرپلانەکە دەکات، ئەندازیار ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی لیستی برایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە ڕۆژنامەی وت: «ماستەرپلانەکە لەهەموو ڕوویەکەوە کەموکوڕیی تێدابوو، بەتایبەت لە ڕووی هونەرییەوە شتێکی نوێ نەبوو، بەڵکو لەسەر ماستەرپلانە کۆنەکەی کەرکوک دارێژرابوو بەدەستکارییەکی کەمەوە، جگەلەوەش لیستەکانی ئەنجومەن ڕێک نەکەوتن لەسەری، بۆنموونە: گەشەی شارەکە بەرەو چ ئاراستەیەک بێت، یاخود کێشەی موڵکایەتی بەکوێ دەگات، بەگشتیی نەخشەکە پڕی بوو لە گەندەڵیی، هۆکارەکەشی ئەوەبوو کە بودجەکەی لەلایەن ئەمریکییەکانەوە دیاریی کرابوو، ئەنجومەن نەیدەتوانی لێکۆڵینەوەی تیادا بکات‌و بەدواداچوون‌و زیادو کەمی بۆ ماستەرپلانەکە هەبێت».

لەئێستادا لەگەڵ گەشەی بەردەوام‌و گەورەبوونی شاری کەرکوکدا، بەڵام گەشەکە ناسروشتیی‌و بەبێ پلانەو بەڕێوەبەری شارەوانیی کەرکوکیش، ئاماژە بۆ ئەوەدەکات: ماستەرپلان، دەستووری شارەو نەبوونی ماستەرپلان لە کەرکوک گەورەترین کێشەی بەردەم گەشەکردنی شارەکەیە.

ئەندازیار جەمال محەمەد شوکور، بەڕێوەبەری شارەوانیی کەرکوک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەساڵی (١٩٧٤)ەوە کاتێک کۆمپانیای دۆکساسی یۆنانی نەخشەی بنەڕەتیی کەرکوکی دارشت، دواتر ئەو نەخشەیە لەسەردەمی بەعسدا بە ئامانجی تەعریب دەستکاریکراو زۆربەی هێڵەگشتییەکان‌و ناوچە سەوزاییەکانی تیادا دەرکران‌و چەندین گەڕەکی هەرەمەکی بۆ عەرەبە هاوردەکان بەئامانجی تەعریبکردنی شارەکە دروستکرا، لەسەرەتای هەشتاکانیشەوە، کەرکوک بێ ماستەرپلانەو پێویستی زۆری بە نەخشەی بنەڕەتییە».

وتیشی: «کورد لەگەڵ ئەوەدا نەبوو، هەندێک گەڕەکی عەرەبی هاوردەی تێدا بێت، عەرەب‌و تورکمان لەدژی بوون لەبەرئەوەی کورد سەرپەرشتی دەکرد، بەوجۆرە نەتوانرا ماستەرپلانەکە ڕەزامەندیی بۆ وەربگیرێت، لەکاتێکدا لەهەموو شت پێویستتر ماستەرپلانە، ئەگەر بەبێ ماستەرپلان بڕۆین، شاری کەرکوک بەرەو شێواویی زیاتر دەچێت».



## کەرکوک شارە، یا گوند...؟



دانا عەسکەر

لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە شارەوانیی کەرکوک بەردەوام ماوەماوە دەکەوێتە خۆی، گوایە دەیەوێت سیمای کەرکوک جوان بکات‌و لەو فەوزاو بەکیداچوونەی بازاڕەکان هەندێک کەم بکاتەوە، ئەمە بۆخۆی هەنگاوێکی باشە، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە، نە شارەوانی‌و نە ئیدارەی شار پلانێکی شارستانییانەو خەمخۆرانەیان بۆ خەڵک‌و شار نییە، ئەگەر ئاوڕێکی مەیدانیانە بەهەندێک بازاڕی شارەکەماندا بدەینەوە، دەبینین نموونەی ئەفغانستانە، کە دواکەوتووترین وڵاتە لەڕووی ئابووریی‌و فەرهەنگیی‌و شارستانییەوە، ئێمە هەموو ئەو ململانێیانەی لەسەر کەرکوک کراوەو دەکرێت، دەخەینەلاوە، هەموو دەزانین بەعس چۆن مامەڵەی لەگەڵ کەرکوک‌و کەرکوکییەکان دەکرد، ئەمە ئەگەر لەو دیدگایەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرایە، دەبوو ئێستا وێنەیەکی شارستانی‌و خەمخۆرانەمان بۆ کەرکوک هەبوایەو بە دنیامان بگووتبا: ئەوە ئێمەین لە خەمی کەرکوکداین، هەموو دەزانین سیمای بەشارستانیکردنی شار لەکوێوە سەرچاوە دەگرێت، کاتێک ڕووت کردە هەر شارێک ئەو شارە بە پیاوە مەزن‌و بیرمەندو کەڵەنووسەرەکانییەوە دەناسرێنەوە، من دەپرسم کام یەک لە شەقامی شارەکەی ئێمە پەیکەری کەسایەتییەکی کەرکوکی تێدا بەدی دەکرێت، جگە لە بەسیاسیکردنی شەقامەکان‌و پردەکان، ئەم حاڵەتە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە ئیدارەی شارەکەی ئێمە لەپێش هەموویانەوە شارەوانی، لەبنەڕەتدا هیچ پلانێکی بۆ جوانکردنی شار نییەو عەقڵیشی پێناشکێت، بگرە وێنەیەکی ناشارستانی‌و نەشیاومان خستووەتە بەردەم نەیارەکانمان، بەوەی هێند حیزبیانە مامەڵە لەگەڵ کەرکوکدا دەکەین، تا گەیشتووەتە ئەوەی ستراتیژییەتێکی نیشتمانیمان نەبێت بۆ کەرکوک، بۆیە هەمیشە تەکتیکی حیزبی فەزای نیشتمانی‌و شارستانییەتی لێشێواندووین، بۆیە ئەوەی کە دەکرێت هیچ پەیوەندییەکی بە مەجرای خەمخۆرییەوە نییەو تەنیا لە سیاقی کارکردنێکی سەرپێیدا ئەژمار دەکرێت، من دەپرسم: ئەگەر ئیدارەی کەرکوک لە خەمی جوانکردنی شاردابێت، خۆ دەبێت لە خەمی خەڵکیش بکۆڵێتەوە، وەرن ئەو هەموو خەڵکەی دەتانەوێت لەو شوێنە هەڵیانکەنن، بکەنە باخەوان‌و درەختەکانی سەرشەقامەکانیان پێ ئاوبدەن، بزانن ئەو ئاڵۆزییە دروست دەبێت، ئەگەر دەڵێن دامەزراندن نییەو لە بەغداوە خەڵک دانامەزرێنن‌و ئەوان قبووڵیان نییە خەڵک دامەزرێنن، من دەپرسم بۆچی ئێوە بەقسەی ئەوان دەکەن‌و زیادەڕۆیی دەرووخێنن؟ من لەگەڵ زیادەڕۆیی نیم، بەڵام کاتێک ئەوان ئامادەنین لە بەرامبەر ئەم ئیلتیزامەیان هەندێ خەڵکتان بۆ دامەزرێنن، ئەی ئێوە بۆچی بیرێک لەو وەزعەی خەڵک‌و شاری تێدایە، ناکەنەوە؟ ئایا ئەمە لە نەبوونی پلانە، یا کەمتەرخەمیی ئێوەیە بەرامبەر خەڵکەکەی خۆتان؟! تۆبڵێیت خەڵکێک هەبێت تیربێت‌و بەم قرچەی گەرمایە ئامادەبێت ژیان لەخۆی تاڵ بکات؟ ئێوە قەت بیرتان لەوە نەکردووەتەوە ئەم شارە بۆ وای بەسەر هات؟!

ئەمە جگە لەو هەموو دەسەڵاتەی لەم شارەدا هەریەک بەئارەزووی خۆی بڕیار لەسەر تایبەتمەندی کەرکوک دەدات، بەداخەوە خۆتانیش باش دەزانن هۆکارەکان چین‌و کەستان زاتی ئەوە ناکەن ڕاستییەکان بخەنەڕوو، هەمووتان دەستتان ناوە بەکڵاوەکەتانەوە «با» نەیبات‌و شارەکەتانیش چی بەسەر بێت لەوە دەچێ کێشەی ئێوە نەبێت.

شەش ساڵە شەقام‌و بانەکان نۆژەن دەکەنەوە، لەهەندێ گەڕەکدا شەقام هەیە چوارجار قیرتاوکراوەو تێکچووە، نەمانبینی ڕۆژێک لە میدیاکانەوە کەسێکمان، یا هیچ نەبێت ناوی بەڵێندەرێکمان پێبڵێن: کە کەمتەرخەمبووە لە ڕاپەڕاندنی کارەکەی‌و ئێوە موحاسەبەتان کردبێت، ئەوە وەزعی کارەباکەتانە کە بەداخەوە لەڕێی میدیاکانەوە هەموو ئەم بێ کارەبابییە دەخەنە ئەستۆی خەڵک، بەوەی زیادە مەسرەف لە کارەبادا دەکرێت‌و داوا دەکەن هیچ نەبێت ماڵی «گلۆپێک» بکوژێنێتەوە، تۆ بڵێی خەڵک ئەوەی نەکردبێت؟ کەچی سەرەڕای ئەمەش کارەباکەتان خراپترە، نەک باشتر، ئەی ئێوە کەی بیرێک لە وەزعی کەرکوک‌و خەڵکی کەرکوک دەکەنەوە؟ ئەرێ کەرکوک بۆ وای بەسەرهات؟؟

danaasker@yahoo.com

پارتیو یەکێتی هەڵبژاردنی پارێزگاکان بۆ بەهاری داهاتوو دوادەخەن 10

# کـودەتـاسـپـیـیـەکـە

## ئۆپۆزسیۆن بووە پاڵپشتی ئازادی سیاسیی و رۆژنامەوانیی

راپۆرتی: بەرهەم خالید

رۆژنامەنووسان پێیانوایە: لـەدوای (٢٥)ی تەمموزی سـاڵـی رابـردووەوە پانتایی کاری رۆژنامەنووسیو رادەربڕین لە کوردستان فراوانتر بـووەو هاوکات هاتنەکایەی ئۆپۆزسیۆنیش بە پاڵپشتێکی باش دەزانن بۆ کـاری رۆژنامەنووسیو بەرگریکردن لەو توندوتیژییانەی رووبەڕووی رۆژنامەنووسانی ئازاد ئەنجام دەدرێن.

ئـەمرۆ ساڵـێکو دوو رۆژ بەسەر هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی هەرێمی کوردستاندا تێپەڕدەبێت، کە تێیدا بۆ یەکەمجار ئۆپۆزسیۆنێکی راستەقینەی هێنایە کایەوە، بۆیە ئەگەر ٢٠٠٩/٧/٢٥ بە نیسبەت خەڵکی ئاساییەوە رۆژێکی ئاسایی بێت، ئەوا بۆ رۆژنامەنووسان گرنگیی خۆی هەیەو هەروەک خۆیان باسیدەکەن، لێکەوتەی زۆری بەسەر پیشەکەی ئەوانەوە جێهێشتووە.

شـوان محـەمـەد، سـەرنـووسـەری رۆژنامەی ئاوێنە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: لـەو رۆژەدا دیموکراسیەت هەنگاوێک چووە پێشەوەو رۆژی (٧/٢٥)یش رۆژێکی نائاسایی و ئاساییە لە هەمانکاتدا، بە بۆچوونی ئـەو نائاساییە، چونکە بۆ یەکەمجارە ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان لە دایک دەبێتو پاش پێکهێنانی حکومەتیش لە دەرەوەی دەسەڵات دەمێننەوەو ئێستاش رووداوەکە چووەتەوە دۆخێکی ئاساییو وتی: «پێموایە: ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان نەیتوانیوە رووداو دروستبکاتو گۆڕانو هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی دیکەش لـەدوای رووداوەکـانـەوە هەنگاو دەنـێـن، وەک لـە رووداوی کوشتنی سەردەشتو ناردنەدەرەوەی نەوتی قاچاغدا بینیمان، ئەوەش یەکێکە لە کەموکورتییەکانی ئۆپۆزسیۆن، هەروەها پێویستە ئۆپۆزسیۆن بە تایبەت گۆڕان تەنیا بەوەوە نەوەستێت، کە دژایەتی بکاتو دەبێت نەرمتر بێت بۆ ئەوەی بتوانێت چەند یاسایەک لە بەرژەوەندیی خەڵک تێپەڕێنێتو خۆشیان بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو سوودی لێببینن».

سەرنووسەری رۆژنامەی ئاوێنە، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، کە بۆ کاری رۆژنامەوانی جیاوازیی زۆر لەنێوان هـەردوو قۆناغی پێشو پاش هەڵبژاردندا هەیە، «ئەوەی دەڵێت جیاوازیی نییە، نایەوێت شتەکان ببینێتو واقیعەکە نابینێت».

شوان، باس لەوە دەکات: کە پێشتر میدیای ئەهلی بە ئۆپۆزسیۆن تۆمەتبار دەکران، بەڵام رەتیدەکاتەوە کە ئێستاشو ئەوساش ئەوان بەرنامەی سیاسییان هەبووبێت، وتیشی: «ئێستا هێڵەکان باشتر روونبوونەتەوەو تابلۆکە گـۆڕاوەو پانتایی ئازادیی لەپێش هەڵبژاردنەکە باشترو فراوانترە، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە، کە دەسەڵات لەوە تێبگات کە ئێمە تەنیا رەخنەدەگرینو بەدیلی ئەوان نین، ئـەوەش زیاتر خزمەت بە سیستەمی دیموکراسیو کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات».

ئەنجامی هـەڵبژاردنەکەی تەمموزی (٢٠٠٩) دەریخست، کە لەکۆی (١١١) کورسی پەرلەمانی کوردستان، (٣٥) کورسی بەر ئۆپۆزسیۆن بکەوێت (گۆڕان ٢٥، یەکگرتوو ٦، کۆمەڵ ٤)، کە ئەوەش بۆ رۆژنامەنووسانی میدیای ئـازاد مژدەیەکی دڵخۆشکەربوو، کە بتوانن لەو رێگەیەوە زانیاریی راستو دروست لە پەرلەمانەوە بەدەستبهێننو کاری لەسەر بکەن، چونکە پێشتر دەسەڵات کەمترین مەودای بۆ پێدانی زانیاریی هێشتبووەوە، کە ئەوەش ببووە ئاستەنگێک لەبەردەم ئەو میدیایانەدا.

بە بۆچوونی ئەحمەد میرە، سەرنووسەری گۆڤاری لڤین هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەمموز نـەک بـە تەنیا لـەسـەر بـواری ئـازادیی رۆژنامەگەریی، بەڵکو لەسەر تێکڕای ژیانی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان کاریگەریی زۆری جێهێشتووەو بە «کودەتایەکی سپی» لە سیستەمی سیاسیی هەرێمی کوردستان نـاوزەدی دەکـاتو بە پێویستی دەزانێت هەموو کەس بە تایبەت ئەو کەسانەی لە بەرەی رەخنەگرتنو بەرگریکردن لە ئازادیی رادەربڕیندان، شانازیی بەو مێژووەوە بکەن، چونکە رەخنەگرتن لەدوای (٧/٢٥)ەوە چووە قۆناغێکی نوێ، بەجۆرێک رەخنەگرتن لە سیستەمی سیاسییو خزمەتگوزاریی بووە شتێکی باو و دیاردەیەکی گشتیی، واتە لە سنووری چەند رۆژنامەیەکەوە وەک کودەتایەکی سپی هاتە سەرشەقام.

میرە، ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات: کە لەدوای ئەو هەڵبژاردنەوە هەندێک تایبەتمەندێتی بۆ کاری رۆژنامەوانی زیادبوون، بۆ نموونە ئەو پەرلەمانتارانەی لە خولەکانی پێشوو لە پەرلەمان بوون، بەپێی بڕیاری مەکتەبی سیاسیی حیزبەکانیان دەجـوڵانو کەمتر دەردەکەوتن بۆ رۆژنامەنووسان، بەڵام ئێستا زانیارییەکانی ناو پەرلەمانو دانیشتنەکانو چاودێریی کارەکانی حکومەت ئاسانتر زانیاریو سەرچاوە دەستدەکەوێت، بە تایبەت پەرلەمانتارەکانی سەر بە لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن بوونەتە سەرچاوەیەکی زانیاریی باش بۆ رۆژنامەنووسان.

وتیشی: «هەروەها وەک لە رووداوەکانی رابرووودا بینیمان، کە پەرلەمانتاران بە تایبەت ئەوانەی ئۆپۆزسیۆنن، ئامادەیی باشیان هەبووەو هاتوونەتە سەر شەقامو بەشداریی کارایان هەبووە دژ بەو توندوتیژییانەی بەرامبەر رۆژنامەنووسان کراون، ئەوەش دیاردەیەکی تازەیەو پشتگیرییەکی مەعنەویی گەورەیە بۆ ئازادیی کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان، کە لێکەوتەی هەڵبژاردنەکەی تەمموزی ساڵی رابردووە».

لـەلای خـۆیـەوە کـەمـال رەئـوف، سـەرنـووسـەری رۆژنـامـەی هـاوڵاتـی، جەخت لەوە دەکاتەوە: کە دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەمموز کارئاسانیی زۆری بۆ میدیای ئەهلی کردووەو هەروەها دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنیش پشتیوانییەکی گەورە بووە بۆ ئەوەی میدیای ئەهلی تەنیا نەبێت لە رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیو خراپییەکانی دەسەڵات، ئەگەرچی ئەرکی ئەوان تەنیا چاودێریکردنە، نەک ئۆپۆزسیۆنبوون.

سـەرنـووسـەری هـاوڵاتـی، ئـەوەی بۆ رۆژنـامـە خستەڕوو: کە ئێستا بەهۆی ئۆپۆزسیۆنەوە رۆژنامەوانان دەستیان دەگاتە کۆمەڵێک زانیاریی ورد، کە کارئاسانی دەکات بۆ کاری رۆژنامەنووسی ئازاد، کە پێشتر دەسەڵات ئەو دەرگایانەی داخستبوو بەڕوویانداو گەر هەشبووایە لەسەر بنەمای پەیوەندییو مـەزاجـی شـەخسی بـوون، «بـەڵام ئێستا دەزگـایـەک هەیە زانیاریی دەبەخشێتەوەو رۆژنامەنووسیش ئازادانە کاری لەسەر دەکەن».

دەربارەی گرنگی بوونی ئۆپۆزسیۆنو ئەو دۆخە تازەیەش، کە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥ هێنایە ئـاراوە، کەمال رەئـوف، باس لەوە دەکـات: کە ئێستا وێـڕای پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن، کۆمەڵێک ئەندام پەرلەمان لە ناو لیستی دەسەڵاتیشدا هەن، کە ئامادەن بەرگریی لە ئازادیی رۆژنامەوانیو رادەربڕین بکەن، وتیشی: «وەک رۆژنامەنووسان هەست بە پشتیوانییەکی گەورە دەکەینو دەتوانین



بڵێین، قۆناغی دوای (٧/٢٥) کەشوهەوایەکی جیاوازو ئـازادتـرە لەپێش ئەو مێژووە، بەتایبەت بۆ رۆژنامەنووسانو ناترسین لەوەی لە پەرلەمان یاساو بڕیارێک دژ بە ئازادیی رادەربڕینو کاری رۆژنامەنووسی تێپەڕێنرێت».

## ساڵێک بەر لە ئێستا وەرچەرخانێکی مێژوویی لە ژیانی سیاسی کوردستاندا روویدا

# ئەنجامی هەڵبژاردن حیزبەکانی ناچارکرد بیر لە گۆڕانکاریی بکەنەوە




راپۆرتی: رۆژنامە

پسپۆڕانی سیاسییو مامۆستایانی زانکۆ بە گرنگییەوە دەڕواننە هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەمموزی ساڵی ڕابردوو و بە وەرچەرخانی وەسـفـدەکـەن لـە مـێـژووی سیاسیی کوردستاندا، بەوپێیەی یەکەم هەڵبژاردنە کە چەند لیستێکی جیا بەشدارییان تێداکردووەو بۆ یەکەمجاریش لە هەناوی ئەو هەڵبژاردنەدا ئۆپۆزسیۆنێکی راستەقینە لە دایک بوو، هەروەک لێکەوتەکانی دوای هەڵبژاردنەکەش بە ئیجابی وەسفدەکەن لەڕووی فراوانبوونی ئازادییو دەستەبەربوونی مافی هاوڵاتییانی کوردستان.

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی رابردووی هەرێمی کوردستان نەخشەیەکی سیاسیی نوێی لە کوردستان هێنایە ئاراوە، بەوپێیەی بۆ یەکەمجارو لە دەرەوەی لیستی دەسەڵات چەند لیستێکی تر توانییان ژمارەیەکی باشی کورسییەکان بەدەستبهێنن بە تایبەت لیستی گـۆڕان، کە توانی (٢٥) کورسی بەدەستبهێنێت لە بەرامبەر (٥٩) کورسی لیستی کوردستانییو (١٣) کورسی لیستی خزمەتگوزارییو چاکسازیی.

هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥، سێیەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بوو پاش ساڵەکانی (١٩٩٢)و ساڵی (٢٠٠٥)، کە بە درێژایی ئەو ماوەیە جگە لە یەکێتیو پارتی، کە جگە لە هەڵبژاردنی ساڵی (١٩٩٢)، لەهەردوو هەڵبژاردنەکەی دواتردا بە یەک لیست بەشدارییان تێدادەکرد، ئەوەش جۆرێک لە چەقبەستنی لە سیستەمی سیاسیدا دروستکردبوو.

د.ساڵح عومەر عیسا، مامۆستای زانستە رامیارییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: کە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥و بەشداریی جیای ئەو لیستانە گۆڕانێکی ریشەیی لە پرۆسەی بەڕێوەبردنو سیاسیی کوردستاندا دروستکردو ئەوەی دەرخست، کە لەمەودوا حیزبەکان پێیان خۆش بێت، یان نا ئەوا دەبێت لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەسـەڵات بەدەستبهێنن، چونکە ئێستا کۆمەڵگەی کوردی لە دۆخێکی نوێدایەو بۆ یەکەم جار ئەو رکابەرییە زۆرە بەدیدەکرا لەنێوان لیستەکانداو سەرەنجامیش بە (٣٥) کورسی پەرلەمانەوە لە دەرەوەی دەسەڵات وەک ئۆپۆزسیۆن کاربکەنو وتی: «حاڵەتێکی ئیجابی بوو بۆ ئەو هەڵبژاردنە، کە لیستی جیاواز هەبێتو هاوڵاتییان ئازادبن لەوەی چ لایەنێک هەڵدەبژێرنو کێ دەکەنە نوێنەری خۆیان، ئەوەش مانایەک دەدات بە سیستەمی دیموکراسی».

ئـەو شـارەزایـەی بـواری سیاسەت پاشهاتەکانی ئەو هەڵبژاردنە بە ئیجابی هەڵدەسەنگێنێت لەسەر ئاستی ژیانی سیاسییو حیزب لە کوردستانداو بە پێویستی دەزانـێـت، کە ئەو حیزبانە بـەردەوام لە خۆنوێکردنەوەدابن لەپێناو ئەوەی هاوشانی پرۆسەی سیاسیی رێبکەنو لە کاروانی دیموکراسی دانەبڕێن.

مامۆستاکەی زانکۆی سەلاحەدین، پێیوایە: (٢٥)ی تەمموز لەسەدا سەد گۆڕانکاریی دروستکردووە لەو بارەیەوەو بە گرنگی دەزانێت حیزبە سیاسییەکان بەردەوام لە خۆ نوێکردنەوەدابن بۆ ئەوەی بتوانن ململانێ لەسەر دەنگی هاوڵاتییان بکەن لەپێناو مانەوە، یاخود بەدەستهێنانی دەسەڵاتو هـەروەک دەڵێت: «زۆرێـک لە حیزبەکان پاش (٧/٢٥) کەوتوونەتە خۆیانو کۆنگرە دەبەستن، گەر ئەو کۆنگرانە رووکەشیش بن، سەرەتایەکی باشەو جۆرێکە لە گۆڕانکاریی هێمن لەو حیزبانەداو ئەگەر ئەو دۆخە بەردەوام بێت، ئەوا کۆمەڵگە زیاتر بەرەو دیموکراسیی دەڕوات بە پێچەوانەشەوە ئەگەر خۆیان نوێ نەکەنەوە، ئەوا شکستی گەورەتر چاوەڕوانیان دەکات».

لـەلای خـۆیـەوە، ئاکۆ حەمەکەریم، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سلێمانی، پێیوایە: هەڵبژاردنی ساڵی رابردوو وەرچەرخانێکی نـوێو مێژوویی بوو گۆڕانێکی نوێی هێنایە ئـاراوەو هاوکێشە سیاسییەکانی لە کوردستاندا گۆڕیو بۆ یەکەمجار لە مێژووی کورددا ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسیی راستەقینە دروستبوو، کە وایکرد راوبۆچوونی جیاوازو دژ بەیەک لەناو پەرلەماندا سەرهەڵبداتو مودیلێکی نوێ لەکاری سیاسیی لە کوردستاندا بێنێتە ئاراوە.

ئەو مامۆستایەی زانکۆی سلێمانی، بە پێویستی دەزانێت زەمینەی زیاتر بۆ کاری سیاسیی لە کوردستان بڕەخسێنرێت، هەتا پایەکانی دیموکراسیەت بە تەواوی پێگەی خۆی لە کوردستان قایم بکات، هەر بۆیە پێیوایە: گۆڕانکارییەکانی ئەو هەڵبژاردنە هێشتا لە ئاستی پێویستدا نین، هەروەک دەڵێت: «ئەم وەرچەرخانە لە ئاستی پێشبینیو خواستەکاندا نەبوونو نەیتوانی گۆڕانێکی رادیکاڵی لە ژیانی حیزبیو سیاسیی کورددا بەرهەمبهێنێتو هەرێمی کوردستان بەدامەزراوەییو سیستماتێکی بکات».

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٢٥، نەک تەنیا بۆ هاوڵاتییانی کوردستانو چاودێران، بەڵکو بۆ زۆرێک لە سەرکردەکانی دەسەڵاتی سیاسیش جێگەی سەرسووڕمان بوو، بەوپێیەی نامۆ بوو کە لە دەرەوەی دەسـەڵات لیستە نوێیەکان بتوانن ئەو ئەنجامانە بەدەستبهێنن، کە نزیکەی یەک لەسەر سێی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستانە.

د.کامەران بەرواری، مامۆستای زانکۆی دهۆک باس لەوە دەکـات، کە هەڵبژاردنی ساڵی رابـردووی پەرلەمانی کوردستان گۆڕانکارییەکی ریشەیی دروستکرد، بەوپێیەی کە بۆ یەکەمجار ئۆپۆزسیۆنێکی راستەقینەو چالاک لە کوردستان لە دایک بوو، کە دوور لە بەرژەوەندیی تەسکی حیزبیی کاربکات، ئەوەش بە وەرچەرخانێکی گرنگ دادەنرێت لە مێژووی سیاسیی کوردستانداو وتی: «ئاکامەکانی ئەو هەڵبژاردنە بوونە هـۆکـاری هاتنە کایەی دەنـگو رەنگی جیاوازو داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤو ئازادیی زیاتری رادەربڕینو هەروەها کاری پەرلەمان ئەکتیڤتر بووەو شەفافیەتی زیاتر دەرکەوتووە لە بودجەو مافەکانی دیکەی هاوڵاتییاندا».

بەرواری، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات: کە ژیانی سیاسیی لە کوردستان گۆڕانکاریی زۆری بەخۆوە بینی، بە تایبەت، کە لە ماوەی (١٨) ساڵی پێش ئەو هەڵبژاردنەدا دەسەڵات لەلایەن یەکێتیو پارتییەوە قۆرغ کرابوو، بەڵام لەو هەڵبژاردنەدا خەڵک هۆشیارانە دەنگی داو دۆخی نوێی پاش هەڵبژاردنەکەش ئەوەی بۆ خەڵکی خستەڕوو، کە کەسانی خاوەن تواناو گەنج هەن کە دەتوانن نوێنەرایەتی خەڵک بکەن، وەک ئەو گەنجانەی لیستی گۆڕان، کە چوونە پەرلەمان، هەرچەندە لەناو یەکێتیو پارتیش گەنجی بە توانا هەیە، بەڵام بەهۆی نەبوونی ئازادیی لەناو ئەو حیزبانەدا، ناهێڵن ئەو کەسانە بێنە پێشەوەو رۆڵی خۆیان ببینن.

وتیشی: «ئەو گۆڕانکارییەی هەڵبژاردن هێنایە ئاراوە هیوایەکی باشی لێ بەدیدەکرێت بۆ ئایندەی سیاسیی کوردستان، بەجۆرێک ئەگەر ژیانی حیزبییو سیاسیی گۆڕانی بەسەردا بێتو حیزبی نـوێو مۆدێرن دروستببێت، دەتوانن ببنە بەدیلێکی باش بۆ ئەو حیزبانەی ئێستاو باشتر دەتوانن نوێنەرایەتی خەڵک بکەن».

# حکومەت لوتفو مەرحەمەتی زیاد بۆ هەندێک کۆمپانیا دەنوێنێت!

راپۆرتی: رۆژنامە

سەرۆکی حکومەت بۆ بەرژەوەندیی چەند بەڵێندەرو کۆمپانیایەکی دیاریکراو یاسا پێشێلدەکات، بەوەی زەوی وەبەرهێنان راستەوخۆ دەکات بەناوی کۆمپانیا یان بەڵێندەرەکەوە بەدەر لەیاساو رێنماییەکان.

لە چەند بەڵگەنامەیەکدا کە دەست رۆژنامە کەوتوون، یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦) وەبەرهێنان پێشێلدەکرێت، یەکێک لە بەڵگەکان بریتییە لە: بڕیاری ژمارە (٧٠)، کە لە رێکەوتی ٢٠١٠/٥/١٠-دا دەرچووەو ئیمزای د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنانی لەسەرەو هاوکات مۆری دەستەی وەبەرهێنانی پێوەیە، کە نهێنییەو ژمارە (٤٣)ی رۆژی ٢٠١٠/٥/١٠-ی لەسەرە، کە وەک کاروان ساڵح، ئەندامی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی پەرلەمان، دەڵێت: «کاری حکومەت پێویست بە نهێنیبوون ناکاتو ئەو نهێنییە تەنیا بۆ پەردەپۆشکردنی گەندەڵییە، چونکە ئەگەر لایەنی ئەمنیی پێویستی بە نهێنیبوون بێت، ئەوا لایەنی وەبەرهێنان ئەگەر ئیستسناو لادانی تێدانییە بۆ دەستەی وەبەرهێنان مۆری نهێنیی لێدەدات».

هەرچەندە د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی حکومەت کە هاوکات سەرۆکی دەستەی باڵای وەبەرهێنانیشە، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رۆژنامەی هاوڵاتی دەڵێت « هاوبەشی بەرپرسان لەپرۆژەکانی وەبەرهێنان بەپێچەوانەی یاساو رێنماییەکانو پێچەوانەی ئەخلاق» وەسفدەکاتو جەخت لەوەدەکاتەوە، کە هەرکەسێک لەدەسەڵاتدا بێت یان لەمەوقعی بەرپرسیارێتیدابێتو هاوبەشی هەبێت لەپرۆژەکانی وەبەرهێناندا، واتایەکی تری نییە بێجگە لەدزی.

بەڵام، ئەمە وەک دەڵێن بانێکەو دوو هەوا، چونکە لە بڕیارەکەدا هاتووە: پاڵپشت بە بڕگەی (٣) لە مادەی (٤)ی یاسای وەبەرهێنان ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦)و ئاماژە بە کۆبوونەوەی سیانزەیەمی ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان لە رۆژی ٢٠١٠/٤/٢٥ بڕیاردرا، لەنێو بڕیارەکەدا هەشت خاڵ هەیە کە هەریەکەیان باس لە تۆمارکردنی زەوی پرۆژە دەکات لە گەرمیانو سلێمانی، بەڵام لەنێو ئەو زەوییانەی کە پرۆژەیان لەسەر ئەنجامدراوەو تۆمارکراون لەسەر کۆمپانیا وەبەرهێنەکان، ئیستیسنا بۆ کۆمپانیای بەڕێز کراوە، کە هەموو زەوییەکان راستەوخۆ دەکرێت بەناوی کۆمپانیاکەوە، (نەک تەنیا یەکە نیشتەجێکردنەکان)، بەجۆرێک لەخاڵی حەوتەمی بڕیارەکەدا هاتووە: «پاڵپشت بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨١٦١)لە ٢٠٠٦/٧/١٠، کە تایبەتە بە تۆمارکردنی زەوییە تەرخانکراوەکان بۆ پرۆژەی ئاسوودە، کە لەلایەن کۆمپانیای بەڕێزەوە ئەنجام دەدرێت، بڕیارماندا بە تۆمارکردنی زەوی ژمارە (٢٠/١٤ کەرتی (٤)ی ولووبە)، کە رووبەرەکەی (٢٢) دۆنمو (١٧) ئۆرلکو (٩٩)م چوارگۆشەیە بە ناوی کۆمپانیای بەڕێز بۆ بەڵێندەرایەتیو بازرگانیی سنووردار».

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە، ئەمە بەدەرە لە یاساکان، چونکە لە یاسای وەبەرهێناندا ئاماژە بەوەکراوە: «ئەنجومەن بۆی هەیە لەسەر پێشنیازی دەستە، ئەو زەوییانەی بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان تەرخانکراون، بەپێی ئەم یاسایە بە نرخێکی هاندەر کە دەستە پێشنیازی دەکات یان بە خۆڕایی بە ناویان بکات...».

بەڵام بە وتەی شارەزایەکی بواری وەبەرهێنان، ئەم یاسایە رێنمایی هەیە کە ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان خۆی دەریکردووەو بەپێی رێنماییەکان تەنیا زەوییەکان کە پرۆژەی نیشتەجێکردنەکەی لەسەر ئەنجامدراوە دەکرێت بە ناوی کۆمپانیاکەوە، نەک زەوییەکانی دەوروبەریشی، کە بۆ خوێندنگەو باخچەو شەقام تەرخانکراوە، کە ئەمانە پێویستە بەناوی حکومەتو شارەوانییەوە بمێنێتەوە.

لەنێو ئەو کۆمپانیایانەی کاردەکەنو پرۆژەی نیشتەجێکردنو بازرگانیی ئەنجام دەدەن، بۆ نموونە پرۆژەکانی شاری شنیار، شاری گۆیژە، شوقەکانی پاک ستی، پرۆژەکانی کۆمپانیای هیرۆن بیابان، پرۆژەکانی کۆمپانیای نالیا هەیە، کە هەموویان تەنیا ئەو بەشەی زەوییەکە کە پرۆژەی لەسەر دروستکراوە بە ناویانەوە تۆمارکراوە، جگە لە کۆمپانیای بەڕێز، کە نازانرێت حکومەت چۆنو بۆ ئەو ئیستیسنایەی بۆ کۆمپانیای بەڕێز کردووە؟.

لەمبارەیەوە یاسین فەقێ سەعید، بەڕێوەبەری دەستەی هاندانو وەبەرهێنانی سلێمانی، بوونی ئەو ئیستیسنایەی نەشاردەوە کە حکومەت بۆ هەندێک کۆمپانیا دەیکاتو زەوییەکان راستەوخۆ دەکات بە ناویانەوە، بەڵام بۆ (رۆژنامە) ئاماژەی بەوەکرد: ئەگەر بە بڕیارێکی تایبەت لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئیستیسنا بۆ کۆمپانیایەک کرابێت، ئەوا رەنگە لە قۆناغی یەکەمدا بکرێت بە ناویەوە، بەڵام لە هەموو قۆناغەکانی دیکەدا مافی رەفتارنەکردن (عدم تصرف)یان بەسەرەوە دەبێت، کە ناتوانێت رەفتاری پێوە بکاتو دواتریش کە دەچێتە تاپۆو دەستەدەکرێت بە ئیفرازی ئەو زەویە بۆ چەند بەشێک، کە بەشێکی بۆ نیشتەجێبوون یان تەلاری بازرگانییەو بەشەکانی دیکەی بۆ شەقامو باخچەو خوێندنگەو بازاڕو یاریگایەو ئەوەی کە موڵکی گشتییەو شەقامو رێگایە دەکرێتەوە بە ناوی شارەوانییەوە.

لە وەڵامی ئەوەشدا، کە ئەگەر ئەو زەوییانە دوای ئەوەی کران بەناوی خاوەن کۆمپانیاکەوە دەگەڕێنرێنەوە بۆ شارەوانی، ئەوا بۆ لە سەرەتاوە ئیستیسنای بۆ دەکرێت، بەڕێوەبەری دەستەی هاندانو وەبەرهێنان وتی: «لە سەرۆکایەتی حکومەت بپرسن کە بۆ ئیستیسنا دەکەن بۆ هەندێک بەڵێندەر زەوییەکەی دەکەن بە ناوەوە بەرلەوەی بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە».


[redacted]
Council of Ministers
Supreme Council for Investment
Ref:
Date: / /
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان
د. بەرهەم ئەحمەد صالح
سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان

بۆچی حکومەت ئیستیسنا بۆ هەندێ کۆمپانیای تایبەت دەکات، بەدەر لەو یاساو رێنماییانەی پەرلەمانو خودی حکومەت دەریدەکات، ئەمەش بە بڕوای کاروان ساڵح، ئەوجۆرە ئیستیسنایانەو ئەوەی کۆمپانیای بەڕێز، نایاساییەو دەبێتە هۆی لەدەستدانی بێلایەنیی حکومەت، چونکە دەبێت حکومەت لە خەمی بەرژەوەندیی هاوڵاتییانو نەهێشتنی قەیرانی نیشتەجێبووندا بێت، نەک دەوڵەمەندکردنی خاوەن کۆمپانیاکان.

ئەو پەرلەمانتارەی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن هۆکاری کردنی ئەو ئیستیسنایانەی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە بەرپرسانی هەرێم بەجۆرێک لە جۆرەکان دەستیان خستووەتە نێو کاری ئەو کۆمپانیایانەوەو یان خاوەنین یان هاوبەشن تیایاندا، ئەگەر نا ئەم کارە نادادپەروەرییانە لە بەرژەوەندیی هاوڵاتییان نییە، بەڵکو لە بەرژەوەندیی چەند بەرپرسێکی دیاریکراوە، کە لە رێگەیەوە سوودمەند دەبنو هاوڵاتییانیش زەرەرمەندی یەکەم دەبن.

لەلایەکی دیکەوەو بەپێی بڕگەی نۆیەم لە مادەی (٤)ی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦)ی یاسای وەبەرهێنان، پێویستە وەبەرهێن گشت خزمەتگوزارییەکانی ناو پرۆژەکەی ئەنجامبداتو حکومەت تەنیا خزمەتگوزاریی دەگەیەنێتە سنووری پرۆژەکە، بەڵام بەپێی نووسراوی ژمارە (١١١٧٧) لە بەرواری ٢٠١٠/٧/٤، سەرۆکایەتی شارەوانیی سلێمانی، کە ئاراستەی وەزارەتی شارەوانیو گەشتوگوزار- بەڕێوەبەرێتی گشتیی پلاندانانو بەدواداچوونی کردووەو داوای دابینکردنی بڕی (٢) ملیارو (٢٢٨) (٥٨٩) ملیۆن و (٥٠٠) هەزارو دیناری وەک تەرخاندەکات قۆناغی یەکەم بۆ کاری پرۆژەی گەیاندنی خزمەتگوزاریی بۆ هەردوو پرۆژەی نیشتەجێی لوبنان ستیو بەشێک لە کوردستی لە گەڕەکی مەولانا ژمارە (٤٠٩)، هەروەها بڕی (١) ملیارو (٤٣٠) ملیۆن دیناریشی بۆ کاری قیرتاوکردنی شەقامو کۆڵانەکانی دەورو پشتی هەردوو پرۆژەی نیشتەجێکردن لوبنان ستیو بەشێک لە کوردستی لە گەڕەکی مەولانا ژمارە (٤٠٩) وەک قۆناغی دووەم، کردووە، کە بەپێی وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ئەنجومەنی وەزیران، بەپێی یاسای وەبەرهێنان ئەرکی حکومەت نییە خزمەتگوزاریی بگەیەنێتە پرۆژە وەبەرهێنەکان، وەک ئەوەی لە سەرەوە هاتووە، کە خزمەتگوزاریی بگەیەنرێتە هەردوو پرۆژەی نیشتەجێ لوبنان ستیو بەشێک لە کوردستی.

ئەمە جگە لەوەی کە پرۆژەی کوردستی دەکەوێتە سەر شەقامی قیرو تەنیا پشتی پرۆژەکە شەقامی پێویستە بە درێژیی (٦٠٠م)، کە نیوەی شەقامەکە سوودی بۆ پرۆژەکە هەیە بۆ پرۆژەی کوردستی، کە کۆمپانیای نالیا ئەنجامی دەداتو بودجەی پێویستیش بۆ ئەم کارە (١٦٠) ملیۆن دیناری پێویستە، هەربۆیە ناوهێنانی ئەم پرۆژەیە لەگەڵ پرۆژەی لوبنان ستی، کە دەرخستەیەکی زۆری پێویستە، جێگای پرسیارە.

هەروەک سەرچاوەکەی ئەنجومەنی وەزیران ئاماژەی پێکرد، ئەو دەرخستانەی لە نووسراوەکەی شارەوانیدا هاتووە، زۆریی بۆ پرۆژەی لوبنان ستییە، کە کۆمپانیای بەڕێز ئەنجامی دەداتو گەیاندنی خزمەتگوزارییە بۆ ناو پرۆژەکە، کە ئەمە بەهەدەردانی سامانی گشتییە بۆ کەرتی تایبەتو کۆمپانیایەکی تایبەت.

هاوکات سەرچاوەیەکی نزیک لە کۆمپانیای بەڕێز ئەوەی بۆ رۆژنامە ئاشکرا کرد، کە ئەو ئیستیسنایەی بۆ کۆمپانیای بەڕێز کراوە، بەتایبەت لەساڵی (٢٠٠٦)دا لەبەرئەوە بووە کە کۆمپانیای بەڕێز بە نیاز بووە گوایە لەگەڵ کۆمپانیایەکی بەریتانی بە هەماهەنگی لەگەڵ نوێنەری حیزبێکی کوردستانیی لەو وڵاتە، (٢٥) هەزار یەکی نیشتەجێبوون لە شاری سلێمانی بە سیستمی نوێی جیهانیی دروستبکەنو کۆمپانیای بیانیی دێنن تا بینای ئامادەکراو دروستبکەن، بەڵام لە ئێستادا نە (٢٥) هەزار یەکەکەو نە بینا ئامادەکراوەکان دروستکران لەسەر ئەو زەوییەی (٦) ساڵە وەریانگرتووەو (١٣) ملیۆن دۆلاریشیان بە قەرز لە حکومەت وەرگرتووە، ئەمەش لەکاتێکدا بووە، کە عومەر فەتاح، جێگری سەرۆکی حکومەت بووەو لەوکاتەوە تائێستا ئەم ئیستیسنایە بۆ کۆمپانیای بەڕێز درێژەی هەیە.

ئەم زانیارییانەش سەلمێنراوە بەوەی لە هەموو تۆمارێکی زەویدا بۆ کۆمپانیای بەڕێز، ئاماژە بە نووسراوی ژمارە (٨١٦١)ی ئەنجومەنی وەزیران، کە لە ٢٠٠٦/٧/١٠ دەکرێت، کە تایبەتە بە تۆمارکردنی زەوییە تەرخانکراوەکان بۆ پرۆژەی ئاسوودە، کە لەلایەن کۆمپانیای بەڕێزەوە ئەنجامدەدرێت.

ئیستیسناکردنی حکومەتو دەستەی وەبەرهێنان بۆ چەند کۆمپانیایەکو تۆمارکردنی شەقامو باخچەو خوێندنگاکانی دەوری یەکە نیشتەجێکردنەکان، دەبێت لە رووی یاساییەوە داواکاری گشتیی لەلایەک و پەرلەمان لەلایەکی ترەوە لێپێچینەوەی لێ بکات؟ کە سەرچاوەکەی ئەنجومەنی وەزیران گومانی لەوە هەبوو هیچ لایەنێک بتوانێت لێپێچینەوە بکات.

**رۆژنامە دوو رۆژ هەوڵیدا بۆ ئەم راپۆرتە لێدوانی د.بەرهەم یان سکرتێری رۆژنامەوانییەکەی وەربگرێت، بەڵام بەردەست نەکەوتن.**

**بەڕێوەبەری وەبەرهێنانی سلێمانی:**

**لە سەرۆکایەتی حکومەت بپرسن کە بۆ ئیستیسنا دەکەن بۆ هەندێک بەڵێندەر زەوییەکەی دەکەن بە ناوەوە بەرلەوەی بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە**

ئەوانەی دەستووریان نووسیوەتەوە پێشێلی دەکەن 12

# پارتی‌و یەکێتی، هەڵبژاردنی پارێزگاکان بۆ بەهاری داهاتوو دوادەخەن

## پەرلەمانتارێک: ڕێکەوتنی یەکێتی‌و پارتی لەسەر هەڵبژاردنی پارێزگاکان بێحورمەتکردنی پەرلەمانە

**ڕاپۆرتی: سەنگەر جەمال**



ئایا بەهاری داهاتووش هەڵبژاردن دەکرێت؟ فۆتۆ: ڕۆژنامە

پارتی‌و یەکێتی، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی کوردستان بۆ بەهاری ساڵی داهاتوو دوادەخەن، ئەوە لەکاتێکدایە کە ئێستا ساڵێک بەسەر وادەی هەڵبژاردنەکەدا تێپەڕیوە.

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق جگە لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان‌و کەرکوک لە ٢٠٠٩/١/٣١ ئەنجامدرا، دواتر پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا وادەی هەڵبژاردنەکە لە پارێزگاکانی کوردستان بۆ تشرینی یەکەمی ئەمساڵ دوابخرێت.

جارێکی دیکەو لەدوا کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداردا لە ڕۆژی (٧/٧) گفتوگۆ لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان کراو بڕیاریاندا ئەو هەڵبژاردنە بۆ بەهاری ساڵی داهاتوو دوابخرێ، هەرچەندە دوای ئەو کۆبوونەوەیە ئەندامێکی بەشدار کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیی بۆ سازکراو هیچ زانیارییەکی لەو بارەیەوە نەدرکاند، بەڵام ڕۆژی دواتر ڕۆژنامەی ئاسۆ ئەو زانیارییانەی لە زاری سەرچاوەیەکی باڵای کۆبوونەوەکەوە بڵاوکردەوە.

د.شێرکۆ عەبدوڵڵا، سەرۆکی لیستی (١٠٩) لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لەبارەی ڕاستی ئەو زانیارییانەو دواخستنی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئەوەندەی من ئاگاداربم ئەو زانیارییانە ڕاستن‌و موبادەرە هەیە بۆ ئەو هەڵبژاردنە، سەرکردایەتی یەکێتی لیستی (١٠٩)ی ئاگادارکردەوە، کە لە بەهاری ساڵی داهاتوو ئەو هەڵبژاردنە دەکرێت»، ئەوەشی خستەڕوو: ئەگەری ئەوە هەیە لەو ماوەیەشدا بە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکاندا بچنەوە».

ڕێکەوتنی پارتی‌و یەکێتی لەسەر دواخستنی هەڵبژاردنەکە بەشێکی پەرلەمانتاران‌و ئۆپۆزسیۆن تووڕە دەکات، چونکە بەپێی بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) پەرلەمانی کوردستان تاکە مەرجەعی هەرێمی کوردستانە بۆ مەسەلە چارەنووسسازو نەتەوەییەکان‌و لە نێویشیاندا هەڵبژاردن، «بەڵام ئێستاش بە هەمان نەغمەی کۆن‌و لەژێر ڕێکەوتنی ستراتیژیدا، مەکتەبی سیاسیی بڕیاردەدات».

د.زانا ڕەئوف، پەرلەمانتاری گۆڕان‌و ئەندامی لیژنەی یاسایی، نیگەرانیی خۆی لە بڕیارێکی لەو شێوەیە دەربڕی‌و وتی: «ئەگەر بمانەوێت حورمەت‌و چالاکیی بۆ پەرلەمان بگەڕێنینەوە، پێویستە ڕێز لەو یاسایانە بگیرێت، کە لە پەرلەمان دەردەکرێ، دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان‌و ڕێکەوتنی یەکێتی‌و پارتی لەسەر ئەو تەوەرە، هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەر دیموکراسیی‌و بێحورمەتکردنی پەرلەمانە بەرامبەر ئەو یاسایانەی دەریدەکات».

بەپێویستی دەزانێت ئەو قۆناغە بەزوویی تێپەڕێنرێت، کە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی حیزبەکان لەدەرەوە ئاراستەی پەرلەمان‌و حکومەت بکات، وتیشی: «پێویستە بە دامەزراوەییبوون مامەڵە لەگەڵ دەزگاکان وەک خۆی بکەین، بەشێوەیەک کە پەرلەمان یاسایەک دەردەکات، حکومەت ئەو یاسایانە وەک خۆی جێبەجێ بکات، بۆیە ئەوانە هەڕەشەن لەسەر حکومەت، تەنیا دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان تاکە پاساوێکی بەهێزە، کە بەوپێیە متمانە لە حکومەت بسەنرێتەوە»، باس لەوەش دەکات، کە ئیشکالیەتی گەورەیان ئەوەیە حکومەت مەرجەعی خۆی لە ڕێکەوتننامەی ستراتیژیی نێوان یەکێتی‌و پارتی دەبینێتەوە، نەک پەرلەمان، ئەگینا بە تێپەڕبوونی زیاتر لە (١) ساڵ بەسەر وادەی دواخستنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، پەرلەمان تائێستا نەیتوانیوە لێپرسینەوەی سەرۆکی حکومەت بکات لەسەر ئەوەی، کە نەیتوانیوە ئەو کارە بکات.

بەشێکی پەرلەمانتاران‌و چاودێران جەخت لەوە دەکەنەوە، کە بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکان‌و بڕیاردان لەسەر مەسەلە گرنگەکان، پەرلەمان مەرجەع بێت، بەوپێیەی هەڵبژێردراوی هاوڵاتییان‌و نوێنەری سەرجەم لایەنە براوەکانی هەڵبژاردنی تێدایە.

د.زانا، لەوبارەیەوە دەڵێت: «بڕیاردان لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی مایەی نیگەرانیی گەورەیەو بە کەم وەرگرتنی ڕۆڵی پەرلەمانە لەم دۆخەدا، لەکاتێکدا هەموو فراکسیۆنەکان باس لەوە دەکەن، دەبێت پەرلەمان کارا بێت، بەڵام ئەوەی تائێستا بەدیدەکرێت هەمان نەغمەی کۆنە، مامەڵە لەگەڵ هەڵبژاردن لە ڕوانگەی ڕێکەوتنێکی دەرەوەو حیزبەکانە».

ئارام جەمال، بەرپرسی ڕێکخراوی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن، نیگەرانیی خۆی لە دووبارە دواخستنی وادەی هەڵبژاردنەکان دەردەبڕێت‌و ڕەخنە لەو هەڵوێستەش دەگرێت، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «بڕیارو کارکردنی حیزبەکانی دەسەڵاتدارو گەڕانەوەی پەرلەمان بۆ حیزب‌و مەکتەبی سیاسیی لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانە نایەتەوە، کە لە (٧/٢٥)ی ساڵی ڕابردووەوە ڕوویداوە».

وتیشی: «وەک ئەوەی لەگەڵ تەواوی عێراق هەڵبژاردنی پارێزگاکانمان نەکرد، کە درێژکردنەوەی یەکەمیش نایاسایی بوو، بەڵام دەبوایە دوای ئەوە هەڵبژاردنەکە بکرایە، نەک بەمشێوەیە دوابخرێت، دەردەکەوێت هێزێک هەیە خۆی لەسەروو یاساو دامودەزگا دەستووریی‌و شەرعی‌و یاساییەکانەوە دەبینێت».

هاوکات حیزبەکانیش بەباشی دەزانن هەڵبژاردنەکە لە وادەی خۆیدا بکرێت، وەک سەلاحەدین بابەکر، وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە ئەوەی دووپاتکردەوە، کە حیزبەکەی بەباشی دەزانێت هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی کوردستان لەکاتی خۆیدا ئەنجامبدرێت، وتی: «پێمانوایە، دواکەوتنی وادەی ئەو هەڵبژاردنە خزمەت بە دیموکراسیی‌و ئەزموونی هەرێمی کوردستان ناکات».

لەلایەکی دیکەشەوە محەمەد تۆفیق، وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان، دژایەتی خۆیانی بۆ دواخستنی وادەی هەڵبژاردنەکە دەربڕیوەو دەڵێت: «بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ دواخستنی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی کوردستاندا نین، دەبوو زووتر ئەو هەڵبژاردنە بکرایە».

# کەمیی زانیارییەکان، ڕۆڵی پەرلەمان لاوازدەکات

## پەرلەمانتارێک: «حکومەت زانیارییەکان بە ئێمەش نادات»

**ڕاپۆرتی: سیروان عەول**



کەی پەرلەمان یاسایەک بۆ دەستکەوتنی زانیاری لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە دەردەکات؟ فۆتۆ: سیروان عەول

پەرلەمانتارانیش هاوشێوەی ڕۆژنامەنووسان ڕەخنە لە شاردنەوەی زانیارییەکان دەگرن لەلایەن حکومەت‌و دامودەزگاکانییەوەو پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی کوردستانییش دەڵێت: «ئەندام پەرلەمانەکان بە هەمانشێوەی ڕۆژنامەنووسان دەرگای زانیارییەکانیان بە ڕوودا دادەخرێت».

لە کۆنفرانسێکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، کە ڕۆژی (٧/٢٥) لیژنەی مێینەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانەوە لە شاری سلێمانی سازدرابوو، تیایدا ژمارەیەک لە ڕۆژنامە سەربەخۆو حکومییەکان‌و ئەندام پەرلەمانەکان بەشداربوون‌و باس لە کێشەی پێنەدانی داتاو زانیارییەکان لەلایەن حکومەت‌و دەزگا حکومییەکانەوە کرا بە ڕۆژنامەنووسان، لە هەمانکاتدا داوا لە پەرلەمانتارەکان کرا کێشەی پێنەدانی زانیاریی بە ڕۆژنامەنووسان ببەنە پەرلەمان‌و باسی لێوەبکرێت،

ئەلەند مەحوی، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی گرووپی ١٩ بۆ مافی بەدەستهێنانی زانیاری تیشکی خستە سەر ئەو مافەو وتی: «مافی زانین لە وڵاتێکدا بەرجەستە دەبێت کە بڕوای بە دیموکراسی هەبێت نەک هەرێمێکی وەک کوردستان کە شەفافیەتی تێدا نییە».

مەحوی وتیشی: «لە کوردستاندا هیچکام لە ڕۆژنامەنووسان‌و پەرلەمانتاران‌و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێگەیان پێنادرێت دەستیان بە زانیاریەکان بگات، چونکە ئەگەر زانیاریان دەستبکەوێت دەبنە هەڕەشە بۆ سەر مەسڵەتی گەندەڵچییەکان».

لە وەڵامی پەرلەمانتارەکاندا بۆ ڕۆژنامەنووسان، چەند نموونەیەکیان لەسەر ئەوە هێنایەوە، کە ئەوانیش وەک ڕۆژنامەنووسان ڕێگەیان پێنادرێت زانیارییەکان وەک خۆی بگاتە دەستیان.

د.زانا ڕەئوف، ئەندام پەرلەمان لە فراکسیۆنی گۆڕان، وتی: «یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانمان کەمیی دەستکەوتنی زانیارییەکانە، بەتایبەت لیژنەکان، وەک لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان، کە کاری چاودێریکردنی پرسی گەندەڵییە لە هەردوو دیوەکەی ئیداریی‌و داراییدا لە هەرێمدا، بەڵام کێشەی سەرەکی لێرەدا دەستکەوتنی زانیارییەکانە، کە بەشێکی لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمان، کە ڕەنگە هەندێک داتاو زانیاریی لابێت بەدەستمان ناخات، هەروەها دەزگاکانی حکومەت بەپێویست بە ڕووماندا ناکرێتەوە».

د.زانا ئاماژەی بەوەدا: ترسی سەرەکی ئەو فەرمانگە حکومییانە تێنەگەیشتنە لە کاری پەرلەمانتارو کاتێکیش باس لە چاودێریکردن‌و نوێنەرایەتی دەکرێت، چۆن بتوانرێت ئەو پەیامە بگەیەنرێت، وتیشی: «کە من زانیاریم دەستنەکەوێت، لەسەر چ بنچینەیەک بتوانم پرسیار لە وەزیر بکەم‌و لێپرسینەوەی لەگەڵ بکەم، ئێمە بەغیلیی بە ڕۆژنامەنووسان دەبەین لەبەرئەوەی ئەو زانیاریانەی ئەوان دەستیاندەکەوێت ڕەنگە لەوەی ئێمە باشتر بێت».

یەکێک لە کێشەی بەردەستکەوتنی زانیاریی بۆ پەرلەمانتارەکان، ناچارکردنیانە بە داواکردنی نووسراوی ڕەسمیی، کە زۆرجار زانیاریی تەواویان پێنادرێت.

ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان ئاماژەی بەوەشدا: ئەو فەرمانگانەی کە دەزانن سەر بە لایەنێکی دیاریکراویت یان لە پەرلەماندا سەر بە کوتلەیەکی دیاریکراویت، بەشێوەیەکی قووڵتر زانیاریت لێدەشاردرێتەوە، وتیشی: «دەبێت ڕێکبکەوین لەسەر ئەوەی کامەیە زانیاریی نهێنیی، بەڵام هەرجارێک بیانەوێت زانیاریی بشارنەوە، دەڵێن ئەمە بابەتی نهێنییە، کە ئەمەش دوورە لە ڕاستییەوەو وشەیەکی لاتستیکییە وەک چەکێک بۆ شاردنەوەی زانیارییەکان بەکاریدەهێنن، بۆیە تائێستاش ڕۆڵی پەرلەمان ئەگەر لاواز بێت پەیوەندیی بە کەمیی زانیارییەکانەوە هەیە لە ڕێگەی دەسەڵاتەوە وەریدەگرن».

هاوکات عومەر عەبدولڕەحمان، ئەندام پەرلەمان لە فراکسیۆنی کوردستانیی، کە ئامادەی سیمینارەکە بوو، ئەوەی پشتڕاستکردەوەو وتی: «ئەندام پەرلەمانەکان بە هەمانشێوەی ڕۆژنامەنووسان دەرگای زانیارییەکانیان بە ڕوودا دادەخرێت».

### ڕوونکردنەوەیەک لە وەزارەتی دادەوە

نیشانە بەو وتانەی بەناوی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی شورا، دادوەر سەردار یاسین، لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامە ڕۆژی ٢٠١٠/٧/١٣ ژمارە (٥٩٠) بڵاوکراوەتەوە، دەربارەی پێکهێنانی ئەنجومەنی شوراو پاش ئەوەی نووسینگەی وەزیری داد لەمبارەیەوە لە ناوبراو زانیاریی تەواوی وەرگرت، دەربارەی ئەو ڕاگەیاندنەو تێیدا تەئکید لەوە دەکات، کە وتەکانی عومومیات بووەو بەهیچ شێوەیەک باس لەو وردەکارییانە نەکراوە، کە لە بڵاوکراوەکەدا هاتووە دەربارەی ئەنجومەنی شوراو پێکهاتەی، هێندە وتراوە کە چەند ناوێک بەرزکراوەتەوە بۆ دەرهێنانی فەرمان لە ئەنجومەنی وەزیران‌و دواتر پەسەندکردنی لە سەرۆکایەتی هەرێم.

ئێمە داوا لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامەو هەموو دەزگاکانی بڵاوکردنەوە دەکەین با هەمووان بە ڕۆحیەتی هاوڵاتیی‌و ئینتیمابوونی وڵاتکاروباریان تەوجیه بکەن‌و دەبارۆحیەتی حیزب حیزبێنەدووربخرێتەوە لە دەزگاکانی دەوڵەت، ئێمە وەک وەزارەت‌و وەزیری داد کارنامەی دەوڵەت ئەنجام دەدەین، دەبا هەموو کەس لەجێگەی خۆیەوە دڵسۆز بێت بۆ خاک‌و با هەموومان وڵات پەرست بین‌و وڵات پەرستیش بەشێکە لە ئیمان بە خوداوەندی خالقی هەمووان.

**نووسینگەی وەزیری داد**



## محەمەد حەکیم، ئەندامی شاندی دانوستکاری کورد:

# «ئەگەرێک هەیە بۆ پەراوێزخستنی کورد لە بەغدا»



هەستیار قادر

محەمەد حەکیم، ئەندامی شاندی دانوستکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، دەڵێت: «لەدوایین کۆبوونەوەماندا لەگەڵ سەرۆکی هەرێم، دڵنیای کردووینەتەوە کە لە پشت ئیئتیلافەکەوە ڕێککەوتن ناکرێت»و ئاشکراشی دەکات کە لەو کۆبوونەوەیەدا، باس لە پرۆژەی چاکسازیی لە هەرێم کراوە.

محەمەد حەکیم، ئاماژە بە ئەگەرێک دەکات بۆ پەراوێزخستنی کورد لە بەغداو دەڵێت: «خاڵی بەهێزی ئەمجارەی کورد، ئیئتیلافە کوردییەکەیەو پاراستنیشی زیاتر لە ئەستۆی پارتیدایە».

زیاد لە مانگونیوێکە، شاندی دانوستکاری ئیئتیلافی فکراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدایەو لە غیابی ڕێککەوتنی لایەنەسیاسییەکاندا بۆ دیاریکردنی پاڵێوراوی سەرۆک وەزیران، چەند دیدارێکیان ئەنجامداوە، بەڵام ئەو دیدارانە لە چوارچێوەی یەکترناسیندانو نەپەڕیونەتەوە بۆ دانوستاندنی ڕاستەقینەو لەوبارەیەشەوە، محەمەد حەکیم، ئەندامی شاندی دانوستکاری ئیئتیلافی ناوبراو، ئاماژەی بەوەدا: گرێکوێرەی کێشەکان لە بەغدا، پۆستی سەرۆک وەزیرانە کە ڕوون نییە کێ دەبێتو ئەگەر ئەو کێشەیەش چارەسە بکرێت، پۆستەکانی تر بەئاسانی یەکلایی دەبنەوەو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «تائێستا کوردو هەندێک لەلایەنەکانی تریش، نەچوونەتە ناو ناوەڕۆکی بابەتەکانەوە».

شاندی کوردی لە بەغدا، بەرنامەیەکی (٢٤)خاڵییان ئامادەکردووە تا لەکاتی گفتوگۆکاندا بیخەنە بەردەم لیستەکانو هاوکات ڕەخنەش لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەگیرێت کە دەرنگ کەوتووە لە چوون بۆ بەغداو لەوبارەیەوە محەمەد حەکیم، وتی: «دوانەکەوتووین لە چوون بۆ بەغداو وەرەقەیەکمان دەبێت کە دەیخەینە بەردەم پاڵێوراوە سەرەکییەکانی سەرۆک وەزیرانی عێراقو کامیان نزیکتر بن لە جێبەجێکردنییەوە، پشتگیریی ئەو دەکەین».

هەندێک لە ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن کە لەپشت کوردەوە، لایەنە عێراقییەکانی تر ڕێکبکەون لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان، بەوپێیەی کورد کارتی بەهێزی وەک خولی پێشووی پەرلەمانی نییە تا لە دژی ئەو هەنگاوە بەکاری بهێنێت. محەمەد حەکیم کە نوێنەری کۆمەڵی ئیسلامییە لە شاندی دانوستکاری کورد لە بەغدا، وێڕای ئاماژەدان بەوەی کە لایەنەکانی تر ناتوانن هەڵەی دوورخستنەوەی کورد لە پۆستە هەستیارەکاندا ئەنجامبدەن، ئاماژە بۆ بە ئەگەرێکی بێهێزی ڕێککەوتنی عەلاویو مالیکی دەکات، تا پۆستەکانی سەرۆک وەزیرانو سەرۆک کۆمار لەنێوانیاندا دابەشبکەن، کە بە وتەی ناوبراو، پەراوێزخستنی کوردی لێدەکەوێتەوەو سەبارەت بە کارتی گوشاری ئەمجارەی کوردیش، پێیوایە: خاڵی بەهێزی ئەمجارەی کورد، بوونی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانە کە هەموو پێکهاتەکانی پێکەوە بەستووەتەوە، وتیشی: «پاراستنی ئەو یەکڕیزییە گرەنتی بەهێزبوونی کوردە لە بەغداو ئەو پاراستنەش، زیاتر کەتووەتە سەر پارتیو دواتر یەکێتی».

لەدوایین کۆبوونەوەی شاندی دانوستکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمدا کە ڕۆژی شەممەی ڕابردوو بەڕێوەچوو، باس لە دوو تەوەری گرنگ کراوە، کە ئەوانیش (ڕێگرتن لە ڕێککەوتنی پشت ئیئتیلافەکە لە بەغداو پرۆژەیەک بۆ چاکسازیی لە هەرێم)دانو لەوبارەیەوە، محەمەد حەکیم، ڕایگەیاند: «سەرۆکی هەرێم، دڵنیای کردووینەتەوە کە هیچ ڕێککەوتنێک لە پشتەوەو بەبێ ئاگاداری شاندی دانوستکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان ناکرێتو لەو کۆبوونەوەیەدا پێشنیازی پرۆژەیەکیش بۆ چاکسازیی لە هەرێمدا باسکراوەو سەرۆکی هەرێمیش، پێی ڕاگەیاندین کە خۆشی لەبەرنامەیدایە لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان کۆببێتەوەو شتێک لەوبارەیەوە گەڵاڵە بکات».

**"**

**بارزانی،**

**دڵنیای کردینەوە کە ڕێکەوتن لە پشتمانەوە ناکرێت**

**"**

## دانیشتنەکەی ئەمڕۆی پەرلەمانیش هیچی لێ سەوز نابێت

# ڕێکەوتنی کورد، عەلاوی، ئیئتیلاف نوێترین سیناریۆیە بۆ پێکهێنانی حکومەت

هەستیار قادر

**پێناچێت کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆی پەرلەمان ڕێکەوتنی پێکهێانی حکومەتی لێبکەوێتەوەو نوێترین سیناریۆی ڕێکەوتنیش لە بەغدا لەنێوان کورد و عەلاویو ئیئتیلافدایە، هاوکات عێراقییەش داوا لە کورد دەکات دەستبەرداری وەزارەتی دەرەوە بێت، وەک چۆن ئەوان دەستبەرداری سەرۆک کۆمار بوون.**

### دانیشتنەکەی ئەمڕۆ چی لێ سەوزدەبێت؟

بەپێی ڕێکەوتنی سەرۆکی فراکسیۆنەکان بڕیارە ئەمڕۆ دانیشتنی پەرلەمان ئەنجام بدرێتو تیایدا لانیکەم دەستەی سەرۆکایەتی نوێی پەرلەمان هەڵبژێردرێت، بەڵام بە وتەی نەجیب باڵەتەیی ئەندامی شاندی دانوستکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، پێناچێت ئەو دانیشتنە هیچ دەرئەنجامێکی هەبێت لەوبارەیەوەو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لیستە سیاسییەکان تائێستا نەگەیشتوونەتە ڕێکەوتن لەسەر دابەشکردنی سێ پۆستە سیادییەکە، بە تایبەت کە دانیشتنەکەی ئەمڕۆ تەواوکەری دانیشتنی یەکەم دەبێت، پێویستە سەرۆکی نوێی پەرلەمانو جێگرەکانیان هەڵبژێردرێت.

نەجیب باڵەتەیی، ئاماژەی بەوەشدا: کە ئەو دانیشتنەی ئەمڕۆ لەژێر گوشاری کاتو داوای جەماوەردا بووە کە دەپرسن تاکەی کێشەکان بەوشێوەیە دەمێنێتەوە؟

### دەبێت پەرلەمان ڕۆڵ ببینێت

لە سەروبەندی بەردەوامیی ڕێکەوتنی لیستە سیاسییەکاندا لەسەر دابەشکردنی پۆستە سیادییەکان پرسیار لەسەر لایەنی بەرپرسیار دەکرێت بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکان، لەسەروویانەوە ئەنجومەنی نوێنەران.

یونادەمکەنا،ئەندامی پێشووی‌ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق وێڕای ئاماژەدان بە ئاڵۆزیی پێکهاتەی تایفی عێراق، ڕاگرتنی هاوسەنگیی پێکهاتەکانو ئاڵۆزیی چەمکی زۆرینەی پەرلەمانیو دەستێوەردانی دەرەکییو کێشە شەخسییەکان، کە کێشەن لە ڕێکنەکەوتنی لایەنەکاندا لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە، کە لەم کێشەیەدا ئەنجومەنی نوێنەران بەرپرسی شەرعیی یەکەمە لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بەوپێیەی لە کۆمەڵێک فراکسیۆنی پەرلەمانی پێکهاتووەو مەرجەعیەتی ئەو فراکسیۆنانە دەتوانن ئاماژە بە پەرلەمانتارەکانیان بکەن بۆ چارەسەرکرنی ئەو کێشەیە.

یونادەم کەنا، ئاماژەی بە ئەگەری دەستێوەردانی ئەنجومەنی ئاسایشیش کرد لەم کێشەیەداو وتی: «ئەگەر تا (٨/٤) کە دانیشتنی ئەنجومەنی ئاسایشە ڕێکەوتن لەسەر دابەشکردنی پۆستە سیادییەکان نەبێت، ئەوکات ئەگەرزۆرە ئەنجومەنی ناوبراو بڕیارێک لەبارەی عێراقەوە دەربکاتو ئەوکاتەش لایەنە عێراقییەکان بەو دەستێوەردانە نیگەران دەبن، کە لە سەروەریی عێراق کەمدەکاتەوە.

### نوێترین سیناریۆ

بەپێی ئەو زانیارییانەی ڕۆژنامە لە سەرچاوەیەکی ئاگاداری بەغداوە دەستی کەوتووە، نوێترین سیناریۆ کە سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەتو دابەشکردنی پۆستەکان باسیانلێوەدەکرێت ڕێکەوتنی لیستی عێراقییەو کوردو ئیئتلافی نیشتمانییە، بەشێوەیەک کە سەرۆک وەزیران بۆ عەلاویو سەرۆک کۆمار بۆ کوردو سەرۆکی پەرلەمان بۆ ئیئتیلاف بێت، ئەویش پاش ئەوەی عێراقییەو دەوڵەتی یاسا لەلایەکو مالیکیو ئیئتیلافیش لەلایەکی تر نەیانتوانیوە بگەنە ڕێکەوتن سەبارەت بە پۆستی سەرۆک وەزیران، ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوەشدا: کە تائێستا کورد خۆی یەکلایی نەکردووەتەوە، کە دەچێتە نێو ئەو سیناریۆیەوە، بەوپێیەی دەترسێت بەرامبەر بە بەرەی مالیکی بووەستێتەوە، کە سەرۆکایەتی لیستی دەوڵەتی یاسا دەکاتو خاوەنی (٩١) کورسی ئەنجومەنی نوێنەرانی نوێیە.

بەڵام نەجیب باڵەتەیی، پێیوایە: کە ئەو جۆرە لێکنزیکبوونەوانە جۆرێکن لە گەمەی سیاسیی بۆ گوشار خستنە سەر یەکتری، بەتایبەت لیستی دەوڵەتی یاسا، وتیشی: «تائێستا وەک ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بەڵێنمان بە هیچ لایەنێک نەداوە ڕێکەوتنی لەگەڵ بکەین».

### سەرۆکایەتی کاتیی کۆمار و پەرلەمان

هاوکات لەگەڵ ڕێکنەکەوتنی لیستە سیاسییەکان لەسەر پۆستی سەرۆک وەزیران بەتایبەت لەنێوان هەردوو لیستی عێراقییەو دەوڵەتی یاسا، هەردوو پۆستی سەرۆکی پەرلەمانو سەرۆک کۆمارو جێگرەکانیان یەکلایی نەبووەتەوە بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەش پێشنیاز کراوە، کە ئەو دوو پۆستە بەشێوەیەکی کاتیی هەڵبژێردرێتو وەک چارەسەرێکی یاساییش دوای ڕێکەوتن لەسەر پۆستی سەرۆک وەزیران، دووبارە هەردوو پۆستی سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیران دابەشبکرێتەوەو دوو سەرۆکە کاتییەکە دەست لەکار بکێشنەوە، نەجیب باڵەتەیی، ئەندامی شاندی دانوستکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانە ڕوونیکردەوە، کە ئەو پێشنیازە سەرینەگرتووە، بەوپێیەی بە وتەی ناوبراو زۆربەی لایەنەکان، بەتایبەت دەوڵەتی یاساو عێراقییە، کە هەوڵی وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران دەدەن، دەترسن ئە دوو پۆستە بەکاتیی وەربگرنو دواتر ببێت بەماڵ بەسەریانەوە.

### عێراقییە دەرەوەو یاساش مالیکی دەوێت

لەکاتێکدا کە لیستی عێراقییە کە ئەیاد عەلاوی سەرۆکایەتی دەکات، جەخت لەسەر وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران دەکاتەوە، ئەندامێکی ئەو لیستە ئاماژە بەداواکارییەکانیان دەکات لەبارێکدا ئەگەر نەیانتوانی پۆستی سەرۆک وزیران وەربگرن.

سەلام زەوبەعی، ئەندامی لیستی عێراقییە کە پێشتر جێگری سەرۆک وەزیران بوو، ڕایگەیاند: «ئەگەر لیستەکەم نەیتوانی حکومەت پێکبهێنێت، پێویستە (٩) وەزارەتمان لە حکومەتی نوێدا پێبدرێت»و هیواشی خواست کە کورد دەستبەرداری وەزارەتی دەرەوە بێت، وەک چۆن ئەوان دەستبەرداری سەرۆک کۆمار بوون».

هاوکات لیستی دەوڵەتی یاساش سازش لەسەر پۆستی سەرۆک وەزیرانو نوری مالیکی ناکات وەک پاڵێوراوی ئەو پۆستە، لەوبارەیەشەوە عەدنان سەراج، ئەندامی لیستی دەوڵەتی یاسا، ڕایگەیاند: «پاڵێوراوی تاهەتایی ئێمە بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران مالیکییەو نایگۆڕینو پێویستە هەموو لایەک ڕێزی لێبگرنو کەسانێک ڕای خۆی بەسەردا نەسەپێنێت»و جەختی لەسەر ئەوەشکردەوە، کە نابێت پۆستی سەرۆک وەزیران لەنێوان دوو لیستە شیعەکەدا دەربچێت.



عەدنان عوسمان: دەبێت لەمەودوا نوکی رممان روو لە حکومەت بکات 14

## پسپۆڕێکی یاسایی: «سەرۆک کۆمار رۆڵی خۆی نەبینیوە»

# ئەوانەی دەستووریان نووسیوەتەوە، پێشێلی دەکەن



هەستیار قادر، کاروان عومەر

پێشێلکارییە دەستوورییەکان لە پێکهێنانی حکومەت‌و دانیشتنەکانی پەرلەماندا بەردەوامە، ئەمە لەکاتێکدایە زۆربەی ئەو بەرپرسانەی کە ئێستا بەشدارن لە پرۆسەی سیاسیداو «دەستوور پێشێل دەکەن» پێشتر بەشداربوون لە نووسینەوەی دەستووردا.

## پێشێلکارییە دەستوورییەکان

لەدوای راگەیاندنی کۆتایی دەرئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق‌و پەسندکردنی لەلایەن دادگای فیدراڵییەوە، بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق، دەبوو لەدوای (١٥) رۆژ، پەرلەمان یەکەم دانیشتن بکات‌و سەرۆک‌و دووجێگرەکەی هەڵبژێرێت‌و دوای (٣٠) رۆژیش دوای یەکەم دانیشتنی پەرلەمان سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرێت‌و دواتریش بە تێپەڕبوونی (١٥) رۆژ سەرۆک کۆمار سەرۆکی پاڵێوراوی گەورەترین کوتلە رابسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت، بەڵام تائێستا (١٤) رۆژ بەسەر ئەو وادە دەستوورییانەدا تێپەڕ بووەو ئەو هەنگاوە دەستوورییانەی پاش پرۆسەی هەڵبژاردن ئەنجام نەدراوە، کە ئەمەش بەڕای پسپۆڕانی یاسایی پێشێلکردنی دەستوورە، ئەمە جگە لەوەی مافی پێکهێنانی حکومەت کە لە مادەی (٧٦)ی دەستووردا هاتووە، دراوە بە کوتلەی پەرلەمانی زۆرینەو لەلایەک لیستی عێراقییە، کە (٩٣) کورسی بەدەستهێناوە بە مافی خۆی دەزانێت وەک ئەو لیستەی زۆرترین کورسی لە هەڵبژاردندا بەدەستهێناوە حکومەت پێکبهێنێت.

لەلایەکی تریشەوە هەردوو لیستی دەوڵەتی یاساو ئیئتیلافی نیشتمانیی بۆ رێگرتن لەو هەنگاوە، هاوپەیمانێتیان راگەیاند، بۆ ئەوەی ببنە کوتلەی خاوەنی زۆرینەی کورسییەکان‌و بۆ ئەو مەبەستەش نامەیەکیان ئاراستەی دادگای فیدراڵیی کرد، تا شرۆڤەی چەمکی زۆرینەی پەرلەمانیان بۆ بکات، کە ئەو لیستە زۆرترین دەنگی بەدەستهێناوە، یان ئەو کوتلەیە کە لە پەرلەماندا زۆرترین ئەندامی هەیەو دادگای ناوبراویش لە ٢٠١٠/٣/٢٥دا بە نووسراوێکی رەسمیی وەڵامی دانەوەو تیایدا مافی بە دوولیستە شیعەکە داوە لە ناوهێنانیان وەک کوتلەی زۆرینە بۆ پێکهێنانی حکومەت، کە ئەمەش لیستی عێراقییەی توڕەکردو بە پێشێلکردنی دەستووریان لەقەڵەمدا، عەدنان دەنبوس، ئەندامی لیستی عێراقییەش لەوبارەیەوە تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «لیستەکەیان گرتەی ڤدیۆیی هەیە، کە ئاشکرای دەکات کە لیژنەی نووسینی دەستووریی ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، کە گەورەترین لیست لەناو پەرلەماندا مافی پێکهێنانی حکومەتی هەیە».

لە سازدانی یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی عێراقیشدا، د.فوئاد مەعسوم، سەرۆکی کاتیی پەرلەمان دانیشتنەکەی بەکراوەیی هێشتەوە، لەکاتێکدا بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی مافی بەکراوەیی هێشتنەوەی دانیشتنەکانی نییە، تەنیا مافی سەرپەرشتیکردنی دانیشتنەکەو پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆک‌و دووجێگری پەرلەمانی هەیە.

هاوکات دەسەڵاتی دەستەی سەرۆکایەتی کۆمار لە (٧/١٤)دا کۆتایی دەهات، بەوپێیەی یەک مانگ بەسەر دانیشتنی یەکەمی پەرلەماندا تێپەڕبووە سەرۆک کۆمار هەڵنەبژێردراوە، کە ئەمەش بەلای پسپۆڕانی یاساییەوە پێشێلکردنی دەستوورەو دەبوو تا ئەوکاتە سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرایە، بۆ ئەم مەبەستەش سەرۆک بە نووسراوێکی رەسمیی داوای شرۆڤەی لە دادگای فیدراڵیی کردوو لە وەڵامدا بەناوی بەرژەوەندیی باڵای وڵاتەوە مافی بە مانەوەی دەستەی سەرۆکایەتی داوە.

## هۆکاری پێشێلکاریی دەستوور

بەپێی دەستووری عێراق سەرۆک کۆمار بە پارێزەری دەستووریی دادەنرێت‌و لە مشتومڕی پێشێلکردنی دەستووریشدا پرسیار لەسەر رۆڵی سەرۆک کۆمار دەکرێت لە پاراستنی دەستوورو رێگرتن لە پێشێلکردنیدا.

عەدنان دەنبوس، لە لیستی عێراقییە پێیوایە: سەرۆک کۆمار بەتەنیا دەسەڵاتی نەبووە، بەڵکو دەستەی سەرۆکایەتی رۆڵی سەرۆک کۆماری دەبینی‌و وتیشی: «هۆکاری پێشێلکردنی دەستووری عێراق بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کەلێنی تیادایە، کە پێشێلکردنی ئاسانکردووەو دەستوور بەپەلەو لەماوەی شەست رۆژدا نووسراوەتەوە، ئەمە جگەلەوەی سیاسەتمەدارانیش گەڵاڵەیان کردووە، نەک کەسانی یاسایی».

بەڵام تارق حەرب، پسپۆڕی یاسایی عێراقی هۆکاری پێشێلکردنی دستووری بەستەوە بە رۆڵ نەبینینی سەرۆک کۆمارو بە رۆژنامەی راگەیاند: «هۆکاری پێشێلکردنی دەستوور لەلایەن لایەنە سیاسییەکان ئەوەیە، سەرۆک کۆمار رۆڵی خۆی نەبینیوە لە پاراستنی دەستوور، کە بووەتە هاندەرێک کە لایەنەکان دەستوور پێشێل بکەن».

هەندێکی تریش ئۆباڵی پێشێلکردنی دەستوور دەخەنە ئەستۆی چەند دەزگایەکی دیکە، بەها ئەعرەجی، سەرکردەی لیستی سەدر بە رۆژنامەی راگەیاند: «پێکنەهێنانی دادگایی دەستووریی‌و لاوازیی ئەنجومەنی نوێنەران‌و نەبوونی بەرپرسیارێتی نیشتمانیی لەلایەن لایەنە سیاسییەکانەوە، هۆکاری پێشێلکردنی دەستوورن».

## پێشێلکردنی دەستوور زیان بە کورد دەگەیەنێت

دارشتنی دەستووری عێراق لە ساڵی (٢٠٠٥)دا لەکاتێکدابوو، کە بەشێکی زۆری سوننەکان بایکۆتی پرۆسەی سیاسییان کردبوو، هەربۆیە ئەوکاتە پەسەندکرنی دەستوور بە دەستکەوتی کوردو شیعە لەقەڵەمدەدرا، پشتیوان ئەحمەد، ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەران هاوڕایە لەگەڵ ئەوەی، کە زۆربەی ئەو بەرپرسانەی پێشتر بەشدارییان لە نووسینەوەی دەستووردا کردووە، ئێستا پێشێلی دەکەن‌و بە رۆژنامەی راگەیاند: «شیعەکان بەرپرسی یەکەمن لە پێشێلکردنی دەستوورو بەردەوامیی ئەو پێشێلکارییانەش زەمینە خۆش دەکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەستوورو ئەوکات کوردو شیعەش دەکەونە ژێر مەترسییەوە.

پشتیوان، وێڕای ئاماژەدان بەوەی کە کوردیش لە هەندێک باردا دەستووری پێشێلکردووە، بەپێویستی دەزانێت کورد پێداگریی لەسەر جێبەجێکردنی دەستوور بکات‌و هەندێک کێشەی وەک گرێبەستە نەوتییەکان نەکاتە کێشەی دەستووریی لەگەڵ ناوەندا».

هاوکات عامر حەسەن فەیاز، راگری کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی بەغدا ئاشکراشی کرد: پێشێلکردنی مادە دەستوورییەکان لەلایەن لایەنە سیاسییەکانەوە کاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر ئەزموونی سیاسیی عێراق‌و بارودۆخە سیاسییەکەی‌و بە رۆژنامەی راگەیاند: «زۆربەی پێشیلکارییەکان کە دژی مادە دەستوورییەکان ئەنجامدەدرێن، تایبەتە بە وادەکانەوە، وەکو وادەی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)و ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان‌و پێکهێنانی حکومەت».

# دیار نییە، کام لیست نوێنەرایەتی سوننە دەکات



رۆژنامە

دیار نییە، کام لیستە لە پەرلەمانی نوێدا نوێنەرایەتی سوننەکان دەکات، لەکاتێکدا بەرەی تەوافوق، ئاماژە بەوە دەکەن کە زۆربەی سوننەکان دەنگیان بە لیستی عێراقییە داوەو وتەبێژی ئەو لیستەش دەڵێت: «ئامادە نین، خۆمان لە نوێنەرایەتی سوننەدا بچووک بکەینەوە».

لە پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، سەرکەوتنی هەندێک لیستی نوێ‌و شکستی هەندێکی تر، نوێنەرایەتیکردنی عەرەبی سوننەش لە ئەنجومەنی نوێنەرانی نوێدا لەلایەن لیستێکەوە، گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، ئەمە لەکاتێکدایە کە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی رابردوودا، بەرەی تەوافوقی عێراقی کە خاوەنی (٤٠)کورسی بوو، بە نوێنەری سەرەکی سوننەکان دەناسراو هەریەک لە تاریق هاشمی، جێگری سەرۆک کۆمارو ئەیاد سامەڕائی، سەرۆکی پەرلەمان لەسەر ئەو لیستەو وەک نوێنەری سوننەکان ئەو پۆستانەیان وەرگرت، ئەمە جگە لە بوونی چەند لیستێکی تری وەک بەرەی دیالۆگی نیشتمانیی بە سەرۆکایەتی ساڵح موتڵەگو کوتلەی عەرەبی سەربەخۆ کە ئەندامەکانیان لە عەرەبی سوننە پێکهاتبوون، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا، بەرەی تەوافوق تووشی شکستێکی گەورە هات‌و تەنیا (٦)کورسی بەدەستهێناو پرسیار لەسەر ئەو لایەنە هاتە پێشەوە کە ئەمجارە لە ئەنجومەنی نوێنەراندا، نوێنەرایەتی سوننەکان دەکات‌و لەو روانگەیەشەوە ئەو پۆستانەی پێدەدرێت کە بە پێی رێککەوتنی تایفی بەسەر کورد وشیعەو سوننەدا دابەش دەکرێن.

محەمەد ئیقبالی، پەرلەمانتاری لیستی بەرەی تەوافوق، ئاماژە بەوە دەکات: سەرەڕای ئەوەی کە زۆرینەی عەرەبی سوننە دەنگیان داوە بە ئەیاد عەلاوی، بەڵام ئەو لیستە خۆی بەنوێنەری عەرەبی سوننە نازانێت‌و بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە ئێستادا عەرەبی سوننە نوێنەریان نییە لە حکومەت‌و پەرلەمان‌و تەنیا بەرەی تەوافوق‌و ئیئتیلافی یەکێتیی عێراق نوێنەرایەتی عەرەبی سوننە دەکەن، سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەی کورسییەکانیان زۆر کەمترە لە لیستەکانی تر».

ئەو پەرلەمانتارە سوننەیە، پێشبینی ئەوەشی کرد، کە لە داهاتوودا لیستە گەورەکان پەرتبن‌و هەندێک گرووپ لێیان جیاببنەوە بەتایبەت لیستەکەی عەلاوی کە بە وتەی ناوبراو، ئەو هەنگاوە پێگەی عەرەبی سوننە بەهێز دەکات.

> "تەوافوق: عێراقییە پێیان خۆش بێت یان نا، ئێستا نوێنەری سوننەکانن"

سەبارەت بە پێدانی پۆستی تایبەت بە سوننەکانیش، محەمەد ئیقبال وتی: «دەبێت پۆستەکانی عەرەبی سوننە بدرێن بە لیستی عێراقییە، چونکە (٩٠٪)ی ئەندامانی ئەو لیستە، سوننەن‌و پێیان خۆش بێت، یان نا، ئەوان نوێنەرایەتی عەرەبی سوننە دەکەن لەعێراقدا»، بەڵام لیستی عێراقییە کە ئەیاد عەلاوی سەرۆکی شیعەیەو دیارترین سەرکردە سوننیەکانی، تاریق هاشمی، سەرۆکی پێشووی حیزبی ئیسلامییە، خۆی لە نوێنەرایەتیکردنی سوننەکان دەپارێزێت، بەو پێیەی پێشتر هەڵگری پرۆژەی مامەڵەکردنە لەگەڵ پۆستەکاندا لەسەر بنەمای بەتوانایی‌و دەنگهێنان، نەک دابەشکردنی تایفیی.

حەیدەر مەولای وتەبێژی لیستی عێراقییە، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئێمە ئامادە نین، خۆمان بچووک بکەینەوەو ببین بە نوێنەری عەرەبی سوننە، چونکە خۆمان بەنوێنەری سەرجەم عێراقییەکان دەزانین‌و دەنگی عەرەبی سوننەو شیعەو کوردو ئێزدی‌و مەسیحی‌و شەبەکمان بەدەستهێناوە».

حەیدەر مەولا، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: «لیستەکەیان رێگانادات، پۆستەکان هاوشێوەی جاری رابردوو، دووبارە لەسەر بنەمای تایفەگەریی‌و نەتەوایەتی دابەش بکرێنەوە».

ئەنجومەنی سەحوەکانی عێراقیش کە لە سەردەمی دەسەڵاتی حکومەتی نوری مالیکیدا، وەک جۆرێک لە ئەڵتەرناتیڤی هێزی سوننییەکان دەرکەوتن، قایل نین لە عێراقدا مامەڵە لەگەڵ مەزهەب‌و تایفەدا بکرێت‌و دەبێت لەسەر بنەمای نەتەوە مامەڵە بکرێت.

ئەحمەد ئەبوڕیشەی سەرۆک ئەنجومەنەکانی سەحوە لە پارێزگای ئەنبار، پێیوایە: دەبێت عێراق لەسەر بنەمای نەتەوایەتی دابەش بکرێت، نەک لەسەر بنەمای تایفەگەریی، چونکە گەلی عێراق پێکدێت لە دوو نەتەوەی سەرەکی کە عەرەب‌و کوردن‌و بە رۆژنامەی راگەیاند: سەرجەم لیستەکان لە عێراقدا بەرنامەیەکی نیشتمانپەروەرییان هەبوو بێ جیاوازیی، بەڵام هۆکاری مانەوەی لیستەکانی دەوڵەتی یاساو ئیئتیلافی نیشتمانی وەکو دوو لیستی شیعە، ئەوە بوو کەسایەتی لاوازیان کاندید کردبوو لە ناوچە سوننە نشینەکان، بەڵام لیستی عێراقییە کەسایەتی بەهێزی لە ناوچە شیعەکان‌و سوننەکان دەستنیشانکردووە، بۆیە ئەو لیستە کاندیدی براوەی هەیە لە زۆربەی پارێزگاکانی عێراقدا، وتیشی: «سەحوە هەوڵی نەداوە کە ببێتە نوێنەری عەرەبی سوننە».

هەندێکی تر پێیانوایە، پەرتبوونی سوننەکان‌و دەنگدانی زۆربەیان بە لیستی عێراقییە بۆ تێپەڕاندنی ئینتیمای تایفەگەریی بووە، شەعلان کەریمی سەرکردەی لیستی ئیئتیلافی یەکێتیی عێراق، کە جەواد پۆلانی، وەزیری ناوخۆ کە شیعە مەزهەبە سەرۆکایەتی دەکات، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە عەرەبی سوننە بنەمای نیشتمانپەروەرییان پێش بنەمای تایفەگەریی خستووە، بە بەڵگەی ئەوەی کە زۆربەیان دەنگیان بە ئەیاد عەلاوی داوە کە کەسێکی شیعە مەزهەبە، ئەمە جگەلەوەی کە لیستەکەیان (ئیئتیلافی یەکێتیی عێراق) و سەرجەم کاندیدە براوەکانیان لە ناوچە سوننە مەزهەبەکان بوون.

> "عێراقییە: ئامادە نیین خۆمان بۆ نوێنەری سوننە بچوک بکەینەوە"

خنەکان لە کوێوە ئاراستە دەکران؟ کێ دەسپێشخەربووە لە دروستبوونی ئۆپۆزسیۆندا، ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی کوردستان (لە ٢٠٠٩/٧/٢٥)وە لەماوەی ساڵێکدا چی کردووە؟،
ەسەڵاتەوە هەمیشە وا باسی ئۆپۆزسیۆن دەکرێت، کە دان بە هیچی خێردا نانێن؟ تاچەند دەسەڵات لە قەبارەی کارەکانی ئۆپۆزسیۆنی کەمکردووەتەوە؟ ئایا دەبێت ئۆپۆزسیۆن

ئامادەکردنی دۆسیە: هیوا جەمال

# ئۆپۆزسیۆن، حکومەتی سێبەری بۆ دروست نەکرا

(٦)

دروستکردنی حکومەتی سێبەر لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە شکستی هێنا، ئەوەش دوای ساڵێک تێپەڕبوون لە تەمەنی ئۆپۆزسیۆنێکی خاوەن (٣٥) کورسی لە پەرلەمانی کوردستاندا.

ئەگەر ئۆپۆزسیۆن حکومەتی سێبەری هەبوایە، لەماوەی رابردوودا چەند رووداوێک لە هەرێمی کوردستان روویاندا، ئەوا دەیتوانی هەڵوێستی یاسایی و مەعقولی هەبێت لەوبارەیەوە، بۆنموونە ئەگەر وەزیری سێبەری سامانە سروشتییەکان هەبوایە، ئۆپۆزسیۆن دەیتوانی لەڕێگەی وەزیرەکەیەوە، بۆ خەڵکی روونبکاتەوە ئەگەر ئەوان (ئۆپۆزسیۆن) حکومەتیان پێک بهێنایە، ئەوا ئەو سامانە سروشتییە گشتییە، کە موڵکی هەموو خەڵکە بەو شێوەیەی ئێستا کاری تێدا نەدەکراو پلانی ئەڵتەرناتیڤی دەخستەڕوو.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر ئۆپۆزسیۆن، وەزیرانی سێبەری ناوخۆو شارەوانیو گەشتوگوزاری هەبوایە، ئەوا لەدوای رووداوەکەی ئوتێل سۆمای شاری سلێمانی بەهەمان شێوە پلانی بەدیلی دەبوو، بۆ خەڵکی روون نەدەکردەوە ئەگەر خەڵک متمانەیان پێبدانایە، ئەوا خزمەتگوزارییەکان بەم شێوەیە نەدەبوون.

بۆ یەکەمجار کە فراکسیۆنی گۆڕان چەمکی حکومەتی سێبەری باسکرد، لەلایەن دەسەڵاتەوە کاردانەوەی زۆری لێکەوتەوە، تەنانەت وا دەبینرا هەرکاتێک حکومەتی سێبەر دروست بوو، ئیدی دەبێت حکومەتی فیعلی بڕووخێت، یان لەکار بکەوێت.

بەرچاوترین گوزارشت، کە لە میدیای دەسەڵاتەوە بڵاوکرایەوە ئەوەبوو، لەسەر زاری یەکێک لە بەرپرسانەوە راگەیەندرا «بەهیچ شێوەیەک رازی نین حکومەتی سێبەر دروستبکرێتو دەبێت وڵات تەنیا یەک حکومەت بەڕێوەی ببات»، ئەوکات ئۆپۆزسیۆن ئەم وەڵامدانەوەیەی بە «ساویلکەیی» ناوبردو رەخنەی لە تێگەیشتنی دەسەڵات گرت بەرامبەر بە حکومەتی سێبەر.

حکومەتی سێبەر بەو حکومەتە دەوترێت، کە ئۆپۆزسیۆن دروستیدەکات بە مەبەستی چاودێریکردنی کارەکانی حکومەتی فیعلی، ئەوەش دوای ئەوەی ناتوانێت لە هەڵبژاردنەکاندا ئەو رێژەی دەنگە بهێنێت، کە حکومەت پێکبهێنێت.

کەواتە ئۆپۆزسیۆن لەو ماوەیەدا خۆی ئامادە دەکات قەرەبووی شکستی خۆی لە هەڵبژاردنەکاندا بکاتەوەو سوود لە هەلو دەرفەتەکان ببینێت بۆ رەخنەگرتن لە کارەکانی حکومەتو لە هەڵبژاردنی داهاتوودا رێژەیەکی وابهێنێت بتوانێت کابینەی نوێ پێکبهێنێت. بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ویستەی، پێکهێنانی کابینەی سێبەر پێکدەهێنێت.

### حکومەت، یان کابینەی سێبەر

**بەو حکومەتە دەوترێت، کە ئۆپۆزسیۆن دروستیدەکات، پاش ئەوەی ناتوانێت لە هەڵبژاردنەکاندا ئەو رێژەی دەنگە مسۆگەر بکات، کە حکومەت پێکبهێنێت، دیارە دوای هەڵبژاردنەکان، سەرۆکی وڵات، سەرۆکی گەورەترین فراکسیۆنی نێو پەرلەمان رادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ، ئەویش واتە سەرۆکی گەورەترین فراکسیۆن بە گوێرەی رێژەی کورسییەکانی لیستەکەی، سەربەخۆیانە کابینەی تازە پێکدەهێنێت، یان بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ حیزبەکانی تردا، ئەگەر یەکێک لەو حیزبانەی خاوەنی رێژەیەکی زۆری کورسی پەرلەمانییە، نەڕواتە ناو ئەو هاوپەیمانێتییەوەو بەشداریی حکومەت نەکات، ئەوا لەو حاڵەتەدا دەبێتە فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆنو چاودێریی کارەکانی حکومەت دەکات، هەموو دەرفەتێکیش دەقۆزێتەوە بۆ رەخنەگرتن لە ئەدای حکومەتەکەو تانەدان لە کارەکانی، کەمیش نین ئەو حاڵەتانەی کە ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵاتیش لە کاتێکی هەستیاردا جۆرێک لە هاوکاریی و تەبایی کاتیی لەنێوانیاندا دروستدەبێت.**

حکومەتی سێبەر هاوکارێکی جدیی دەبێت بۆ فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆنی نێو پەرلەمان، بۆ دانانی یاساو بەرهەڵستکاریی یاساو بڕیارەکانی حکومەت، بەمەش ئەو هەڵسوکەوتەی ئۆپۆزسیۆن لە فەوزەوییەتو بێبەرنامەیی دەردەچێتو خاوەنی سیستمی کارکردنو بەدیلی مەنتقی دەبێت.

عەدنان عوسمان، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە یەکێک لە وتارەکانیدا دەڵێت: دروستکردنی کابینەیەکی سێبەر لەلایەن لیستی گۆڕانەوە، دەبێت یەکێک لە هەنگاوەکانی داهاتوومان بێت، کە پێموایە: جۆرێک لە هێزو گوڕو تین بە فراکسیۆنە پەرلەمانییەکەشمان دەداتو لەلای خەڵکی کوردستانیشەوە بە هەنگاوێک دادەنرێت بۆ حوکمڕانیی.

ئۆپۆزسیۆن، کە لە فراکسیۆنەکانی گۆڕان، یەکگرتوو کۆمەڵ پێکدێت، حکومەتی سێبەریان بۆ دروست نەکرا (ئەوەی باوە تەنیا ئۆپۆزسیۆنی خاوەن زۆرترین کورسی دەتوانێت حکومەتی سێبەر دروست بکاتو تائێستا حکومەتی سێبەری ئیئتیلافی دروست نەکراوە)، لە هەمان کاتدا چاودێریکردنی حکومەتیان لە یاد کرد، پشکی شێریان دا بە خۆسەرقاڵکردن بە دەرچوونی یاساکانەوە، هەرچەند لە بەڕێکردنی بودجەدا هەوڵی زۆریان دا، بەڵام نەیانتوانی ببنە هۆکاری تێپەڕاندنی بودجەیەکی تەندروست.

### بۆچی ئۆپۆزسیۆن حکومەتی سێبەر، دروست ناکات؟

ئەوەی کە زۆر جەختی لەسەر دەکرێتەوە تازەیی ئۆپۆزسیۆنە لە هەرێمی کوردستاندا، رەنگە فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەوەمان پێبڵێن: کە بۆ یەکەمجارە لەژێر سەقفی پەرلەماندا هەردوو فراکسیۆنی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن هەبن، بۆیە ناکرێت لەیەکداتدا پەنجە بخرێتە سەر هەموو جومگەکانی مافی ئۆپۆزسیۆنبوون.

بیانوویەکی تری ئۆپۆزسیۆن ئەوەیە، کە تائێستا لە کوردستاندا دیموکراسی بەرەوپێش نەچووەو حکومەتی دامەزراوەیی نییە، بۆیە پێکهێنانی حکومەتی سێبەر، تەقینەوە لە تێگەیشتنی دەسەڵاتدارەکاندا روودەدات، نموونەش بۆئەوە، تەنیا باسی کرا، کەچی لەلایەن دەسەڵاتەوە هەڕەشە لە دروستکردنی کراو بە هەڵە لە مەبەستەکە تێگەیشتن.

رەنگە هۆیەکەی ئەوە بێت، کە ئۆپۆزسیۆن ناتوانێت حکومەتی سێبەر دروست بکات، چونکە ئەندامانی ئۆپۆزسیۆنیش وەک دەسەڵات جۆرێک لە ناتێگەیشتنیان لە چۆنییەتی حکومەتەکە هەیە.

هەندێک لە چاودێران دروستنەکردنی حکومەی سێبەر لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە بۆئەوە دەگەڕێننەوە، کە بەفیعلی ئۆپۆزسیۆن توانای دروستکردنی ئەو جۆرە لە حکومەتی نییە، چونکە لەڕووی توانای مرۆییەوە ناتوانێت، حکومەت پێک بێنێت.

بیانوویەکی تری دروستنەکردنی حکومەتی سێبەر ئەوەیە، کە لە هەرێمی کوردستاندا زۆرینەی کارەکان بە یاسا رێک نەخراونو پێویستە یاسایەک هەبێت بۆ مافی ئۆپۆزسیۆنو حیزبایەتی لە کوردستانو بە یاساش بتوانێت حکومەتی سێبەر دروست بکرێت.

### حکومەتی سێبەر ئەم مافانەی هەیە

**١- مافی پرسیار: وەک جێگرێک دەتوانێت پرسیار بکات بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاریی لە هەر وەزیرێک لە حکومەتدا، ئەگەر بە وەڵامی وەزیرەکەش رازی نەبوو، دەتوانێت لێپرسینەوە بکات.**

**٢- مافی لێپرسینەوە: ئەم مافە جۆرێکە لە تۆمەتبارکردنی وەزیر، یان حکومەت بە کەموکوڕیی و پشتگوێخستن، یان دەرچوون لە بڕگە دەستوورییەکان، کە ئۆپۆزسیۆن (حکومەتی سێبەر) دەتوانێت لێپرسینەوەی لێبکاتو لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکات، بەمەبەستی گەیشتن بە ئەنجام.**

**٣- لێکۆڵینەوە: لێپرسینەوە بۆ ئەوەیە لێکۆڵینەوەی زیاتر بکرێت بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاریی زیاتر لە بابەتێکدا، لەکاتی وەڵام نەدانەوەی پێویستدا بۆ رازیکردنی بەرامبەر تا بسەلمێت وەزیرەکە پاکە، ئەگەرنا دەتوانرێت متانەی لێبەسنرێتەوە.**

**٤- سەندنەوەی متمانە لە حکومەت: ئەمە ترسناکترین چەکە بەدەست حکومەتی سێبەرو ئەندامانی ئۆپۆزسیۆنەوە لە بەرامبەر حکومەتی فیعلیدا، ئەمەش زیاتر لایەنێکی تیۆرییە وەک لە پراکتیک، چونکە حکومەت بە زۆرینەی دەنگی پەرلەمان پێکهاتووە، ئەگینا بۆ حکومەتێکی نوێ دەبێت هەڵبژاردن بکرێتەوە.**

### حکومەتی سێبەر لە بەریتانیا

**سەرۆکی فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن، لە ساڵی (١٩٣٧)ەوە مووچەی هەیەو بایەخێکی گەورەی پێدەدرێت.**

**لە ساڵی (١٩٦٥) یاسایەک دەرچوو تایبەت بە مووچەی وەزیران، لەو یاسایەدا سەرۆکی ئۆپۆزسیۆن وەک جێگری سەرۆک وەزیران مووچەی بۆ دیاریکرا.**

**سەرۆکی فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن لە ئەنجومەنی گشتیی بەرامبەر سەرۆکی وەزیران دادەنیشێتو دانیشتنەکانی رۆژانی سێشەممەو پێنجشەممە دەکاتەوە.**

**سەرۆکی حکومەتی سێبەر، پێشوازیی لە سەرۆکی وڵاتانو حکومەتەکان دەکاتو سەرۆک وەزیرانیش بۆ کاروبارەکانی بەرگریی و سیاسەتی دەرەوە راوێژی پێدەکات.**

**لە ساڵی (١٩٢٣)ەوە ئۆپۆزسیۆن حکومەتی سێبەری پێکهێناوەو چاودێریی و کاری لێپرسینەوە لە حکومەت دەکاتو بۆ هەر وەزیرێک وەزیرێکی سێبەر هەیە.**

**لە مێژووی بەریتانیادا دوو حاڵەتی سەندنەوەی ماتمانە روویداوە: یەکەمیان، لە ساڵی (١٩٢٤) متمانە لە ماکدۆناڵ وەک سەرۆک وەزیران سەندرایەوە، دووەمیشیان، ساڵی (١٩٧٩) متمانە لە کالا هان سەندرایەوە.**



گرافیک: شاخەوان ئەنوەر

**بەپێی پێناسەكان، ئۆپۆزسیۆنی تەندروست لە سیستمێكی دیموكراتی تەندروستدا سەرهەڵدەدات، بۆیە دەكرێت بپرسین، ئایا ئۆپۆزسیۆنی كوردیی هەیە؟ پێش ئۆپۆزسیۆن رە... ئینجازەكانی چین؟، حكومەتی سێبەر لەكوێی ئۆپۆزسیۆندایە، ئایا ئۆپۆزسیۆن تەنیا موزایەدەی سیاسییو راگەیاندنی كردووە یان ئەركەكانی لە پەرلەمان بەجێهێناوە، بۆ لەلایەن دە... چاوەڕێی فەرمووی دەسەڵات بكات؟... ئەمانەو چەندین پرسیاری تر كە جێگەی مشتومڕی خەڵكە لەم تەوەرەدا شرۆڤە دەكرێن.**

## عەدنان عوسمان:

# دەبێت لەمەودوا نوكی رمان روو لە حكومەت بكات

**عەدنان عوسمان، لەوبڕوایەدایە، كە حكومەتیان فەرامۆش نەكردووە، بەڵام تێگەیشتنیان بۆ ئیشكردنی ئۆپۆزسیۆن لە كوردستاندا رۆشن نەبووە، ئەوەش ڕووندەكاتەوە كە بزووتنەوەی گۆڕان هاوكاریی نەكردوون، بۆیە دەڵێت: دەبێت لەمەودوا ستراتیژی كاركردنمان بگۆڕین.**

**رۆژنـامـە: لە سەرەتای دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن، ئێوە یەكێك بوون لەوانەی باسی دروستكردنی حكومەتی سێبەرتان كرد، بۆچی نەتانتوانی دروستی بكەن؟**

* لەسەرەتاوە دەمەوێت ئەو ناڕۆشنییە روونبكەمەوە، كە باسی حكومەتی سێبەرم كرد قسەكردنێكی گشتیی بوو، مەبەستم ناوەڕۆكی مەسەلەكە بوو.

لە جیهاندا وابزانم تەنیا لە بەریتانیا شتێك بە ناوی حكومەتی سێبەرەوە هەیە، ئەگەرنا بە ناوەڕۆكەكەیەوە دووبـارە بووەتەوە، لە كوردستانیشدا هێشتا زۆر زووە قسە لەسەر ئەوە بكرێت.

**رۆژنامە: بۆچی زووە؟**

*بە حوكمی ئەوەی كە جارێ ئۆپۆزسیۆن نەبووە بە نەریتێك، لە سیستمی سیاسیی كوردستاندا. هێشتا ئۆپۆزسیۆن جێگەی گومانە، لایەنی سیاسیی هەیە رۆژانە دەڵێت: «من ئۆپۆزسیۆنی دڵسۆزم»، وەك ئەوەی ئۆپۆزسیۆنی نادڵسۆز هەبێت، دەسەڵات ئۆپۆزسیۆنێكی دەوێت، كە رەنگدانەوەی خـۆی تیابێت، دەسـەڵات ئۆپۆزسیۆنی سێبەری دەوێت، دەیەوێت سێبەری خۆی بێت.

زووە بۆئەوەی لە چوارچێوەی یاسایەكدا شەرعییەتی پێبدرێت، ئەگەر یاساو بڕیارو دەسـتووریش نەبێت لە چوارچێوەی عورفێكدا رێگەی پێبدرێت.

**رۆژنامە: بەڵام بۆچی ئۆپۆزسیۆن خۆی پڕۆژە یاسای لەوبارەیەوە ئامادە نەكردووە؟**

* شتێكی باشی كرد كە وای نەكرد، نابێت ئۆپۆزسیۆن لەسەرەتاوە پەنا بۆ ئەوە ببات، دەبێت پێش هەموو شت بنەماكانی دیموكراتیو قبوولكردنی یەكتر بچەسپێنین. دەبێت دەسـەڵات ناچاربكەین جۆرێك لە تێگەیشتنی بۆ ئۆپۆزسیۆن هەبێت، كە ببێتە شتێكی هەرگیز دانەبڕاو لەسیستمی سیاسیی كوردستاندا.

**رۆژنامە: كەواتە گۆڕان دەیەوێت چی بكات لەوبارەیەوە؟**

* دەبێت كاری ئێمە ئەوە بێت كە گۆڕان سەركردایەتی ئەوە بكات لە ئۆپۆزسیۆنی سەركاغەزو رەخنەگرتنەوە ئۆپۆزسیۆنێكی راستەقینەی رەخنەگر دروست بێت، كە بەدیلی پێبێتو نیازی دەسـەڵات گرتنە دەستی هەبێتو دەسەڵات لابداتو خۆی ببێتە دەسەڵات.

حكومەتی سێبەر لە واقیعی كوردستاندا بۆ بزووتنەوەی گۆڕان لەم چەند رستەیەدا كۆدەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە: كە چاودێریی دەسەڵاتی جێبەجێكردن بكەین (جا بەهەر ناوێكەوە بێت، حكومەتی سێبەر، یان لیژنەی چاودێریی...) ئەوە پیشاندانی راستگۆییو جدیاتی ئۆپۆزسیۆنە لەگەڵ دروشـمو جـەمـاوەرەكـەی، نیشاندانی ئەوەیە كە ئۆپۆزسیۆن لە قۆناغی كامڵبووندایەو هەست بە بەرپرسیارێتی خۆی دەكاتو لە ئاراستەی بەجێگەیاندنی پەیامو بەرنامەكانیدایە، بۆیە ناكرێتو نابێت لەژێر هیچ بیانوویەكدا كەمتەرخەمیی لەم لایەنە گرنگە بكرێت، كە بەڕای من كرۆكو ناوەڕۆكی بزووتنەوەكە پێكدێنێت.

**رۆژنامە: بەڵام پەرلەمانتارێكی گۆڕان دەڵێت: حكومەتمان لەیاد كردووە، بۆچی تائێستا ئەو چاودێریكردنەتان نەكردووە؟**

* ئەو قسەیە زۆر دەقیقە، لەوانەیە ئەوە هۆكاری زۆر بێت، هۆكاری سەرەكیی لــەوەدایــە، كـە ئـۆپـۆزسـیـۆن بۆخۆی بـزووتـنـەوەیـەكـی نـوێ بــووە، ئـەركو وەزیفەكانی بەتەواوی رۆشن نەبووەتەوە. سەرەتا چەند كەسێك نێردراوە بۆ پەرلەمان، دواتر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران بووە، سەرگەرمی ئەوە بووین، ئەوانەش كە چوونە پەرلەمان تووشی سیستمێكی پەرلەمانی دواكەوتوو بوون.

بزووتنەوەی گۆڕانیش سەرگەرمی خۆی بــووە، هەر لەبارەی هەڵبژاردنو كێشەكانی ناوخۆیو خۆڕێكخستنەوەو ئەو هاوكارییەی پێویست بووە بۆ فراكسیۆنەكەی بیكات، نەیكردووە، هەندێك جار بە رەخنەوە دەیچووێنم بەوەی كە مەفرەزەیەكی (٢٥) كەسی ناردووە بۆ جەنگ، بەڵام ئەوەی كە پێویست بووە لە هاوكاریی، نەیكردووە.

ئەمەش بەشێكی پەیوەستە بە لاوازیی خۆمان لەسەرەتای ئیشكردنمان، بەشێكیشی پەیوەستە بە بزووتنەوەی گۆڕانەوە لە هاوكاریی جدیی بۆ فراكسیۆنەكە، من لە ئاستی سفردا دەیبینم.

دابەشبوونمان بەسەر لیژنەكاندا، هۆكاری تر بوو، ئێمە هەڵەیەكی ستراتیژیمان كرد، سەرۆكایەتی هەندێك لە لیژنەكانمان لەدەست خۆمان دا.

تـازەیـی ئێمە لـە پـەرلـەمـانـدا وەك ئۆپۆزسیۆنو شارەزا نەبوونمان وایكرد، لەناو پەرلەمانیشدا مامەڵەی ئۆپۆزسیۆنبوون بكەین.

**رۆژنامە: ئێوە لەناو چەند سەد كەسێكدا هەڵبژێردراونو چەند سەد هەزار كەسێك دەنگی پێدوان، ئێوە (٢٥) پەرلەمانتارن تەرخان بوون بۆ ئەو كارە، لاوازیی ئێوە پەیوەندیی بە بزووتنەوەی گۆڕانەوە چییە؟**

* نابێت ئـەوەمـان لەبیربچێت (٢٤) پەرلەمانتاری نـوێ بووین، ئەویتریش پێشتر لە فراكسیۆنی دەسەڵات بووە، راستە كەسێكی ئازاو رەخنەگر بووە، بەڵام وەك ئۆپۆزسیۆن كاری نەكردووە.

ئـەو شـێـوازە سستو لاوازەی كە پەرلەمان لەسەرەتاوە كاری پێدەكردو ئەو باكگراوندەی ئەو (٢٥) كەسەش لەبارەی كـاری ئۆپۆزسیۆنییەوە هەیان بـووە، كاریگەریی لەسەر ئۆپۆزسیۆن هەبووە.

بـزووتـنـەوەی گـۆڕان كۆمەڵێك لە كەسایەتی تێدایە، كە ئەزموونی پەرلەمانییو ئیدارییان هەبووە، ئێمەش بەشێكین لەوانو ئەوان ئەم خەڵكەیان ناردووە بۆ پەرلەمان پێویست بووە هاوكاریمان بكەن، رەنگە ئێمە خۆشمان لاواز بووبین، ئێمە پێویستمان بەهەموو ئەوانەیە، كە دەنگیان بۆداوین.

بۆنموونە، ئەو گفتوگۆ سەركەوتووانەی بەشانازییەوە ئێمە كردمان لەسەر بودجە، لەكاتێكدا ئێمە كەمترین زانیاریمان پێشتر لەو بارەیەوە هەبووەو خۆمان خۆمان رۆشنبیركردووە، كەچی بەداخەوە كەمترین هاوكاریی كراین لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕانەوە.

**رۆژنــامــە: بــەڵام كاریگەرییەكانی بـزووتـنـەوەی گـۆڕان لەسەر ئێوە كەم نەبوون، ئێوە زۆر جار سیاسەتی ئەوانتان جێبەجێكردووە؟**

* بزووتنەوەی گۆڕان لەبەرئەوەی تێگەیشتنێكی هەڵەی بۆ سیستمی سیاسیی لە هەرێمی كوردستاندا هەبوو، زۆرتری ئیشەكانی بەشێك بووە لە ململانێیەكی سیاسیی حیزبیی، نەك بەشێك بووە لە ململانێیەكی ئیداریو سیاسیی (بەشێكی هەمووی نا) لەپێناوی گۆڕانكاریدا، كەمتر مامەڵەی لەگەڵ سەرۆكایەتی حكومەتدا كردووە، زۆرتر مامەڵەی لەگەڵ سەرۆكایەتی هەرێمدا كـردووە، كە دەبـوو ئێمە وەك ئۆپۆزسیۆن مامەڵەمان لەگەڵ سەرۆكایەتی حكومەت بێت، چ لـەدەرەوە، یان ناوەوەی پەرلەمان.

بۆیە ئێمە لە هەنگاوی داهاتووماندا، پێویستە نووكی رممان بۆ دەسەڵاتی تەنفیزی بێت، پێویستە زۆرترین كاتەكانمان بۆ چاودێرییو رەخنەگرتن لە دەسەڵاتی جێبەجێكردن بێت، چونكە ئەمە پەیوەستە بە بژێویی خەڵكەوە.

**رۆژنـــامـــە: بـــزووتـــنـــەوەی گـــۆڕان نارەزایەتییەكانی هاوڵاتییانی لەكۆڵناوەو چووەتە پەرلەمان، بەڵام ئێستا ئەو خەڵكە خزمەتگوزارییان دەوێت، لەكاتێكدا ئێوە ئەمە لەیاد دەكەن، چۆن بەڵێن بە هاوڵاتییان دەدەن ئەمە دووبارە نەكەنەوە؟**

* جارێ پێش هەموو شت دەبێت لەسەر وشەكە رێكەوین، ئێمە لەیادمان نەكردووە، كەمتەرخەمیش نەبووین، بـەڵام ئەوەی پێویستە ئۆپۆزسیۆن بیكات، ئێمە تێگەیشتنی رۆشنمان بۆ ئەوە نەبووە، لەبیرت نەچێت تەنیا فراكسیۆنەكەی ئێمە بوو، ئەمسەرو ئەوسەری كوردستانی كـرد، كام شارو دێهات ماوە نەچووبین.

**رۆژنامە: بەڵام ئەوە وا باسی دەكرێت تەنیا بۆ موزایەدەی ئیعلامیی بووە؟**

* نەخێر، هیچ وانەبووە، ئەوە بەشێك بووە لە قەناعەتی ئێمە، بەهیچ شێوەیەك پێویستمان بە موزایەدە نییە.

**رۆژنامە: بەڵام لەدوای هەڵبژاردنەكانی (٣/٧)وە ئەوەتان نەكردووە؟**

* لەبەرئەوەی ئێمە ویستوومانە ئەو سەردانانە بەرهەمهێن بێت، چونكە ئەوە بەشێكە لەكاری ستراتیژیمان، ئێمە سەرەتای سەردانەكانمان نەماندەزانی چۆن دوای ئێمە خزمەتیان دەكرا، ئێمە چەندین شوێن چووین هـەردوای رۆشتنی ئێمە بەچەند سەعاتێك، یان چەند رۆژێك كێشەكەیان بۆچارەسەر كـراوە، وای لێهاتبوو زۆر ناوچە داوایان لێدەكردین، كە یەك جار بە شارەكەیاندا بگەڕێین، بۆئەوەی حكومەت كاریان بۆ كات.

لەمەودوا دەبێت بەرەی شەڕكردنمان روو لە دەسەڵاتی جێبەجێكردن بكات، لەگەڵ وەزارەتەكاندا، دەبێت رەخنەمان هەبێت، ئەڵتەرناتیڤمان هەبێت، چونكە ئێمە بزووتنەوەیەك نین لەپێناوی دەسەڵاتدا كار نەكەین، ئێمە لەوانەیە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا زۆرینەی كورسییەكانی پەرلەمان بەدەست بێنین، بۆئەوەی خۆمان حكومەت پێك بهێنین.

بۆیە قسەی ئێمە لەسەر ئەوە نییە، كە پێشتر كەمتەرخەم بووین، بەڵكو ئەوەیە كە ستراتیژێكمان نەبووە، پرۆژەیاسامان هـەبـووە، سـەردانـی خەڵكمان كـردووە، نامەمان ناردووە بۆ وەزیرەكان، بەڵام ئەوە هەمووشت نییە بەلامانەوە.

**رۆژنامە: بەڵام ئێستا بۆچوونێك دروست بووە، دەڵێت: ئۆپۆزسیۆن لەجیاتی ئەوەی ململانێ لەگەڵ دەسەڵاتدا بكات، دژایەتی كردووە، بۆ نموونە زۆر باسی ناردنە دەرەوەی نـەوت كـرا، بـەڵام حكومەت بە دژایەتی وەریگرت، نەهاتە دەنگ تا لە رۆژنامەكانی دەرەوە باسكرا، ئەمە بۆ؟**

* ئەو زاراوانــە دەســەڵات دەیەوێت بەكاری بێنێت، دەسەڵات دەیەوێت بۆ هەر بوارێك كۆمەڵێك زاراوەی خۆی هەبێت، وەك ئۆپۆزسیۆنی سلبییو ئیجابیی، لەم رۆژانەدا گوێم لە بەرێزێكی سیاسیی بوو دەیوت، ئێمە ئۆپۆزسیۆنی دڵسۆزین، وەك ئەوەی خەڵك نادڵسۆز بێت، ئێمە كارەكانمان لەسەر دژایەتیو نا دژایەتی نییە، دەمانەوێت لە كوردستاندا دامەزراوە هەبێتو سیستمی حوكمڕانی چـوار سـاڵ جارێك لەلایەن خەڵكەوە متمانە وەربگرێت.

ئـەوە مـەسـەلـەی رۆژنـامـەنـووسـی ناوخۆی بیانیی نییە، ئەوە مانای ئەوەیە كە رۆژنامەنووسی بیانی نزیكە لە سەرچاوەی بڕیارەوە، بۆیە دەكرێتە هەڵڵا، دەیان شت باسكراوە لە رۆژنامە بیانییەكاندا، بەڵام رەنگدانەوەی نەبووە.

بەڵام مەسەلەی نەوتەكە سیاسییە، ئێمە لە مەسەلەی نەوتیشدا ئەگەر نەخشەیەكی سیاسیی نەتەوەیی هەبێت، بۆئەوەی كە خەڵك سوودمەند بێت، بزووتنەوەی گۆڕانو فراكسیۆنەكەشی پێی باشەو هاوكاریی دەكات، بەڵام بۆ كۆمەڵێك كەسی بەرپرس بێتو بۆ كۆمەڵێك مافیا بێت، بەڕاستی ئەوە بۆ ئێمە قابیلی قبووڵ نییەو لێپێچینەوەی لێدەكەین، چونكە ئەوە قاچاخچێتی نییە، ئەوە پرۆسەی بەهەدەردانی سامانی وڵاتێكە بەئاشكرا، لە حكومەتەوە تا بەڕێوەبەری ناحیەو فەرمانگەكان بەرپرسیارن، ئەمە لەهەر وڵاتێكی تردا بوایە سێ حكومەتی لەسەر دەڕووخا.

**رۆژنامە: ئێو دەتانەوێت حكومەتی سێبەر دروست بكەن؟**

* ئێمە كارێكی جدیی لەسەر حكومەتی سێبەر دەكەین، بەو ناوەڕۆكەوە كە بۆم باسكردیت، كـاری جدیی لە پەرلەماندا دەكەینو چاودێریی حكومەت دەكەین، هەریەكەمان چاودێریی وەزارەتێك، یان چەند وەزارەتێك دەكات، ئەگەر فراكسیۆنی گۆڕان لە داهاتوودا ئەمە نەكات، وەك ساڵی پاری لێدێت، بۆیە دەبێت ستراتیژی خۆمان بگۆڕین.

## "ئەوەی لەبارەی نەوتەوە هەیە لە هەر وڵاتێكدا بوایە سێ حكومەتی لەسەر دەڕووخا"



**عەدنان عوسمان**
**لە ساڵی (١٩٦٦) لە ناوچەی شێخ باوەی سەر بە ناحیەی جەلەولا لەدایكبووە.**
**ماوەیەك سەرنووسەری رۆژنامەكانی هاوڵاتیو رۆژنامە بووە.**
**ئێستا ئەندامی پەرلەمانی كوردستانە لەسەر فراكسیۆنی گۆڕان**

# وەزارەتی دارایی لیژنەیەک دەکاتە بەدیلی چاودێریی دارایی



**ڕاپۆرتی: چاوان عەلی**

بریکاری وەزارەتـــی دارایـــی دەڵێت: «لیژنەی دارایـی پەرلەمان لەبری دیوانی چاودێری دارایی لێکۆڵینەوەی لە حساباتی کۆتایی (٢٠٠٩) کردووە» شارەزایانی بواری ئابووریش ئەوە ڕەتدەکەنەوە.

حساباتی کۆتایی بودجەی (٢٠٠٩)، کە (٦/٢٨) لە پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی دەنـگ پەسەند کـرا، لەکاتێکدا چەندین کەموکوڕی تێدابوو زیاتر لە (٧٠٠) ملیار دینار کورتهێنانی هەبوو، ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری داراییشی لەگەڵدا نەبوو.

ڕەشید تاهیر، بریکاری وەزارەتی دارایی، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی هەولێر، هۆکاری نەبوونی ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی لەگەڵ حساباتی کۆتایی (٢٠٠٩) دەگەڕێنێتەوە بۆ ئـەوەی کە وەزارەتی دارایی‌و دیوانی چاودێری دارایی یەکیاننەگرتووەتەوە.

ئەم لێدوانەی بریکاری وەزارەتی دارایی لە کاتێکدایە، کە لە مانگی ڕابـردووەوە یاسای وەزارەتـــی دارایـــی پەسەندکرا لە پەرلەمان‌و ئەمەش بە بۆچوونی د.زانـا ڕەئوف، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمان، کەمتەرخەمیی حکومەتە، کە وەزارەتـی دارایی یەکینەگرتووەتەوەو ناکرێت خەڵکی باجی یەکنەگرتنەوەکە بدەن.

ڕەشید تاهیر، لە چاوپێکەوتنەکەیدا باس لەوە دەکات: لیژنەی دارایی پەرلەمان لەبری دیوانی چاودێری دارایی لێکۆڵینەوەی لە حساباتی کۆتایی (٢٠٠٩) کردووە، ئەگەر وەزارەتـــی دارایـــی‌و دیـوانی چـاودێـری یەکیانگرتەوە، ئەوکات ڕاپۆرتی دیوانیش لەگەڵ حساباتی کۆتایی ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێت.

د.دلێر حەقی شاوەیس، پسپۆڕی ئابووری جەخت لەوە دەکاتەوە: پێداچوونەوە بە حساباتی کۆتایی بودجەدا، یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی پەرلەمان، بەمەرجێک لەسەرەتادا دیوانی چاودێری پێداچوونەوەی بۆبکات‌و دواتر بنێردرێتە پەرلەمان».

**«لیژنەی دارایی پەرلەمان لەبری دیوانی چاودێری دارایی لێکۆڵینەوەی لە حساباتی کۆتایی (٢٠٠٩) کردووە»**

ئەو شارەزا ئابوورییە دەڵێت: «لیژنەی دارایی ناتوانێت لەبری دیوانی چاودێری دارایی ڕاپۆرت بەرزبکاتەوە، چونکە دیوانی چـاودێـری دارایـی دەزگایەکی پسپۆڕە بەوکارەو کارئاسانی دەکات بۆ ئیشەکانی پەرلەمان، بەڵام کاتێک دوو دیوان هەبێت‌و یەکیاننەگرتبێتەوە، ئەوا دەیکەنە بەدیلی ئەو».

پـەرلـەمـانـی کـوردسـتـان لـە (٢٠٠٨/٤/٢١)ەوە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٠٨) یاسای دیوانی چاودێری دارایی دەرکردووە، بەڵام تائێستا دیوانی چاودێریی دارایی‌هەولێرو سلێمانی یەکیاننەگرتووەتەوە، لەکاتێکدا لە کاتی پەسەندکردنی بودجەی ئەمساڵیشدا پەرلەمان تاکۆتایی مانگی حوزەیرانی بۆ یەکگرتنەوەیان دەستنیشان کردبوو.

لەم بارەیەشەوە د.دلێر شاوەیس، کە سەرۆکی لیژنەی دارایی خولی ڕابردووی پەرلەمانی کوردستان بوو، پێیوایە: «ناکرێت لە حکومەتێکدا دوو دەزگاو لایەنی جیا یەک کار بکەن، بۆیە یەکگنەگرتنەوەی وەزارەتی دارایی‌و پێکنەهێنانی یەک دیوانی چاودێری دارایی بۆ حکومەتی هەرێم تائێستا، هەڵەیەکە لە خولی دووەمـدا بەداخەوە نەمانتوانی وەک پێویست بەجێیبهێنین، ئەم خولەی پەرلەمانیش تائێستا هەر نەیکردووە، یان نەیتوانیوە، کە ئەمەش کاریگەریی سلبیی دەبێت لەسەر ئایندەی وڵات».

لەبەرامبەردا سەرچاوەیەک لە دیوانی چاودێری دارایی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: حکومەت نایەوێت ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی دەربارەی وردەکاریی خەرجییەکانی حکومەت ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت‌و بزانرێت چۆن سەرفکراوە.

ئەم بۆچوونەش لەلایەن د.زانا ڕەئوف، ئەندامی لیژنەی نـەزاهـەی پەرلەمان، لێکدانەوەیەکی دیکەی هەبوو، ئەو سەرەڕای ئەوەی جەختی کـردەوە، کە بە ئەنقەست یەکگرتنەوەی ئەو دوو دیوانە دواخـراوە، ترسی لـەوەش هەبوو کە مساوەمە بەم دیوانەو دەستەی نەزاهەوە بکرێت.

د.زانا، وتیشی: «دەسەڵاتی سیاسیی لە کوردستان دەیانەوێت دیوانی چاودێری دارایی بکرێتە بەدیلێکی سیاسییانەی دەستەی نەزاهە، بەجۆرێک کە ئەگەر سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی پارتی بێت، ئەوا سەرۆکی دەستەی نەزاهە یەکێتی بێت، کە ئەمە کارێکی مەترسیدارە، چونکە ئەو دوو دەزگایەیان لەنێوان یەکێتی‌و پارتیدا دابەشکرووە».

ئەمەش لەکاتێکدایە کە وەک ئەو ئەندامەی لیژنەی نەزاهە ئاماژەی پێدا؛ لە هەرێمی کوردستان گەندەڵیی دارایـی‌و ئیداریی لە ئاستێکی مەترسیداردایەو پێویست بوو داواکـاری گشتیی‌و دیـوانـی چـاودێـری دارایی‌و ئەو دەستەی نەزاهەیەی کە بڕیارە دابمەزرێت‌و دژایەتی گەندەڵییان پێدەکرێت تەواوکەری یەکتربن، نەک ببنە گوێڕایەڵی حیزب‌و بارگاوی بکرێنەوە بە کاری حیزبیی، ئەوکاتە دەستەی نەزاهەو دیوانی چاودێری دارایی بە ئیفلیجی لەدایک دەبن.



# «گەندەڵیی»، پڕۆژەیەکی (١٢) ملیار دیناریی دوادەخات

**ڕاپۆرتی: هاوڕێ عەبدوڵڵا**

تائێستا پڕۆژەی پاککردنەوەی شاری کـەرکـوک کـە بـڕی (١٢)مـلـیـار دیناری بـۆ تـەرخـانـکـراوە، نـەخـراوەتـە بـواری جێبەجێکردنەوەو بە وتـەی ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگاش، گەندەڵیی پڕۆژەکەی دواخستووە.

ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، لە بودجەی ساڵی(٢٠١٠)ی پەرەپێدانی هەرێمەکان، بڕی (١٢)ملیار دیناری بۆ پڕۆژەی پاککردنەوەی شاری کەرکوک تەرخانکردو لە مانگی ئازاردا میزانیەکەی پەسەندکرد، ڕۆژی(٢٠١٠/٤/٢٨) کەمکردنەوەکە ئەنجامدرا بە مەبەستی ئەوەی کە کۆمپانیایەک پاککردنەوەی شارەکە بگرێتە ئەستۆ، (١٦) کۆمپانیای بیانی‌و عێراقی تەندەریان پێشکەش کـردو بەپێی چەند زانیارییەکی ڕۆژنامە، لە دوای کردنەوەی تەندەرەکانەوە دەرکەوت کە جگە لە کۆمپانیای (ئەڵتاش)ی تورکی، کۆمپانیاکانی تر بەپێی ئەو مەرجانە نەبوون کە داواکـرابـوون، بەڵام دواتر کێشە بۆ کۆمپانیا تورکییەکە دروستبوو، بەو پێیەی کە (خیتاب زەمان)، واتا گرەنتی خەواندنی پارەکەی دواکەوتووەو بەو هۆیەشەوە تا ئێستا پڕۆژەکە نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

بەپێی ئەو دەرختەیەی بۆ پاککردنەوەی کەرکوک کراوە، دەبێت ڕۆژانە (٨٠٠-١٠٠٠) تەن زبڵ کۆبکرێتەوە. بودجەکە (١٢)ملیار بووە، ملیارێکی بۆ گواستنەوەی خاشاکەکە بۆ دوو بنکەی کاتی‌و شوێنی چارەسەرکردنی زبڵ‌و (١١)مليارەکەی دیکەش بۆ پاککردنەوەی ناو شار بووە.

ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی لیژنەی خزمەتگوزاریی‌و پڕۆژەکان لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، ئـەوەی خستەڕوو: دوای ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ڕەزامەندیی تەرخانکردنی بڕی (١٢)ملیار دیناری بۆ پاککردنەوەی شاری کەرکوک لە وەزارەتی پلانداندان وەرگرت، پڕۆژەکە هاتە سەر ئیحالەکردن‌و ئیعلانکراو لە (عەمەلیەی فتح)دا گەندەڵییەکی زۆری تێدا کراو چەند فەرمانبەرێکی گەندەڵ تێوەگلان.

لـە دوای ڕووخـانـدنـی ڕژێـمـەوە، پاککردنەوەی کەرکوک بووەتە گرفت، هەرچەندە لە سەرەتاوە لە ڕێگەی کۆمەکی ئەمریکاو نەتەوەیەکگرتووەکانەوە شارەکە پاکدەکرایەوە، بـەڵام پاش بەکارخستنی بـودجـەی گـەشـەپـێـدانـی هـەرێـمـەکـان، بڕیاردراوە بودجەی پاککردنەوەی شارەکە لەو بەشە بودجەیەی کەرکوک تەرخانبکرێت. هەروەک ساڵی ڕابردوو ئەنجومەنی پارێزگا موسادەقەی لەسەر پڕۆژەی پاککردنەوەی کەرکوک کرد، بەڵام بودجەی بۆ دابیننەکرا.

مـاوەیـەک بـەر لە ئێستا، پارێزگاری کەرکوک لیژنەیەکی بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکاری دواکەوتنی پڕۆژەکە پێکهێنا، بەڵام تا ئێستا لیژنەکە ئەنجامی نەبووەو لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ئاگاداری لێکۆڵینەوەکان نییەو لە هەمانکاتدا ئەنجومەنەکە هەڕەشەی بێدەنگ نەبوون دەکات.

هـەروەک ئەحمەد عەسکەری ئەوەی خستەڕوو: ئێمە لە ئەنجومەن داوای لێکۆڵینەوەمان کرد، پارێزگار لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی پێکهێنا، بەڵام تا ئێستا لیژنەکە ئەنجامی نەبووەو دوایدەخەن، ئێمە وەکو ئەنجومەن شکاتکارین لەسەر ئەو پارەیەو داوای سزادانی گەندەڵکارانمان کردووەو لێیشی بێدەنگ نابین، چونکە ئەگەر ئەو فەرمانبەرانە سزانەدرێن‌و ئەو فەوزا ئیدارییە چارەسەر نەکرێت، دەبێتە ڕێخۆشکەر بۆ بەردەوامبوونی فەرمانبەران لەسەر گەندەڵی‌و دواکەوتنی پڕۆژەکان.

هاوکات ڕێبوار تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، ئاماژە بەوە دەکات؛ بەهۆی بوونی کێشەو پێداچوونەوە بە دۆسیەی کۆمپانیاکان لەنێوان لیژنەی کردنەوەو شیکاری پڕۆژەکان لەپارێزگای کەرکوک کێشە دروستبوو، لەبەرئەوە ئەنجومەن‌و پارێزگا پێکەوە بڕیاری چارەسەرکردنی ئەو گرفتە بەپێکهێنانی لیژنەیەک دەدەن‌و دەبـێـت بـەزوویـی چارەسەربکرێت.

جێبەجێنەکردنی پڕۆژەی پاککردنەوەی شاری کەرکوک لەکاتێکدایە، کە کۆبوونەوەو بڵاوبوونەوەی خۆڵ‌و خاشاک‌و زبڵ، کوچەو کۆڵان‌و شەقامەکانی شارەکەیان داپۆشیوەو ئـەوەش هاوڵاتییانی نیگەرانکردووەو بـەرپـرسـانـی ئـیـداریـی بە کەمتەرخەم وەسفدەکەن.

عومەر ئەحمەد کە دانیشتووی کەرکوکە، ئاماژە بەوەدەکات: لەوەتەی هەیە کەرکوک پاکوخاوێنی بەخۆیەوە نەبینیوەو زبڵ‌و خۆڵ‌و خاشاکێکی زۆر شارەکەیان داپۆشیوەو کەس خۆی ناکات بە خاوەنی کێشەکە، بەهۆی کۆبوونەوەی ئەو هەموو خۆڵ‌و خاشاکەوە، ئەگەری بڵاوبوونەوەی چەندین نەخۆشی هەیە.

هاوکات، کامیل ساڵەیی، قایمقامی کەرکوک، دواکەوتنی ئەو پڕۆژەیە بە زیانگەیاندن بە شارەکە ناودەبات‌و پێیوایە: «ئەگەر ئەو پڕۆژەیە بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، شتێکی گەورەیە».

# کاشێرەکانی مووچەوەرگرتن خانەنشینان گیرۆدە دەکەن

**لاڤە بەشارەت، ئاریان حەسن**

خانەنشینان ڕەخنە لە خراپیی سیستەمی وەرگرتنی مووچەکەیان دەگرن لە ڕێگەی کاشێرەکانەوە، هەندێکیان ئاماژە بە نەمانی پارە دەکـەن تیایداو هەندێکی دیکەش ئاماژە بە بڕانی کارەباو قەرەباڵغی سەرەی مووچەوەرگرتنیان دەکەن.

فاتمە محـەمـەد، کـە خانەنشینی بەڕێوەبەرێتی کارەبایە، گازندە لە قورسیی وەرگرتنی مووچەی مانگانەی دەکات لە کاشێرەکان‌و دەڵێت: «هەموو مانگێک بەشێوەیەکی زەحمەت پارەی خانەنشینییەکەمان وەردەگـریـن‌و بۆ ماوەیەکی کەمیش پارەی تێدا نامێنێت».

پێشتر خانەنشینانی کوردستان مووچەیان لە بنکەی تایبەت وەردەگرت‌و بە دەستیی دەیاندرایە، بەڵام لەساڵی (٢٠٠٣-٢٠٠٤)وە بانکی وەرکا سیستەمی ئایتی هێنایە شاری سلێمانی، تا خانەنشینان بتوانن پارە رابکێشن.

(١٩) هـەزار خانەنشین‌و کەسانی بیانی‌و ئەوانەی ماستەرکارتیان هەیە لەم کاشێرانە پارە ڕادەکێشن.

محەمەد عەلی ساڵح، کە خانەنشینێکی نەخوێندەوارە وتی: بوونی ئەم ئامێرانە بۆ ئێمە بووەتە کێشەیەکی گەورە، چونکە هەڵە دەکەین لە لێدانی پاسۆردی حسابە بانکییەکەماندا».

گــیــرخــواردنــی کــارتــی مووچەوەرگرتنەکەش لە کاشێرەکاندا مــووچــەخــۆران نــاچــار دەکــات کە سەردانی بنکەی سەرەکیی خانەنشینیی بکەن، ئەمەش بە وتەی ئەم خانەنشینە «وەرگرتنەوەی کارتەکان دوو بۆ سێ ڕۆژ دەخایەنێت».

کاشێرەکانی وەرگرتنی مووچەی خانەنشینان بە سیستەمێکی ئەلیکترۆنی کـاردەکـات‌و پەیوەندییان بە مانگی دەســتــکــردەوە هـــەیـــە، هەندێکجار پەیوەندییەکە نامێنێت‌و دەبێتە هۆی وەستانی ئامێرەکەو چەندجارێکیش حاڵەتی وا ڕوویداوە، کە لەکاتی تێکردنی کارتەکەدا تەواوی مووچەی خانەنشینەکە نەهاتووەتەدەرو کەمی هەبووە، کەمیی ئەم ئامێرەش کێشەی دروستکردووە بۆ خانەنشینان، بەتایبەتی لە سەنتەری شاردا، کە بووەتە هۆی قەرەباڵغی‌و سەرەگرتنێکی درێژ، کە بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە تائێستا (٣) ئامێر بەهۆی ئەم کێشەیەوە شکاون.

هەڵۆ محەمەد ڕەشید، بەرپرسی بەشی ئایتی لە خانەنشینی سلێمانی، ئاماژە بەوەدەکات: ئەو سیستەمە سەرکەوتنی بەدەستهێناوەو کارەکانی هاوڵاتییانی ئاسانکردووە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەم ئامێرانە زۆر سادەو ساکارن‌و پێویستیان بە خوێندەوارییەکی زۆر نییە». بەڵام هەڵۆ محەمەد نکۆڵی لە بوونی کێشە نەکرد لە کاشێرەکانداو وتی: هەندێکجار بەهۆی هەڵەی تەکنیکی یان بڕانی کارەباوە یان بەهۆی نەمانی پارە لە ئامێرەکاندا کێشە دروستدەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕۆژانە دووجار پارە دەکەینە ئامێرەکانەوە.



کاشێرێکی پارە وەرگرتن

سەرۆکی حکومەت ١٧٢ کەس بە «نایاسایی» لە وەزارەتی پەروەردە دادەمەزرێنێت 18

# پرۆفیسۆر مایکڵ گەنتەر: قاچاخچێتیی نەوت بەرامبەر (١٤٠)ە

سازدانی: شاڵاو فەتاح



لەم چاوپێکەوتنەدا پرۆفیسۆر مایکڵ گەنتەر، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی تێنیسی ئەمریکیو شارەزای بواری کێشەی کوردی تورکیاو عێراق، پێیوایە: بەقاچاخبردنی نەوت دەبێتە هۆی نیگەرانیی ئەمریکا. گەنتەر پێیوایە: کوردەکان پێویستە ئاگاداری پێگەی نوێی خۆیان بنو بەگوێرەی یاساکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کاربکەن.

مایکڵ گەنتەر دەرکەوتنی کێشەکەی بە «شەرمەزارکەر» ناوبرد، بەڵام ئەوەی دووپاتکردەوە کە نابێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکان، گەنتەر وتی: دوایین ئاشکرابوونی بە قاچاخبردنی نەوت لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئێران هەرچەندە پڕ کێشەو شەرمەزارکەر بوو، بەڵام نابێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکاو هەرێم، ئەمەش لەبەر گرنگی پەیوەندییەکان بۆ هەردوولاو مێژووی ئەو پەیوەندییە، بەڵام دەبێتە هۆی نیگەرانیی ئەمریکا، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەمریکا گەمارۆی ئابووریی بەسەر ئێراندا سەپاندووە بۆئەوەی ئێران ناچاربکات بە مەرجەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان رازی بێت دەربارەی رێگرتن لە بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمیی.

دەربارەی رەگی کێشەکە مایکڵ پێیوابوو: قاچاخچێتیی سەر سنوورەکان رەگەزێکی کۆنی کەلتووری نەتەوەی کوردە، ئەمەش بەشێوەیەکی سەرەکی ئەوەیە، کە کوردەکان هەر ئەو سنوورە نێودەوڵەتییانەی جیایاندەکاتەوە بە ناشەرعیی دادەنێن، هەر لەبەر ئەمەشە ئەوەی کە بۆ دەوڵەتەکان قاچاخچێتیی نایاساییە، بۆ کوردەکان ئاڵوگۆڕی بازرگانیی شەرعییە.

بە تێڕوانینی کوردەکان، رەگی کێشەکە لە حەزی ئەوان بۆ چالاکیی نایاساییەوە نەهاتووە، بەڵکو لەوەوەیە کە نەتەوەی کورد بەشێوەیەکی ناشەرعیی بەسەر چوار بەشی دەستکرداو بەسەر دەوڵەتی جیاوازدا دابەشکراوە، بەڵام گەنتەر پێیوابوو هۆکاری کێشەکە مادییەو لەم بارەیەوە دەڵێت: سوودی نەوت پێویستە بۆ مانەوەو خۆشگوزەرانیی هەرێم بێت، ئەگەر حکومەتی هەرێمو بەغدا نەگەنە رێککەوتنێکی هەمیشەیی دەربارەی دابەشکردنی سامانی نەوت، چۆن دەتوانین بیر لەوە بکەینەوە کە حکومەتی هەرێم بەدوای رێگایەکی دیکەدا ناگەڕێت بۆ فرۆشتنی نەوت؟

گەنتەر ئاماژەی بە مەترسیی قاچاخچێتیی نەوت کرد بۆ پێگەی کورد لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیداو وتی: ئێستا کە کوردەکانی عێراق دانیان پێدا نراوە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە وەک هەرێمێک لە دەوڵەتی فیدراڵی عێراق، ئەوە هەرێم ناچار دەکات کە کار بە یاسا نێودەوڵەتییەکان بکەن، نەک یاساکانی خۆیان کە بەهۆی نەبوونی دەوڵەتێکی فەرمییەوە بەسەریاندا سەپێنراوە، ئەگەر هەرێم ئەم واجبە نوێیە قبووڵ نەکات، کە بەهۆی پێگە نوێیەکەیەوە بەسەریدا سەپێنراوە، ناتوانێت چاوەڕوانی ئەوە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکات کە رێگەی بدەن بە بەردەوامیی سوود لەم پێگە نوێیە ببینێت.

مایکڵ گەنتەر پێیوابوو: ئەم بابەتە کێشەی ناوخۆیی خولقاندووەو هەربۆیە ئامۆژگاریی حکومەتی هەرێم دەکات هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بدەن، لەم بارەیەوە گەنتەر دەڵێت: ئەم ئاشکرابوونەی قاچاخچێتیی نەوت بووە هۆی ململانێی زیاتر لەنێوان هەرێمو بەغدا، رەگەزەکانی حکومەتی هەرێم لەناوخۆداو تەنانەت لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خۆیاندا، هەر بۆیە زۆر پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێم کە هەوڵبدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.

بەڵام مایکڵ گەنتەر رەشبینیی خۆی پیشاندا بەرامبەر هەنگاوەکانی هەرێم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەو پێیوابوو وەک کێشەکانی دی، ئەم کێشەیەش بە چارەسەرنەکراوی دەمێنێتەوە،لەمبارەیەوە مایکڵ گەنتەر ئاماژەی بە کێشەی پەککەکەو دابەشکردنی سامانە سروشتییەکان کردو لەلایەکی دیکەوە ئاماژەی بە تێوەگلانی بەرپرسانی کورد کرد لەم بەقاچاخبردنەدا، کە چارەسەرکردنی کێشەکە هێندەی تر قورس دەکات، گەنتەر وتی: ئەگەر حکومەتی هەرێم نەتوانێت کۆنترۆڵی پەکەکە لە قەندیل بکاتو نەتوانێت بگاتە رێککەوتنێکی هەمیشەیی لەگەڵ بەغدا دەربارەی دابەشکردنی نەوتو سامانە سروشتییەکان، چۆن چاوەڕوانی ئەوەی لێبکەین بتوانێت کێشەی بەقاچاخبردنی نەوت چارەسەر بکات؟، ئەمەش ئاشکراتر دەردەکەوێت ئەگەر بزانین ئەم بەقاچاخبردنە سوودی شەخسی بۆ هەندێک لە کوردەکان هەیە، سوودێکی ناشەرعیی وەک دەوترێت بۆ کەسانی باڵا لە رژێمی هەرێمدا هەیە، مەگەر قاچاخچێتیی نەوتیش نموونەیەکی دیکەی گەندەڵیی بەربڵاو نییە، کە سەرکردە کوردەکانی پێ تۆمەتبار دەکرێت؟

بەڵام گەنتەر دووپاتی کردەوە کە ئەم کێشەیە نابێتە هۆی تێکدانی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکاو هەرێم، بەڵکو هەرێم دەبێت هەنگاوی جدیی بنێت لە چارەسەرکردنیدا لە بەرامبەر پشتگیریی ئەمریکا بۆ هەندێک کێشەی بنەڕەتی دیکە، وەک (١٤٠)و مانەوەی کیانی هەرێم.

مایکڵ گەنتەر وتی: فاکتەری زۆر زیاتر گرنگ هەیە (لە قاچاخی نەوت) وا لە ئەمریکاو هەرێم دەکات نەهێڵن پەیوەندییەکانیان تێکبچێت، لەگەڵ ئەمەشدا گەمارۆکەی ئەمریکا بۆ سەر ئێران کێشەی زۆر زیاتری لەبەردەمدایە لەوەی ئەمریکا بێتو بەتەنیا کوردەکان تۆمەتبار بکات بە سەرنەکەوتنی ئەو گەمارۆیە، بەڵام هێشتاش بۆ پاراستنی پەیوەندییەکان پێویستە حکومەتی هەرێم ئەمریکا دڵنیابکاتەوە لەوەی هاوکاریی دەکات لە سەپاندنی گەمارۆ بەسەر ئێرانداو هەوڵدەدات قاچاخی نەوتیش کۆنترۆڵ بکات، لە بەرامبەردا دەشێت ئەمریکا یارمەتی کوردەکان بدات لە کۆمەڵێک کێشەی دیکەدا، بۆ نموونە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)و گەرەنتیکردنی مانەوەی حکومەتی هەرێم کاتێک ئەمریکا عێراق جێدەهێڵێت، وەک پلانی بۆ کێشراوە لە چەند مانگێکی دیکەدا.

"کوردەکانی عێراق دانیان پێدا نراوە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە وەک هەرێمێک لەدەوڵەتی فیدراڵی عێراق، ئەوە واجبی دەکات لەسەر هەرێم کە کار بە یاسا نێودەوڵەتییەکان بکەن"

# نەوتی قاچاخ، دەبێتە هۆی نیگەرانیی‌و فشاری ئەمریکا بۆ سەر هەرێم

رۆژنامە

بەقاچاخبردنی نەوت، مەترسیی بۆ سەر پەیوەندییەکانی ئەمریکاو هەرێم دروستکرد، چونکە بە بڕوای چاودێران بۆ یەکەمجارە هەرێم، راستەوخۆ لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەدات لە ناوچەکەدا، هەربۆیە دەنگۆیەکی زۆر لەسەر ئەو بابەتە لەناوخۆو دەرەوەی کوردستاندا دروستبوو، تا ئەوەی گشت بەرپرسانی هەرێمو بەشێوەی جیاواز باسیان لە کێشەکە کرد.

یەکێک لە مەترسییە گەورەکانی ئەم قاچاخچێتییە، بریتییە لە تێکچوونی پەیوەندییەکانی هەرێمو ئەمریکا، بەهۆی سەپاندنی خولی چوارەمی سزاکانی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بەسەر ئێراندا. ئەمریکا هەوڵدەدات، گەمارۆیەکی ئابووریی گشتگیر بەسەر ئەو وڵاتەدا بسەپێنێت، ئەم گەمارۆیەش رووبەڕووی چەندین کێشە دەبێتەوە، یەکێک لەو کێشانەش لە هەرێمی کوردستانەوە دروستدەبێت کە کێشەی بەقاچاخبردنی نەوتو یارمەتیدانی ئابووریی ئێرانە، بەشێوەیەک کە نیویۆرک تایمز دەنووسێت، گەمارۆکانی سەر ئێران، سوودیان نابێت بەهۆی بە قاچاخبردنی نەوتەوە.

شارەزایانی بواری نەوتو زانستی سیاسیی پێیانوایە، ئەم کێشەیە نابێتە هۆی تێکچوونی یەکجارەکی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمو ئەمریکا، بەڵام دەبێتە هۆی نیگەرانیی ئەمریکاو فشاری ئەو وڵاتە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە. پرۆفیسۆر گریگۆری گەوس، پسپۆڕی بواری نەوتو ئابووریی سیاسیی، پێیوابوو: ئەم کێشەیە نابێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکان، بەڵکو دەبێتە هۆی فشاری واشنتۆن لەسەر حکومەتی هەرێم. گریگۆری گەوس لە لێدوانێکدا بە رۆژنامەی راگەیاند: «پێموایە، کێشەکە رۆڵێکی سەرەکیی نابێت لە پەیوەندییەکانی ئەمریکاو کورددا، بەڵام بەدڵنیاییەوە واشنتۆن فشاردەخاتە سەر هەولێرو (سلێمانیش) بۆ وەستانی بەقاچاخبردنی نەوت، لەکاتێکدا کە ئیدارەی ئۆباما دەیەوێت فشاری زیاتر بخاتە سەر ئێران، بەڵام پێموایە، کاریگەریی زۆری نابێت لەسەر پەیوەندییەکان».

مایکڵ گەنتەر کە پسپۆڕێکی زانستی سیاسییەوشارەزای بواری کوردی تورکیاو عێراقە، لە چاوپێکەوتنێکیدا بۆ رۆژنامە، ئەوەی دووپاتکردەوە، کە واشنتۆن نیگەران دەبێت لەم کارەو کارەکەشی بە شەرمەزارکەر ناوبرد، بەڵام بەهەمان شێوەی گریگۆری، گەوس پێیوابوو کە نابێتە هۆی تێکدانی پەیوەندییەکان. مایکڵ گەنتەر لەو چاوپێکەوتنەدا، دەڵێت: «دوایین ئاشکرابوونی قاچاخچێتیی نەوت لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئێران، هەرچەندە پڕکێشەو شەرمەزارکەر بوو، بەڵام نابێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکاو هەرێم، ئەمەش لەبەر گرنگی پەیوەندییەکان بۆ هەردوولاو مێژووی ئەو پەیوەندییانە، بەڵام دەبێتە هۆی نیگەرانیی ئەمریکا، ئەمەش لەبەرئەوەی کە ئەمریکا گەمارۆی ئابووریی بەسەر ئێراندا سەپاندووە بۆ ئەوەی ئێران ناچاربکات بە مەرجەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان رازیبێت، دەربارەی رێگرتن لە بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی».

مایکڵ گەنتەر وتی: «بۆ پاراستنی پەیوەندییەکان، پێویستە حکومەتی هەرێم، ئەمریکا دڵنیابکاتەوە لەوەی کە هاوکاریی دەکات لە سەپاندنی گەمارۆ بەسەر ئێرانداو هەوڵدەدات نەوتی قاچاخیش کۆنترۆڵ بکات. لە بەرامبەردا، دەشێت ئەمریکا یامەرتی کوردەکان بدات لە کۆمەڵێک کێشەی دیکەدا، بۆ نموونە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)و گەرەنتیکردنی مانەوەی حکومەتی هەرێم، کاتێک ئەمریکا عێراق جێدەهێڵێت، وەک پلانی بۆ کێشراوە لە چەند مانگێکی دیکەدا».

د.بایەزید حەسەن، ئەندامی پێشووی لیژنەی نەوتو گاز لە پەرلەمانی عێراقو پەرلەمانتاری نوێ، پێیوابوو: ئەم کێشەیە کاریگەرییەکی سلبی لەسەر پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستانو ئەمریکا دروستدەکات، «لەم کاتەدا، ئەمریکا گەمارۆی ئابووریی بەسەر ئێراندا سەپاندووەو ئێران پێویستی بە بەرهەمی نەوتو گازە، ئەگەر حکومەتی هەرێم ئەم پێویستییە بۆ ئێران پڕبکاتەوە، ئەوە کاریگەریی سلبی دەبێت لەسەر پەیوەندییەکان».

«بەرژەوەندیی کورد لەگەڵ بەرژەوەندیی ئەمریکادایە، هەربۆیە پێویستە کورد بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەبەرچاو بگرێتو دژی بەرژەوەندییەکانی ئەو نەوەستێت، بۆ ئەوەی ئەمریکاش پشتگیریی بەرژەوەندیی کورد لە ناوچەکەدا بکات». بایەزید، پێیوابوو: بەقاچاخبردنی نەوت، لە ناوخۆشدا دەبێتە هۆی لاوازبوونی کارتی کورد بەرامبەر بەغداو تۆمەتبارکرنی بە گەندەڵیی.

کێشەی بەقاچاخبردنی نەوت، لەدوای راپۆرتێکی رۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکییەوە وروژێنرا، لەو راپۆرتەدا باس لەوە کرا کە رۆژانە چەندین تەنکەر نەوتی خاو لە هەرێمی کوردستانەوە دەگوێزرێنەوە بۆ ئێران، ئەمەش بووە هۆی دروستکردنی دەنگۆیەکی زۆر لە ناوخۆو دەرەوەدا.



"گریگۆری گەوس: پێموایە، کێشەکە رۆڵێکی سەرەکیی نابێت لە پەیوەندییەکانی ئەمریکاو کورددا، بەڵام بەدڵنیاییەوە واشنتۆن فشار دەخاتە سەر هەولێرو سلێمانیش بۆ وەستانی بەقاچاخبردنی نەوت"



"بایەزید حەسەن: نەوتی قاچاخ، کاریگەریی سلبی دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمو ئەمریکا"

## بەکر عوسمان: مەسەلەی سەردەشت، مەسەلەی خەڵکی کوردستانە

# بە کردەوە لیژنەیەک نابینین، کار لەسەر کەیسی سەردەشت بکات





سازدانی ئاوارە حەمید- هەولێر

**خانەوادەی شەهیدی رۆژنامەنووس، سەردەشت عوسمان، نیگەرانن لە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە لە تیرۆرکردنی کوڕەکەیانو بەکر عوسمانی برای سەردەشت، لەم دیدارەی رۆژنامەدا، ئاماژە بەوە دەکات: بە کردەوە لیژنەیەک نابینین، کار لەسەر کەیسی سەردەشت بکات.**

**رۆژنامە: دوازدە هەفتە بەسەر تیرۆکردنی رۆژنامەنووس، سەردەشت عوسماندا تێدەپەڕێت، بەڵام تا ئێستا بکوژانی نەدۆزراونەتەوە، ئێوە هەڵوێستان چییە لەم بارەیەوە؟**

* زۆر بەداخەوە، دوای ئەوەی کە زیاتر لە دوومانگ بەسەر تیرۆری سەردەشتدا تێپەڕیوە، تەنیا وەعدو بەڵێن دەبیستین، بەڵام بە کردەوە هیچ شتێک نابینین. ئەو کەمتەرخەمیو بێدەربەستییەی دەزگا پەیوەندیدارەکان بەرامبەر بە دۆسیەی سەردەشت، جێگەی رەخنەو نیگەرانیی زۆری ئێمەیە.

هاوکات، ئەو حیزبو هێزە سیاسییانەی کوردستان، تا ئێستا بە هەڵوێستی رۆشنو ئاشکراو بەرپرسیارانە، وەک پێویست هەڵوێستیان وەرنەگرتووەو جێگەی رەخنەیە. مەسەلەی سەردەشت، مەسەلەی خەڵکی کوردستانە، زۆربەی خەڵکی کوردستان بە نارەزایەتی فراوانو سەراسەریی، ئەو تاوانە گەورەو خوێنڕێژییە دڕندانەیەیان ئیدانە کرد.

**رۆژنامە: لەسەر پێشنیازی سەرۆکایەتیی هەرێم، لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە تیرۆکردنی سەردەشت عوسمان پێکهێنرا، سەرۆکایەتیی پەرلەمان، لیژنەی ناوخۆو ئاسایشو ئەنجومەنە خۆجێیەکانی راسپارد بۆ لێکۆڵینەوە، ئایا ئەم لیژنانە هیچ سەردانێکیان کردوون بۆ زانیاریی وەر گرتن؟**

* نەخێر، هیچ لیژنەیەک لەو لیژنانەی ناوتان هێنان سەردانیان نەکردووینو هیچ کەسێکیش زانیارییەکی بە ئێمە نەداوە، ئەمڕۆش بە کردەوە لیژنەیەک نابینین، کار لەسەر کەیسی سەردەشت بکات.

**رۆژنامە: باس لەوە کراوە کە برایەکتان ئەندامە لە لیژنەی لێکۆڵینەوەدا، ئێوە بەشدارن لە لیژنەی لێکۆڵینەوە؟**

* لەماوەی رابردوودا، لە هەندێک شوێنو کەناڵی راگەیاندن، ئەوەندەی گرنگی بەباسی ئەو مەسەلەیە دراوە، ئەوەندە بایەخ بە مەسەلەی تیرۆرو کوشتنی سەردەشتو لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون بۆ بە دادگایی گەیاندنی تاوانباران نەدراوە، نازانم، ئامانجی گرنگیدانو بایەخی ئەم مەسەلەیە چییە؟ بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە شتەکان بە راستیو وەکو خۆی بە هەمووان بگەیەنم.

نەخێر، هیچ کەسێکی ئەندامی خێزانەکەمان، ئەندامی لیژنەی ناوبراو نییە، دوای پێکهاتنی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کەیسی سەردەشت، ئەو برایەم خرایە نێو لیژنەکەوە، لە یەکەم رۆژدا، داوای هێنانەدەرەوەی ئەو برایەمان لەنێو لیژنەکە کردو قبوڵ کرا. لەو کاتەدا، ئەو برایەم لە باری روحیو عاتیفیو دەروونییدا، لە بارێکی زۆر خراپدا بوو، بەشداربوونی لە نێو لیژنەکە، کاریگەریی زۆر خراپتری دەبوو لەسەری، هەروەها دانانی ئەو برایەم بۆ نێو لیژنەکە، بە داوای رەسمییو نووسراوی رەسمیی، وەک ئەفسەری ئاسایش بووە. پرسی نوێنەرایەتی خێزانی سەردەشت بۆ نێو لیژنەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئێمە باس نەکراوە، ئەو کارە هیچ پەیوەندییەکی بە نوێنەرایەتیی خانەوادەی سەردەشتەوە نەبوو، هاوکات پێکهاتەی لیژنەی لێکۆڵینەوە، لیژنەیەکی تەواو ئەمنییە، لە نێو لیژنەیەکی تەواو ئەمنیدا، جێگەیەک بۆ نوێنەرایەتیی خانەوادەییو عاتیفی نامێنێتەوە.

**رۆژنامە: بۆچی داوای هەڵوەشاندنەوەی لیژنەی لێکۆڵینەوەتان کرد؟**

* لەبەرئەوەی کە ئەو لیژنەیە لە سەرەتاوە تا ئێستا هیچ کارو شتێکی دیار نییە. راگرتنی خانەوادەو هاوڕێیانی سەردەشت لەم ئازارەدا، بێئامانو بێئاکامە، زۆر سەختو ناخۆشە، درەنگکەوتنی ئەنجامی کارکردن لەسەر ئەو دۆسیەیە رۆژ لەدوای رۆژ ناخۆشترو ئازاری زیاتری هەیە بۆمان، بۆیە ئێمە داواکارین لە جیاتی لیژنەی لێکۆڵینەوە، ئێستا داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی نوێ دەکەین کە لە رۆژنامەنووسانو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانو رێکخراوە نێونەتەوەییەکان، کە بەرگریی لە ئازادیی دەربڕین دەکەن پێکبێت. دیارە لە لیژنەیەکی لەو جۆرەدا، نوێنەرایەتیی ئێمەش وەک کەسوکاری سەردەشت مانای دەبێت.

**رۆژنامە: پارێزگاری هەولێر دەڵێت، تا ئێستا نازانرێت کە سەردەشت لەسەر چی کوژراوە، بۆیە نابێت لە ئێستادا پەیکەری بۆ دروستبکرێت؟**

*دانانی «پەیکەری ئازادیی بۆ سەردەشت عوسمان» لە نێو شاری هەولێردا، پرۆسەی دادگاییکردنی تاوانبارانو بکوژانی سەردەشت نییە، تا پێویستی بەئەنجامی لێکۆڵینەوە بێت.

سەبارەت بە هۆکاری تیرۆری سەردەشت، ئەوە بۆ هەموو خەڵکی کوردستانو دونیا رۆشنە، کە سەردەشت وەک رۆژنامەنووسێکی بوێر تەسلیمی هەڕەشەو سەرکوتکردن نەبوو.

---

## پێشەوا تۆفیق، ئەندامی لیژنەی کشتوکاڵ لە پەرلەمانی کوردستان:

# حکومەت کشتوکاڵی کردووەتە کەرتێکی لاواز





سازدانی: سەنگەر جەمال

**پێشەوا تۆفیق، ئەندامی لیژنەی کشتوکاڵو ئاودێریی لە پەرلەمانی کوردستان، لە دیدارێکی رۆژنامەدا باس لە لاوازیی کەرتی کشتوکاڵ دەکاتو پێیوایە: حکومەت وەک پێویست گرنگیی بەو کەرتە نەداوە.**

**رۆژنامە: کشتوکاڵ کەرتێکی گرنگە بۆ پێشخستنی وڵاتو بووژاندنەوەی لادێکانو زیادکردنی بەرهەم، بەڵام باس لەوە دەکرێت حکومەت وەک پێویست گرنگیی پێنەداوەو کەرتێکی لاوازە، ئەو کەرتە لە کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟**

* کشتوکاڵو ئاو گرنگییان زۆرەو پایەیەکی ئابووریی گرنگن بۆ پێشخستنی وڵاتو کاریگەریی هەیە بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانو بووژاندنەوەیانو زیادکردنی بەرهەمی جوتیاران، هەرێمی کوردستان لەرووی سەرچاوەی ئاوو زەویوزاری کشتوکاڵییەوە هەرێمێکی دەوڵەمەندەو گونجاوە بۆ کشتوکاڵکردن، بەڵام بەداخەوە بەهۆی ئاوڕنەدانەوەی جدییو پێویست لەو کەرتە لەلایەن حکومەتەوە، بەوەی کە پلانێکی تۆکمەو بەهێز نەبووە لە رابردوو بۆ بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ لە کوردستان، بۆیە رۆژ لەدوای رۆژ ئەو کەرتە لە پاشەکشەدا بووەو بووەتە کەرتێکی لاواز.

**رۆژنامە: کەمیی بەرهەمی خۆماڵییو هاوردەکردنی زۆربەی خۆراکەکان لەدەرەوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ راتان لەسەری چییە؟ پێویستە چی بکرێت بۆ بووژاندنەوەی کشتوکاڵو زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆ؟**

* پشتگوێخستنی وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ زیادکردنی بەرهەمی خۆماڵییو رێگەگرتن لە هاوردەکردنی زۆربەی خۆراکەکان لەدەرەوەو یارمەتینەدانی جوتیاران وەکو پێویست بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمە خۆماڵییەکانیانو هاوکارینەکردنیان بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمی خۆماڵیی، وایانکردووە بەرهەمی خۆماڵیی کەم بێت لەچاو بەرهەمی هاوردەکراو، بۆیە دەبێت حکومەت گرنگیی زیاتر بدات بە بەرهەمی خۆماڵییو وەزارەتی تایبەتمەند بۆ ئەم مەبەستە ساڵانە پلانی هەبێت.

پێویستە یارمەتی جوتیاران بدرێتو کارئاسانییان بۆ بکرێت لەکاتی ساغکردنەوەی بەروبوومەکانیان لە بازاڕدا، لەلایەن حکومەتەوە ساڵانە راهێنان بکرێت بە جوتیارانو پاداشتی ئەو جوتیارانە بکرێت، کە بەباشترین شێوە لەرووی چۆنێتیو چەندایەتی بەرهەمیی کشتوکاڵیی هەبووە.

**رۆژنامە: ئایا ئاستی هاوکاریی حکومەت چۆنە بۆ جوتیاران؟ لەکاتێکدا ئێستا زۆربەی گوندەکان بەرەو چۆڵبوون دەچنو کشتوکاڵیان تێدا ناکرێت؟**

* هەرچەندە حکومەت هاوکاریی جوتیارانی کوردستان دەکات، بەوەی لەرێگەی بانکی کشتوکاڵییەوە سولفەیان دەداتێو ساڵانە تۆو و پەینی کیمیایی دەدرێت پێیان لەکاتی کشتوکاڵکردن بەتایبەت چاندنی دانەوێڵە، هەروەها پێدانی خانووی پلاستیکی بۆ زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆو پێدانی گازوایل لەکاتی چاندنو هەڵگرتنەوەی دانەوێڵە بە جوتیاران، بەڵام ئەمانە بەتەنیا پێویست نابن بۆ هاوکاریکردنی جوتیاران، چونکە گرنگینەدان بە گوندەکان بەوەی کە پشتگوێخراونو لە جێبەجێی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانو کەمترین پرۆژەیان بۆ جێبەجێکراوە، بووەتە هۆکارێک بۆ ئەوەی بەرەبەرە روو لە چۆڵبوون دەکەنو کشتوکاڵیان تێدا ناکرێت.

**رۆژنامە: ئێستا وەرزی وەرگرتنی دانەوێڵەیە لە جوتیاران، بەڵام رەخنەیەکی زۆر لە کەمیی نرخو کەمیی سایلۆ دەگیرێت، ئەوەش جوتیارانی تووشی گرفت کردووە رای ئێوە لەسەر ئەوە چییە؟**

* دیاریکردنی نرخی دانەوێڵە لەلایەکو نەبوونی سایلۆو کەمیی سایلۆ لەلایەکی دیکەوە گرفتێکە ساڵانە رووبەڕووی جوتیارانی هەرێمی کوردستان دەبێتەوەو ئەمەش تووشی گرفتی کردوون لەکاتی هەڵگرتنەوەی دانەوێڵەکانیان لە وەرزی دروێنەدا، نرخی دانەوێڵە لەمساڵدا جیاوازیی هەیە بەراورد بە ساڵی رابردوو بەشێوەیەک کەمی کردووە، کە ئەمساڵ نرخی یەک تەن گەنمی دەرەجە یەک (٦٥٠) هەزار دینارە، بەڵام پار نرخەکەی (٨٥٠) هەزار دینار بووە، هەروەها گەنمی دەرەجە دوو (٥٥٠) هەزار دینار بووە ئەمساڵ، بەڵام پار (٧٥٠) هەزار دینار بووە، ئەمەش هۆکارێکە جوتیار سارد دەکاتەوە لە گرنگیدان بەپیشەکەی، شێوازی وەرگرتنی دانەوێڵە گرفتێکی دیکەیە رووبەڕووی جوتیاران دەبێتەوە، کەمیی سایلۆ وایکردووە چەند ناوەندێک بکرێتەوە بۆ وەرگرتنی دانەوێڵەی جوتیاران، بەڵام ئالیەتی وەرگرتنی دانەوێڵە تێیاندا زۆر بەسستی بەڕێوەدەچێتو جوتیارانی نارەحەت کردووە، ئێمە لە لیژنەکەمان داوامان کردووە لە حکومەت چارەسەری وەرگرتنی دانەوێڵە بکات.

چارەسەری ئەم گرفتەش بەوە دەکرێت، کە وەزارەتی بازرگانییو پیشەسازی کوردستان چەند سایلۆیەک دروست بکات لە چەند ناوچەیەکی جیاواز، دیاریکردنی نرخو وەرگرتنی دانەوێڵە وەزارەتی بازرگانییو پیشەسازی کوردستان جێبەجێی بکات، لەکاتی وەرگرتنی دانەوێڵە هاوکاریی جوتیاران بکرێت بۆ گواستنەوەی دانەوێڵەکانیان بەکەمترین تێچوو بۆ سایلۆ یان ناوەندی وەرگرتن.

**رۆژنامە: ماوەی رابردوو یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ بە دەنگی زۆرینەی پەرلەمانتارانی دەسەڵات پەسەندکرا، تێبینیەکانی ئێوە چیبوون لەسەری؟ بۆچی ئەوانەی ئێوە بەهەند وەرنەگیرا؟**

* پرۆژەیاسای وەزارەتی کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاو دوای ئەوە هات، کە هەردوو وەزارەتی ناوبراو بوون بەیەک وەزارەت بۆ تەرشیقکردنی حکومەت.

ئێمە تێبینییەکانی خۆمان (ئەندامانی گۆڕان لە لیژنەکە) بەنووسراو دایە سەرۆکایەتی لیژنە لەسەر پرۆژەیاساکە، تێبینییەکانی ئێمە لەسەر هەیکەلی وەزارەت بوو، بەوەی کە وەزارەت هەیکەلەکەی گەورەتر بوو لە ئەرکو ئامانجەکانی، بۆ نموونە دوو بریکاری وەزارەت هەبوو، لە پرۆژەیاساکەدا یەکیان بۆ کاری وەزارەت بۆ کشتوکاڵو ئەوی دیکە بریکاری وەزارەت بۆ سەرچاوەکانی ئاو، هەریەکە لەمانەش نووسینگەیەکی تایبەتی هەبوو، داوامان کرد یەک بریکاری وەزارەت هەبێتو یەک نووسینگەی بریکاری وەزارەت هەبێت.

(٤) راوێژکار بۆ وەزارەت لەگەڵ (١٢) بەڕێوەبەرێتی گشتیی کە سەر بە وەزارەت بن پێشنیازمان کرد، کە ژمارەی بەڕێوەبەرێتییە گشتییەکان کەمبکرێتەوە، چونکە زۆرنو دەکرێت هەندێکیان بکرێنە بەڕێوەبەرێتیو سەر بە بەڕێوەبەرێتی گشتیی دیوان بن. بۆیە پێمانوابوو: هەیکەلی وەزارەت بەمشێوەیەی دانرابوو بەشکردنی ئەو پۆستانەیە لەلایەن حیزبە بەشداربووەکانی حکومەت بەتایبەت پارتیو یەکێتی لەنێوان خۆیاندا، نەک گرنگیدان بە کەرتی کشتوکاڵ، پێشنیازەکانمان لەناو هۆڵی پەرلەمان خرایە دەنگدانەوە، بەڵام بەداخەوە بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان، ئەوانەی کە پەرلەمانتارانی دەسەڵاتن رەتکرایەوە.

**رۆژنامە: چەندین ناوچە هەیە کشتوکاڵینو فەرامۆشکراون، کە دەشێت بە دروستکردنی کارگە ببووژێنرێنەوەو سوودیان لێببینرێت بۆ ناوخۆو دەرەوەش، بۆ کارگەیان لێ دروستناکرێت؟**

* چەندین ناوچەی کشتوکاڵیی گرنگ بوونی هەیە لە کوردستان، کە ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوەو فەرامۆشکراونو وەک پێویست گرنگییان پێنەدراوە، بۆیە پێویستە وەزارەتی بازرگانییو پیشەسازیی پلانی هەبێت بۆ دروستکردنی کارگە لەم ناوچانە بەهەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاو.

**رۆژنامە: حکومەت چۆن دەتوانێت گەشە بە کەرتی کشتوکاڵ بدات؟ ئێوە چۆن حکومەت ناچار دەکەن بەجدییو کاری زیاتر بکات؟**

* بە تەرخانکردنی بڕێکی زیاتری بودجە ساڵانە لە بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ کشتوکاڵو گرنگیدان بۆ جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژیی (٥) ساڵەی وەزارەتی کشتوکاڵ.

هاوکارییو یارمەتیدانی جوتیاران بەپێدانی سلفەو ئامێری کشتوکاڵیی پێشکەوتوو، کردنەوەی خول بۆیانو ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی کوردستان لەرێگەی گەیاندنی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆیانو گرنگیدان بە کەرتی ئاژەڵدارییو باخدارییو ساغکردنەوەی بەرهەمی ساڵانەی جوتیاران لە بازاڕدا، ئەمانەو چەندین هۆکاری دیکە حکومەت دەتوانێت کەرتی کشتوکاڵی گەشەپێبدات.

بە پەسەندکردنی پرۆژەیاساو بڕیاری گرنگ بۆ خزمەتکردنی کشتوکاڵو گوندنشینان لەلایەن لیژنەکەمانەوە دەتوانرێت حکومەت ناچار بکرێت کاری زیاترو جدیی بکات بۆ بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ.

تاقیگەی بەشی کیمیای زانکۆی سلێمانی ژینگە پیس دەکات 20

# سەرۆکی حکومەت ١٧٢ کەس بە «نایاسایی» لە وەزارەتی پەروەردە دادەمەزرێنێت

شاراو هاوڕێ

بەپێی چەند زانیارییەک د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەمساڵدا لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە (١٧٢) کەسی بە شێوەیەکی نایاسایی دامەزراندووە، لەکاتێکدا تائێستا بە ڕەسمیی هیچ فەرمانبەرێک دانەمەزراوە.

ڕۆژی (٧/١٢) لە تەلاری پەرلەمان لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ سەفین دزەیی، وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا کۆبووەوەو بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە، کە لە سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە دەستیکەوتوون، وەزیری پەروەردە لەو کۆبوونەوەیەدا ئەوەی ئاشکراکردووە، کە د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێم (١٧٢) کەسی لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە دامەزراندووە، کە ئەوە بە کارێکی نایاسایی دادەنرێت.

سەرچاوەکە (لەبەر هەستیاریی شوێنەکەی نەیویست ناوی بنووسرێت)، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەو ژمارەیەی کە سەرۆکی حکومەت دایمەزراندوون «حصە»ی وەزارەتو هاوڵاتییانەو دامەزراندنی هەر کەسێک بەشێوەیەکی نایاسایی‌و بەدەر لە ڕێنماییەکان مافی هاوڵاتییەکی تر دەخورێت، چونکە هیچ یاسایەک نییە ڕێگا بە سەرۆکی حکومەت بدات بەو شێوە نایاساییە خەڵک دابمەزرێنێت.

لە کۆتایی مانگی نیساندا پەرلەمانی کوردستان یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٠ی هەرێمی کوردستانی پەسەندکردو بە پێی یاساکە لە ساڵی ٢٠١٠دا (١٥٠٠) کەس لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە دادەمەزرێنرێن، لەو ژمارەیە (١٧٢) کەسیان بە نارەسمی دامەزرێنراون، هەرچەند زیاتر لە ٤ هەزار دەرچووی زانکۆو پەیمانگاکان لە مانگی ئەیلولی ٢٠٠٩وە فۆرمی دامەزراندنیان پڕکردووەتەوە، بەڵام جگە لەو(١٧٢) کەسە تائێستا وەزارەتی پەروەردە بە ڕەسمی هیچ دەرچوویەکی دانەمەزراندووەو بڕیارە لە سەرەتای دەستپێکردنی ساڵی خوێندنی ٢٠١٠-٢٠١١ دا دامەزراندن دەستپێبکاتەوە.

ئیسماعیل بەرزنجی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئێمە ئاگاداری دامەزراندنی ئەوژمارەیەین‌و ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایان بە تایبەتی لە گەرمیان، دامەزراون، بە تایبەتی لە کاتی سەردانی سەرۆکی حکومەت بۆ ئەو ناوچانە، هەروەها لە مانگی ئەیلولدا ژمارەیەکی زۆر لە دەرچووانی کۆلێژی پەروەردەو کۆلێژی بنیات دادەمەزرێنرێن.



هەروەک سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو، کە تائێستا هیچ فەرمانێکی دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکانیان بۆ نەهاتووە.

لە تەنیشت ژووری بەشی «میلاکات»ی بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی سلێمانی چەند لیستێکی جیاواز هەڵواسراون کە زۆربەیان ئەو ناوانەن کە بە واسیتەو بە نایاسایی دامەزراون، وەک لەو وێنانەدا دەبینرێت.





## ژمارەیەک پەرلەمانتار پڕۆژەیەک بۆ یەکخستنی وشەو زاراوەی کوردی ئامادەدەکەن

# «ئەو کارە تاوانێکی گەورەیە بەرامبەر بە زمانی کوردیی‌و مرۆڤی کورد»

ڕاپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا

ژمارەیەک پەرلەمانتار پڕۆژەبڕیارێک بۆ یەکخستنی چەند وشەو زاراوەیەکی زمانی کوردیی دەدەنە پەرلەمانی کوردستان، لەکاتێکدا بە وتەی شارەزایانی زمانی کوردیی ئەو هەنگاوە کاری پەرلەمان نییە، مامۆستایەکی زانکۆی سلێمانی دەڵێت: ئەوە تاوانێکی گەورەیە بەرامبەر بە زمانی کوردیی.

فراکسیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامیی لە پەرلەمانی کوردستان «لە پێناوی یەکگرتنەوەی تەواوەتی هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێم‌و نەهێشتنی هیچ شوێنەوارێکی دووئیدارەیی» (پڕۆژەی بڕیاری یەکخستنی چەند وشەو زاراوەیەک لە هەرێمی کوردستان)ی ئامادەکردووەو ڕۆژی ٢٠١٠/٦/٢٧ بە واژۆی (١٥) پەرلەمانتار پێشکەشی پەرلەمانی کوردستانی کردو لە دانیشتنی ٦/٢٩ ی پەرلەماندا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراو دواتر ئاراستەی لیژنەکانی یاسایی‌و پەروەردەو خوێندنی باڵاو پەرلەمانتاران کرا.

بیلال سلێمان، ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکان‌و ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندن لە پەرلەمانی کوردستان یەکێکە لەو پەرلەمانتارانەی کە واژۆی لەسەر پڕۆژەکە کردووە، ئاماژەبەوەدەکات، لە لیژنەی پەیوەندییەکان‌و ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندن لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتدا ئەو پڕۆژەبڕیارەمان تاوتوێکردو پێمانباشبوو ئاراستەی دەزگای زمانەوانیی بکرێت، چونکە پێمانوایە ئەوە کاری پەرلەمان‌و پەرلەمانتار نییەو پێویست ناکات لە ناو هۆڵی پەرلەماندا گفتوگۆی لەسەر بکرێت.



ئامادەکردنی پڕۆژەیەک بۆ یەکخستنی وشەو زاراوەی کوردیی لەلایەن ژمارەیەک لە پەرلەمانتاران لەکاتێکدایە کە لە هەرێمی کوردستاندا پاشەگەردانییەکی گەورە بەرامبەر بە زمانی کوردیی هەیە، بەڕادەیەک کە دووئیدارەیی زمانی دوولەت کردووەو ئەوەش چەندین کێشەی لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم‌و نووسراوە ڕەسمییەکاندا دروستکردووە.

ئەحمەد وەرتی، سەرۆکی فراکسیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامی، کە فراکسیۆنەکەی پڕۆژەبڕیارەکەی ئامادەکردووە، بە پێچەوانەوە پێیوایە، ئەو مەسەلەیە تەنها ئەرکی دەزگایەکی زمانەوانیی نییە، بەڵکو ئەرکی پەرلەمانیشەو وتیشی: «ئەو مەسەلەیە کۆمەڵێک کێشەو گرفتی دروستکردووە لە ناو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا، ئەو وشەو زاراوانە کە ئێمە دەستنیشانمانکردوون، تائێستا بە دوو شێوە دەخوێنرێنەوەو پێویستی بە بڕیارێکی بەپەلە هەیەو گرنگە بۆئەوەی شوێنەواری دووئیدارەیی نەهێڵدرێت.

پەرلەمانی کوردستان مەرجەعەو مافی خۆیەتی کە بڕیارێک دەربکات بۆ یەکخستنی ئەو وشەو زاراوانە، هەر لە خۆشمانەوە ئەو کارەمان نەکردووە، بەڵکو پرس‌و ڕاوێژمان بە خەڵکانی شارەزا کردووە».

د. هۆگر مەحمود، مامۆستای زانکۆی سلێمانی هەرچەند کاری ئەو پەرلەمانتارانە بە دڵسۆزی وەسفدەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باس لەوەدەکات، خۆزگە دەزگا ئەکادیمییەکان کاریان لەوبارەیەوە بکردایە، بۆئەوەی کار نەگەیشتایەتە ئەوەی کۆمەڵێک ئەندامی پەرلەمان کە لە پەرۆشی‌و هەستکردنیان بە وەی کە کەلێنگەلێکی زۆر لە زمانەکەماندا دروستکراوە، قسەی لەبارەوە بکەن، چونکە ئەوە کاری ئەوان نییە، خۆزگە پەرلەمان یاسایەکی دەربکردایە بۆئەوەی ئەو دەزگایانە کارابکرێن، نەک وەکو دەزگایەکی بێناوەڕۆک.

وتیشی: «پێویستە ئەو پرسانە بەرەو ڕووی کەسانی پسپۆڕ بکرێتەوە، مەبەستم زانای زمانە، یان دەزگای ئەکادیمیای کوردیی‌و مەڵبەندی کوردۆلۆجی. ئەگەر ئەو دەزگایانە کارا بوونایە ئەوا ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر بە زمانی کوردیی‌و وشەو زاراوەکانی دەکرێت بەو شێوەیە نەدەبوو، ئەوە کاری ئەوانە چی لەبارە بەکاربهێنرێت، چی لەبارنییە بەکارنەهێنرێت، دواجار پەرلەمان بە یاسا پشتگیری لەو دەزگایانە بکات، بۆئەوەی دامودەزگاکانی بەڕێوەبردن ملکەچی بڕیاری ئەو دەزگا ئەکادیمایانە ببێت».

لە باشووری کوردستانداو لەو ٢٠ ساڵی ڕابردوودا دوو حکومەتیی‌و دووئیدارەیی بەشێوەیەک کاریکردووەتە سەر زمانی کوردیی کە تا ئێستاش لە دامودەزگاکانی حکومەتدا وشەگەلێکی جیاواز بەکاردەهێنرێن، بۆ نمونە ( قوتابی، خوێندنکار، خوێندنگە، قوتابخانە، ئافرەت، ژن هتد...) تەنانەت دوو ئەلفوبێی جیاواز لە هەولێرو سلێمانی دەخوێنرێت.

بە بۆچوونی د. هۆگر، ئەمڕۆ پاشەگەردانییەکی زۆر لە وشەو زاراوەی زمانەکەماندا هەیە، بە شێوەیەک ئەوەی پێش ڕاپەڕین پێڕەوبەندانەترو کورددانەتر بوو لەوەی ئێستا، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر کوردزمانێک‌و هەر خوێندەوارێکی کورد خۆی بەوە دەزانێت کە لە زماندا شارەزایەو پێویستی بە یارمەتی کەس نییە، هەروەها خەمساری بەرپرسانی کورد بەرامبەر بە زمان ئەو هەلومەرجەی خوڵقاندووەو حکومەتی هەرێم بە ڕژدی لایەنی زمانی نەگرتووە، ئەو هەلومەرجەی کە ڕەخساوە وایکردووە کە لە بازاڕی ئەمرۆی نووسینی ئێمەدا شتی زۆر نامۆ لەلایەنی زماندا دەبینرێت، ئەو هەلومەرجە سەدان ڕۆژنامەو گۆڤارو ڕادیۆو تەلەفزیۆنی هێناوەتەکایەوە، کە وایکردووە خەڵکێک خۆی زمانزان نییەو بووەتە بێژەری ئەو کەناڵانە، هێندەی نووسەر زۆرە، هێندە خوێنەر زۆرنییە، ئەوەی شەشی سەرەتایی تەواوکردووەو ئەوەی خولێکی قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری بینیوە خۆی بە نووسەر دەزانێت.

ئەوەیشی خستەڕوو، ئەو جۆرە سیاسەتەی کورد دەیکات‌و ئەو شەڕی خۆکوژییەو دواجار دووئیدارەییە، لەسەروو هەموویشیانەوە کردنەوەی ئەو هەموو کۆلێژو بەشە کوردییانە لە قەزاوناحییەکانداو دروستکردنی ئەو هەموو بە ناو ئەکادیمییانە، کە ئەمانە بەرژەوەندی حیزب پێش بەرژەوەندی تر دەخەن، هۆکاری ئەو پاشەگەردانییەن، ئەکادیمیی کورد ڕەچاوی حەزی بەرپرسانی حیزبەکەی دەکات، نەک ڕەچاوی بەرژەوەندی گشتیی، ئەو ئەکادیمییانە خۆیان زمانزان نین‌و خۆیان بە زمانزان دەزانن.

هاوکات د. محەمەد مەحوی، مامۆستای بەشی کوردی لە زانکۆی سلێمانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: دەستکاریکردنی هەر وشەیەک‌و داتاشینی وشەیەکی تر وەکو کاری ئەو ئەندام پەرلەمانانە دەستتێوەردانە لە چۆنێتی دارشتنی زمان لە مێشکی مرۆڤی کورددا‌و خراپکردنی بەکارهێنانی زمان.

وتیشی: «دەستکاریکردنی زمان نە کاری پەرلەمانەو نە کاری پەرلەمانتارە، ئەوە کارەسات‌و تاوانێکی گەورەیە بەرامبەر بە زمانی کوردیی‌و مرۆڤی کورد دەکرێت، هەروەک کورد دەڵێت «نان بۆ نانەوا، گۆشت بۆ قەساب» ، ئەو کارەی ئەندامانی پەرلەمان وەکو ئەوە وایە دارتاشێک نەشتەرگەری مێشکی مرۆڤی کورد بکات، بە پێچەوانەوە پێویستە دەزگایەکی زانستیی‌و ئەکادیمی لە خوارووی کوردستاندا دروستبکرێت، کە بەرپرسیاری زمانی ئاخاوتن‌و زمانی نووسینی کوردی بێت، بەداخەوە ئێمە چەندجارێک داوامانکردووە، بەڵام تائێستا ئەو دەزگایەمان نییە».

بەردەوامبوونی پاشەگەردانی‌و پشتگوێخستنی زمانی کوردیی لە لایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمەوە زیانی گەورە بە زمانی کوردیی دەگەیەنێت، لە کاتێکدا وەکو د. هۆگر ئاشکرایدەکات «چەندین ساڵە ئێمە هاواردەکەین بەردەوامبوونی ئەو پاشەگەردانییە بە زیانی نەتەوەکەمان دەکەوێتەوە، بەڵام کەس گوێی نەگرتووە، خۆزگە بەرپرسانی کورد بیرێکیان لە لایەنی زمان بکردایەتەوە».

**پڕۆژەکە لە چوار مادە پێکهاتووە بەمشێوەیە، یەکەم: ئەو وشەو زاراوانەی خوارەوە بەکارهێنانی ڕەسمییان لە دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان لە نێوان دوو بەکارهێناندا بەمشێوەیەی خوارەوە دەبێت (لە نێوان خوێندنگاو قوتابخانە خوێندنگا بەکاردەهێنرێت، لە نێوان قوتابی‌و خوێندنکار قوتابی بەکاردەهێنرێت، لە نێوان ئافرەت‌و ژن ئافرەت بەکاردەهێنرێت، لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی‌و بەڕێوەبەرێتی بەڕێوەبەرایەتی بەکاردەهێنرێت، لە نێوان پەرلەمان‌و پارلەمان پەرلەمان بەکاردەهێنرێت، لە نێوان پەیوەندی‌و پێوەندی پەیوەندی بەکاردەهێنرێت).**




# بەڵێنەکانی سەرۆکی حکومەت بۆ دەڤەری رانیە، جێبەجێنەکراون

**شاسوار مامە**

بەڵێنەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم سەبارەت بە ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەکی جیا لە دەڤەری رانیە لە دانانی بناغەدا وەستاون‌و رووناکبیرێکی ئەو دەڤەرەش دەڵێت: «ئەگەر سەرۆکی حکومەت توانای جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی نییە، با بەڵێنی بریقەدار نەدات».

لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو لە سەردانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ دەڤەری راپەڕین، چەندین بەڵێنی وەکو: پێکهێنانی ئیدارەی سەربەخۆی راپەڕین، زانکۆی راپەڕین، مۆنۆمێنتی راپەڕین، نەخۆشخانەی (٢٠٠) قەرەوێڵەیی‌و پارکی رانیەو چەندین بەڵێنی دیکە بە دانیشتووانی شارەکە دراوەو بەردی بناغەی پرۆژەکانیش دانراون، بەڵام تائێستا ئەو بەڵێنانە جێبەجێنەکراون‌و بەردەکانیش هەر لە شوێنەکانیان ماون‌و نەبوون بە بناغە.

خەلیل عەلی، رووناکبیر، بە رۆژنامەی راگەیاند: تائێستا هیچ یەکێک لەو بەڵێنانە جێبەجێنەکراون، ئەگەر حکومەت توانای جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی نییە، پێویست ناکات بەڵێنی بریقەدار بە هاوڵاتییان بدات.

هاوکات بەرپرسانی ئیدارەی ئەو دەڤەرە جێبەجێنەکردنی ئەو پرۆژانە دەبەستنەوە بە دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەوە لە پەرلەمان.

عەلی حەمەد وسوو، قایمقامی رانیە، لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە وتی: بەهۆی دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەوە، جێبەجێکردنی پرۆژەکان دواکەوتوون‌و لە ئایندەیەکی نزیکدا دەست بە جێبەجێکردنی بەشێکی ئەو پرۆژانە دەکرێت، وتیشی: «بڕیارە بەڵێنی زانکۆی راپەڕین، مۆنۆمێنتی راپەڕین جێبەجێ بکرێت‌و پرۆژەکانی دیکەش پێدەچێت دوابکەون».

---

# خەلەکان داوای جێبەجێکردنی بەڵێنەکەی حکومەت دەکات

**فاخیر تەلانی**

دانیشتووانی خەلەکان رۆژانە لە قەزای دوکانەوە بە تانکەر ئاوی خواردنەوەیان بۆ دەچێت، وەک خۆشیان دەڵێن هەفتەی دوو بەرمیل ئاویان پێدەرێت، چەندینجاریش بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەکەیان پێدراوە، بەڵام جێبەجێ ناکرێت.

پێش هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٢٥دا جێگری سەرۆکی حکومەت، بڕیاری چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی داو پرۆژەکە بەشێوەیەکی زارەکیی بڕی (٤) ملیار دیناری بۆ تەرخانکراو لە راگەیاندنەکانی دەسەڵاتەوە راگەیەنرا کە بەمزووانە پرۆژەکە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام یەک ساڵ بەسەر ئەو بەڵێنەدا دەڕوات‌و هیچ ئەنجامێکی دیارنییە.

رێباز ئەحمەد عەبدوڵلا، (٢٦) ساڵ، دانیشتووی خەلەکان، رایگەیاند: «نەبوونی ئاو سەرەکیترین کێشەیە، ئەگەر ئاو نەبێت، ئاوەدانیش بەردەوام نابێت».

ناحیەی خەلەکان ماوەی (٥١) ساڵە ناحیەیەو نەتوانراوە کێشەی بێئاویی بۆ چارەسەر بکرێت.

رێباز، ئاماژە بەوە دەکات: شارۆچکەیەکی (٦٠٠) ماڵیی بە تانکەر تێرئاو ناکرێت، وتیشی: «بەرپرسان بەردەوام جەختیان لە چارەسەرکردنی کێشەی ئاو دەکردەوە، بەڵام هیچمان نەبینی».

ئاسۆ بەکر، بەڕێوەبەری ناحیەی خەلەکان، بۆ رۆژنامە وتی: «بڕیاربوو ساڵی پار پرۆژەی ئاوی خەلەکان دەستپێبکرێت لە دوکانەوە بە بۆریی ئاو بگەیەنرێتە ناحیەکە، بەڵام بەهۆی کەموکوڕییەکی زۆر لە دەرخستەکەدا، پرۆژەکە دواکەوت، ئێستاش بەڕێوەبەرێتی ئاوی دەوروبەری سلێمانی (٣٠٠) ملیۆن دیناریان تەرخانکردووە بۆ دیزاینێکی نوێ».

ناحیەی خەلەکانی سەر بە قەزای دوکان ماوەی (٥١) ساڵە ناحیەیەو لە ئێستادا نزیکەی (٦٠٠) ماڵەو نزیکەی (٣) هەزار کەس لەم شارۆچکەیەدا دەژین.

---

# نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان

**سڵاوی باوکێک بۆ بەڕێزتان**

وەک بەڕێزتان ئاگادارن تەنهاو تەنها بۆ وەرگرتن لەزانکۆ تەنها بەرزیی نمرەیە؟؟

ئێمە لە کوردستان‌و حکومەتی هەرێم وەزارەتی پەروەردە بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی تاقیکردنەوەکانمان هەیەوکارەکەیان بروانامەو رێنمایی‌و پرسیاری تاقیکردنەوەگشتییەکانەولیژنەیەکی باڵای تاقیکردنەوە گشتییەکان هەیە کە سەرۆکەکەی مامۆستا (باپیرە) وەک بەڕێوەبەری گشتی، کاریان چییە وەرگرتنی پرسیار بۆ گشت قۆناغەکان‌و هەڵبژاردنی وەک باسدەکرێت‌و وردبینیکردنی، بەڵام ئەمساڵ لەوەدەچێت بێ ئاگابن لەپرسیارەکانی زمانی ئینگلیزی‌و مراسەلاتی قۆناغی بازرگانی کە بەزمانی ئینگلیزیە (وەک باپیر دەڵێت هەڵەی هونەرییە؟؟؟!!)

أ- مامۆستا باپیر لە رۆژنامەدا دەڵێت هەڵەکان بچوکن‌و تەنها لە (دەنگەکان)دا کە وانییەو ئەوە وەڵام نییە لەو بەڕێوەبەرە گشتییەوە کە پەردەپۆش دەکات، تەنهاو تەنها بۆ کورسیەکەی‌و ئەو پارەیەی وەریدەگرێت خۆی‌و لیژنەی باڵا لەسەر حیسابی فەقیرو هەژارو قوتابی‌و خوێندکار.

ب- ئەوە لەلایەک، ئەی موراسەلات بۆ چی وا وەڵام دابەشبکرێت‌و شێخ حسێن بڵێت تەنها یەزدان هەڵە ناکات، ئەی لیژنەی باڵا تۆ لەکوێیت‌و چارەنووسی گشت خوێندکارانی وێژەیی‌و زانستی‌و بازرگانی چۆن دەبێت.

ج- مامۆستا شێخ حسێن دەڵێت لەبەرژەوەندیی قوتابی‌و خوێندکار موراسەلات وردبینی دەکرێت ئای لەو بێ ئاگاییە وەڵام دراوە بەقوتابی.

د- جەنابی بەڕێز لیژنەیەکی یاسایی لەدەرەوەی وەزارەت بەسەرۆکایەتی جەنابت دابنێ با سزای ئەوانەی تەنها بۆ پارە یاریی بە چارەنووسی قوتابی‌و خوێندکاران دەکەن، بدەن.

چاوەڕوانی هیممەتی جەنابتین‌و وەک مامۆستاو باوکو خەمخۆر با ئەم بێ سەروبەرییە کۆتایی بێت.

---

# بۆ بەڕێز/د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان



**بابەت/پێشنیاز**

من کە ناوم لای خوارەوە هاتووە هاوڵاتییەکی شاری سلێمانیم، وەک کوردێک هەست بەلێپرسراوی دەکەم‌و بەزەرووری دەزانم پێش بەو ئاگرە بگرن کە زۆری لێ سوتاندین‌و ئەگەریش هەیە زۆری دیکە بسووتێنێت.

من پێش سێ ساڵ لەمەوبەر هاوپێچ لەگەڵ چەندین دۆکیۆمێنت‌و دروستکردنی چەند لیژنەیەکی جیاجیا کە شاهیدی تاقیکردنەوەی پرۆژەکەی من بوون کە هەستام بەدروستکردنی ئامێرێکی ئاگرکوژێنەوە کە لەرێگای هەستیاری دوکەڵ کاردەکات لەکاتی بوونی دوکەڵدا ئەم ئامێرە هەڵدەستێت بەچەند کاردانەوەیەک:

١- زەنگ لێدان لەهەموو بیناکەدا.

٢- پەیوەندی تەلەفۆن دەبەستێت لەگەڵ چوار شوێنی جیاوازدا بۆ نموونە:

أ- بنکەی ئاگرکوژێنەرەوە. ب-نەخۆشخانە.
ج-پۆلیسی ناوچەکە. د-ئیدارەی بیناکە.

٣- بڕینی تەزووی کارەبا لەشوێنی رووداوەکەو چواردەوری شوێنەکە تا لەڕێی ئاگرەکەوە کێشەی کارەبا دروست نەبێت.

٤- کوژاندنەوەی ئاگرەکە بە ماددەی پێویست‌و تایبەت بەشوێنەکە.

٥- کارپێکردنی فەرارەی دەنگو رەنگ لەدیارترین شوێنی بیناکە.

دۆکیۆمێنتەکان:

روونکردنەوەی ئەم پرۆژەیە لەچاوپێکەوتنێکی وەزیری ناوخۆ.

٢- تاقیکردنەوەی ئامێری داهێنراو بەئامادەبوونی بەڕێوەبەرایەتی ئاگرکوژێنەوەی سلێمانی.

٣- پەسەندکردن‌و پاڵپشتی کردنی پرۆژەکە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی هەولێر، سلێمانی، گەرمیان.

٤- پیشاندانی پرۆژەکە لەکەناڵی ئاسمانی کوردسات‌و لۆکاڵی خاکو گەلی کوردستان.

٥- بڵاوکردنەوەی هەزاران پۆستەرو دەلیل لەهەموو شارەکانی کوردستان.

بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانییە کەمتەرخەمی‌و پشتگوێخستنی هەموولایەکی گرتەوە نەک حکومەت تەنانەت رێکخراوەکان‌و خاوەن باڵەخانەو تەواوی شوێنە گشتییەکانیش خەمساردانە سەیری بابەتەکەیان کرد.

لەگەڵ ئەمانەشدا خۆشبەختانە هەوڵی جدیم داوە بۆ بەردەوام بوون‌و درێژەپێدان‌و دەوڵەمەندکردنی هەمان کارو ئیشکردنم وەک یاریدەدەری راهێنەری ئاگرکوژێنەوە لەگەڵ کەسانی پسپۆڕی بیانی‌و چەندین بڕوانامەم وەرگرتووە لەسەر هەمان کار لەوانە:

١- بەکارهێنانی ئامرازی هەناسەدان (Breathing Apparatus).

٢- چۆنیەتی بەکارهێنان‌و پشکنینی هەموو جۆرە بتڵەکانی ئاگرکوژێنەوە (Fire Extinguisher).

٣- تەواوکردنی خولی لێخوڕین‌و بەکارهێنانی پەمپی ئۆتۆمبیلی ئاگرکوژێنەوە (Driver is Pump Operation).

٤- کۆرسی تیۆری بوون بەڕاهێنەر (The Trainer Course).

ماوەتەوە بڵێم بۆ دواین هەنگاو بۆ پێشخستنی هەموو تواناکانم دروستکردنی دیدارێکە لەگەڵ جەنابی سەرۆکی حکومەت‌و هەماهەنگی کردن لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار.

**هەردی وەهبی**
**یاریدەدەری راهێنەری ئاگرکوژێنەوە**

---

# رووداوەکەی ئوتێل سۆما

**شەوی ١٦/١٥ی ئەم مانگە لە کارەساتێکی ئاگرکەوتنەوەدا زیاتر لە٥٠ هاوڵاتی بیانی‌و ناوخۆیی بوونە قوربانیی، بەپێی زانیارییەکان کەمتەرخەمیی لەزۆر لایەنەوە هەبووە.**

**بە رای تۆ: ١. تاچەند حکومەت لە کەموکوڕیی دروستکردنی تەلارەکاندا کەمتەرخەمە؟ ٢. بۆچی گرنگیی بە سیستمی ئاگرکوژاندنەوە نەدراوە؟ ٣. تاچەند حکومەت دەتوانێت بەر بەکارەساتی لەناکاو و سروشتی بگرێت؟ ٤. هەر بۆچوونێکی تر.**

**زەردەشت**

لەم هەرێمەی ئێمەدا هەمووشتیک نرخی خۆی هەیە تەنها بەنرخترین سەرمایەی ژیان نەبێت کە مرۆڤە، لە هەمووی سەیرتر ئەم حکومەتی هەرێمەی خۆمان زۆر خۆی بە موهیم ئەزانی بەخەیاڵی خۆی ئاستی پێشکەوتنی خۆی لەئاستی وڵاتانی پیشەسازی‌و نیمچە پیشەسازیدا ئەبینێت بەڵام توانای رووبەڕووبوونەوەی بچووکترین کارەساتی نییە.

**شەپۆل-بەریتانیا**

بەڕێزان...... بێ بوونی مەرجەکانی تەندروستی‌و پاراستن (Health and Safty) لە دروستکردنی بیناو باڵەخانەو شوێنی گەشتوگوزاردا، هەر رۆژێ روداوێک ڕوودەدات لەو شوێنانەی کە ئەم مەرجانەی تیا نەبێت، ئەوە دڵنیابن کە زۆر لەم جارە جەرگبڕتر دەبێت.

**دیە**

بەبڕوای من لەڕوداوی لەم جۆرەدا ئەتوانین بڵێین حکومەت بەشێکی زۆری بەرپرسیارێتیەکەی دەکەوێتە ئەستۆ چونکە ڕەچاوی مەرجی شارەزایی بازرگان و سەرمایەدارانی ڕەچاونەکردوە کە پێویستە ئەو کەسانەی ئەمجۆرە کارانە ئەنجام ئەدەن کەسانی پسپۆڕو شارەزابن لەو بوارەدا چونکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە سەلامەتی هاوڵاتیانی هەرێمو بێگانەوە.

**شیلان**

بە بیروڕای من کارەساتێکی خەمبار بوو وە کۆمەڵێک هۆکار هەبوون بێ پلانی ئەندازیار لەم بوارەدا ئەبوایە حسابی رووداوی بکردایە هەروەها بەرپرسی ئوتیلەکەش کەمتەرخەم بوو لەدانانی پێویستی سەلامەتی.

**نێرگز**

هەموو ئەم رووداوانە هەڵەی حکومەتە. لەبەرئەوەی چاودێری وردی هیچ پرۆژەیەک ناکرێت، ئەوانەی (مقاولەکان) کە پرۆژەکان بەئەنجام دەگەیەنن یان کەسوکاری مەسئولن یان بەبەرتیل و گەندەڵی پرۆژەکانیان بۆ دەرچووە.

**کوردستان**

من نامەوێ باسی ئەوە بکەم کە کەموکوڕیی‌و کەمتەرخەمی هەبووە لە حکومەتدا چونکە ئەسڵەن حکومەت هەر نییە تا تانەو رەخنەی لێبگرم، بەس ئەوەندە ئەڵێم لەکوێیە خاوەنی هۆتێل سۆما؟!! بۆ بەتەنها جارێک هەر دوای ئەو کارەساتە جەرگبڕە پرسەو سەرەخۆشی نەنارد بۆ کەسوکاری قوربانیان؟!!

**بۆ ژمارەی داهاتوو:**

**دوای بەشداریکردنی بە لیستێکی سەربەخۆ لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، یەک ساڵ لەمەوبەرو لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ بزوتنەوەی گۆڕان وەک بزوتنەوەیەکی سیاسی دەرکەوت، لەو بەروارەوە تائێستا گۆڕان وەک ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەمانی کوردستاندا کاردەکات.**

**بەڕای تۆ:**
**١- ساڵێک لەتەمەنی گۆڕان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟ ٢- لەخۆ راگەیاندنییەوە تائێستا هەڵەو کەموکوڕیەکانی بزووتنەوەی گۆڕان چی بوە؟ ٣- کارکردنی بزوتنەوەی گۆڕان لەبوارەکانی، سیاسی، راگەیاندن، کۆمەڵایەتی، ئۆپۆزسیۆن بون، پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکیەکان، لە رابردوودا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟ ٤- گۆڕان لەداهاتودا چی بکات؟**

**راو بۆچوونەکانتان لەڕێی ئەم ناونیشانانەوەبەرۆژنامەدەگات:**
**١. دوانگەی سبەی** (www.sbeiy.com)
**٢. ئیمەیلی:** nawxo.rozhnama@yahoo.com

---

# روونکردنەوە بۆ رۆژنامەی رۆژنامە

لە ژمارە (٥٩١)ی رۆژی سێشەممە ٢٠١٠/٧/٢٠ لە لاپەڕە (١٧)ی رۆژنامە بەڕێزەکەتان بابەتێک بەناوی (بازرگانیی بە تەندروستی خەڵکەوە دەکرێت، ریکلامکردن بۆ دکتۆرو دەرمان دەبێتە دیاردە).
بڵاوکراوەتەوە کەتیایدا هاتووە: (وەزارەتی تەندروستی بە بڕیارێک شەرعییەت بە سازدانی ئەو ریکلامانە دەدات‌و ......)
بەداخەوە لە بەشی یەکەمی بابەتەکەدا لەگەڵ ئەوەی ئاماژە کراوە بە نووسراوی ژمارە (٦٤٩٥)ی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان، کە لە ٢٠١٠/٦/٩-دا دەرچووە، بەڵام تەنیا خاڵی یەکەمی ئەو نووسراوە وەردەگرێت‌و دوو خاڵەکەی دیکەی هەمان نووسراو جیادەکاتەوە لە نووسراوەکە، وەک یاسایەکی سەربەخۆ کە ئێمە ئاگامان لێی نەبێت دەیخاتەڕوو، کە ئەمەش ناوردبینییە لە گواستنەوەی هەواڵو زانیارییەکان‌و لێڵکردنی بەرچاوڕوونیی هاوڵاتییانە لە راستییەکان، بۆیە لێرەدا بەپێویستی دەزانین هەمان نووسراوی ئاماژەبۆکراو بۆتان رەوانە بکەین بۆ بڵاوکردنەوەی، چونکە هەرسێ بڕگەی ناو نووسراوەکە بەیەکەوە بەستراون، دیارە رەزامەندیی وەزارەتی تەندروستی لەسەر ریکلامکردن بەبێ رەچاوکردنی دوو بڕگەکەی دیکەی نووسراوەکە نادرێت، کە ئەمەش شەرعییەتدان نییە بە ریکلامکردن، بەڵکو جەختکردنەوەیە لەسەر قەدەغەبوونی ئەو جۆری ریکلامکردنانە، کە لە کەناڵەکانی راگەیاندن دەکرێت بۆ دەرمان‌و دروستکراوە پزیشکییەکان. لەگەڵ رێزدا

**د.خالص قادر ئەحمەد**
**بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی**

ڕێکەوتننامەکانی هەرێم، بۆ ناردنەوەی پەنابەران ئاشکرا دەکرێن

# بە نایاسایی داوای نوێکردنەوەی مۆڵەتی ژمارەیەک سەنتەری رۆشنبیریی دەکرێت



بڕیاری نایاسایی لە پایتەختی هەرێمدا جێی مەترسییە

هەولێر- هەنگاوهاشم

پارێزگاری هەولێرو رۆشنبیریی هەولێر داوا لە چەند سەنتەرێک دەکەن مۆڵەتەکانیان نوێبکەنەوە، یان کـارو چالاکییەکانیان بگوازنەوە سلێمانی، لەکاتێکدا داواکردنی مۆڵەت تەنیا لە رێگەی وەزارەتی ناوخۆوە دەبێت.

مەهداوی ئەحمەد، بەرپرسی دارایی سەنتەری داهین، بە رۆژنامەی راگەیاند: لـەگـەڵ ئـەوەی مـاوەی دووسـاڵ بوو پاداشتمان لە وەزارەتـی رۆشنبیریی و لاوانی حکومەتی هەرێم وەردەگرت، دواتر سەنتەرەکان ئاگادار کرانەوە بۆ بەستنی کۆنفرانس، بۆ ئەم مەبەستەش خۆمان ئامادەکرد بۆ کۆنفرانس، بەڵام لەلایەن نوێنەری پارێزگاری هەولێرەوە پێمان وترا ناوتان تۆمار نەکراوە، ئەمەش واتە پێویستە مۆڵەت نوێ بکەینەوە، لەکاتێکدا بەپێی یاسا نە نوێنەری پارێزگاو نە وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوان بۆی نییە مۆڵەت بە سەنتەر نوێ بکاتەوە، تەنیا وەزارەتی ناوخۆ نەبێت.

شەهرام نامیق، بەرپرسی سەنتەری دەنگی هونەریی بۆ کاروباری ئەدەبی و هونەریی، ئاماژەی بـەوەکـرد: پێویستە مـاوەی دووسـاڵ جـارێـک سەنتەرە رۆشنبیرییەکان کۆنفرانس و هەڵبژاردن بکەن، بەڵام وەزارەتی رۆشنبیریی بۆی نییە مۆڵەت وەربگرێتەوە، کە لە ئێستادا بریاری هەڵوەشاندنەوەی چەند مۆڵەتێکی سەنتەری رۆشنبیریی داوە.

وتیشی: لەساڵی (٢٠٠٦) سەنتەرەکەمان لە سلێمانی مۆڵەتی وەرگرتووە، دواتر لەساڵی (٢٠٠٧) لە هەولێر بڕیاریان دا پاداشتمان پێبدەن، تاوەکو ساڵی (٢٠٠٨)، بەڵام دواتر ئەم پاداشتەمان لێ بڕدرا لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە.

شەهرام ئاماژەی بەوەدا: «بەپێی ئەوەی مۆڵەتی سەنتەرەکەم لە سلێمانی وەرگیراوە، پارێزگاری هەولێر رێگەی نەدا لە هەولێر کۆنفرانس ببەستین، دەبوایە مۆڵەت نوێ بکەینەوە، کە ئەمەش پێچەوانەی یاسایە، بۆیە لەلایەن پارێزگاری سلێمانییەوە، لە کۆیە کۆنفرانسمان بەست».

چالاکوانانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئاماژە بـەوەدەدەن: بەپێی یاسا ناتوانرێت مۆڵەتی هیچ سەنتەرێک رابگیرێت و هـەر کـارێـک پێچەوانەی ئەوەبکرێت، نایاساییە و کارێکی سیاسییە.

هۆگر چەتۆ، یاساناس و چالاکوان لە بواری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بە رۆژنامەی راگەیاند: بەپێی یاسا نابێت مۆڵەتی هیچ سەنتەرێک رابگیرێت، یان داوای مۆڵەت نوێکردنەوەیان لێبکرێت، ئەو سەنتەرانەی لە ئیدارەی سلێمانی مۆڵەتیان وەرگـرتـووە، ئێستا لە هەولێر داوایـان لێدەکرێت مۆڵەت نوێ بکەنەوە، کارێکی نایاساییەو بابەتێکی سیاسییە. وتیشی: «ئەو رێنماییانەی وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوان دەریـکـردووە بۆ سەنتەرەکان، بەشێکی نایاساییە».

بەرپرسانی وەزارەتـی رۆشنبیریش جەخت لەوە دەکەنەوە، کە ئەوان مۆڵەت بە سەنتەرەکان نادەن، بەڵکو تەنیا لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە پرس و رایان پێدەکرێت.

د.شـەمـاڵ حـەوێـزی، بـەرپـرسـی بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیریی و هونەریی هەولێر، بە رۆژنامەی راگەیاند: مۆڵەتی سەنتەرەکان لـەلایـەن وەزارەتـی نـاوخـۆوە دەدرێـت، کە سەرەتا لە پارێزگاوە دەستپێدەکات، وەزارەتی ناوخۆش پرس بە ئێمە دەکات بۆ پێدانی مۆڵەت، واتە وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوان مۆڵەت نادات و مۆڵەت وەرناگرێتەوە.

راشیگەیاند: ئەمساڵ پاداشتی (٣٤) سەنتەری رۆشنبیرییان بڕیوە، هۆکارەکەشی نەبوونی چالاکی بووە، سەنتەریش هەیە لە (٣) ملیۆن زیاتر وەردەگرێت، چونکە چالاکی هەیە.

د.شەماڵ ئەوەشی خستەڕوو: نە نوێنەری پارێزگاو نە وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوان بۆیان نییە مۆڵەت رابگرن، هەر کارێکی لەم جۆرەش نایاساییە، بەڵام ئەو سەنتەرانەی کە مۆڵەتی سلێمانییان هەیە، تێبینیمان لەسەریان هەیە.

# (٥٠٪)ی بۆریی ئاوی سلێمانی نەگۆڕدراوە



راپۆرتی: سیروان عەول

تەنیا (٥٠٪)ی بۆرییەکانی تـۆڕی ئاوی خواردنەوەی ناو شاری سلێمانی گـۆڕدراوە بە بۆری پۆلی ئەسیلین، کە پێشتر بۆری ئاسن و حەوت جۆش بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێنراوە.

بەهۆی خراپیی تۆڕەکان و تێکەڵبوونی لەگەڵ زێراب و کارلێکی بۆرییەکان لەگەڵ کلۆرو مادەکانی ژێر زەویـدا، زۆربـەری تۆڕی ئاوی سلێمانی پێویستی بە گۆڕینە.

لە ساڵانی رابـردوودا بۆریی ئاسنیی، کە پێیدەوترێت (گەڵڤەنایس)یان بۆریی (ئەزبێز) یان (پلاستیک) (بۆریی حەوجۆش) بۆ تۆڕی ئاوی خواردنەوەی گەڕەکان بەکارهاتووەو بە وتەی شارەزایانیش ئەو بۆرییانە مەرجی ئەندازیارییان تێدا نەبووە.

بۆریی ئاسن بە تێپەڕبوونی کات لەگەڵ ترشی ناو زەویدا کارلێک دەکات و دەبێتە هۆی ژەنگهەڵهێنان و بۆریی ئەزبێز زۆر ناسکەو بە کەمترین فشار لەسەری تووشی شکان دەبێت.

ئامانج محەمەد عەلی، ئەندازیاری میکانیک و لێپرسراوی بەشی چاککردنی ئاوی سلێمانی، بۆ رۆژنامە وتی: «گۆڕینی بۆرییەکانی تۆڕی ئاوی خواردنەوە، زیاتر بەهۆی خراپیی بۆرییەکانەوەیەو لەئێستادا چ جۆرە بۆرییەک لە بازاڕدا هەبێت ئەو جۆرە بۆ تۆڕی ئاو دادەنرێت».

وتیشی: ئێستا بۆری (پۆلی ئەسلین) دادەنرێت، چونکە جووڵاندنی ئاسانە بێئەوەی عەکسی بۆ دابنرێت و رزانـدن و ژەنگهەڵهێنانیشی نییەو لە رووی تەندروستییەوە ئەو بۆرییانە زۆر باشە، ئەو لایەنەی کە لێی دەکڕین کۆمپانیای ئەلمانی (ئای زۆ)یە.

لەساڵی (١٩٩٠)ەوە گۆڕینی تۆڕەکانی ئاوی خواردنەوە بـەردەوامـەو ساڵانە بەشێکی ئەو بۆرییانە دەگۆڕدرێن و هەندێکجاریش تۆڕی ئاوی خواردنەوە چەند ساڵ جارێک نوێدەکرێتەوە، بێئەوەی بۆرییەکی ئەوتۆ بەکاربهێنرێت کە توانای بەرگەگرتنی ماوەیەکی زۆری هەبێت.

فەرهاد محەمەد، بەڕێوەبەری ئاوی سلێمانی ئاماژەی بەوەکرد: بە بەردەوامیی تۆڕەکانی ئاویان نوێکردووەتەوە، مەرجیش نییە بە تەنیا بە بۆریی پۆلی ئەسلین بگۆڕدرێت، هەندێکجار دەیگۆڕین بە بۆری (دەکتایەڵ)، چاک و خراپیی بۆریی پۆلی ئەسلین دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ئەو شوێنانەی کە تیرەکانی کەمترە باشترەو جۆینی کەم تێدەکەوێت، چونکە مەعدەن نییەو ئەو بۆرییانەی مەعدەنن، وەک: حەوجۆش و ئاسن لەگەڵ کلۆردا یەکدەگرێت و زووتر دەبێتە هۆی ژەنگهەڵهێنانی.

لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا سلێمانی تووشی کێشەی کەمئاویی بوو، بەشێک لە گەڕەکەکانیش سـەرەڕای ئـەوەی تۆڕی ئاوی خواردنەوەیان هەبوو، بەڵام بەشێوەیەکی باش ئاویان بۆ دابین نەدەکراو بەدەست کەمئاوییەوە دەیانناڵاند.

فەرهاد محەمەد ئاماژەی بەوەشکرد: «لەساڵی (٢٠٠٣)ەوە دەستمان کـردووە بە گۆڕینی بۆرییەکانی تۆڕی ئاوی سلێمانی، مەرجیش نییە لەسەر چاک و خراپیی بۆرییەکان بیانگۆڕین، بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە زۆربەی ماڵەکان و گەڕەکەکان ئاویان بۆ ناچێت».

سەرەڕای ئەوەی لەساڵی (٢٠٠٣)ەوە دەست بە نوێکردنەوەی تۆڕی ئاو کراوە، بەڵام تائێستا تەنیا (٥٠٪)ی بۆرییەکانی شاری سلێمانی گۆڕدراوە.

لەوبارەیەوە فەرهاد محەمەد وتی: «بودجەیەک بۆ گۆڕینی تۆڕی ئاو دانراوە لەسەر بودجەی قەرزی ژاپۆنی بۆ عێراق و ئێستاش چەند پرۆژەیەکی دیکەمان لە بەردەستدایە کە رەزامەندیمان وەرگرتووە، ئەویش بەبڕی (٢٠) ملیار دینارەو بەوەش چەند گەڕەکێکی دیکە دەگۆڕدرێت».

# تاقیگەی بەشی کیمیای زانکۆی سلێمانی ژینگە پیس دەکات

راپۆرتی: زمناکۆ ئیسماعیل

بـۆری ئـاوەڕۆی تاقیگەی بەشی کیمیای کۆلێژی زانست لە زانکۆی سلێمانی تێکەڵی هەمان بۆری دەبێت کە ئاوەڕۆی گشتیی لەسەرە، لەکاتێکدا ئـاوەڕۆی ئەم تاقیگەیە دەیان مادەی زیانبەخشی تێدایە و ژینگە پیس دەکات.

ئـەنـدازیـار فـەرەیـدون محەمەد محێدین، سەرۆکی ئـەنـدازیـاران لە بەڕێوەبەرێتی ژینگەی سلێمانی، جەخت لەوەدەکاتەوە، کە ئەو شوێنانەی تاقیگەیان هەیە، وەک تاقیگەکانی زانکۆو تاقیگەکانی تەندروستی گشتیی و ئەهلیی سەرجەمیان زیانێکی گەورە دەگەیەنن بە ژینگەی شار، لەکاتێکدا کە تێکەڵ بە ئاوەڕۆی گشتیی شارەکان بکرێن، چونکە هەندێک مەواد لە ئاوەڕۆکەیاندا هەیە ژەهری کوشندەیە.

بۆ حاڵەتێکی لەمجۆرە ئەندازیار فەرەیدون محەمەد وتی: پێویستە ئەو دەزگایانەی کە تاقیگەیان هەیە یەکەی تایبەت بە پاڵاوتن و چارەسـەرکـردنـی ئـاوەڕۆیـان هەبێت، کە بەداخەوە ئەم خاڵە لە هەرێمی کوردستان رەچاوناکرێت، ئـەمـەش مەترسیدارە لەسەر ژینگە.

تاقیگەی بەشی کیمیای کۆلێژی زانست لە زانکۆی سلێمانی، ماوەی (١٤) ساڵە وانەی تاقیکردنەوەی بەشەکەی تیادا ئەنجام دەدرێت، لەکاتێکدا ئـاوەڕۆکـەی تێکەڵی ئـاوەڕۆی گشتی سلێمانی دەبێتەوە، ئەگەرچی حکومەتی هەرێم بڕیاری گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی داوە بۆ گەڕەکی قلیاسانی شاری سلێمانی و ئێستا تاقیگەی بەشی کیمیای زانکۆی سلێمانی لە تـەواوبـوونـدایـە لەو کەمپە نوێیەدا، بـەڵام لەو تاقیگەیەشدا، بەهەمانشێوەی تاقیگە کۆنەکەیان، بۆریی ئاوەڕۆی تاقیگەکە خراوەتەوە سەر بۆریی گشتیی.

فـەرەیـدون محەمەد «زانکۆ ئەو مادانەی لەنێو تاقیگەکانیدا بەکاریدەهێنێت، لە رێگەی لیستی تایبەتی خۆیانەوە پێشکەشی بکات بە بەڕێوەبەرێتی ژینگەی سلێمانی، چونکە لەوانەیە هەندێک مەوادی رێگەپێنەدراوی تێدابێت، کە نابێت بڕژێنە نێو زێرابی گشتییەوە».

سەبارەت بەکەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی، کە دەکەوێتە گەڕەکی قلیاسان، د.بـارام، مامۆستا لە بەشی کیمیای زانکۆی سلێمانی، دەڵێت: «ئێمە سەردانی کەمپەکەمان کـردووە، ئەو کەسانەی تیایدابوون کەسانێک بوون لە دەرەوەی وڵاتـەوە هاتوون بۆ دروستکردنی و گرنگییەکی زۆر دەدرێت بە جیاکردنەوەی مادەکان لە تاقیگەکان، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەو کەسانەی ئەو مادانە بەکاردێنن، پاشەڕۆکەی نەکەنە ناو ئەو ئاوەڕۆیەوە، کە دەزانن گشتییە».

ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە ئەگەر کارمەندەکانی تاقیگەکە ئەو مادانە بکەنە ئـاوەڕۆی گشتییەوە هەمان حاڵەتی پێشووی کەمپی کۆنی زانکۆی سلێمانی دووبارەدەبێتەوە، بەڵام د.بارام جەختیش لەوە دەکاتەوە، کە ئەوان پرۆپۆزەڵیان داوە بەو لیژنەیەی کە سەرپەرشتی ئەو کەمپە دەکات و داوایان کردووە کە ئاوەڕۆی کیمیا تێکەڵاوی زێرابەکانی دیکە نەکەن.

بەپێی بەرنامەکانی بەشی کیمیای کۆلێژی زانست لە زانکۆی سلێمانی بێت، لە کەمپی نوێی زانکۆکەیاندا خۆیان ئەو مادانە جارێکی تر بەکاردەهێننەوە (ریسایکلین)، کە دەچێتە ئاوەڕۆکەیانەوە، ئـەمـەش دوای ئـەوەی کـە لایەنی جێبەجێکاری کەمپەکە ئاوەڕۆیەکی تایبەتیان بۆ دروستدەکات و ئاوەڕۆکەیان تێکەڵی ئاوەڕۆی گشتیی نابێت.

د.بارام لەمبارەیەوە، وتیشی: «ئێمە لە کیمیا ئەو مادانەی زۆر مەترسیدارن نایدەین بە خوێندکاران، تەجروبەی ئەوەمان هەیە کیمیاییە، بەڵام بە نەزەریی دەیخوێنین، خۆشمان ئاگاداریی ئەوە دەکەین، تەنانەت بە خوێندکارەکان، کە هەموو مەوادێک بەکارنەهێنن.




بـەشـی کیمیا لـە زانـکـۆی سلێمانی رۆژانـــە مادەکانی (سۆلفلدەکان ئەسیدو بەیس، مەوادی ئۆرگانییەکانە) بە رێژەی نزیکەی دوو کیلۆ بۆ مادەی رەق و نزیکەی دوو لیتر بۆ مادەی شل بەتێکەڵیی بەکاردەهێنێت.

موسا رەشـیـد، مامۆستای زانکۆو شارەزا لە بواری کیمیایی، ئاماژە بەوە دەکات: تێکەڵکردنی ئەو مەوادانە بە ئاوەڕۆی گشتیی مەترسی هەیە لەسەر تەندروستی هاوڵاتییان و ژینگەو تێکدانی سروشتی ناوچەکە، چارەسەری ئەم حاڵەتەش بە جیاکردنەوەی ئاوەڕۆی ئەو تاقیگانە لە تاقیگەی گشتیی دادەنێت.

هـەروەک موسا رەشید، بە پێویستی دەزانێت ئەو مەوادانەی کە دەردەچـێـت لەو تاقیگانەدا ژووری تایبەتی بۆ بکرێت و لەوێوە چاکسازیی تێدابکرێت و ئەو مادە ژەهراوییانەش کەمبکرێنەوە کە لەو تاقیگەیانەدا بەکاردێن.

# سەرپەرشتیاری پرۆژەکە: کەسانێکی حکومیی لە هەولێر دژی شوێنەوارن‌و هۆکارن بۆ دواکەوتنی شووراى دەربەندی بازیان

چاوان عەلی

شووراى دەربەندی بازیان کە (٥) ساڵە دەست بە پشکنین‌و هەنگاوەکانی دروستکردنی کراوە، تا ئێستا تەواونەبووەو بە وتەی بەڕێوەبەری شوێنەواری سلێمانیش، چاوەڕوانی بودجەی (٢٠١٠)دەکەن کە بکەوێتەوە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئەو پرۆژەیە بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕدەبێت، کە (٩٦٤)ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە، قۆناغی یەکەم کە کاری کنەو پشکنینەکەو دەرخستنی شوورا کۆنەکە بوو، لە (٢٠٠٥-٢٠٠٦)، قۆناغی دووەم لە(٢٠٠٧ -٢٠٠٨) دروستکردنی شووراکە لەسەر هەمان ئەندازەو وردەکاریی شوورا کۆنەکە، قۆناغی سێیەم (٢٠٠٨-٢٠٠٩ ) کە دەبوو پرۆژەکە تیایدا تەواوببێت.

عەبدولڕەقیب یوسف، سەرپەرشتیاری پرۆژەکە، ئەوەی خستەڕوو: دوای تەواوکردنی چەند قۆناغێکی پرۆژەکەو دانانی دەرگاکە، بۆیان دەرکەوتووە کە دەرگاکە بچووکە، هەربۆیە داوای گۆڕینی دەرگاکەیان کردووە.

بە وتەی ئەو شوێنەوارناسە، بەڕێوەبەرێتیی شوێنەوار لە وەڵامی نووسراوەکەیاندا ئاماژەیان بە گۆڕینی گشت دیزاینی شووراکە کردووە، کە ئەگەر دەرگاکە گەورە بکرێت، هەربۆیە کێشەکە گەیشتووەتە هەولێر.

دەبوو شووراى دەربەندی بازیان لە(٢٠٠٩)دا کۆتایی بێت‌و تەواوبکرێت، بەڵام تا ئێستا بە تەواونەکراوی ماوەتەوەو بە بۆچوونی عەبدولرەقیب یوسف، هۆکارەکەی چەند کەسێکن لە هەولێر کە پلەی حکومییان هەیەو دژی شوێنەوارن‌و زیاتر لە ساڵێکە بە ئانقەست پرۆژەکەیان دواخستووەو بۆئەو مەبەستەش سەرۆکی حکومەت لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی پێکهێناوە.

لەلایەکی دیکەوە، بەڕێوەبەری شوێنەواری سلێمانی، هۆکاری تەواونەکردنی پرۆژەکەی بۆ کەموکوڕیی بودجە گەڕاندەوە، کە تا ئێستا نەکەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

کەمال ڕەشید بۆ ڕۆژنامە ئاماژەی بەوەکرد: دەبوو شووراکە لە (٢٠٠٩)دا تەواو بکرایە، بەڵام لە مانگی ئابی(٢٠٠٩)وە بودجەکە ڕاگیرابوو تا کابینەی نوێ دەستبەکار بوو، لە دوای کابینەی شەشەمیشەوەو لەبەرئەوەی تا ئێستا بودجەکە دانەبەزیوە بۆ بەڕێوەبەرێتییەکان‌و بە پەسەندکراویی نەهاتووە بۆمان، تا ئەو (٢٦٤)ملیۆن دینارە سەرفبکرێت، کە بۆ قۆناغی کۆتایی پرۆژەکە پێویستە.

# زیاتر لە (٤٠) هەزار هاوڵاتی ڕاپەڕین داوای خزمەتگوزاریی دەکەن



گەڕەکی ڕاپەڕین بە نەبوونی خزمەتگوزاریدا بناسنەوە

ڕاپۆرتی: سیروان عەول

تەپوتۆزو بۆن‌و بەرامەی زێراب‌و کەمیی ئاوو نەبوونی بنکەی تەندروستی‌و یاریگاو باخچە لە ناوچەکەیان وای لە هاوڵاتییانی گەڕەکی ڕاپەڕین کردووە کە نارەزایی دەرببڕن.

ماوەی (٦) ساڵە خەڵکی گەڕەکەکانی (زانکۆ، سۆران، ئازادیی، ئەحمەدئاوا، بروسکی یەک، بروسکی دوو، بەری فرۆکەخانە)ی ڕاپەڕینی شاری سلێمانی، کە زیاتر لە (٤٠) هەزار کەس لەم گەڕەکانە نیشتەجێن، تائێستا بەپێی پێویست خزمەتگوزارییەکانیان بۆ جێبەجێنەکراوە.

محەمەد ئەحمەد، خاوەنی نووسینگەی بە کرێدانی زەوی، خەڵکی گەڕەکی بروسک، ئاماژە بەوەدەکات: ماوەی دووساڵ دەبێت لەم گەڕەکەدان‌و لە زۆربەی خزمەتگوزارییەکان بێبەشن‌و گەڕەکەکان تەنیا چەورێژ کراوەو چوار ڕۆژ جاریش کە ئاویان بۆ دێت بە تەواوەتی تانکی ماڵەکەیان پڕناکات‌و تائێستا شارەوانیش ئاوڕی لە ڕێگەو کۆڵانەکانی گەڕەکەکەیان نەداوەتەوە.

محەمەد ئەحمەد وتی: «نە خوێندگەیەکمان هەیە کە منداڵانمان تێیدا بخوێنن‌و نە بنکەی تەندروستی، بۆ هاتوچۆکردنی ئۆتۆمبێلیش دەبێت دوو کیلۆمەتر ڕێگە ببڕین تا بگەینە مەوقیفی پاسەکان‌و هیچ ڕێگەی پەڕینەوەیەکیش لەسەر ڕێگەی گشتیی ڕاپەڕین تاسڵوجە نییە بۆئەوەی خۆمان‌و منداڵمان لێی بپەڕینەوە».

خاوەنی ئەو نووسینگەیە ڕەخنەی لە جێبەجێنەکردنی بەڵێنی سەرۆکی حکومەت گرت لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنداو وتی: «سەرۆکی حکومەت دەبوایە چارەسەری کێشەکانمانی بکردایە، لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا بەڵێنی دا کە پردێکی پەڕینەوەمان بۆ دروستبکرێت، بەڵام تائێستاش هەر چاوەڕوانی بەڵێنەکەین».

ڕەوا محەمەد تەمەنی (١٢) ساڵەو خوێنکارە لە پۆلی هەشت، گازندەی ئەوە دەکات هەرچەندە بینایان بۆ کردوون، بەڵام خوێندگەکەیان لە ماڵدایەو وتیشی: «ئێمە بۆ خۆمان یاریگایەکمان دروستکردووە، کە هەریەکێکمان (١٠) هەزار دینارمان کۆکردووەتەوەو گرێدەرێکمان هێنا بۆئەوەی ئەو پارچە زەوییەمان بۆ یاریگا ڕێکبخات، کە بڕی (١٧٥) هەزار دیناری تێچوو».

ئەو خوێندکارە وتی: «لە هاتنەکەی سەرۆکی حکومەتدا داوامان لێکردو وتی یاریگایەکتان بۆ دروست دەکەین، بەڵام بەدەم داواکەمانەوە نەهات».

بەڕێوەبەری یەکێک لە خوێندنگەکانی گەڕەکی ڕاپەڕینیش ئاماژە بە وردەکاریی زیاتری کێشەی خوێندن لەو گەڕەکەدا دەکات.

هۆشیار ئەحمەد، بەڕێوەبەری قوتابخانەی ڕۆژی نوێی بنەڕەتی، وتی: «ماوەی (٦) ساڵە ئێمە لەناو خانوویەکدا خوێندکارانمان پەروەردە کردووە، کە شەش پۆلی بنەڕەتی لەخۆگرتووەو چەندینجار داوامانکردووە کە خوێندگەیەکمان بۆ بکەنەوە، بەڵام هەرچەندە بینایەکی دوانزە پۆلییان بۆ کردووینەتەوە، هێشتا ئەمەش بەشێوەیەکی ئەوتۆ چارەسەری کێشەی خوێندکاران ناکات».

ئاشکراشیکرد کە لە ڕووی دانانی مامۆستاشەوە کەموکورتییان هەیە، کە لەساڵی ڕابردوودا (٢) مامۆستایان کەمبوو دەبوایە مامۆستایەک دوو وانەی جیاواز بڵێتەوە، کە ئەوەش وانەی خۆی نەبوو، وتیشی: «لە زستاندا ناتوانین هاتوچۆ بکەین لەبەر قوڕاوو چەندین مارو دووپشک ڕووی لەم ناوچەیە کردووە».

هاوکات بەرپرسە ئیدارییەکانی گەڕەکی ڕاپەڕینیش داوای دانیشتوانی ئەو گەڕەکە بە ڕەوا دەزانێت.

ئومێد لەتیف، بەڕێوەبەری ناحیەی بەکرەجۆو ڕاپەڕین، ئاماژەی بەوەدا: کێشەی هاوڵاتییان‌و داواکارییان ڕەوایە، وتیشی: «لە (١٨)ی ئەم مانگەدا لەگەڵ بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاوی ڕاپەڕیندا قسەم کردووە، کە کێشەمان هەبوو بە ڕەبتکردنی بۆری کە بە (٢٢) ملیۆن دینار لە پارێزگاوە ڕەزامەندیی لەسەر دراوەو دەستدەکەین بە جێبەجێکردنی. بە وتەی بەڕێوەبەری ئاوی ڕاپەڕین لەماوەی (٢٠) ڕۆژدا چارەسەری ئەوکێشەیە دەکەن.

ئومێد لەتیف وتیشی: «هەوڵمانداوە کە (٢) پردی پەڕینەوە لەسەر شەقامی گشتیی ڕاپەڕین دابنرێت بۆئەوەی هاوڵاتییان بتوانن لێی بپەڕنەوە، کە ئەوەش جێبەجێکراوەو لەماوەی ئەم مانگەدا دەست بە دانانی ئەو پردانە دەکەین».

بەڕێوەبەری ناحیەی بەکرەجۆ سەبارەت بە نەبوونی خومەتگوزارییەکانی دیکەش، وتی: «ناتوانم بڵێم هەمووی لەمساڵدا جێبەجێدەکرێت، بەڵام بەپێی توانا جێبەجێیان دەکەین».

ئاوات تۆفیق، سەرۆکی شارەوانیی ڕاپەڕین، ئاماژەی بە (١٠) پرۆژەی خزمەتگوزاریی دیکە کرد، کە خراوەتە بەردەست، وتیشی: «چەندجارێک نووسراومان لەوبارەیەوە کردووەو لە سەردانێکی سەرۆکی حکومەتیشدا بەڵێنی پێدراین کە بۆمان جێبەجێ بکات‌و لە نووسینگەی سەرۆکی حکومەت نووسراوەکەمان هەیە، بەڵام تائێستا ئەوەی دابینکراوە هێشتا دەستنەکراوە بە کارکردن لەسەری، هەندێک لە داواکاریی دیکەش کە چەندجارێک چووینەتە نووسینگەی سەرۆکی حکومەت‌و داوامانکردووە، دەڵێن بودجەمان نییە».

سەرۆکی شارەوانیی ڕاپەڕین وتی: «ئێمەش لەگەڵ ڕای ئەو هاوڵاتییانەداین، هەرچەندە ئەو پرۆژانەش پێش ئەوەی من لێرە ببمە سەرۆکی شارەوانی لە ڕێگەی کۆمپانیاکانی بەردەزێن‌و عەواڵ‌و سەرمۆد هەستاون بە جێبەجێکردنی کارەکانیان، بەڵام کێشەی تێدایە، ئەویش ئەوەیە کە لە زستاندا بە تێکەڵەڕێژکردنی دەستکراوە، کە ئەمەش بەهیچ شێوازێک لە بنەمای یاسایی ناگونجێت‌و (١٥)سم تێکەڵەڕێژکراوەو ئەمەش کەمە.

ئاوات تۆفیق نەزانی‌و هەڵەی پرۆژەکانی گەڕاندەوە بۆ دانانی ئەندازیاری نەشارەزاو وەرگرتنی ئەو ئەندازیارە تازەپێگەیشتوانە بێئەوەی هیچ تەجروبەیەکیان هەبێت ڕاستەوخۆ دەخرێنەسەر پرۆژەکان، وتیشی: «ئێمە ناتوانین غەرامەی ئەو کۆپانیانە بکەین، هەرچەندە هاوڵاتییان ڕێپێوانیان لەسەر ئەو کەموکورتیانەی ئەو کۆمپانیایە کردووە لەسەر تێکەڵەکردنی ئەوکۆڵانانە، کە بەشێوەیەکی باش نەکراوە، بەڵام ئێمە لەسەر جێبەجێنەکردنی ئەو مەرجانەی کە لە برگەی تەندەرێندا هەیە لێپرسینەوە دەکەین بەپێی ئەو ڕێنماییانە لێپێچینەوە دەکەین».

# پزیشک‌و نهێنییەکانی نەخۆش



ئاری ئەبوبەکر

لە سەردانی ئەم جارەمدا بۆ کوردستان، بە هۆی کەسوکارمەوە ڕێمکەوتە کلینیکی ئێوارانی پزیشکی، کە بە کوردی خۆمان بە عیادە ناسراوە، چەند شتێک سەرنجی ڕاکێشام، کە هەم شایەنی پێکەنینەو هەم شایەنی گریان، کە لە سەرەتای سەدەی بیستویەکدا خاوەنی لەو جۆرە دکتۆرانە بین‌و بەو شێوە نامۆدێرنە مامەڵە لەگەڵ نەخۆش‌و نهێنییەکانیدا بکرێت.

دەبێت یەکەمجار لەوەوە دەستپێبکەم کە پیشەی پزیشکی بەتایبەتی کە خاوەنی عیادەی خۆی بێت، لەگەڵ هەموو پیشەکانی تری ناو کۆمەڵگەی کوردی جیاوازیی هەیە، جیاوازییەک هێندەی نێوان زەمین‌و ئاسمانە، کە ئەمەش نادادپەروەرییەکی بێڕەحمانەی پێوەدیارە، ئەمە یەکێکە لە بەدبەختییەکانی میللەتی ئێمە. بەداخەوە، ئەم جیاوازییە لە دەرامەت وایکردووە کە زۆر لە دکتۆرەکان (لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ هەموو دکتۆرەکان، ئەمە تەنیا وەک حەقیقەت باسدەکرێت، دەنا هیچ شتێکی شەخسیمان نییە لەگەڵیاندا) لوتبەرزییان پێوەدیارەو کە سڵاویشت لێدەکەن‌و تەوقەت لەگەڵ دەکەن، هێندە بە خۆبەزلزانینەوەیە، مرۆڤ ئاواتەخوازە کە مەرگی خۆی ببینێت.

دووەم شت، ڕێزنەگرتنی کاتی نەخۆشە لەلایەن دکتۆرەکانەوە، لەکاتێکدا کە بلیتی عیادە دەبڕیت، پێتدەڵێن کە فلان کاتژمێر ئامادەبە، کەچی زیاتر لە دوو سەعات بەسەر کاتی دیارکراودا دەڕوات، بەبێ ئەوەی کە جەنابی دکتۆر ئامادەبێت، ئایا ئەمە بێڕێزیکردن نییە بە کاتی نەخۆش‌و (موراجیع) دکتۆر واتەنی، دیارە بە هۆی نەبوونی یاساو بێسەروبەرەیی سیاسی‌و یاسایی ئیدارەی کوردییەوە، هیچ لێپرسینەوەیەک بەرامبەر ئەو دکتۆرە بەڕێزانە ناکرێت.

لە هەمووی ناخۆشترو بەسوێتر، ئەو کاتەیە کە دکتۆر دێت‌و سێ سێ‌و چوار چوار نەخۆش دەکرێتە ژوورەوە بۆ لای دکتۆر، ئەم کردنە ژوورەوە جەماعییە بووەتە کلتورێکی ناشیرین‌و قێزەون، کە وادەکات نهێنییەکانی نەخۆش نەپارێزرێت. کاتێک نەخۆشێک دەچێتە لای دکتۆر، پێویستە نهێنییەکانی نەخۆش تەنیا لەنێوان نەخۆش‌و دکتۆردا بێت، مەگەر بە ڕەزامەندیی نەخۆشەکە، یان کەسێکی نزیک لە نەخۆشەکە، یان پزیشکێکی تر ئاگادار بن، دەنا زانینی نهێنیی نەخۆش، بەتایبەتیش لەلایەن نەخۆشی ترەوە، بە هەموو پێوەرێکی دینی‌و دونیایی تاوانەو لە وڵاتانی پێشکەوتوودا حوکمی زیندانی ساڵ‌و بەرەو سەری لەسەرە، کەچی لای دکتۆرە لوتبەرزەکانی کورد، زۆر بە ئاسایی وەردەگیرێت.

خۆ ئەگەر مرۆڤ خاوەنی نەخۆشییەکی قەباعەتدار بێت، یان دەبێت بە خەجاڵەتییەوە لەبەردەم ئەو نەخۆشانەی تردا باسی بکات، یان دەبێت خۆی لە گێلی بدات تا دەبێتە دوانەفەری وەجبەکەی خۆی، بە ئومێدی ئەوەی کە نهێنییەکانی نەکەونە دەست نەخۆشەکانی تر. ئایا ئەمە مەهزەلە نییە لە وڵاتی ئێمەدا؟ ئایا ئەو دکتۆرانە چی بەرامبەر ویژدانی خۆیان دەڵێن؟ چی بەرامبەر خواو ماڵ‌ومنداڵیان دەڵێن، کە بەو جۆرە لە پارە پەیداکردن بەخێویان دەکەن؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە چاوێک بخشێنین بە سیستمی تەندروستی‌و عیادەکاندا؟ لەکاتێکدا کە مرۆڤ ئەو پارە زۆرە بە مۆڵی دەکاتە دەست دکتۆرەوە، کەچی بە ئەندازەی یەک لەسەر دەی ئەو پارەیە کاتیان پێوە سەرف ناکرێت؟

لەڕاستیدا دەبێت پەرلەمان، حکومەت، سەندیکای پزیشکان‌و سەندیکای نەخۆشەکان (ئەگەر هەبێت) چارەیەک بۆ ئەمە بدۆزنەوەو بە یاسا پەیوەندیی نێوان نەخۆش‌و پزیشک ڕێکبخەن‌و چوارچێوەی بۆ دیاریبکەن، بۆ ئەوەی کە چیدی بەو شێوە گاڵتەجاڕییە یاری بە نەخۆش‌و پارەکەی نەکرێت، ئیهانەی کەسێتی‌و نهێنییەکانی نەکرێت، بۆ ئەوەی ڕێزی نەخۆش‌و نهێنییەکانی ببێتە یەکەم پێوەری پزیشکی.

دوای ساڵێک تەمەن: ئۆپۆزسیۆن چی کردووە.. چی ماوە بیکا؟ 24

# ڕێکەوتننامەکانی هەرێم، بۆ ناردنەوەی پەنابەران ئاشکرا دەکرێن

**ڕاپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان**

فیدراسیۆنی سەرتاسەریی پەنابەرانی عێراقی، سەرجەم بەڵگەو دۆکیۆمێنتەکانی سەبارەت بە ڕێکەوتننامەکانی هەردوو حکومەتی هەرێمو عێراق لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا بۆ ناردنەوەی پەنابەران ڕەوانەی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان کردووە، بەڵام نزیکەی دوو مانگە هیچ گفتوگۆیەکی لیژنەکەی لەبارەوە نەکراوە.

دوای ئەوەی کە لە سەرەتای مانگی نیسانی ئەمساڵدا، نوێنەری فیدراسیۆنی سەرتاسەریی پەنابەرانی عێراقی لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوە، لەلایەن لیژنەکەوە داوای بەڵگەو دۆکیۆمێنتەکانی تایبەت بەناردنەوەی پەنابەرانیان لێکرا، کە لەنێوان هەردوو حکومەتی هەرێمو عێراقو وڵاتانی ئەورووپیدا ئیمزا کـراوە، بۆ ئەو مەبەستەش فیدراسیۆنی پەنابەران لەڕێگەی کۆمپانیا فرۆکەوانییەکانو سەفارەتی وڵاتانو پەنابەران خۆیانەوە، چەندین بەڵگەو دۆکیۆمێنتی کۆکردووەتەوە.

ئامانج عەبدوڵڵا، بەپرسی لقی کوردستانی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: دوای خستنەڕووی بەڵگەکانمان داوامـان لە لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان کرد، کە فشار بخاتە سەر حکومەتی هەرێم بۆ کۆتاییهێنان بە سەرجەم ئەو ڕێکەوتننامانەی کە لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپادا ئیمزای کردووە سەبارەت بە ناردنەوەی پەنابەران، چونکە ئەمە پێشێلکردنی مافی مـرۆڤـە، بەڵام تائێستا لەلایەن لیژنەکەوە هیچ وەڵامێکمان نەدراوەتەوە.

بە وتـەی بەرپرسی لقی کوردستانی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی، گرتنو دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی کورد لە وڵاتانی ئەوروپی بەردەوامەو لەڕێگەی کەمپو شوێنی ئیشەکانیانەوە خەبەر لە پەنابەران دەدرێتو دوای دەستگیرکردنیانو هێشتنەوەیان لە زینداندا، دەیاننێرنەوە بۆ کوردستان.

هـەرچـەنـدە لـە سـەرەتـای مانگی حوزەیرانەوە فیدراسیۆنی پەنابەران بەڵگەو دۆکیۆمێنتەکانی ڕەوانەی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان کردووە، بەڵام تائێستا ئەو لیژنەیە وەڵامی فیدراسیۆنی نەداوەتەوە، هاوکات ئەندامانی لیژنەکەش ئاگاداری ئەو بەڵگانە نینو نەیانبینیوە.

هاژە سلێمان، ئەندامی لیژنە پەرلەمانییەکە بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە: کە لە سەردانی فیدراسیۆنی پەنابەراندا داوای بەڵگەو دۆکیۆمێنتەکانیان لێکردوون، بەڵام بە وتەی ئەو ئەندامە ئاگادارنییە لە ناردنی ئەو بەڵگانە بۆ لیژنەکەیان، وتیشی: «(7/19) من لە لیژنەی مافی مرۆڤ بووم باسی هیچ کام لەو بەڵگانە نەکراوەو نازانم ئەگەر هاتبێت بۆ سەرۆکایەتی لیژنەکە».

هاوکات ئەندامێکی تری لیژنەکەش ئەو وتانەی هاژە، پشتڕاست دەکاتەوە، پەیمان عیزەدین، وتی: «لە دوایەمین کۆبوونەوەی لیژنەکەدا پرسیارم لە سەرۆکی لیژنە کرد، سەبارەت بەو بەڵگانە، بەڵام بەڕێزیان پێیوتم: تائێستا نەیانناردووەو ڕەنگە ئەو بەڵگانە هەر قسەبێت».

ڕۆژنامە ویستی گەیشتنی ئەو بەڵگانە بە لیژنە پەرلەمانییەکە لە زاری سەرۆکی لیژنەکەوە بۆ خوێنەران بگوازێتەوە، بەڵام بەهۆی ئـەوەی سالار مەحمود، سەرۆکی لیژنەکە لە دەرەوەی وڵات بـوو، هیچی لەوبارەیەوە دەستنەکەوت.

تائێستا زیاتر لە (٤٠٠٠) پەنابەر بەزۆر ڕەوانــەی کوردستان کراونەتەوەو هیچ کام لە داواکارییەکانیان جێبەجێنەکراون، کە بەشێوەی یاداشت خراوەتە بەردەست پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکی حکومەتو سەرۆک کۆماری عێراق هاوکات وەجبەیەکی نـاردنــەوەی پەنابەران بۆ کوردستان لە ٢٠١٠/٣/٢٨دا لەکاتێکدا بـوو، کە وەفدی پەرلەمانی کـوردسـتـان بەسەردانێک گەیشتبووە بەریتانیاو سەبارەت بەو پرسە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا کۆبوونەوە، بەڵام کۆبوونەوەی وەفدەکەی پەرلەمانی کوردستان هیچ خزمەتێکی لەوبارەیەوە بە پەنابەران نەگەیاندو لێشاوی دەستگیرکردنو ناردنەوەیان بەردەوامە.

**ڕێکەوتننامەکانی حکومەتی هەرێم**

فیدراسیۆنی سەرتاسەریی پەنابەرانی عێراقی لە نووسراوێکیاندا بۆ لیژنەی مافی مرۆڤی پـەرلـەمـان، سـەرجـەم ئەو ڕێکەوتننامانەی حکومەتی هەرێمو وڵاتانی ئەوروپی خستووەتەڕوو کە بە مەبەستی ناردنەوەی پەنابەران ئیمزاکراون، هاوکات چەندین بەڵگەنامەو دۆکیۆمێنتی لەگەڵدا هاوپێچکراوە، ئەمەش ژمـارەیـەک لەو ڕێکەوتننامانەیە:

١- ساڵی (٢٠٠٥) ڕێکەوتننامەیەک ئیمزاکراوە لەنێوان حکومەتی هەرێمو حکومەتی عێراقدالەسەر ڕازیبوونو هاوکاریی ئەوان بۆ ناردنەوەی پەنابەران، ناوەڕۆکی ڕێکەوتنەکە بەپێی ئیعترافی حکومەتی بەریتانیا کە لە کۆبوونەوەی ٢٠٠٦/١١/٢٧دا وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا لەگەڵ بەرپرسیارانی ڕێکخراو و کۆمیتە کوردیو عێراقییەکان بەسترا، دانیان بەم ڕێکەوتنەدا ناو بە ئاشکرا بە نوێنەرانی ڕێکخراوەکانیان ڕاگەیاند: حکومەتی بەریتانیا بەبێ ڕەزامەندیی بـــوونـــی حکومەتی هەرێم ئەم کارە ناکەن، هەر لە کۆبوونەوەکەشدا نوێنەرانی حکومەتی عێراقیو هەرێمی کوردستان ئامادەبوون، لەوانە: (شاناز ئیبراهیم ئەحمەد، عەلی بەیاتی).

٢- ناردنەوەی پەنابەران دوو دوو، یان سێ سێ لەڕێگەی هێڵی ئاسمانی مەلەکی ئەردەنی لە عەمانەوە بە فڕۆکەی ئەهلی دیپۆرتی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر کراونەتەوە، بەبێ ئەوەی کاربەدەستان هیچ کاردانەوەیەکی ڕاستەوخۆ نیشان بدەن.

٣- سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠٠٧/٢/١٢ لەکاتێکدا فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی لەبەردەم فڕۆکەخانەی سەربازیی برایزنۆرتن لە شاری ئۆکسفۆرد لە حاڵەتی خۆپیشانداندا بـوون، کە ئەو وەجبەیەی پەنابەران کە پێکهاتبوو لە(٣٨)پەنابەر بەفڕۆکەی سەربازیی دیپۆرتی کوردستان دەکرانەوە، سەرۆکی فیدراسیۆن لەڕێگەی نوێنەریان لە شاری هەولێر بە د.نوری عوسمان لە نووسینگەی سکرتاریەتی سەرۆک وەزیرانیان ڕاگەیاندووە: فڕۆکەیەکی سەربازیی ئەمڕۆ بەڕێدەکەوێت لە فڕۆکەخانەی هەولێر دەنیشێتەوە، ئەگەر بەڕاستی ئەنجومەنی وەزیـرانو حکومەت لەگەڵ ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران نین، ئەوا ئەو پەنابەرانە وەرمەگرنەوە، لە وەڵامدا بە نوێنەرەکەی فیدراسیۆنی ڕاگەیاندبوو، کە پەیوەندیی بە ئـەوانـەوە نییەو ئـەوە کۆمپانیای ئەهلییە، هەربۆیە فیدراسیۆنی پەنابەران داوایـان لە د.نـوری کـردووە، کە خۆی بێتە فڕۆکەخانەی هەولێر، لەو کاتەشدا کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووسیان ڕەوانــەی فڕۆکەخانە کـردووە، بەڵام پەیوەندیی بە ئاسایشەوە کرابوو نوێنەرانی فیدراسیۆنو ڕۆژنامەنووسەکانیان دەستگیرکردبوو، تەلەفزیۆنەکانی فڕۆکەخانەشیان کوژاندبووەو فڕۆکەکە لـە مەخزەنی فڕۆکەخانەکە نیشتبووەوە، هاوکات هێزەکانی تایبەتی لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر ئامادەبوون، تا ئەم ڕاستییە بشارنەوە.

٤- بە بەڵگەو لەڕێگەی پارێزەرەکانی ئەو پەنابەرانەی کە فیدراسیۆن کاریان بۆ کردوون، کە لە مەترسیی دیپۆرتکردنەوە ڕزگاریان بکەن، ئاگادارکراونەتەوە کە پەنابەران پێش ناردنەوەیان بە لیست ناوەکانیان ئاراستەی حکومەتی هەرێم کراوە، ئەوانیش ڕەزامەندییان نیشانداوە تا وەریانبگرنەوە.

٥- هێڵی ئاسمانی زاگرۆس، کە هێڵی پارتی دیموکراتی کوردستانە بەردەوام لە شاری فرانکفۆرت تیکتی فرۆشتووە بە حکومەتی ئەڵمانیا بۆ ناردنەوەی ئەو پەنابەرانەی کە ڕەفزیان وەرگرتووە، یان وەڵامی کاتییان لێسەندراوەتەوە، ئەمانەش بەڵگەی پێویستیان لەگەڵدا ڕەوانــەی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان کراوە.

٦-ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/١٤سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندنی دانیمارکی، ڕێکەوتننامەی نێوان وەزیری دەرەوەی عێراق (وشیار زێباری)و سەفیری حکومەتی دانیمارک لە عێراق (بۆریک ویبەر) یان بڵاوکردەوە سـەبـارەت بە نـاردنـەوەی ( ٢ ٨ ٢ ) پەنابەری عێراقی کە زۆربەیان کوردنو خێزانو منداڵیان هەیە.

٧- لە شوباتی (٢٠٠٨)دا ڕێکەوتننامەی نێوان نوێنەری حکومەتی سویدی لە بەغداو وشیار زێباری، ئیمزاکراوە سەبارەت بە نـاردنـەوەی ئـەو پەنابەرانەی کە داوای پەنابەریان ڕەتکراوەتەوە، یان ئیقامەی کاتییان هەیە، بەو هۆیەشەوە، (١٤٠٠) پەنابەری کوردی عێراقی دوای (٨) ساڵ ژیان لە سوید، هەموویان بە بڕیارێک ئیقامەی کاتییان بۆ تازە نەکرایەوەو دەستگیرکرانو نێردرانەوە بەغدا لەوێشەوە دیپۆرتی هەولێر کرانەوە.

٨- لە ٢٠٠٩/٥/١٤دا هەمان ڕێکەوتننامە لەنێوان حکومەتی عێراقیو حکومەتی نەرویجی ئیمزاکراوە، بەهۆیەوە ژمارەیەکی زۆر پەنابەر دیپۆرتکراونەتەوە، لەڕێگەی ستۆکهۆڵمەوە، پەنابەران شاهیدی ئەوەن کە نوێنەری حکومەتی هەرێم لە فڕۆکەخانەی سوید ئامادەبوون بۆ وەرگرتنی لیستی پەنابەرە نێردراوەکان.

٩- بـەردەوام پێش گەیشتنەوەی ئەو فڕۆکانەی پەنابەری بـەزۆر نێردراوەیان پێیە، لە هەرێمی کوردستان پێش وەخت هێزی تایبەت ئامادەکراوە لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرو سلێمانی بە جلو بەرگی تایبەتو چەکی تایبەتەوەو دواتریش ئەو پەنابەرانەی ناڕەزایەتیان دەربڕیبێت، یان دانەبەزیبێت لە فڕۆکەکە، ئەوا بەزەبرو لەژێر هەڕەشەو شەقکارییو لێداندا دابەزێنراون.

١٠- لەم بەڵگانەش زیاتر وەرگرتنەوەی پەنابەرە بەزۆر نێردراوەکان لە هەردوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرو سلێمانی بەبێ نیشاندانی بچووکترین ناڕەزایەتی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، بەپێچەوانەوە بـەردەوام هاوکاریی ئەم سیاسەتە چەوتە کراوە.

بەڵگەکانی فیدراسیۆنی پەنابەران هاوکاتە لەگەڵ ئـەوەی کە لـەم مـاوەیـەدا بـەدوای شکستی ناردنەوەی (٧٠) پەنابەری کورد بۆ فڕۆکەخانەی سلێمانی، حکومەتەکانی ئەوروپا، بەتایبەتی بەریتانیا سیاسەتێکی تریان گرتەبەر، ئەویش لەڕێگەی بردنی وەفدی حکومەتی عێراقی لە بەغداوە بۆ سەردانی گرتووخانە دەستبەسەرەکان بـەدوای ئەو سەردانەشدا لە (٩-٦/١٦) دوو وەجبەی دیکە، کە (١٠٠) پەنابەر بـــوون بـــەزۆر ڕەوانەی بەغدا کرانەوەو دوای زیندانیکردنی ژمارەیەکیان ڕەوانـــەی هـەرێـمـی کوردستان کرانەوە، ئەم ڕاستییەش هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە لە ڕێکەوتننامەو تەوافوقو هاوکاریی حکومەتی عێراقو هەرێم بۆ ئەو سیاسەتە چەوتە.

**داواکارییەکانی فیدراسیۆن:**

فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی داوا لە لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان دەکەن کە کۆبوونەوەی تایبەت لەسەر ئەو بەڵگانە ئەنجام بدەن، بە بەشداریی نوێنەری حکومەتی هەرێمو نوێنەری فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی بۆ گەیشتن بە بڕیارێکی دروست لەسەر ئەو مەسەلەیە، بۆ ئەو مەبەستەش فیدراسیۆن پێشنیاز دەکات، کە باسی چەند پرسێک لە کۆبوونەوەکەدا بکرێت، لەوانەش:

١_ ئـەو پـەنـابـەرە کـوردانـەی کە بەزۆرەملێ ڕەوانەی کوردستان دەکرێنەوە لەلایەن فڕۆکەخانەکانی کوردستانەوە وەرنەگیرێنەوە.

٢- ڕاگـرتـنـی دەسـتـبـەجـێـی ئـەو ڕێکەوتننامانەی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە ئەنجامدراوە لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپادا دەربارەی ناردنەوەی پەنابەران، ئەمەش بەڕەسمیی ڕابگەیەنرێت.

٣- ئەم ڕەوشەی پەنابەران لە وڵاتانی ئەورووپاو بەتایبەتی سیاسەتی ناردنەوەی پەنابەران ئیدانەو سەرکۆنە بکەنو بەڕەسمیی بەحاڵەتی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤی لەقەڵەم بدەن.

٤- داوا لە حکومەتی عێراقی بکرێت، کە تـەواوی ئـەو ڕێـکـەوتـنـە ئاشکراو نهێنیانەی لەسەر حسابی پەنابەران کراون هەڵبووەشێنرێنەوەو هیچ پەنابەرێک لە فڕۆکەخانەی بەغدا وەرنەگیرێتەوە.

٥- ئـەو پـەنـابـەرانـەی بـەزۆرەملـێ دیپۆرتی کوردستان کراونەتەوە قەرەبوو بکرێنەوە، بیمە، یان کاری گونجاویان بۆ دابین بکرێت، وەڵام بەخواستەکانی پەنابەرە دیپۆرتکراوەکان بدەنەوە، کە بەشێوەی یاداشت ئاراستەی پەرلەمانو سەرۆکی حکومەت کراوە.

٦- فیدراسیۆن داوا دەکـات، قەرەبووی کـەسـوکـاری ئەو پەنابەرانە بکرێتەوە کـە منداڵەکانیان لەڕێگەی پەنابەریدا تیاچوون.

> پەنابەران پێش ناردنەوەیان بە لیست ناوەکانیان ئاراستەی حکومەتی هەرێم کراوە، ئەوانیش موافەقەتیان کردووە تا وەریان بگرنەوە

> هێڵی ئاسمانی زاگرۆس، کە هێڵی پارتی دیموکراتی کوردستانە بەردەوام لە شاری فرانکفۆرت تیکتی فرۆشتووە بە حکومەتی ئەڵمانیا بۆ ناردنەوەی پەنابەران



# دەسەڵاتی کوردستان، یان ڕێکخراوی نهێنیی؟



مەهدی ئەبوبەکر

شاردنەوەی مەسەلە هەستیارەکان، بووە بە بەشێک لە ڕەفتاری سیاسیی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان، لەدوای ڕاپەڕینەوە تاکو ئەم سەروەختە پارتیو یەکێتی تا بۆیان کرابێت مەسەلە گرنگەکانیان لە ڕای گشتیی شاردووەتەوە.

هەروەک حەسەن عەلەوی، لە کتێبی (العراق دولة المنظمة السرية)دا عێراقی سەدام حسێنی بە ڕێکخراوێکی نهێنیی چوواندووە، ئێستا هەرێمی کوردستانیش بووە بە هەمان عێراقەکەی سەدامو بەو ڕێکخراوە نهێنییەی هەرچی خۆی ئارەزووی بێت دەیکات، یاساو ڕێساکانیش تا ئەو ئەندازەیە بڕ دەکەن، کە لە بەرژەوەندیی خۆیاندا بێت، ئەگەر نا سەری یاسا لەئاستی پاژنەیان دەبینن.

تەماشاکەن؛ لەدوای ڕاپەڕینەوە کێ دەزانێت چی لە پشتی پەردەوە لەنێوان پارتیو یەکێتیدا گوزەراوە؟

کێ هۆکاری ڕاستەقینەی شەڕی ناوخۆی لە دەمی ئەو دوو حیزبەوە بیستووە؟ ئەرێ کەس هەیە بزانێت ژمارەی بریندارو کوژراوەکانی شەڕی ئەو دوو حیزبە چەند کەس بووە، یان پارتیو یەکێتی لەو دەیان جەولەی گفتوگۆیانەی نێوانیان لەکاتی شەڕدا چییان وتووە؟ یاخود ڕێکەوتننامەکانی نێوانیان چی تێدا نووسراوەو لەسەر چی ڕێکەوتوون؟!

ئەی کێ دەزانێت یەکێتیو پارتی بۆچی شەڕی pkkو حیزبە کوردییەکانی ئێرانیان کرد؟ کێ ئاگاداری ڕێکەوتنەکانی ئەو دوو حیزبەیە لەگەڵ دەوڵەتەکانی تورکیا، ئێران، سوریاو عێراقی سەردەمی سەدام حسێن دا، بۆ وەرگرتنی هاوکارییو شکاندنی یەکتری؟ بەمەرجێک ئەو ڕێکەوتنانە ئەگەر زارەکیش بووبن، ئەوکات هەڕەشە بوون بۆ سەر قەوارەی نەتەوایەتی کورد لە هەرێمی کوردستان.

دوای برانەوەی شەڕ، کەس هەیە بەڕوونی بزانێت پارتیو یەکێتی لەسەر چی بنەمایەک حکومەتیان یەکخستەوە؟ لەسەرچی ڕێکەوتن؟ ئایا ڕێکەوتنەکەیان لەدژی بەرژەوەندیی هاوڵاتییان نەبوو؟ وەک ئەوەی لە ڕێکەوتننامەی ستراتیژیدا دوای چەندین ساڵ لە ئیمزاکردنی بینیمان؟

کام لایەن، یان کەسایەتی دەزانێت، یەکێتیو پارتی لەسەر چی بنەمایەک بەشداریی پرۆسەی سیاسیی عێراق دەکەن؟ لەگەڵ کام لایەنی عەرەبی شیعی، یان سوننی ڕێکەوتننامەیان هەیە؟ ئێستاش کێ ئاگاداری کۆبوونەوەکانیانە لەگەڵ عەلاوی، سەدر، ئال حەکیمو مالیکیدا؟ وەفدێکیان ناردە بەغداو لەملاشەوە بە هەوەسی خۆیان لەگەڵ ئەمو ئەودا شەکلیان کردووە.

لەڕووی مالییەوە، پارتیو یەکێتی تاسەر ئێسقان وڵاتیان کڕاندووەتەوە، چ کەسێک، یان لایەنێک دەتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات پێش شەڕی ناوخۆ ئەو دوو حیزبە چەندیان لە پارەی گومرگو داهاتەکانی تری کوردستانو «پرۆسەی ئاودیوکردنەکان» دەستکەوتووەو چۆنیان دابەشکردووە؟

کێ جورئەت دەداتە بەرخۆی بزانێت داهاتی گومرگی برایم خەلیل، کە هۆکاری ڕاستەوخۆی شەڕی نێوان پارتیو یەکێتی بوو، چەند بووەو هەریەکی چەندیان لێ دەستکەوتووە؟

دوای دەستپێکردنی شەڕیش کام ڕێکخراو، یان تەنانەت وەزارەتی دارایی هەردوو حکومەتەکەش دەزانێت ئەو دوو حیزبە چەندیان دەستکەوتووەو چییان لەو پارە بێشومارە کردووە؟

دوای یەکگرتنەوەی حکومەتو ڕووخانی سەدام، چەندیان لە عێراقو لایەنە کۆمەکبەخشەکان وەرگرتووە؟ ئەوەی خستوویانەتە بەرچاو تەنیا ئەو لە (١٧٪)یە بووە، کە بەڕەسمیی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بۆ هەرێمی کوردستان بڕیاری لێدراوە.

ئەی کێ دەزانێت کۆمپانیاکانی ئەو دوو حیزبە چەندن، لە چی بوارێکدا بازرگانی دەکەن؟ لەناو حیزبیشدا کۆمپانیاکان هی کام بەرپرسو کام کوڕی بەرپرسن؟

لە هەموو ئەوانەش هەستیار تر، کەس هەیە بزانێت داهاتی پارتیو یەکێتی لە نەوتی هەرێمی کوردستان چەندە؟ هەردوولا بۆ دابەشکردنی داهاتەکەی چۆن ڕێکەوتوون؟

ئەوەی میدیاکانی ناوخۆ لەبارەی داهاتو دەستکەوتی ئەو دوو حیزبە لە نەوت بڵاوی دەکەنەوە تەنیا خەملاندنەو هیچی تر، چونکە جگە لە بازنەیەکی تەسکی ناو دوو حیزبەکە، تەنانەت ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی هەردوولاش ئاگاداری دەستکەوتەکانی نەوت نیین؟

باشە لەخۆیان دەپرسین؛ ئەگەر میدیاکان ئاگاداری هیچ نەبن، هێندەی سەری دەرزییەک زانیاریی تەواویان لانەبێت، ئەوەی دەیبیستن بەنهێنیی لەدەمی ئەم بەرپرس، یان ئەو ڕۆژنامەی جیهانییەوە بیبیستن، ئیتر چۆن بتوانن زانیاریی دروست لەسەر ئەو دوو حیزبە بڵاوبکەنەوە؟ چۆن بتوانن بیسەلمێنن داهاتی نەوتی کوردستان، کە دەچێتە گیرفانی هەردوو لایانەوە چەندە؟

دیسان لەخۆیان دەپرسین؛ بۆچی (٢٠) ساڵە هەموو ڕەفتارو کردارێکتان نهێنییە، ئەگەر نهێنییو شاردنەوەی ڕاستییەکان لە بەرژەوەندیی خۆتانو دژی بەرژەوەندیی کورد نەبووە، بۆچی (٥٠٪)ی ئەوانەی باسکران ئاشکراتان نەکردووە؟ ئەگەر بەڕاستی ڕێز بۆ یاساو حکومەت دادەنێن، بۆچی حکومەت لە هەندێک ڕۆتینیاتی ڕۆژانە زیاتر ئاگاداری هیچ نییە؟

ڕاستییەکەی ئەوەیە؛ دەسەڵات لە کوردستاندا ڕێکخراوێکی نهێنیی دەرەوەی یاسایە، ئەوەی لە بەرژەوەندیی بێت سەرچاوانو ئەوەشی لەدژی بێت، مەگەر خوا ڕەحمی پێ بکات!!!




# چاخواردنەوەیەک لەگەڵ سەرۆک



سیروان بابان

بەپێی ئەوەی کە گشت هاوڵاتییەک لەم کوردستانەدا ئازادە لە دەربڕینی بیرو بۆچوونو خواستە شەرعییەکانیدا، لەگەڵ ئەوەی گشت لایەکمان پەیمان بەوە بردووە کە ئەم هەرێمە دەرگای واڵایەو ئامادەیە باوەش بۆ ئازادیی بکاتەوە،

لەبەر چەندین هۆکاری باشی دیکەی بەمەدەنیبوونو گەشەسەندنی ئەم وڵاتە، منیش کە هاوڵاتییەکی کوردی دانیشتووی (ئەڵمانیا)م، کە بە سەردان هاتوومەتەوە، بەوەندەی کە لە هەندەرانیش پەیوەندیی توندوتۆڵم بە کوردستانەوە هەیە، ئارەزوویەکم لا دروستبوو، کە بە مافی خۆمی دەزانم.

بەر لە ماوەیەک کە بەڕێز (ڤالتەر شتاینمایەر)، کە ئەوسا وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا بوو بڕیاریدا سەردانێکی دیبلۆماسی بکات بۆ کوردستان، من وەک هاوڵاتییەکی ئەڵمانیو ئەندامێکی پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانی، هەروەها وەک چالاکوان لە بواری تێکەڵبوونی بێگانەکان لەناو کۆمەڵگەی ئەڵمانیدا، ئەوسا بەنامەیەک داوام لە (شتاینمایەر) کرد کە وەک زۆرێک لەو کەسانەی کە لەگەڵیدان منیش هاوسەفەری بم، هەر هەمان ڕۆژ وەڵامی بەڕێزیانم پێگەیشتەوە کە تیایدا وێڕای خۆشحاڵبوونی، بەڵام داوای لێبووردنی کرد، کە لەبەرئەوەی داواکەی من ئاساییەو مافێکی خۆمەو زۆر نزیکە لە وادەی سەفەرەکەی بۆ کوردستان، هەمووشمان دەزانین کە ئەو سەفەرە دیبلۆماسیانە پێشتر پلانی بۆ داڕێژراوە، بۆیە بە وتەی بەڕێزیان داوای لێبووردنی کرد کە لەم سەفەرەدا ناتوانم هاوسەفەری بم، بەڵام بۆ دڵڕازیکردنمو بۆ ئەوەی ئەو هەستەم پێبدات کە ئەمە مافی خۆمەو ئەویش لاریی نییە، بەڵێنی پێدام کە لە نزیکترین کاتدا لە بۆنەیەکی دیکەدا لە ڕیزی پێشەوەی هاوسەفەرو ئامادەبووان بم.

بەڵێ، هەر پاش چەند ڕۆژێک لە گەڕانەوەی لە هەولێری پایتەخت بۆ ئەڵمانیا، دەعوەتنامەیەکی بۆ ناردم کە هاوڕێی بم لە کۆبوونەوەیەکی گشتیی هەوادارانی پارتەکەماندا، هەروەها بواری ئەوەی ڕەخساند کە پێکەوە قاوەیەکو پارچە کێکێک بخۆین.

لەو ڕۆژەوە زانیم قورساییو نرخی منێکی کورد، کە ئێستا هاوشانی کوردبوونم هاوڵاتییەکی ئەڵمانیشم، چەندە.

بۆیە لەم سەفەرەمدا بۆ کوردستان خولیای تاقیکردنەوەی نرخی هاوڵاتیبوونم کەوتە مێشکەوە، لێرەوە خۆم لەلای یەکێک لە سەرۆکە هەڵبژێردراوەکانی کوردستان دەعوەت دەکەم، تەنیا بۆ چاخواردنەوەیەکو چەند خولەکێک لە گفتوگۆی بێ مەرامو بێ داخوازیی.

قبووڵکردن یان نەکردنی داخوازییەکەم بە هیچ جۆرێک لە نرخی خۆم لەلای خۆم کەمو زیاد ناکات، ئەوە نەبێت وەڵامی پۆزەتیڤانە چەند بۆ من جێی خۆشحاڵییە، دەبێت بۆ سەرۆکە هەڵبژێردراوەکانیشمان بەهەمان ئەندازە جێی شادمانیی بێت.

بەو پێیە چاوەڕوانی دەعوەتنامەی چاخواردنەوەیەکی کوردیم لەگەڵ سەرۆکێکی کوردیدا.

بۆ بەرچاوڕوونیی بەڕێزتان، من ئەندامی هیچ پارتێکی سیاسیی سەر بە بەڕێزتان نیم، تەنیا هاوڵاتییەکی ئاسایی کوردم، هاوڵاتیم!

Baban5@msn.com

# کارەساتی (٢٨)ی تەمموزی کەرکوک



مەلا فرمان

وەک ئەوەی قەدەری کەرکوک وابێتو لە چارەیدا نووسرابێت، لەژێر سایەی هەر دەسەڵاتێکدا، بێگانە، یان خۆمانە، بەشی هەر تلانەوە بێت. ئەگەر پێشتر لە چوار لاوە پیلانی دژ دەکرا، ئێستا بە وجودو شەراکەتی خاوەنماڵ، ئەم پیلانە بە جۆرێکی تر درێژەی هەیە. ئەوان وەک جاران بە گوڕ، خۆیشمان خەمساردو خۆشباوەڕ، ئەوان چاونەترسو ئێمەش شەرمنۆکو چاوەخوار، ئەوان دەرفەتقۆزەرەوەو ئێمەش بازدەر. جیاواز لە هەموو شتێکدا، تەنها لە فەرهودی ماڵی خۆمان یەکینو شەریکینو هەمیشەش دوای تەواوبوونی یاری، دەڵێین «ئای هەڵەی زۆرو گەورەمان کرد، ئای دەرفەتی زۆرمان لەدەستدا».

بۆیە دوو ساڵ بەر لە ئێستا، جارێکی تر کەرکوکیان خستەوە قەیرانێکی گەورەو دەسەڵاتی کوردی لە نێو بیرێکی قوڵدا خۆی بینییەوەو بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە، هانایان هێنا بۆ خەڵک، لە (٢٠٠٨/٧/٢٨)داو لەوان خۆشباوەڕترو لەسەر قسەی ئەوان، لە هەموو لایەکەوە ڕژاینە سەر جادە، شارمان خرۆشاند، بەبێ ئەوەی بزانین چیمان دەوێت، لە کێمان دەوێت، چۆنمان دەوێت؟ هاوارمان دەکرد، بە دڵی گەورەکان قسەمان دەکرد.

لەو کاتەی گۆڕەپانی پارێزگا جمەی دەهات، خۆکوژێک لە ناوماندا خۆی تەقاندەوە، گۆڕەپان سوورهەڵگەڕا، دەیان شەهیدو بریندار کەوتنە زەویو بوون بە قوربانیی خۆشباوەڕییو شەرمنۆکی ئێمەو سەرکردەکان.

دوای کارەسات، گومان خرایە سەر بەرەی تورکمانیو چەند کەسێکیان لێ بەندکرا، هێنرانە سەر تەلەفزیۆنو دانیان بە تاواندا ناو کەسوکاری قوربانییان دوای ئەوەی بە بڕێک پارەی کەم قەرەبوو کرانەوە (شەهید (١٠٠٠)دۆلار، بریندار (٥٠٠) دۆلار) بە هاوکاریی بەرپرسانی حیزبیی شکاتیان لەسەر بەرەی تورکمانی تۆمار کرد، تۆ بڵێی بەم کارە، بەرە بە ڕێکخراوێکی تیرۆرستی ناو دەر بکات؟!، بەڵام چەند مانگێکی نەخایاند، هەموو بەندکراوەکان ئازاد کرانو ئەم کەیسە داخرا، ماوەیەکی تر وەک ئەوەی بە فەرمیی داوای لێبوردن بکرێت، بەرەی تورکمانی بە بڕە پارەیەکی زۆر لە لایەن سەرۆک کۆمارەوە قەرەبوو کرایەوە.

بۆ ڕێزلێنان لە شەهیدانو هیمەتی خەڵکی کەرکوکو بە زیندووهێشتنەوەی ئەو کارەساتە، لەلایەن چەند دەوڵەمەندێکی نیشتمانپەروەرەوە پڕۆژەی دروستکردنی مۆنۆمێنت ئامادەکراو درا بە بەرپرسانی شار (پارێزگار، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاو شارەوانی)و هەر بەرپرسێک بە جۆرێک وەڵامی پڕۆژەکەیان دایەوەو ئەو دڵسۆزانە بە فەرمیی پڕۆژەکەیان داوەتە دەست بەڕێز سەرۆک کۆمار، بەڵام تا ئێستا ئەو پڕۆژەیە جێبەجێنەکراوەو کەیسەکەش هەر بە داخراوی ماوەتەوە.

جێی خۆیەتی کە لە یادی دووەم ساڵی ئەم کارەساتەدا، داوا لە بەرپرسانی کەرکوک بکەین، لەم بارەوە دەستبەکاربن:

١- هەڵدانەوەو پێداچوونەوە بە کەیسی تەقینەوەکەی (٢٠٠٨/٧/٢٨) بەشێوەیەکی ڕوونو ئاشکرا.

٢- بەدەنگەوەچوونی ئەو دەوڵەمەندە نیشتمانپەروەرانەو پەلەکردن لە دروستکردنی مۆنۆمێنت بۆ ئەو کارەساتە.

ئەوەی لای خەڵکی کەرکوک جێی سەرسوڕمانو پرسیارە، بێدەنگیو چاوپۆشیی بەرپرسانە لەو هەموو کارەساتو کاری گەندەڵییو کەمیی خزمەتگوزارییو کاولکارییانەی بە بەرچاویانەوە دەکرێن. ئەو بێدەنگییەش لای خەڵکی کەرکوک تەنها سێ هۆکاری هەیە: بێدەسەڵاتی، دەستێکەڵبوون، یان ترسنۆکیو کورسی خۆشویستنو هەر ئەم سێ هۆکارەشن کە لە دێرزەمانەوە شار دەتلێننەوە.

کامەیە ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە؟ 26

# دوای ساڵێک تەمەن: ئۆپۆزسیۆن چی کردووە... چی ماوە بیکا؟



**مەحمود ڕەزا ئەمین**

## چی کردووە؟

١- بۆ یەکەمینجار لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ دا ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی ڕێکخراو لە هەرێمی کوردستان لە دایک بوو، پێشتر ئەوانەی خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن ئەزانی، بە دەم ئۆپۆزسیۆن بوونو بە کردەوە شەریکی دەسەڵات.

٢- خەڵکی تورەو ناڕازیی لە دەسەڵاتی، کۆ کردەوە.

٣- کەڵچەری سیاسەتکردنو حیزبایەتی گـۆڕی. یەکەمینجارە لە مێژووی سیاسیی کوردستاندا هێزێکی سیاسیی پێش بوون بە حیزب بنکەیەکی جەماوەریی ئاوا فراوانی هەبێ، پێشتر هەمیشە چەند کەسێک حیزبیان دروستکردووەو خەڵکیان بانگکردووە شوێنیان کەون.

٤- نزیکەی (٢٠) ساڵ بوو باسی بودجەو داهاتی هەرێم ئەکرا، هاوڵاتیی ئاسایی نەیئەزانی بودجە چییەو چ پەیوەندییەکی بە ژیانی ئەوەوە هەیە، ئۆپۆزسیۆنو ڕاگەیاندنەکەی لەم بوارەدا زەینی خەڵکیان ڕۆشن کرد.

٥- خەڵک ئەیانزانی حیزبە دەسەڵاتدارەکان سامانی نیشتمانی بـەتـاڵان دەبـەن، بەڵام نەیانئەزانی چۆن. ئۆپۆزسیۆن بۆی شیکردنەوە چۆنو بە چەند ڕێگەو بە چەند ناوەوە ئەوکارە دەکەن.

٦- خەڵکی سادەو ساکاری تێگەیاند، ڕۆشنی (شفافیەت)و تاریکاندن یانی چی.

٧- نارەزایەتی خەڵکی کەناڵیزەکردو، زاتی دایە بەر بەشێک لە «ئۆپۆزسیۆن»ی بەر لە (٧/٢٥)و بەر خەڵکیش بۆ ڕەخنەگرتنی ئاشکرا لە دەسەڵاتو لە دوو حیزبەکەی، بووە بەهۆی باڵا بردنی هۆشیاریی خەڵک.

٨- درزی خستە دیواری ژوورە تاریکەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسیی.

٩- لەلایەک دەستی تاڵانچیانی سامانی نیشتمانیی ئاشکراکرد، لەلایەکی ترەوە شەرمی دەسەڵاتی شکاند. جاران حیزبە دەسەڵاتدارەکان بەدزییەوە سامانی نیشتمانیان بەتاڵان دەبرد، ئێستا کە دەستیان خرایە ڕوو، شەرمیان شکاو بە ئاشکرا بەتاڵانی دەبەن: بەتاڵانبردنی سامانی نەوتو ئاودیوکردنی بەبێ شەرمو شۆ نمونەیەکی ڕۆشنە. قازانجی ئەم حاڵەتەو ئەوانی تریش لەوەدایە کە، ئیتر خەڵک وردە وردە باشتر چاوو هۆشیان ئەکرێتەوەو بە ئاسانیی فریوی دروشمە بریقەدارەکانی حیزبەکانی دەسەڵات ناخۆن.

١٠- دووڕوویـی ئایدیۆلۆژیو نیشتمانیی حیزبە دەســەڵاتــدارەکــانــی خستە ڕوو. ڕەدکردنەوەی پڕۆژە قانونی کۆمەکی دارایی کابانی ماڵ لە لایەن فراکسیۆنی دەسەڵاتەوە نمونەی دووڕوویی ئایدیۆلۆژیو ڕەدکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر پـڕۆژە قانونی زۆر باشی ئۆپۆزسیۆن نمونەن بۆ دووڕوویی نیشتمانیو نەتەوەیی.

١١- حوکمەتی هەرێمو هـەردوو حیزبی دەسەڵاتداری ناچارکرد بەشێک لە بەتاڵانبردنی ڕاستەوخۆی سامانی نیشتمانی کەم بکەنەوە: کەمکردنەوەی (٣٥) ملیۆن دۆلار مانگانەی هەر یەک لە پارتیو یەکێتی بۆ (٢) ملیۆن دۆلار بۆ هەر یەکێکیان، نمونەیەکە.

١٢- دەسەڵاتی ناچارکرد: نەتوانێ بودجەی ساڵی (٢٠١٠) وەکو ساڵانی ڕابردوو دوا بخا؛ جیا لە ساڵانی ڕابردوو بودجەی هەرێمو داهاتی خەمڵێنراوی ساڵی (٢٠١٠)، بە کەموکورتیش بێ، ئاشکرا بکا؛ ناچاری کرد بۆ یەکەمینجار حساباتی کۆتایی ساڵی (٢٠٠٩) بنێرێتە پەرلەمانو، لەوێش ڕووی دەسەڵات پەرستیی فراکسیۆنی دەسەڵات ئاشکرا بکا.

١٣- ڕووی نادیمۆکراتیانەی حیزبەکانی دەسەڵاتی بۆ گەل دەرخست: نانبڕینو سزادان لەسەر بیروڕای جیاواز، کوشتنی خوێندکارو ڕۆژنامەنووسی لاو سەردەشت عوسمانو، بایکۆتکردنی ڕاگەیاندنی ئازادو هی ئۆپۆزسیۆن لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە، نمونەن بۆ ئەم ڕاستییە.

١٤- حیزبەکانی دەسـەڵات ناتوانن وەکو جاران بەڵێنە زۆرو جێبەجێ نەکراوەکانیان لـە بیری خـەڵـک بـەرنـەوە، ئۆپۆزسیۆنو ڕاگەیاندنەکەی بیریان ئەخەنەوەو خەڵکیان لێ پرتر کردوون.

١٥-فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن بە گشتییو، فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان بە تایبەتی، پەیوەندیی نێوان خەڵکو ئەندامی پەرلەمانی خستە سەر سکەی ئاسایی خۆی، پێویستە درێژەی هەبێ.

١٦- بوو بە ئامرازێکی تەندروست بۆ لە دایکبوونی سیستمێکی سیاسیی تەندروست.

١٧- بۆ پەیوەندیی نێوان هەرێمو بەغداش، ئۆپۆزسیۆن بناغەی قۆرغکردنی بڕیاری سیاسیی تێکدا، پێکهێنانی ئیئتلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانو وەفـدی دانوستانکاری کـوردسـتـان لـە بـەغـدا بـەرهـەمـی بوونی ئۆپۆزسیۆنە.

## چی ماوە بیکا؟

١- بانگکردنی سەرۆکی حکومەتی هەرێمو وەزیـری سامانە سروشتییەکانو وەزیـری دارایـی بۆ پەرلەمانو لێپرسینەوە (مساءلة) یان سەبارەت بەو هەموو فەشەلو گەندەڵییەی لە ئیدارەو لە بەتاڵانبردنو دیارنەمانی سامانی گشتیدا ڕوئەدەن.

٢- پشتیوانیی ئاشکراو بێ ئەملاولا لە ڕاگەیاندنی ئـازادو ئەهلی و تەبەنیکردنی کێشەکانیانو بەرگریکردنی ڕۆشنو ئاشکرا لێیان.

٣-ڕاکێشانی سەرنجی ڕای گشتی کوردستان بۆ خەتەری زەلیلکردن و کۆنترۆڵکردنی ئابوری کوردستان لەلایەن وڵاتانی دراوسێو کۆمپانیا بیانییەکانەوە، لە ڕێگەی دەسەڵاتدارانی کوردو هەندێ برگەو مادەی یاسای وەبەرهێنانەوە.

٤- بیرکردنەوەو کارکردن بۆ بەکارهێنانی شێوازی تری کارکردن بۆ سنورردانان بۆ ملهوڕییەکانی دەسـەڵات، ئەگەر فراکسیۆنی دەسەڵات لە پەرلەمانو حکومەتەکەیان درێژە بدەن بە ڕەفزکردنی هەموو پڕۆژە قانونەکانی ئۆپۆزسیۆنو پشتگوێخستنی نارەزایەتییەکانی خەڵک لە دەسەڵات.

٥- بزووتنەوەی گۆڕان وەکو گرنگترینو کاریگەرترین هێزی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی هێشتا نەیتوانیوە چوارگۆشەی چالاکییەکانی: بزووتنەوەکە؛ فراکسیۆنەکانی؛ ڕاگەیاندنی کۆمپانیای وشەو گۆڕانخوازانی دەرەوەی وڵات بە باشی لێک گرێ بدات.

٦- فراکسیۆنی گـۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان هێشتا بە پـلان کـار ناکا، بۆیە نەیتوانیوە چالاکییەکانی خۆی بە باشی بگەیەنێتە خەڵکی کوردستان، ئەبوو پلانی چوار ساڵەی هەبوایە تا لەناو جەنجاڵیدا ڕێگە ون نەکاتو فریای چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش بکەوێ. هەروەها پێویستی بە پێکەوە کارکردنی سیستماتیک هەیە لەگەڵ دوو فراکسیۆنەکەی تری ئۆپۆزسیۆن.

٧- فراکسیۆنەکەو بزووتنەوەکە هێشتا بایەخیان بە پەیوەندییو لۆبیکردنی ناو پەرلەمانی کوردستانو دەرەوەی پەرلەمان نـەداوە، بۆ سـەرخستنی پڕۆژە قانونەکانی.

٨- فراکسیۆنەکە موتابەعەی سیاسییو ئیعلامی نییە بۆ ئەو پڕۆژە قانونە گرنگانەی، کە فراکسیۆنی دەسەڵات لە پەرلەمان ڕەدیان ئەکاتەوە.

٩- بزووتنەوەکە لە سەردەمی کەمپەینی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا بایەخی زۆری بە (کابینەی سێبەر) دا، کەچی دوایی بە تەواوی پشتگوێی خست. پشگوێ خستنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردن خەتەرە لەسەر هەموو هێزێکی ئۆپۆزسیۆن.

١٠- بزووتنەوەکە نەیتوانی بە باشی سوود لە، سزادانی سیاسیی لەسەر بیروڕای جیاواز، وەربگرێ، هۆکەی ئەگەڕێتەوە بۆ فەرامۆشکردنی خاڵی (١)ی سەرەوە.

١١-ڕێکنەخستنەوەی کۆمیتەکانی پشتیوانیی بزووتنەوەی گۆڕان لە دەرەوەی وڵات بەشێوازی گونجاو، خەلەلی گەورەی بزووتنەوەکەیە.

١٢- ڕاگەیاندنی ئۆپۆزسیۆن دۆسییەی گەرم ئەوروژێنێ، بەڵام زوو وازی لێ ئەهێنێ: دۆسییەی کوشتنی قەڵەمە ئازاو ئازادەکان، دۆسییەی داواکاری گشتییو دۆسییەی سەرۆکی هەرێمو حیزبی بوون، نمونەن. هیوادارم دۆسیەی بەتاڵانبردنی نەوتی کوردستانیش لە نیوەی ڕێگە دانەخرێ. وروژاندنی دۆسییەکان چەند گرنگن، واز لێ نەهێنانیان تا کۆتایی زۆر گرنگترە.

١٣-هەن لەناو بزووتنەوەکەدا، چاویان لەوەیە کـادرێ، یان ئەندامێکی سەرکردایەتی فلانو فیسار حیزب بێنە ناوی، ئەم ئەقڵیەتە خەتەرە. کەڵچەری حیزبایەتی حیزبەکان ئەوەندە سەقەتە، زۆربوونی ژمارەی کادرو سەرکردەکانیان لەناو بزووتنەوەی گۆڕاندا ئەبێ بە خەتەر لەسەری. بایەخدان بە گەنجەکان، نا حیزبییەکانو کادرە ئالودە نەبووەکانی حیزبەکان بە گەندەڵیی، بزووتنەوەکە بەهێز ئەکەن، ئەمەوێ بڵێم: گۆڕان ئەبێ مۆراڵ بگێڕێتەوە بۆ سیاسەت... کەسی گەندەڵو بەرژەوەند پەرست ناتوانێ گۆڕان بخولقێنێ... زۆربەی سەرکردەکانی حیزبەکان ماکی گەندەڵین، داخستنی دەرگای بزووتنەوەکە لێیان پێویست ئەبینم.

١٤- شـێـوازی دیاریکردنی کاندید بۆ هەڵبژاردنەکان پێویستی بە ڕاستکردنەوە هەیە.

١٥- زۆربـەی کاندیدە دەرنەچووەکانی پـەرلـەمـانـی کـوردسـتـانو عـێـراق، دوای جیاکردنەوەی دەنگەکان پشتگوێ خراون، ژمارەیەک لەوانە کادری باشو لێهاتوون، بۆ بزووتنەوەکە باشترە ئەرکی تریان بخاتە ئەستۆو پەراوێزیان نەخا.

# نەوتی قاچاخو میدیای سێبەر



**عەبدوڵڵا ئەحمەد**

لەچەند ڕۆژی ڕابـردوودا میدیاکانی جیهان، ئاودیوکردنی نەوتی هەرێمیان لەلایەن دەسەڵاتدارە حیزبییەکانی هەرێمەوە خستەڕوو، لەهەمانکاتیشدا کاتێک باس لە بردنی داهـاتـی ئـەو نەوتە دەکـرا کە دەچێتە خەزێنەکانی حیزبەوە. لە میدیاکانی کوردستانیشدا گفتوگۆی ئاودیوکردنی نەوتی هەرێم، لە میدیای حیزبییو میدیای سێبەرەوە قسەوباسی لەبارەوە کرا. ئەوەی بۆ من گرنگە، پەیوەندیی نێوان ئاودیوکردنی نـەوتـی هـەرێـمو بەتاڵانبردنی قووتی منداڵانی ڕەشوڕووتی ئەم میللەتەو بردنی سەرمایەکەیانە بۆ گیرفانی چەند بازرگانێکی سیاسییو ئەو میدیا زۆرو زەوەندەی کە لە ژوورەکەی ئەودیوی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی حیزبە باڵادەستەکانی کوردستانەوە دەردەچن، ئەو میدیایەی کە ڕۆژانە لەپاڵ سەربەخۆبووندا، دەیەوێت پاساو بهێنێتەوە بۆ ئەم هەموو کەموکوڕییو نەبوونی سەرەتایترین خزمەتگوزارییەی کە ئەمڕۆ کوردستانی گرتووەتەوە، ئەو میدیایەی کە لە منداڵانی حیزبەوە دێتەدەرو کاری سـەرەکـی، ئارایشتکردنی ئـەو هەموو ناشیرینییەیە کە حیزبو بەرپرسانی لەچەند ساڵی ڕابردوودا ئەنجامیانداوە. پرسیارەکە لێرەدایە، ئاودیوکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ کێیەو میدیای سێبەر بۆ کێیە؟ دیارو ڕوونە کە ئاودیوکردنی نەوتەکە بۆ حیزبو بەرپرسانی حیزبو بەخێوکردنی ئەولێشاوە حیزبییە بێبەرهەمەیە کە زیاتر لە هەژدەساڵە لەژێر ڕەحمەتو بەرەکەتی حیزبدا (نە گەرماو نە سەرماو نە برسیبوون نە تینووبوونی بینیوە)، ئەوی دەمێنێتەوە، بەشە هەرە زۆرەکەی کۆمەڵگای کوردییە کە حیزبی نییەو نایەوێت بچێتە ناو ئەو سیستمە حیزبۆکراتییەوە کە ئەوان دروستیانکردووە، ئەو بەشە زۆرەی کۆمەڵگاش کە بێبەشە لە نەوتو داهاتە زۆرەکەی نەوت، زۆرینەی کۆمەڵگایەو دەتوانم بڵێم، بەدەست کەمینەی نەوتفرۆشەوە دەچەوسێنرێتەوەو ڕۆژانە بە بەرچاوی هەموو دنیاوە داهاتەکەی دەخورێت. لەپاڵ ئەم غەدرە گەورەیەدا کە لە بەشی هـەرەزۆری کۆمەڵگای کوردی دەکرێت، مەکینەیەکی ئیعلامی مووچەخۆری حیزبییو سێبەر کە بە عەقڵی نەوتفرۆشە سیاسییەکان بیردەکەنەوە، لەخزمەتی نەوتفرۆشەکاندانو گومانم نییە کە ئەگەر بێتو ئـەم مەکینە ئیعلامییە لە داهاتی نەوتەکە نەبێت، ناتوانێت ئەولەشکرە زۆرە لە نانووسەرو ناڕۆژنامەنووس کە پاسەوانییان دەکـەن، ببات بەڕێوە، بۆیە ئەوە جێگەی تێڕامان بوو کە دوای ئەو هەڵا زۆرەی لە سەر نەوتی هەرێم دروستبوو، وەک میدیای ڕاستەوخۆکانی حیزب هیچیان لەبارەوە نەوت، ئەوا ئەو میدیا سێبەرانەشی کە بە پارەی ئەوان دەردەچنو دەیانەوێت بیانکەنە دراوسێی میدیای سەربەخۆ، بۆ گەیاندنی مەرامی تایبەتی خۆیان، حەرفێکیان لەبارەی ئـەوەوە نەدرکاند، بۆیە لەو بـاوەڕەدام، میدیا سێبەرەکانی حیزب، پشکی پارەی نەوتیان بەردەکەوێتو ئەگەر کەسێکیشیان تێدابێت کە هەندێک ویژدانی لەبەرامبەر ئەو هەموو بەتاڵانبردنەی نەوتی ئەم هەرێمەدا جوڵابێتو نقەنقێکی کردبێت، ئەوە یەکسەر پێی وتراوە، لەبارەی نەوتەکەوە هیچ نەڵێیت، چونکە ڕۆژنامەکەی خۆشمان لەو داهاتە دەردەکرێتو مووچەکەت لەسەر ئەوێیە، لێرەوە پەیوەندیی نێوان میدیا سێبەرەکانی حیزبو ئاودیوکردنی نەوتی هەرێم، پەیوەندیی نێوان دوو بوونەوەرە کە بەبێ یەکتری ناژین. ئاودیوکردنو بەتاڵانبردنی نەوت، پێویستی بە میدیایەکە پەردەپۆشیی بۆ بکاتو میدیای سێبەریش پێویستی بەسەرچاوەیەکی دارایی وا هەیە کە دەبێت لە پاشەکەوتی ئەو بردنی نەوتە، بۆی دابین بکرێت.

# دەرگایەکی تر... ئۆپۆزسیۆنی فەرمیی پەرلەمانی



**شێرکۆعادل – لەندەن**

دەرگــاو مادەیاساییەکانی پـرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، پێویستییان بە پێداچوونەوەو وردبوونەوەی زیاتر هەیە بۆ دەوڵەمەندکردنو بەرفراوانکردنی یاساکانی، تا لە ئاستێکی گونجاودا لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگادا سوودی لێوەربگیرێتو بەکەڵک بێت. یەکێک لەو دەرگایانەی کە نەک لێ نەدراوەو نەکراوەتەوە، بەڵکو لە بنەڕەتدا بوونی نییەو نەزانراوە، لە نێو یاساو دەرگاکانی دەستووری پێشنیازکراودا، ئەم دەرگایە (ئۆپۆزسیۆنی فەرمیی پەرلەمانی)یەو مادە یاساییەکانییەتی لە سەر بنەمای بە فەرمیی ناسینی ئۆپۆزسیۆنە لە پەرلەمانداو ڕێکخستنو شوێنکردنەوەو گرنگی پێدانییەتی.

مادەیاساییەکانی ئەم دەرگایە، گرنگیی تایبەتی خۆیان هەیەو بوونی پێگەی دەستووریو پەرلەمانو هەروەها حکومەت بەهێز دەکاتو دەستوورو یاساکانی دەگەیەنێتە هەنگاوێکی نوێو پێشکەوتوو لە جیهانی دیموکراسیو ئازادی لە سەر بنەماکانی پێکەوەژیانو یەکتری قبوڵکردن بە یەکسانی، پێویستە ئۆپۆزسیۆن هەر ئایدیا و ڕەنگو چەندایەتیەک بێت، گرنگیی تایبەتی پێبدرێتو ڕێوشوێنە یاساییەکان لە خزمەتو هاوکاریکردنیدا بێتو گوێگرتن لێیو بەرگریکردن لە بـوونو مانەوەی، ئەرکێکی یاساییو دەستوورییەو بنەماکانی پەرلەمانی دیموکراتی پتەو و ڕاگیردەکات.

* دەرگا پێشنیازکراوەکە: (ئۆپۆزسیۆنی فەرمیی پەرلەمانی)

– ئۆپۆزسیۆنی فەرمیی پەرلەمانی، ئەو لیستەیە کە لە پەیکەرێکی ڕێکخراوەیی تاک، یـان کۆ لە گـرووپو ڕێـکـخـراوەو حیزبو هەروەها بەرەیی خۆی تەعریف دەکات، لە پاش جیاکردنەوەی دەنگەکانی هەڵبژاردنە گشتییەکانی خولی پەرلەمانی.

– لە پاش خۆناساندنی ئۆپۆزسیۆن، پێویستە لەلایەن یەکەمین دانیشتنی هەموو خولێکی پەرلەمانی تازە هەڵبژێردراوەوە، بە فەرمیی بناسرێت.

– دانانی شوێنی تایبەت لەناو هۆڵی پەرلەمان، بە پێداویستیی میدیاییەوە: (هۆڵی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، لە بنەڕەتدا بۆ لایەنی تاکڕەوی گوێڕایەڵ دروستکراوەو دەبێتو پێویستە هۆڵو شێوازی بەرامبەرێنو ڕوو بەڕووی هەبێت تا لەو شێوازی ئەو سیستمە تاکلایەنیو گوێڕایەڵییە ڕزگاری بێتو شێوازی مۆدێرنی هەبێت).

– هەموو داخوازییو داواکارییو بابەتە پێشنیازکراوەکانی، لەلایەن پەرلەمانەوە بە گرنگیو پێویست بزانرێتو پشتگوێ نەخرێتو وەڵام بدرێتەوە لە کاتی خۆیدا.

– دەبێتو پێویستە هەموو دەرگاکانی میدیا ئەهلییو حکومییەکان لە ناوەوەو لە دەرەوەی پەرلەمان والا بێت لەسەر ئۆپۆزسیۆنی فەرمیی پەرلەمانی.

– سەرۆکی لیستەکە، یان نوێنەری لیستی ئۆپۆزسیۆنی فەرمیی پەرلەمانی، لە دانیشتنە گرنگو تایبەتە چارەنووسسازەکانی پەرلەمانو کابینەی حکومەتو سەرۆکایەتی هەرێم، بانگهێشتی فەرمیی بکرێتو بەشدار بێت لە نـاوەوەو لە دەرەوەی پەرلەمانو هەرێمی کوردستان.

– پێویستە لە هەموو بۆنەو یادو مەراسیمە نیشتمانیو نەتەوەییو فەرمییە حکومییەکاندا، نوێنەری ئۆپۆزسیۆن بە فەرمیی بەشداربکرێتو لە تەک نوێنەری لیستی براوەدا لەیەک ئاستدا ڕاوەستنو دانیشن.

– هاوکاریو پشتگیریی لۆجستیو میدیای حکومیی لە کاتی دەربڕینی نارەزایەتییەکانی ئـۆپـۆزسـیـۆن لـە هـەمـوو شـێـوازەکـانـی خۆنیشاندانو مانگرتنو کەمپەینو شێوازەکانیو پارێزگاریکردنی.

– هەموو ئەو بەڵێننامەو پڕۆتۆکۆڵانەی لە ناوەوەو لە دەرەوەی کوردستان لە سەر ئاستە گەورەکانی پڕۆژەو پڕۆتۆکۆڵەکان دەبەسترێن، ئۆپۆزسیۆنیان تێدا بەشداربێت، یان بە فەرمیی ئاگاداربکرێتەوە لە ئەنجامەکانیان.

–لەگەڵ بابەتو بۆچوونە پێشنیازکراوەکانی کەسانی شارەزاو پسپۆڕو پەرلەمانتاران....

لە هەرێمی کوردستان، بۆ ماوەی نزیکەی دوو دەیەیە لە پاش یەکەمین هەڵبژاردنو دانیشتی پەرلەمانیدا، بۆ یەکەمجارە کە ئۆپۆزسیۆن بە فەرمییو ڕێکخراوەیی هاتووەتە ئاراوەو چالاکە، لە بەرامبەریشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان، سیاسەتی (بـوکـو خـەسـوو)ی نەگونجاو پەیڕەو دەکاتو توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئۆپۆزسیۆنو بەرامبەر بەیەک دانیشتنیان نییەو لاوازە کە پێویستە لیستی گەورەو براوە، زۆر بە لەخۆبووردنەوەو بە سنگفراوانیو ڕوونی بڕوانێتە ئۆپۆزسیۆنو لیستەکانیان، لەسەر بنەما دیموکراتییەکانی یەکتری قبووڵکردن کاریان لەگەڵدا بکەنو گوێیان لێبگرن.

بوونی یاسای دەستوورێکی فەرمیی بۆ هەرێمی کوردستانو دەوڵەمەندکردنی، ئەرکی هەمووانەو پێویستە بە ژیرانە شوێنو پێگەی ئۆپۆزسیۆنی تیا بکرێتەوەو بکرێتە نموونەیەکی یاساو دەستووری پەرلەمانی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستان، پێشنیازی دەستووریو یاسایی (ئۆپۆزسیۆنی فەرمیی پەرلەمانی) بۆ ئەوەیە کە لە پێشبڕکێی خزمەتکردنی کۆمەڵگاو خەڵکی کوردستان زیاتر بە ئاسودەییو یەکسانیو تەبایی و پێکەوەژیان هەنگاو بنێینو بەرەو پێشەوە بڕۆین.

sherkoedel@hotmail.co.uk

# گۆڕانکاریی‌و گۆڕینی سیستم وانابێت

**م. سەریاس سەمین**

هیچ کەسێک گومانی لـەوە نییە، کە پەروەردە بونیادی کەسێتی مرۆڤ دروست دەکــات‌و لەسەر ئـەو بنەمایە ئەقڵیەتی پێکدێت، ئەو فۆرمەی پـەروەردەی ئێمەی لەسەر دەڕوات، کتومت وەکو پەروەردەی بێ مەبەست (التربية غير المقصود) وایە، کە شێوازێکی تلقائیە، نەک ئەوەی پێویست بکات ئەو هەموو دامودەزگایەی بۆ دابمەزرێنی‌و ئامانجێکی ئەوتۆی لەپشتەوە نییە، هەربۆیە حاڵی حازر گلەیی زۆر هەیە لە سەرجەمی تاکی کۆمەڵگەی کوردی هەر لە نەبوونی ئینتمای نەتەوەیی...هتد، ئەگەرچی ئەوە هۆکاری یەکەم نییەو مەسەلەی ناعەدالەتی‌و گەندەڵیی‌و شتی تری لەو بابەتەشە، هۆکاری گەورەن، کەواتە هەرچی پەلە بکرێت لە گۆڕینی سیستمی پەروەردەی ئێمە هێشتا کەمەو گەورەترین بایەخ دەبـوو پێش هەر کەرتێکی دیکە بە پەروەردە بدرێت، نەک بە شتی دیکە.

گۆڕینی سیستم واتە: هەڵوەشاندنەوەی سـەرلـەبـەری ئـیـدارەکـانـی پـێـشـوو و ئاراستە پەروەردەییەکان‌و بونیادنانەوەو دامـەزرانـدنـەوەی بەشێوازێکی نـوێ، کە گۆڕانکارییە نوێیەکان دەیانەوێت، نەک ماکیاجکردن‌و شاردنەوەی رووە راستییەکەی، بەڕێوبەرە گشتییەکان شوێن‌و ژوورەکانیان ئاخر مۆدیلی پێویستییەکان‌و ئەساسی تێدایەو کارەباش بەردەوام، بەڵام لە زۆربەی هەرە زۆری خوێندنگەکاندا نەک کارەبا نییە، بگرە ئاویش نییە! ئـەرێ بەڕاست فێرخواز ئاو ناخواتەوە؟ ئەی هیچ پێویستی بە ئاو نییە؟ گۆڕینی سیستم سادەترین مانای ئەوەیە، ئاو بگەیەنێتە ناوەندەکانی خوێندن، تاقیگەو شتی تری لەو بابەتەش پێویستی بە کارەبایە، سەیرێکی خوێندنگەی لادێکان بکەن‌و بزانن چ کارەساتێکە گوێت لە گۆڕینی سیستم بێت، کامیان زەرووره بێ گرفت بێت، ژووری بەرپرسانی پەروەردە، یان ژووری مندالانی بەستەزمان؟!

گۆڕینی سیستم واتە: دوور خستنەوەی دەستی حیزب‌و نەخوێندەوارەکان لە کایە هەستیارە پەروەردەییەکان، چی گۆڕاوە (١٨) ساڵ پێش ئێستا بەڕێوبەری خوێندنگەیەک بە ئەمری حیزب دادەنراو ئێستاش بە هەمان شێوەیەو ئەگەر پێشتر بە شاراوەیی کرابێت، ئێستا بە ئاشکراو لەپێش چاوی هەموو خەڵک ئەمە دەکرێت، ئەمەیە گۆڕان لە سیستم؟! ساڵانی پێشوو خوێندنگەیەکی چـوار یا شەش پۆلی دروست دەکراو سیستمەکە وای دەخواست، خۆ ئێستا گۆڕاوەو (٩) پۆلییە، کەواتە خێرە لە (٢٠١٠)دا خوێندنگەی (٤) پۆلی دروستدەکرێت؟*

دیمەنی خوێندنگەکان ببینن لەکاتی تەواوبوونی دەوامی ئاسایی چۆن مندالآن پاڵ بەیەکەوە دەنێن‌و گەرەکیانە هەرچی زووە بگەنە ماڵەوەو رزگاریان بێت، دەڵێن: بەربووین، وەکو لە زیندان بووبێتن، ئەمە چ دەلالەتێکی هەیە جگەلە بـێ خزمەتی خوێندنگەکان‌و نەبوونی خـواردن‌و هۆڵ‌و پێویستییەکانی تر؟ ئەگەر فێرخواز خەمی ئەوەی بێت زووتر لە خوێندنگە نەمێنێت‌و بگەڕێتەوە، کەواتە گۆڕانەکە چ رۆڵێکی هەبووە؟ یا جگە لەوەی لەسەر کاغەز دەڵێن: سیستم گۆڕاوە شتێکی دیکە گۆڕاوە؟ هەمان ئەقڵییەت‌و هەمان بیرکردنەوەی سەردەمانی بەعس لە کایە پەروەردەییەکاندا رۆڵی خۆی دەگێڕێت‌و پێویستی بە چارەسەری بنەڕەتی هەیە، نەک موسەکین‌و چارەسەری کاتیی، بۆ هەموو ئەمانە پێویستە وەزارەتی پەروەردە بەرنامەیەکی گشتگیرو هەمەلایەنەی هەبێت‌و سەرجەم گرفت‌و کێشە پەروەردەییەکان بەڕاشکاوانە گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت‌و بە هەستێکی پەروەردەکارانە مامەڵە لەگەڵ واقیعەکەدا بکرێت‌و لەسەروو هەموویەوە، دوورخستنەوەی دەستی حیزب، بەتایبەتی لە بواری پەروەردەدا، لەڕاستیدا ئەمەش پێویستی بە بڕیاری بوێرانەو بە کەسانی دڵسۆزە، کە لە ناخیاندا خەمی پەروەردەیی هەیە.

*** خوێندنگەی ملەسوورە ساڵی رابردوو جێبەجێکرا، دێیەکی دەڤەری گەرمیانەو دەکەوێتە رۆژئـاوای ناحیەی رزگـاری، لە (١٩٨٨) زۆرترین خەڵکی ناوچەکەی تێدا ئەنفالکرا.**

# ئێستا زەمەنی جوڵاندنی شەقامە...
# ساڵێک رۆیشت، شەقام هەر نەجووڵا



**کەمال چۆمانی**

ئەگەر راپەڕین بۆ کـورد، سەرەتای بنیاتنانی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمیی بێت بۆ ئەو پارچەیەی کوردستان، ئەوا (٢٠٠٩/٧/٢٥) سـەرەتـای بـەدامـەزراوەیـیـکـردن‌و بەدیموکراتیزەکردنی ئەو دەزگایانەیە کە لەو هەرێمە نیمچە سەربەخۆیەدا وەک دەستکەوتەکانی راپەڕین دەناسرێن.

هـەر سیستمێکی دیموکراسیی سەقامگیرو شەفاف لە دونیادا، هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی بەهێزیش لەپشتیەتی، لە هەر شوێنێک حکومەت‌و ئیدارەی بەهێز هەبوو، ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزو چالاکیش لەبەرامبەردا بوونی هەیە، یان دەتوانین بڵێین، ئۆپۆزسیۆنی بەهێزو چالاک‌و نەترس، هۆکارێکی هەرە سەرەکییە بۆ دروستبوونی حکومەتێکی دیموکراتخوازو شەفاف‌و یەکسان. بۆ گەشەسەندنی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو، بەر لە حکومەتێکی چاک، میدیایەکی رەخنەگرو هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی بوێر پێویستە. لە زۆربـەی وڵاتـە تـازە پێگەیشتووەکاندا، ئەوە ئەزموونکراوە، تا ئۆپۆزسیۆن‌و میدیا پێشنەکەوتبن، حکومەتیش پێشنەکەوتووە.

لە ئێستادا، سێ هێزی ئۆپۆزسیۆن لـە کـوردسـتـان بـوونـیـان هـەیـە، ئەو هێزانە دەرئەنجامی زەمینەخۆشکردنی دیموکراسییانەی ئەو دەسەڵاتە نین کە هەژدەساڵە حوکمی کوردستان دەکات، بەڵکو دەرئەنجامی ئەو گەندەڵیی‌و فەوزایەیە کە دوو هێزی سەرەکیی هەرێمی کوردستان دروستیانکردووە. ئەگەر یەکێتی‌و پارتی دوو هێزی دیموکرات بوونایە، پێویستی نەدەکرد رێککەوتنی ستراتیژی لەنێوانیاندا هەبوایە، ئـەوان کە رێککەوتن هەموو سـەروەت‌و سامانی کوردستان دابەشبکەن‌و رێبگرن لە هەر دەنگێکی جیاواز، دەرفەتێک نەما کە بیر لە بەدامەزراوەییکردن‌و بەدیموکراسیکردنی دەزگاکانی حکومەت بکرێتەوە، هەر دەبووا هێزی سیاسیی دیکە دروستبوونایەو دژ بەو دۆخە گەندەڵ‌و شلۆقە هەبووەی کوردستان بووەستنەوە.

ئۆپۆزسیۆنبوونی سیاسیی، هێند پێویستە، وەک ئۆکسجین بۆ مرۆڤ وایە، ئەگەر دوای یەکەم هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان، یەکێتی‌و پارتی بە دەرئەنجامەکان رازیبوونایەو یەکیان بووبانە ئۆپۆزسیۆن، تەنیا چوار ساڵیان پێویست بوو بۆئەوەی بگەنەوە دەسەڵات، بەڵام ئەگەر لەو مێژووە وردبینەوە، چەندان هەزار کەس بوون بە قوربانیی، کوردستان چەندان ساڵ دواکەوت، تاکێکی کۆیلەو کۆمەڵگەیەکی مێگەلیی دروستبوو، هـەزاران ئینسانی ئەو وڵاتە کوردستانیان جێهێشت، چەندان لاو بوونە خۆراکی ماسییەکانی دەریای ئیجە، چەندان رۆشنبیر کەوتنە تاراوگە، کورد دەستیکردەوە بە خیانەتی نیشتمانی‌و نەتەوەیی، کوردستان بووە پێگەی ئیتلاعات‌و میت‌و ئیستیخباراتی بەعس، سوپای پاسداران‌و بەعس‌و تورکیا لە کوردستان تەراتێنیان کردو هەموو ئەمانەو چەندان نەهامەتیی دیکە، دەرئەنجامی ئەو یەکتر قبووڵنەکردنەی یەکێتی‌و پارتی‌و ئامادەنەبوونیان بـوو بـۆئـەوەی ببنە ئۆپۆزسیۆن، کەواتە؛ گەورەترین سوودێک کە ئێمەی کورد لە دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنمان بینی لە کوردستان، کۆتاییهێنان بوو بە چەمکی چەک‌و کۆتاییهێنان بە جیاوازییەکان لە رێی چەک. سەختە کە گەلێک سەدەیەک ژێردەست بووبێت‌و (١٨)ساڵی حوکمی خۆجێیی گەندەڵ‌و نادیموکرات بووبێت، بەسادەیی بۆ کۆتاییهێنان بەو دۆخەی کە تێیدایە، بیر لە چەک نەکاتەوەو روو لە ئۆپۆزسیۆنبوونی سیاسیی بکات. ئێمەی کورد، کاتێک هەموو دونیا دژمان بوو، تەنیا چەند لوتکە شاخێک لە قەندیلمان لەژێر دەست بوو، بۆ کۆتاییهێنان بە بچووکترین جیاوازیی، هانامان بۆ چەک دەبرد.

مارکس دەڵێت: «مانای ئاشتیی بریتییە لە غیابی ئۆپۆزسیۆن بەرامبەر سۆشیالیزم»، بەڵام یەکێتی‌و پارتی تەئویلی ئەم گوتەیەی مارکسیان کـردووەو سۆشیالیزمیان گۆڕیووە بە (خۆیان). ئەوەی یەکێتی‌و پارتی سوودیان لێوەرگرت، هەمان تێڕوانین بوو، بەڵام ئەوەی ئەوان سۆشیالیزم نەبوو، بەڵکو خۆیان بوون، خۆیان بوون لە سەرەتادا وەک دوو بنەماڵە، ئینجا دوو حیزبی سیاسیی کە سوودیان لەو دۆخە وەستاوە دەبینی کە بوونی هەبوو لە کوردستانداو هەموو رێگەیەکیان گرتەبەر بۆ رێگرتن لە دروستبوونی ئەو ئۆپۆزسیۆنەی کە ئەوان لێی دەترسان.

ولیام بلەیکی شاعیرو نۆڤێلیستی ئینگلیزی، لە گوتەیەکیدا پێیوایە: «ئۆپۆزسیۆن دۆستی راستەقینەیە»، بەڵام لای یەکێتی پارتی، ئۆپۆزسیۆن نەک هەر دۆست نییە، بەڵکو دوژمنێکی مەترسیداریشە، ئەمەش بۆ داهاتووی کوردستان‌و رووخساری هەرێم لە دەرەوە زۆر ترسناکە، چونکە هەر هێزێک، یان ئینسانێک لە خەمی نیشتمان‌و خەڵکەکەیدا بێت، هەرگیز بە چاوی دوژمن تەماشای ئۆپۆزسیۆن ناکات، ئەوە هێزە تەقلیدیی‌و نادیموکراتەکانن کە پێیان وایە، ئۆپۆزسیۆن کەسانێکن، دژی دەسەڵات‌و دەستکەوتەکانی حکومەتی نیشتمانیی.

ئـێـسـتـا، مـیـدیـای ئـــازادو بـوونـی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا، دوو دیاردەی زۆر پۆزەتیڤن‌و ئێمەی کـورد، ئەگەر لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی شتێکمان هەبێت خۆمانی پێجیابکەینەوە لە وڵاتەکانی دیکەی تازەپێگەیشتووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، تەنیا دوو شتن؛ میدیای ئازادو ئۆپۆزسیۆن. حکومەتی هەرێمیش، هەرچەندە زۆر دژی ئەو دوو دیاردە پۆزەتیڤەیە، بەڵام بەرپرسان کە قسە بۆ ئەو دەزگاو کەسایەتییانە دەکەن کە هی دەرەوەی هەرێمن، هەر ئەو دوو دیاردەیە زیاتر باسدەکەن. زۆرجار یەکێتی‌و پارتی باس لەو بینا هەوربڕو چەند پرۆژەیە دەکەن کە لە کوردستاندا جێبەجێکراون، بەڵام کاتێک ئەوانەش بوونیان نەبوو، ئینسانەکان هەر دەژیان، ئەوەی گرنگە، ئازادیی زیاترو یەکسانییە، هەر کاتێک ئازادیی، دیموکراسی، میدیای ئازادو ئۆپۆزسیۆن نەبوو، ئەوکات هەڕەشە جدییەکە بۆ سەر گیانی هاوڵاتییان دەستپێدەکات، نـەک نەبوونی ڤێللاو باڵەخانەی بەرز.

ئـــەوەی جـێـی نیگەرانییە، هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان لە کوردستان هێشتا ئەرکی سیاسیی، نیشتمانیی‌و نەتەوەیی خۆیان جێبەجێ نەکردووە، ئەگەر تا ئێستا ئاسایی بووبێت رەخنەگرتن لە ئۆپۆزسیۆنێک کە تەنیا تەمەنی ساڵێک تەواونەبووە، ئەوا چیتر ئاسایی نییەو بگرە جێگەی مەترسیشە، چونکە نابێت ئۆپۆزسیۆن سستیی پێوە دیار بێت.

لـە ئێستادا، گرنگترین شتێک کە ئۆپۆزسیۆن بیکات، جووڵاندنی شەقامە، تا هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان توانای جوڵاندنی شەقامیان نەبێت، هیچ گەرەنتییەک نییە کە دەسەڵات گوێبگرێت. لە پارلەماندا، چونکە عەقڵییەتی پارتی‌و یەکێتی لەسەر بنەمای زۆرینە ئیشدەکات، دەتوانن هەموو پرۆژەو پێشنیازەکانی ئۆپۆزسیۆن پەکبخەن، بەڵام ئەگەر ئۆپۆزسیۆن ئەوەندە جدیی بێت کە بتوانێت شەقام بجوڵێنێت، ئەوان ناتوانن ئەو تیۆرەیە سەقەتە رەجعییەی زۆرینە بەکاربهێنن بۆ پێشگرتن بە ئۆپۆزسیۆن‌و هەرکاتێک دەسـەڵات ترسی جولاندنی شەقامی لا دروسـت بـوو، ئـەوە ئەو ساتەوەختەیە کە ئێمە هەست بە هەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی جدیی دەکەین.

ئێمە دەتوانین دوو نموونە بهێنینەوە کە دەردەکەوێت هێشتا ئۆپۆزسیۆن ئەرکی خۆی پێ نەزانیوە، ئیسلامییەکان چەندان کەسیان لێدەستگیرکراوەو هێشتاش لە زیندانەکاندان، کەچی تا ئێستا نەیانتوانیووە تەنیا جارێک بۆ ئەو ئەندام‌و لایەنگرانەی خۆیان هان بدەن بچنە سەر شەقامەکان‌و داوای ئازادکردنیان بکەن.

وا نزیکەی ساڵێک تێپەڕی، نانبڕاوانی گۆڕان نەگەڕانەوە، کەچی زووزوو دەمانبینی کە لیستی گۆڕان لە پارلەمانی کوردستان، داوای لە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکـرد بۆئەوەی نانبڕاوان بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان. ئیشی لیستی گۆڕانە لە پارلەماندا، وەک چۆن مێزەکانی کوتا بۆ بودجە، ئـاواش مێز بکوتێت بۆ گەڕاندنەوەی نانبڕاوەکان، نەک داوا لە سەرۆکی هەرێم بکات، سەرۆکی هەرێم خۆی بەشێکە لە بڕیاری نانبڕاوەکاندا، چونکە ئەو سەرۆکی هەموو کوردستانەو خۆشی دەسەڵاتی یەکەمی جێبەجێکردنە لە کوردستانداو پێویستە ئیسلامییەکان شەقام بجوڵێنن بۆ خەڵکی خۆیان کە ئێستا لە زیندانەکانی یەکێتی‌و پارتیدان. نابێت چیتر بزووتنەوەی گۆڕان چاوەڕێی ئەو لیژنانە بێت کە چاوەڕێدەکرێت نانبڕاوان بگێڕێتەوە، دەبێت هەردووکیشیان هاوکاریی یەکتر بن‌و ئەوە ئەو ساتەوەختەیە کە کوردستان پێدەنێتە قۆناغێکی نوێی کاری ئۆپۆزسیۆنی‌و مەدەنییەوە.

لـە سـەروبـەنـدی تـیـرۆرکـردنـی رۆژنامەنووسی لاو، سەردەشت عوسماندا، بزووتنەوەی گۆڕان لە رێی راگەیاندنەکەیەوە، دۆسیەکەی فراوانترکرد، پارتی دەیگوت، ئەو رووداوە بە سیاسیی دەکرێت، هەر هێزێکی ئۆپۆزسیۆن، دەبێت لە بچوکترین رووداوو ناعەدالەتی‌و پێشێلکردنی مافی مرۆڤدا بێتە وەڵام‌و خۆی بکاتە خاوەنی رووداوەکـە، هیوای چیم بە هێزێکی ئۆپۆزسیۆن بێت کە لەسەر کوشتنی مرۆڤێک نەیەتە وەڵام؟

لەوەتەی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان سەریهەڵداوە، زۆر شت هەبووە لە رووی نیشتمانیی‌و نەتەوەییەوە پێویستی بە جوڵاندنی شەقام‌و خۆپیشاندانی سەدان هەزار کەسی هەبووە، کوشتنی کچێکی (١٤) ساڵەی گوندنشینی کورد بە تۆپەکانی ئێران، تۆپباران‌و بۆمباباران، لەسێدارەدانی کوردان لە خۆرهـەڵات، گیرانی سـەدان زارۆکـی باکوور، کوشتنی دەیان کورد لە سوریا، ناردنەوەی پەنابەران، سنووربەزاندنی ئێران‌و هتد... هی ئەوە بوون کە هەموو کوردستانیان بۆ بجوڵێنرێت، کەچی جگە لە چەند بەیاننامەیەکی سادە، هیچمان نەبینیوە، پێویستە ئۆپۆزسیۆن زەمەنی بەیاننامە تێبپەڕێنێت‌و هەنگاو بۆ کاری کرداریی بهاوێژێت.

ئۆپۆزسیۆن‌و دەسـەڵات، تەواوکەری یەکترن‌و نابێت دەســەڵات بـە درنـدە تەماشای ئۆپۆزسیۆن بکات وەک ئێستا دەیکات، ناشبێت ئۆپۆزسیۆن نەرمیی بنوێنێت بۆئەوەی دەسەڵات لەگەڵیدا نەرم بێت. ئەگەر ئۆپۆزسیۆن بـەردەوام بێت لە بەرنامەی جـوان‌و جدیی لە کـاردا، لە هەموو دونیادا وایە، سەردەمێک دێتە سەر حوکم، لێ ئەگەر وا نەبێت، خەونی گەلێک دەکوژێت‌و بێهیوایان دەکات، وادەکات کە گەل بڕوای بەوانە بێت کە نوقمی گەندەڵیی‌و ناعەدالەتیی‌و نابەرپرسیارێتیی بوون.

Chomani_85@yahoo.com

## ونبوون

– جزدانێکی رەش ونبووە کە مۆڵەتی شۆفێری‌و باجی زانکۆ، لەگەڵ برێک پارەی تێدایە بەناوی (ژیار شەوکەت مەعروف)، هەرکەسێک زانیاری لەوبارەیەوە هەیە پەیوەندی بکات بە ژمارە تەلەفۆنی (٠٧٧٠١٤٨٨٠٨١).

– جزدانێکی گیرفان ونبووە کە ئەم بەڵگەنامانەی لای خـوارەوەی تێدایە کە سەرجەمیان بەناوی (محمد ئیبراهیم محمد)ەو هەرکەس دۆزییەوە پەیوەندی بکات بە ژمارە مۆبایلی (٠٧٧٠١٥٥٩٣٣٤).

بەڵگەنامەکان: ١. پێناسێکی کەناڵی ئاسمانی KNN ٢.باجێکی زانکۆی سلێمانی.
٣. مۆڵەتێکی شۆفێری.

خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای وشە
سەرنووسەر: ئازاد چالاک
بەڕێوەبەری نووسین
سیروان رەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
–
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
کارگێڕی‌و ریکلام‌و ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ – ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com
دابەشکردن:
کۆمپانیای پەیپەر
٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١
٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠
ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە
ئۆفیسی هەولێر:
گەڕەکی زانکۆ – چوارڕێیانی حەمرین – تەنیشت بەڕێوەبەرێتی ژینگە
٠٧٥٠١١٧٧٥٢٤

# کامەیە ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە؟!



**سەڵاح مەزن**

سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن لە هەر شوێنێکدا بێت، بە کۆمەڵێک هەلومەرجی سیاسی، ئابووریی، کۆمەڵایەتی و شێوەی سیستمی ئەو وڵاتەوە بەستراوەتەوە، بۆیە زەحمەتە چوارچێوەیەکی داتاشراو بۆ ئەو هەلومەرجە وێنابکرێت، بەڵام بەگشتیی سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازەو هەر وڵاتە بەپێی سیستمی حوکمڕانی و ئاستی هۆشیاریی سیاسی و پێشکەوتنی شارستانی و یاسایی جۆرێک یان شێوازێک لە ئۆپۆزسیۆن بەرهەم دەهێنێت، بۆ نموونە ئەگەر سیستمی حوکمڕانیی سەربازیی، کودەتاچی و دیکتاتۆریی بێت، ئەو ئەو ئۆپۆزسیۆنە سیاسییە کە ئەرکی خەباتی ڕزگاریی نەتەوەیی یان نیشتمانیی لەئەستۆدەگرێت پەنا دەباتە بەر خەباتی سیاسیی نهێنی ناو شارو لادێکان، هەروا لە دەرەوەی جوگرافیای دەسەڵات و دامەزراوە سەربازییەکانیشەوە شێوازێک بۆ خەباتی چەکداریی هەڵدەبژێرێت، وەک شەڕی پارتیزانی و تەنانەت شەڕی بەرەیی و هێرش و بەرەنگاربوونەوەی فراوانی پێگەکانی سەربازیی دەسەڵات و لێدانی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات لەناو قووڵایی وڵاتەکەدا، زۆربەی جاریش لادێ دەکرێتە بنکەی دەستپێکردن و لەوێوە بەرەو ناخی شارو ئاواییەکان شۆڕدەبنەوە، خۆ ئەگەر سیستمی سیاسیی وڵات پەرلەمانی و دیموکراتیک بێت، ئەوا ئۆپۆزسیۆن پشتئەستوور بە شێوازی مەدەنی و ئاشتیخوازانە دەبێت و ڕێگای خەباتی پەرلەمانیی هەڵدەبژێرێت، کە هێزی جەماوەر بە گشت چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵ، میدیای ئازادو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەک شێوازێکی کاریگەر بۆ گوشارخستنەسەر دەسەڵات بەکاردەهێنێت، ئەوە نەبێت لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا بەهۆی شکستخواردنی شێوازە تەقلیدییەکانی گروپ و بزووتنەوە چەکدارییەکان بەتایبەتیش لە ئەمریکای لاتینی کە بەهۆی زاڵبوونی دەسەڵاتی سەربازیی و کلکایەتییان بۆ بێگانە، کە کۆمپانیا مۆنۆپۆلە سەرمایەدارییەکان سامانی وڵاتیان بەتاڵان دەبردو زۆربەی زۆری دانیشتووانیش لە هەژاریی و پاشکەوتوویی دەژیان، گروپ و بزووتنەوە چەکدارییە شۆڕشگێڕییە تەقلیدییەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی دامودەزگا سەرکوتکەرەکان دەستەوەستان مابوون، لەو ئانەدا تەوژمی فیکریی و سیاسیی تازە سەریانهەڵدەداو بانگەشەی بەرپاکردنی شۆڕش و ڕووبەڕووبوونەوەیان دەکرد لەناخی شارەکانەوە، بۆ ئەوەی لە قووڵایی شارەکانەوە مەترسی بخرێتە سەر گیان و بەرژەوەندییەکانی ڕژێمە کلک و کودەتاچییەکان، لەم نێوانەدا دەتوانین هەندێک وڵاتی پاشکەوتووی سیستم تۆتالیتاریی و کودەتاچی لە ئاسیا، ئەفریقاو ئەمریکای لاتین بە نموونە وەربگرین، لەو لاشەوە وڵاتانی ئەوروپا، ئەمریکاو ئوستراليا وەربگرین، کە ئۆپۆزسیۆن بەپێی دەستوور بەشداریی لە ژیانی سیاسیی وڵات دەکات، جۆرێکی دیکە لە ئۆپۆزسیۆن لەو وڵاتانەدا دەبینرێت، کە سیستمی سیاسیی بە دروشمەکانی وا خۆی دەناسێنێت کە پشتگیریی لە دیموکراسی و مافی مرۆڤ دەکات، بەڵام بە کردەوە پێچەوانە هەڵسوکەوت دەکات، جگە لەوەی دەنگە ئازادەکانی کۆمەڵگە دەخنکێنێت، لەولاشەوە بێمافکردنی تاکەکانی کۆمەڵگەو ناعەدالەتی ڕەچاودەکات، لەبەرامبەر چالاکوانانی میدیاو بواری مەدەنی و سیاسیی، شێوازی چاودێریی توندو تۆقاندن پەیڕەودەکات.

بەهۆی زاڵبوونی کلتووری ترس و تۆقاندن بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستاندا، کە بەسەر ڕەوتی سیاسیی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیی و مەدەنییەکانی کوردستانیش شکڵی گرتووە، کە لە ڕابردوودا ڕژێمی دیکتاتۆریی بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتی ڕەهای خۆی بەرهەمیهێناوە، لەوساوەو پاشتریش وەک نەریتێکی داسەپاو ماوەتەوە، تەنانەت لەدوای ڕاپەڕینیش نەتوانرا ئەو نەریتە بڕەوێنرێتەوە، یان مۆدێلێکی جوانتر بەرهەمبهێنرێت، بەڵکو کلتووری شاخ و شۆڕشی چەکداریی وەک ئەلتەرناتیڤێکی نێگەتیڤ خۆی سەپاند، کە ئەویش بەرهەمی شەڕ و بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی توندوتیژیی دیکتاتۆریی بوو، حەتمەن ئەو کلتوورەی شاخیش چونکە پەرچەکرداری توندوتیژییە، کەواتە شێوازی بەگژداچوونەوەی توندوتیژیی بە ئامرازو گرتنەبەری شێوازی توندوتیژ بە ڕەوا دەزانێت، بۆیە دواتریش ئەو بە ڕەوا زانینەی توندوتیژیی وەک نەریتێک بەسەریدا دەسەپێت، نموونەش فەلەستین و باشووری کوردستانە.

پێشتر وتمان سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن کۆمەڵێک هەلومەرجی دەوێت، کە بە دروشمی زەق و گفت نایەتە بەرجەستەبوون، بەڵکو ئەو پرۆسێسە ژمارەیەک هەنگاوی دەوێت، لە ڕێگای چاکسازیی سیاسیی، یاسایی ، ئابووریی، دامەزراوەیی و... تاد، واتە پرۆسێسێکی تەواوکارییە، کە هەماهەنگی هەمەلایەنەی دەوێت، دیارترین هەنگاو لەو مەیدانەدا داڕشتنی دەستوورێکی دیموکرات و شارستانیانە، بێ بوونی دەستوور، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی یاسایی، دادوەریی و جێبەجێکردن و پاراستنی سەربەخۆییان، دیموکراسیی تەنیا دەبێتە دروشمێکی دیماگۆگی هەڵخەڵەتێنەر، بۆ ئەوەی چالاکییەکانی سیاسیی، کۆمەڵایەتی، بازرگانی و کلتووریی ئازادانە داهێنان ئەنجامبدەن، دەبێت ئازادیی، ئارامیی سیاسیی، دیموکرسیی و سەقامگیریی یاسایی بێتەدی، بۆیە مەحاڵە لە سایەی شەڕ و ئاژاوەی سیاسیی ئۆپۆزسیۆنی مەدەنی و مۆدێرن بتوانێت سەردەربێنێت و نەشونما بکات، ئەمجار هەرچەندی پێشەوەچوون لە بارودۆخی سیاسیی، دەستووریی و بووژاندنەوەی ئابووریی و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان بێتەپێشەوە، یان ئارامیی لە ڕەوشی سیاسیی، دەستووریی و ئابووریی عێراق ڕووبدات و کرانەوە بە ڕووی جیهانی دەرەکی هەبێت، دیارە بۆ ئەم قۆناغەی ئەمڕۆ بە قازانجی پێشەوەچوونی پرۆسێسی سیاسیی و فراوانبوونی بازنەی دیموکراسی و بنیادنانەوە تەواو دەبێت، لەلایەکی دیکەوە سەرپەرشتی لە نزیکەوەی ئەمریکاو وڵاتانی ئەوروپاو نەتەوەیەکگرتووەکان هاندەرێکی باشە بۆ پشتیوانیی لە پەلەکردن بە ڕێگای چاکسازیکردنی دامەزراوەیی، نەباداش دامەزراوەکانی یاسایی، کارگێڕیی، هەروەها پێشخستنی پرۆسێسی دیموکراسی و سیاسیی لە عێراقداو چاودێریی مافەکانی مرۆڤ و میدیای ئازاد، لە هەمووشی گرنگتر برەودان بە چالاکی کەرتی تایبەت و سازدانی بارودۆخی گونجاو بۆ چالاکیی مەدەنی، بازرگانی و وەبەرهێنان، ئا لە ڕەوشێکی ئاواداو لەژێر سێبەری ئاڵوگۆڕی لەو چەشنەدا فەزایەکی لەبار بۆ دروستبوونی یان لە دایکبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی پۆزەتیڤ دێتە ئاراوە، هەڵبەت ئەو ئۆپۆزسیۆنە بێ کەموکورتی نابێت، چونکە وەنەبێت ئەوە تەنیا بەرهەمی پێشکەوتنی دیموکراسی و ناڕەزاییەکان بێت، بەڵکو لە کۆمەڵگەیەکی وەک کۆمەڵگەی کوردستانی پڕ لە کێشەو ململانێی سیاسیی و دیرۆکیدا، دیارە کاریگەریی ڕابردووش بەسەر ئەو ئۆپۆزسیۆنە، بە پۆزەتیڤی و نێگەتیڤی ڕواڵەت و ڕەنگدانەوەی دەبێت.

**مەحاڵە لە سایەی شەڕو ئاژاوەی سیاسیی، ئۆپۆزسیۆنی مەدەنی و مۆدێرن بتوانێت سەردەربێنێت و نەشونما بکات**

بۆ ئەوەی ئۆپۆزسیۆن لە هەنوکەو ئایندەی گۆڕانکارییەکان ڕۆڵی کاریگەر بنوێنێت و دواتریش پشت لە خەڵک نەکات و ببێتە جێی بڕوایان، پێویستە بەرنامەیەکی واقیعی ڕابگەیەنێت، کە تێیدا هێڵەکانی چاکسازیکردن یان چارەسەری ڕیشەیی بە ڕوونی دیاریکرابن، بەوشێوەیە بەرچاوڕوونی زیاتر دەردەکەوێت، هەر لەو بەرنامەیەدا پێویستە ڕێزگرتن لە یاساو سەروەریی گەل و وڵات و داکۆکیی لە داواکارییەکانی گەلی کوردستان بەگشتیی و خەڵکی هەژارو داهات نزم بەتایبەت لە ئەرکی هەرە لە پێشەوەی خۆی دابنێت، لە پراکتیکیشدا وەک هێزێکی ئەکتیڤ و بزوێنەر لەسەر شێوازی مەدەنی و مۆدێرن دایەلۆگی کراوە خۆی ڕابهێنێت، ئینجا ڕاشکاوانەو دوور لە دیماگۆگی ڕاستییەکان بەشێوەیەکی ڕۆشن بۆ خەڵک پەیام بکات، لەو پرۆسێسە گۆڕانکارییەدا پێویستە بە پشتبەستن بە تاکەکانی خاوێن، بە تواناو چالاکوانانی بوارە جیاجیاکان کۆمەڵگە وەربگیرێت و خەڵکی بەشمەینەت و تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بە ئامانج وەربگرێت، لە بەرامبەر ئەوەشدا پێویستە دەسەڵاتی سیاسیی بە گشت دامەزراوەکانی یاسایی، دادوەریی و جێبەجێکردن ڕێزلەئۆپۆزسیۆن بگرن و بەپێی یاساو پرەنسیپە مەدەنی و دیموکراسییەکان هەڵسوکەوت لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن بکەن، چونکە هەر سیستمێکی حوکمڕانیی کە خۆی بە دیموکراسی بناسێنێت، دەبێت قبوولی بێت ئۆپۆزسیۆنی پۆزەتیڤ چالاکیی هەبێت، دەنا ناوەڕۆکی دیموکراسی لە وڵاتەدا، لە بانگەشەیەکی ڕووت بەدەر مانایەکی دیکەی نابێت، دیارە لە دەستوور ماف و ئەرکەکانی تاک و کۆمەڵگە، هەروەها پارت و گروپەکانی سیاسیی، مەدەنی و کۆمەڵایەتی دیاریکراوە، لە بەرامبەریشدا ئەرک و دەسەڵاتەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن سنوورێکیان بۆ دانراوە، کە پێویستە گشت دامەزراوەکانی جێبەجێکردن بە تایبەتیش پۆلیس و ئاسایش و دەزگا نهێنییەکانی وڵات بێلایەنانە ئەرکی نیشتمانیی ڕابپەڕێنن و مەدەنیانەو بەپێی پرەنسیپی یاسایی ڕێز لە چالاکوانانی سیاسیی و مەدەنی و کۆمەڵایەتی لە سەرووویانەوە ڕۆژنامەوان و چالاکوانانی مەدەنی و سیاسیی بگرن و دوور لە پێشێلکاریی بەشێوەیەکی مەدەنی و یاسایی لەگەڵیان بجووڵێنەوە، پێویستەئەو پرەنسیپانە بە یاسا لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە ڕێکبخرێت و دادوەری سەربەخۆش بێلایەنانە چاودێریی جێبەجێکردنیان بکات و پاراستنی مافەکانی تاک و کۆمەڵ بە ئەرکی خۆی بزانێت، ئینجا دەسەڵاتی سیاسیی لە سنووری ئەو دەسەڵاتانەی بۆی دیاریکراوە بارودۆخێکی ئەوتۆ بۆ کارو چالاکیی ئۆپۆزسیۆن بڕەخسێنێت، کە هاندەر بێت بۆ ئەنجامدانی کارو چالاکییەکان بەشێوەیەکی ئاشتیانەو مەدەنیانە، هەروەک لە دەستووری عێراقی فیدراڵ و پرۆژەی دەستووری هەرێمیش بە وردیی داڕشتنی بۆ کراوە، گرتنەبەری شێوازێکی شارستان و کراوە لەلایەن دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە، کە لەسەر بنەمای دایەلۆگو ڕکابەریی دیموکراسیی بنیادنرابێت و ئامانجی خزمەتی گەل و وڵات بێت، لەسەر ئاستی هەرێم و ناوچەکە سەرکەوتن بۆ ئەزموونەکەمان تۆماردەکات و وێنەیەکی جوانیش نیشانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دەدات.

ڕاستییەک لە کوردستان هەیە، کە تا بە ئەمڕۆش دەگات تاکەکانی کۆمەڵگە لەبەر هۆکاری جیاجیا بەشێوەیەکی گشتیش لاوازیی هۆشیاریی سیاسیی و مافەکانی مەدەنی، هاوڵاتی لە بەرامبەر مافەکانی خۆی بێئاگایە یان ئەگەر بەئاگاش بێت، لێی بێدەنگە، هۆی ئەوە چییە، ئایا هەر بە سروشت وایە، یان سیاسەتی گوشاری توندی ڕژێمەکانی ڕابردوو ئەوەیان بە نەریت بۆ جێهێشتووەو بووەتە کلتووری بێدەنگیبوون، یان سیاسەتی ترس و تۆقاندنی دامەزراوەکانی حیزب و دەسەڵات لەدوای ڕاپەڕینیش هۆکاربووە بۆ نەڕەوینەوەی ئەو پەرکەمی ترسە!، بۆیە تاکەکان و خەڵک هەمیشە دوور بووین لە دەستپێشخەریی، تەنانەت هەندێک لە دەستبژێر(نوخبە)ی سیاسیی، ڕووناکبیریی، کۆمەڵایەتی، مەدەنی و... تاد، بە هۆی تێرکردنی بەشێک لە حەزو ئارەزووەکانی دەستەمۆو بێدەنگ کراوە، وەک ئامرازیش بۆ جوانکردنی ڕووی دەسەڵات، لەکاتی جیاجیا یان لە هەموو وەختێکدا بەکارهێنراوە، ئەو حیزب و گرووپ و دەستەبژێرانە کە خۆیان بە پێشەنگی داکۆکیی لە نەتەوەو جەماوەر دەزانن، دواتریش بۆ بەرژەوەندیی تەسکی خۆیان پشت لە داخوازییەکانی خەڵک دەکەن و تەنانەت لە بەرامبەر پێشێلکاریی و بێمافکردنیان بێدەنگیی هەڵدەبژێرن، تەنانەت ئەوە هەمیشە خاڵی بێبڕواییبوونی خەڵک بووە بە گشت ئەو حیزب و بزووتنەوانەی کە خۆیان بە پێشڕەوی خەڵک دەناسێنن، ڕەنگە لە بەرامبەر ئۆپۆزسیۆنی نوێش ئەو گومان و پرسیارە سەرهەڵبدات، چونکە خەڵک هەمیشە وەڵامی بۆ پرسیارەکان دەوێت، چونکە وروووژاندن و بانگەشەی بەجۆش بەس نییە، بەڵکو چارەسەری و بەرەنجامیشی دەوێت.

خاڵێکی دیکەش کە هەمیشە بە زیانی خەڵک گەڕاوەتەوە، کە لە هەڵبژاردنەکاندا تاکی دەنگدەر بە هۆشیاریی ئەو مافەی خۆی پیادە ناکات، تا بزانێت کام بەرنامە یان کاندید ماف و داواکارییەکانی ئەو دەستەبەر دەکەن، بەڵکو هۆکاری وەک بانگەشەی وروووژێنەر، غەریزەی بە کۆمەڵ دەنگدان، ناچاربوون بۆ ئەمری واقیع و... تاد، دەنگدەدات، ڕاستە لە هەڵبژاردنەکانی ئەو دواییەدا خەڵک زیاتر دەنگی بۆ داواکارییەکانی دا، یان جۆرێک لە ناڕەزایی خۆی لە بەرامبەر دەسەڵات دەربڕی دەرهەق بەوهەموو پێشێلکاریی و ناعەدالەتی و بێمافکردنەی هاوڵاتی و بگرە پەراوێزکردنی لە ڕابردوو و ئێستادا، کە بەشێک لەو خەڵکە ڕق و کینی ڕابردوو و ئێستای لا کەڵەکە بووەو لە دەرفەتێک دەگەڕێت لە بەرامبەر دەسەڵات یان لایەنێکی سەرەکی و بگرە بەشداربوو لە دەسەڵات هەڵیبڕێژێت، بۆیە تاک دەنگ بە ئۆپۆزسیۆن دەدات، لەوەش دوو ڕێگای نادیار چاوەڕوانیەتی، لەلایەک لەلایەن دەسەڵاتەوە گوشاری لەسەر دروستدەبێت، لەلایەکی دیکەشەوە لای ڕوون نییە ئۆپۆزسیۆن چەند دەستکەوت بەدەستدەهێنێت یان ئەو ئۆپۆزسیۆنە چەند ڕاستگۆیانە لە خەمی داواکاریی و مەینەتییەکانی ژیانی ئەو کار دەکات، خۆ ئەگەر لەژێر هەر کاریگەرییەک بێت، ئەوە لەو هەڵبژاردنەی دواییدا دوو فاکتەر وەک پێشوو ڕۆڵی خۆیان نەنواند، ئەویش ئەوەیە خەڵک نەکەوتنە بەر کاریگەریی بانگەشەو فیکری نەتەوەیی و ئایینییەوە، لەلایەکی دیکەشەوە هێزە ئیسلامییەکان دەنگی زۆریان لە دەستدا، ئەگەر دەسەڵات لێرەو لەوێ بەهۆی خەریکبوون بە ترسی فراوانبوونی ئۆپۆزسیۆنی وەک بزووتنەوەی گۆڕان دەرفەتی پێنەدابان یان بەشێوەیەکی دیکە ڕەنگە ئەو هێزە ئیسلامییانە خۆیان زیرەکانە دەرفەتیان لەو ڕەوشە وەرگرتبێت، جگە لەوەی کە لایەنە سیاسییە ئیسلامییەکان و بگرە مەسیحییەکانیش خۆیان بوونیان لەنێو پرۆسەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردستان کاریگەرو فراوانە.

لەو سۆنگەیەوە با بزانین کێن ئەوانەی ئەمڕۆ بە کردەوەو بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن دەبینن، یان ئاخۆ ئەو ئۆپۆزسیۆنەی لە هەڵبژاردنەکان دەرکەوتن خاوەن چ ڕابردوو پێشینەیەکی مێژوویین و چەندە وابەستەن بە چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵ و ئایا بە کردەوەش داکۆکیی لە خواست و داواکارییەکانیان دەکەن، یان هەر تەنیا بانگەشەی وروووژێنەرن و ئامانجی سیاسیی لە پشتەوەیان هەیە، ئەوانەو پرسیارگەلێکی دیکە، ئەوە هەڵدەگرن لێوردبوونەوەو خوێندنەوەیان بۆ بکرێت، ئاخۆ ئەوەی لەسەر ئاستی شەقامی ناڕەزایی خەڵک لە بۆنەکان گەرموگوڕیی پێدەدرێت، یان لە هۆڵی پەرلەمان و کەناڵەکانی میدیا دەردەکەون، بەسە بۆ ئەوەی دەربڕین لە ناسنامەی ڕاستەقینەی ئۆپۆزسیۆن بکات، ئەگەر بەس نییە، ئەی بەدەر لە هەڵبژاردنەکان بەرنامە بۆ داهاتوو چییە؟.

شتێکی شاراوە نییە، کە بەشێوەیەکی سەرەکیی بزووتنەوەی گۆڕان و لایەنە ئیسلامییەکان بە هەموو کەموکورتییان ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن دەبینن، لەولاشەوە دیارە ژمارەیەک حیزب و ڕێکخراوی مەدەنی دەیانەوێت ئەو ئەرکە ببینن، بەڵام بەهۆی دەستگرتن بە بەرژەوەندییەکانیان و نزیکییان لە دەسەڵات یان دەستەمۆبوونی هەندێکیان، ناتوانن ئەو ئەرکە لەئەستۆبگرن، بۆیە پێویستە خۆیان ساغ بکەنەوە، کە ئاخۆ لە بەرەی خەڵکن یان لە بەرەی دەسەڵات، ئەگەر ڕێگای ناوەندیش هەڵدەبژێرن، نەبنە لەمپەری نێگەتیڤ لەبەردەم گۆڕانکاریی و پێشهاتە نوێیەکان.

ئەگەر ئەو حیزب و گروپە سیاسیی و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بیانەوێت ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن بگێڕن، دیارە لە هەر قۆناغێکدا، ئەرک و ئامانجەکانی ئۆپۆزسیۆن دیارن، دەتوانن لە وێناکردنی نەخشەو بەرنامەی کاری داهاتوو بەشدارییان هەبێت و لە دەوری ئامانجەکانی خەڵک کۆببنەوە، بۆ ئەوەی ئەو حیزبانە ڕۆڵی بەرچاو و شایستەیان هەبێت، پێویستیان بە خۆنزیککردنەوە لە داواکارییەکانی خەڵک و بوێرانە ڕاو هەڵوێستی ڕاشکاوانەیان هەبێت، کە لە ڕێگای چالاکیی ناڕەزاییەوە بزووتنەوەی میللی خەڵک بەهێز بکەن، هەر لەو ڕوانگەیەوە پێویستە ئازادیی زیاتر بە میدیای ئۆرگانەکانیان و ڕێکخراوە پیشەیی و مەدەنییەکانی سەر بە خۆیان بدەن، بۆیە پێویستە ئەو حیزبانە چاکسازیی و خۆنوێکردنەوە ئەنجامبدەن، دواتر دەکرێت ئەو حیزب و گرووپە بچووکانە بەرەو لە یەکترنزیکبوونەوەو ڕێککەوتن لەسەر بەرنامەی هاوبەش و تەنانەت یەکگرتن هەنگاو بنێن، دیارە ئۆپۆزسیۆنی نێو هۆڵی پەرلەمان، کە لە ڕابردوو و هەنووکە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە داکۆکیکردن لە مافەکانی خەڵک و بگرە هۆشیارکردنەوەیان بە مافەکانیان، دەتوانن بەردەوامیی بەو شێوازەیان بدەن و یەکهەڵوێستیی خۆیان زیاتر بکەن و پرۆژەی خزمەت بە خەڵک پشتیوانی لێبکەن، لەسەر ئاستی شەقامی سیاسیی و مەدەنی گشت هێزو لایەنە سیاسی و مەدەنی و ڕۆژنامەوانییەکان دەتوانن لەسەر بەرنامەی هاوبەشی هەڵبژاردن و بەرنامەی داکۆکیی لە ماف و داواکاریی خەڵک و پێشێلکارییەکانی دەسەڵات هەماهەنگی و ڕێککەوتن بکەن، گرنگترین خاڵ کە ئۆپۆزسیۆن کۆدەکاتەوە، ناڕەزایی خەڵک و داواکارییەکانیانە، میدیای ئازاد هەروەک لە ڕابردوو کاریگەریی لەسەر پێشەوەچوون و گۆڕانکارییەکان هەبووە، لە داهاتووشدا ڕۆژنامەوانە ئازادو سەربەخۆکان ئەرکیان زیاترو مەترسیدارتر دەبێت بۆ ئاشکراکردنی ڕاستییەکان و هۆشیارکردنی ڕای گشتیی بە ڕاستی ڕووداوەکانەوە، هەروەها پێویستە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە چوار دیواری هۆڵەکان بێنەدەرو بپڕژێنە نێو ناخی ڕووداوەکانی ژیان و داکۆکیی لە چین و توێژە فەرامۆشکراوەکانی کۆمەڵگە بکەن، پرۆژەی فریاگوزاریی پێشکەش بکەن، بە کردەوەش پشتگیریی لە گۆڕانکاریی دیموکراسی و چاکسازیی بکەن.

دواجار پێویستە چوارچێوەی ئۆپۆزسیۆن فراوانتر بکرێت و پشت بە شێوازی کاری دامەزراوەیی ببەستێت، ئۆپۆزسیۆنێکی هەمەڕەنگ و بەربەرینی خەڵکی، زووتر گەلەکەمان بە ئامانجەکانی دەگەیەنێت، بۆیە پێویستە گشت لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن لەنێوان خۆیان بەرنامەی هاوبەش داڕێژن و تێیدا ڕەچاوی ڕێزگرتن لە بیرو بۆچوونی جیاوازو دایەلۆگی کراوە بگرن، هەروەها بەپێی میتۆدی دیموکراسی کارەکان هەڵسوڕێنن، دەکرێت لەو پێناوەدا بزووتنەوەو بەرەی فراوانی خەڵکی بۆ ئاڵوگۆڕی گەورە پێکبهێنرێت.

# فەزیحەی نیشتمانیی



نەبەز گۆران

پێشتر ئێمە، لە زۆر شوێن کارمان لەسەر ئەوەکردووە کە لەکوردستان نەوت دەدزرێتو ئەوەی نەوتەکەش دەدزێت، پیاوانی دەسەڵاتنو بەتایبەت دەسەڵاتدارانی پارتیو یەکێتی. دیاربوو، لەوکاتەدا هێزەکانی ئەمریکا بەلایانەوە گرنگ نەبوو، پارتیو یەکێتی بەبەر چاویانەوە نەوت بە ئێرانی نەیاری ئەمریکا بفرۆشن، چونکە ئەمریکا ئەو فشارەی هەڵگرتبوو بۆ ئەو چرکەساتەی پێویستە بەکاریانبهێنێت کە ئێستایە، وەلێ ئێستا بۆ ئەمریکاو کوتلەکانی تری ناو پەرلەمانی مەرکەز گرنگە، بۆیە فشارەکانیان چڕکردووەتەوە، تا ئاستێک کە هەردوو حیزب حاشا لەو راستییە دەکەن کە لەپێش چاوی هەمووماەوە رۆژانە رووی دەدا.

من، شاهیدی نەوتبردنی هەندێک بەرپرسی پارتیم لەسنووری قەڵەمڕەوی خۆیو ساڵی پار، شەش رۆژ لە زاخۆوە بۆ حاجی ئۆمەران لەگەڵ تەنکەرەکان رۆیشتمو ئەوکات دەقی راپۆرتەکەم لە رۆژنامەی هاوڵاتی دابەزاندو هەر ئەو کاتیش سەرۆکی هەرێم بۆ چاککردنی ئەو حاڵەتە، بڕیاری وەستاندنی نەوتی دا لەلایەن ئەو دوو کۆمپانیایەوە کە هی براو خزمەکانی بوونو نەوتیان بەقاچاخ دەبرد، بەڵام بڕیارەکەی کاری پێ نەکرا. خوێنەران دەتوانن بگەڕێنەوە سەر ئەرشیفی هاوڵاتی.

دەقی وێنەو بەڵگەکانو ناوی سایەق تەنکەرەکانیشم لاماوە بۆ ئەوەی حیزبی ناوبراو روونکردنەوە نەداتو بێمنەتیی خۆی رانەگەیەنێت، چونکە ئەو تیمەی ئێمە کە کەوتینە شوێن تەنکەرەکان، هەموو ئەو بەڵگانەمان لا هەن بۆ سەلماندنی بردنەدەرەوەی نەوت لەلایەن بەرپرسانی پارتیو خانەوادەی بارزانییەوە.

روونکردنەوەکەی پارتی بۆ منو خەڵکی سەر رێگەکانی حاجی ئۆمەران، هەم جێگەی سەرسوڕمانەو هەم جێگەی کۆمیدیایە، چونکە بردنەدەرەوەی نەوت لەسنووری پارتی، شتێکی نهێنی نەبوو، بەڵکو رووداوێکی ئاساییو ئاشکرابوو کە خەڵکی سەر رێگەکانو رۆژنامەنووسانی دەرەوەو ناوخۆ رۆژانە بە چاوی خۆمان دەمانبینی.

بەیاننامەکەی پارتی، بەیاننامەیەکی لاواز بوو، چونکە داکۆکی لە بوونی شتێک دەکات کە هەیە، بەرگریی لەنەبوونی شتێک دەکات کە بەرگریی لێناکرێت.

ئێمە، نەک شاهیدی نەوتدزینین، بەڵکو شاهیدی ئەوەشین کە لەکوێ دەردەهاتو تا کوێش دەبرا، لەگەڵ شۆفێرەئازیزەکان لەبیرە نەوتەکانی زاخۆوە تا حاجی ئۆمەران، رێگەمان بڕیوە.

کێشەی من ئەوە نییە کە پارتی بەرگریی لە ناڕاستییەک دەکات، کێشەی من ئەوەیە کە نەوت چەند بووەتە پەتێکی سێدارە بۆ کوردەکانی کەرکوک، ئەوەندەش دەبێتە کێشە بۆ هەرێمەکەی ئێمە، چونکە کەسانێک ئەم هەرێمە بەڕێوەدەبەن، ئەوەندەی بیر لەخۆیانو حیزبەکەیان دەکەنەوە، بیر لەخەڵکەکەو نیشتمانەکەی ناکەنەوە، بۆیە لە ناسکترین چرکەساتی سیاسییدا کێشەی نەوت بۆ هەرێم زیندووبووەوەو هەڵەی ئەوانەن کە حوکمڕانی وڵات دەکەن بەخراپترین شێوە.

ئەگەر بەیاننامەکەی پارتیو یەکێتی بۆ بێگانەکان راستی تێدابێت، بۆ ئێمە تێیدا نییە، وەلێ لەم نێوانەدا ئەوەی گورزی بەردەکەوێت، کوردە، نەک ئەوانەی نەوتەکەیان دزیو ئێستا حاشای لێدەکەن، چونکە فشارەکان بۆسەر کوردن، نەک بۆسەر نەوتخۆرەکان، بەڵام ئەگەر ئەمە ببێتە کارتێکی فشار بۆسەر ئەو دوو حیزبە تا چیتر دەستدرێژیی نەکەنە سەر سامانی نیشتمان، کارێکی باشە، وەلێ ئەگەر بۆ ئەوەبێت، ئاستی کورد لە ناوەند لاواز بکرێت، بۆ ئێمە خراپەو لەهەموو حاڵەتێکدا باجی هەڵەخراپەکانی پارتیو یەکێتی، خەڵک دەیدات، بەڵام شاردنەوەی راستییەکان لەبەر هەستی ناسیونالیستی کوردبوون، هێندەی دی کارەکان بۆ ئێمە سەخت دەکات.

دەبێت رۆژنامەنووسییانە بیربکەینەوەو لەهەر شوێنێک خاڵێکی رەش هەبوو دەستی بخەینەسەرو لەهەر شوێنێکیش راستییەک پێچەوانە کرایەوە بەناوی هەستی ناسیونالیستییەوە، بێدەنگ نەبین لێی، بێدەنگبوونی ئێمە لەم فەزیحە نیشتمانییەو لەدزینی نەوت لەلایەن حیزبەکانەوە، بێدەنگبوونمانە لە دەستدرێژیی کۆمەڵێک کەس بەناوی دەسەڵاتەوە بۆ سەر نیشتمان، دەبێت شاهیدە راستەقینەکە ئێمەبین، تا خەڵکیش تێبگات کە ناڕاستییەکان لەکوێنو کێشەکانی ناوەند لەگەڵ هەرێم نەبنە هۆی دەمبەستکردنمان لەو گەندەڵییانەی لە وڵاتدا روودەدەن. بەڵێ، لە هەرێمەکەی ئێمە نەوت دەدزرێت، ئەوەی نەوتەکەش دەدزێت خەڵک نییە، دەسەڵاتە، ئەوەی دەشیەوێت بەرگریی لەم دزییە بکات، خۆی بەشێکی گەورەی ئەو دزییەیەو وێنەکان، راپۆرتەکانو شاهیدەکان، هەموو بەڵگەن لەسەر ئەم بەتاڵانبردنە.







چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩